## کورد خۆیان بە فریسی دادەنێن



هەرێمی فریسلاند، داوای فیدرالی لە هۆڵەندا دەکات، کە ساڵی 1951 بە راپەڕینی تەماتە مافە کەلتورییەکانی چەسپاند.
سایبرێن پۆستهوموس جێگری سەرۆکی پارتی نیشتیمانیی فریسییە بە (رووداو)ی راگەیاند کە کورد لە هەرێمەکەیاندا بەدووەمین نەتەوە دەژمێردرێن و خۆیان بە فریسی دادەنێن.

**لاپەڕەی تاراوگە**

## کورد ناجیدی و بێ مەوعیدن



هاووڵاتی ژاپۆنی کۆمیکۆ ئۆکومورا، لەنەمسا شووی بەکوردێک کردووەو لەساڵی 2005 لە سلێمانی نیشتەجێبووەو سەرپەرشتی (تیپی مۆسیقای تەواری کچان) دەکات و گوتی "ئەمساڵ لەنەمسا بەشداری فیستیڤاڵی رۆژی جیهانی مۆسیقا دەکەین"،کۆمیکۆ کە فێری زمانی کوردی بووە، دڵخۆشە بە ژیانی لە کوردستان، بەڵام رەخنەی ناجیدی بوون و بێ مەوعیدی لە کورد دەگرێ.

**لاپەڕەی هونەر**

## دەوڵەمەندترین سەرۆکەکانی جیهان ئاشکرابوون



گۆڤاری فۆربس لە لێکۆڵینەوەیەکدا ناوی دەوڵەمەندترین حاکمەکانی جیهانی بڵاوکردەوە، کە عەرەبەکان پلەی یەک تا چوارەمیان گرتووە .لەپێشەوەی هەموویان شا عەبدوڵڵا، پاشای عەرەبستانی سعودی کە خاوەنی 21 ملیار دۆلارە، بەدەوڵەمەندترین سەرۆکی جیهان ناوزەدکرا.

**لاپەڕەی هەمەجۆر**


Rûdaw
# رووداو

ژمارە (4)
دووشەممە 2008/4/28
8 گوڵانی 2708
(750) دینار
www.rudaw.net
خوێنەری رووداو زۆرتر دەزانێت


### هەندێ بازرگانی کوردیش کاری لەگەڵ دەکەن
# کارگەیەکی گەورەی تورکی خۆراک و جلوبەرگی ساختە دەنێرێتە کوردستان

**تایبەت بە رووداو**

د. موئەید عەبدولڕەحمان، بەناوی بازرگانەوە لە تورکیا دەچێتە ناو چاپخانەو کارگەیەکی بەرگکردن و قوتووبەندکردن کە خۆراکی بەسەرچوو و خراپ و جلوبەرگی ساختە بە مۆری مارکەی باش بۆ کوردستان ئامادە دەکات .

د. موئەید عەبدولڕەحمان قۆجە، بەرپرسی دەستەی کۆنترۆڵی جۆریی حکومەتی کوردستان، وردەکارییەکانی دۆزینەوەی ئەو چاپخانە و کارگەیە لە شاری غازی عەنتاب، بۆ (رووداو) دەگێڕێتەوەو دەڵێ لەرێی هەندێ کەسی دڵسۆزەوە ئەو کارگەیەی دۆزییەوە، "منیان بەناوی بازرگانەوە بردە ئەوێ، وتیان دەیەوێت هەندێک چاپ و نیشانەی سەر خواردن بکرێت".

د.موئەید ئاماژەی بەوەدا کە ساختەکاری لەو کارگەیەدا تەنها شووشەو کارتۆن و کاخەزی سەر خۆراک ناگرێتەوە، بەڵکو ساختەکارییەکە لە مارکەی جلوبەرگەکانیشدا دەکرێت" مەکینەی درومانی تێدایە کە نیشانەی کراست بۆ دروستدەکات، هەموو جۆرە پاکەتێک دروستدەکات کە خواردنی تێبکرێت، شووشەی کۆلۆنیاو هەموو جۆرە کەرەستەیەکی جوانکاری دروستدەکات".

هەروەها گوتیشی "چیت بوێ بۆ هەرشتێک لەمێژووی دروستکردن و بەسەرچوون و چ کاتێکت دەوێ بۆت لێدەدات و، ئەگەر بتەوێ مۆری مریشکت بۆ لەگۆشتی بەراز دەدات، وادەی بەسەرچوونەکەشی بە ویستی خۆی دەگۆڕێت".

بەرپرسی دەستەی کۆنترۆڵی جۆری کە لە ئەمریکا گەڕاوەتەوە کوردستان گوتی "بەداخەوە زۆربەی ئەو بازرگانانەی کە کار لەگەڵ ئەم چاپخانە و کارگەیەدا دەکەن بازرگانی کوردن، بەڵام نازانم لەنەزانینەوەیە یان لە تەماعکاری و چاوچنۆکییەوەیە.

**وردەکاری زیاتر لە لاپەڕە (12) بخوێنەوە**

### "حکومەتی کوردستان رێز لە بڕیارەکانی دادگە ناگرێت و 43 بڕیاری دادگەکانی جێبەجێنەکردووە "... لاپەڕە (14)



بەرپرسە باڵاکان ئامادەی کۆنفرانسی سەربەخۆیی دادوەری نەبوون، مافپەروەران و ئەندامانی داواکاری گشتیش گلەیی بانگهێشتنەکردنیان دەکەن (فۆتۆ:رووداو)

### وەزارەتەکانی حیزبەکان دیارینەکراون
# یەکێتی و پارتی لەسەر کابینەی نوێ رێکنەکەوتوون

**تایبەت بە رووداو**

یەکێتی و پارتی لە کۆبوونەوەی دوێنێ نەگەیشتنە رێککەوتنی پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت و بڕیارە لەچەند رۆژی ئایندەداو پێش هاتنەوەی مام جەلال بۆ کوردستان، زنجیرەیەک کۆبوونەوە لەنێوان مەکتەبی سیاسی هەردوو حیزبدا ببەسترێ.

دوێنێ 2008/4/27 هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی سەبارەت بە پێکهێنانی کابینەی نوێی حکومەت کۆبوونەوە. عیماد ئەحمەد ئەندامی مەکتەبی سیاسی یەکێتی بە (رووداو)ی راگەیاند" تائێستا نەگەیشتوینەتە رێککەوتنی کۆتایی و بڕیارە کۆبوونەوەکان بەردەوام بن". سەرچاوەیەکی دیکەی ئاگادار لە کۆبوونەوەکانی هەردوو مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی بە (رووداو)ی راگەیاند"گفتوگۆی هەردوو حیزب هەر لەچوارچێوەی دابەشکردنی وەزارەتەکاندایەو تائێستاش بەفەرمی ئەو وەزارەتانەی دەدرێنە حیزبەکانی دیکەش دیاری نەکراون".هەروەها سەرچاوەکە گوتیشی بڕیارە لە چەند رۆژی داهاتوودا مام جەلالیش بگەڕێتەوە کوردستان بۆ ئەنجامدانی کۆبوونەوەیەکی لوتکەیی لەوبارەوە.

### پەیوەندی لەگەڵ بەریتانیا هەیە و ئامادەی جیهادکردنە
# بزووتنەوەی ئیسلامی دەزگایەکی هەواڵگری دادەمەزرێنێ



**تایبەت بە رووداو**

مونیرە عەلی، ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئیسلامی ئەوەی رەتنەکردەوە کە ئیحسانی برای خەریکی دامەزراندنەوەی دەزگای هەواڵگری بزووتنەوەیەو گوتی"ئێمە هەموو دامودەزگاکان دروست دەکەینەوەو تەنیا کاک ئیحسانیش خەریک نییە، بەڵکو هەموو مەکتەبی سیاسی خەریکی کارن".

مونیرەی کچی رابەری کۆچکردووی بزووتنەوە، کە دوای کۆچی دوایی باوکی یەکسەر وەک ئەندامی سەرکردایەتی دەرکەوت، لە هەڤپەیڤینێکدا لەگەڵ (رووداو) دروستکردنەوەی هێزی چەکداریی بزووتنەوەی بۆ"جیهادکردن" بەدوور نەزانی و ئاشکراشی کرد کە پەیوەندی و"هاوکارییەکی بەهێزی دیپلۆماسی"یان لەگەڵ بەریتانیا هەیەو، دوای گەڕانەوەی براکانی و دانیشتنیان لەگەڵ سەرکردایەتی پارتی "یەکێتی نیشتمانیش لە رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)وە بەیانێکی بڵاوکردەوەو بەرەسمی داوای لە بزووتنەوە کرد کە پەیوەندی لەگەڵ دروست بکاتەوە .دیارە لەگەڵیان دانیشتین و لەسەر هەندێک خاڵ رێککەوتین".

مونیرە عەلی، رایگەیاند کە کەرتبوونی بزووتنەوەی ئیسلامی "بەدەستی رژێمی بەعس" ئەنجامدراوە، لە هەمانکاتیشدا گوتی وەڵامەکانی عەلی باپیری ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامیی کوردستان بە شایانی وەڵامدانەوە نابینێ "قسەکانی ئەو بایەخیان نەبوو لەلام و وەڵامم نەدایەوە، بەڵام ئیحسانی برام وەڵامی دایەوە".

**هەڤپەیڤینەکە لەلاپەڕە (13)بخوێنەوە.**

# عیزەت دووری لەلایەن سەرۆک عەشیرەتێکی کورد داڵدەدرا



**تایبەت بە رووداو**

دوای بڵاوبوونەوەی هەواڵی دەستگیرکردنی عیزەت دووری، ئەمریکا و هاوکات حیزبی بەعسیش هەواڵەکەیان رەتکردەوە، لەهەمانکاتدا سەرچاوەیەک بە (رووداو)ی راگەیاند دووری دوای رووخانی رژێمی بەعس لەلایەن سەرۆک عەشیرەتێکی کورد داڵدەدرا.

بەگوێرەی زانیارییەکانی ئەو سەرچاوەیە، عیزەت دووری لەدوای رووخاندنی رژێمی بەعس لە2003/4/9 لەلایەن سەرۆک عەشیرەتێکی کورد لە دەوروبەری دهۆک و موسڵ پەنادراوە .ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، گوتی ئێستاش هەندێ سەرۆک عەشیرەت و تەکیەی کورد لەوانەیە ئامادەیی داڵدەدانی ئەو جێگرەی سەدامیان هەبێ.

هەر بەپێی ئەو سەرچاوەیە،زانیاری واهەن کە عیزەت دووری لەماوەی 15 رۆژی رابردوودا لەناو شاری موسڵ و دەوروبەری بووە. هەروەها گوتیشی"عیزەت دووری جگە لەو ماوانەی بەئاگاداری حکومەتی سوریا دەگەڕێتەوە سوریا، لەنێو شاری موسڵ یاخود لەنێوان کەرکووک و موسڵدایە".

عیزەت دووری، سەرۆکی ئێستای حیزبی بەعس لەم رۆژانەدا لەنامەیەکی کراوەدا،کە لە ماڵپەڕی (البصرة)ی حیزبی بەعس بڵاوکرایەوە، دان بەوەدا دەنێ بەعس لە ماوەی دەسەڵاتدارێتی 35 ساڵەی خۆیدا زۆر هەڵەی گەورەی کرد، هەر لەو نامەیەدا باس لەوەدەکات کە لەدوای رووخانی رژێمەکەیانەوە تا ئێستا 120هەزار کادر و ئەندامی بەعس لە عێراق کوژراون.

**وردەکاری زیاتر لە لاپەڕە ( 4) بخوێنەوە**

### وەزیری پەروەردە پشتیوانی لە بانگەوازی بەفەرمی ناسینی سۆرانی دەکات و دهۆکیش دژە
# منداڵانی دهۆک کراونەتە مشکی ناو تاقیگە

**تایبەت بە رووداو**

وەزیری پەروەردەی حکومەتی کوردستان پشتیوانی لە بانگەوازی بەفەرمی ناسینی کرمانجی ناوەڕاست (سۆرانی) دەکات و، سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆکیش بەوە رازی نییە و دەڵێ ئەوان داوایانکردووە لە قۆناخی ناوەندی و دواناوەندیش لە دەڤەری بادینان بەبادینی بخوێندرێ.

رۆژی 2008/4/20 بانگەوازێک لەلایەن 53 رۆشنبیرو نووسەرو رۆژنامەنووس کە ئاراستەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمان و حکومەت و وەزارەتی پەروەردەو مەکتەبی سیاسی پارتی و یەکێتی و یەکگرتوو کراوە، تێیدا داوادەکەن بڕیاری بەفەرمی ناسینی شێوەزاری کرمانجی نێوەڕاست بدرێ. ئەو بانگەوازە کە لایەنگر و دژی زۆرە، لەلایەن دڵشاد عەبدولڕەحمان وەزیری پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، وەک هەڵوێستی کەسیی پشتیوانی لێدەکرێ و پێیوایە بە هەڵە کرمانجی ناوەراست نێونراوە سۆرانی، لەوبارەوە بە (رووداو)ی راگەیاند" پشتگیری ئەو بانگەوازە دەکەم"،گوتیشی هەر لە سەردەمی حوکمڕانی مەلیک مەحموودەوە تاوەکو نێوەڕاستی نەوەتەکان "لە سەرجەم هەرێمی کوردستاندا زمانی فەرمی بووە، تا ساڵانی نیوەی دووەمی نەوەتەکان، کە شێوە گۆڕانێک بەسەر ئەم رەسمیبوونەدا هاتووە".داواشیکرد ئەو فەرمیبوونە رابگەیێندرێ و گوتیشی"ئەوەندەی من ئاگادار بم وەزارەتی خوێندنی باڵاو ئەکادیمیای کوردی راسپێردراون کە بە شێوەیەکی زانستی توێژینەوە لەسەر ئەو بابەتە بکەن و پێشکێشی لایەنی بڕیاربەدەستی بکەن بۆ ئەوەی رای گونجاوی لەسەر بدرێت".

بەڵام سەرۆکی ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک، کە وەک خۆی گوتی لە دوای راپەڕینەوە لەناو ئەوگفتوگۆیانەدا بووە،دەڵێ ئەنجومەنی پارێزگای دهۆک و دەزگا رۆشنبیری و پەروەردەییەکان پێشنیازی ئەوەیانکردووە، کە جگە لە قۆناخی بنەڕەتی (سەرەتایی) داوایانکردووە قۆناخەکانی دیکەی خوێندنیش لە دەڤەری بادینان بکرێتە شێوەزاری کرمانجی سەروو"ئێستا ئەو کێشەیە گەیشتووەتە شەقامی دهۆکیش کە تاقیکردنەوە لەسەر منداڵانی بادینان بەسە".هەروەها گوتی گۆڕینی ساڵانەی زمانی خوێندن لە دهۆک"وایکردووە منداڵی ئێمە ببێتە مشکی ناو تاقیگەیەکی بایۆلۆجی".کە ئاستی زانستی قوتابیانی دابەزاندووە.

**وردەکاری زیاتر لە لاپەڕە (7) و (9) بخوێنەوە**

# هەواڵ



سەرجەم قوتابیانی پۆلەکانی سێ و شەش بەشداری بە کەلۆریا دەکەن

تایبەت بە ڕووداو

◆ دڵشاد عەبدوڕەحمان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند، ئێستا سەرقاڵی لێکۆڵینەوەیەکن لەبارەی بڕیارێک بۆ ئەوەی سەرجەم قوتابیانی سێیەمی ناوەندی و شەشەمی ئامادەیی "بەبێ هیچ مەرجێک بەشداری تاقیکردنەوەکانی کۆتایی ساڵ بکەن".

## بەمەبەستی کۆبوونەوە لەگەڵ نوێنەری تورکیا

# نێچیرڤان بارزانی سەردانی بەغدا دەکاتەوە

**ڕووداو – هەولێر**

بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە کۆبوونەوەی سەرۆکی حکومەتی کوردستان و نوێنەری تایبەتی تورکیا لەبەغدا ئەنجام دەدرێت نەک هەولێر،بەڵام کاتی کۆبوونەوەکەی دیاری نەکرد.

فەلاح مستەفا ڕایگەیاند کە بڕیار نییە کۆبوونەوەی یەکەمی نێچیرڤان بارزانی و نوێنەری تایبەتی تورکیا، لەهەولێر یان هیچ شارێکی دیکەی هەرێمی کوردستان ئەنجام بدرێت، بەڵکو لەبەغدا ئەنجامدەدرێت. گوتیشی" چونکە کۆبوونەوەی یەکەمە ئێمەش پێمانباشە لەبەغدا بێت".

لەلایەکی دیکەوە سەرچاوەیەکی بەرپرس لەحکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ (ڕووداو)ی ڕوونکردەوە کە چاوەڕوان دەکرێت شاندی هەرێمی کوردستان لەدەستپێک یان ناوەڕاستی مانگی ئایار سەردانی بەغدا بکەن و لەوێش لەگەڵ نوێنەری تایبەتی تورکیا کۆببنەوە. سەرچاوەکە هەروەها ڕوونیکردەوە کە چاوەڕوان دەکرێت لەماوەی هەفتەی داهاتوودا نوێنەری تایبەتی تورکیا موراد ئۆزچەلیک بەیاوەری شاندێک بگەنە بەغدا.

بەرپرسی پەیوەندییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان، گوتی دەمانەوێ هەموو کێشەیەک بە دانوستان چارەسەر بکەین"دیارە حکوومەتی تورکیاش هەستی بەوە کردووە کە دەکرێ کێشەکان لەرێگای دیالۆگەوە چارەسەر بکرێن و ئەوەش هەنگاوی یەکەم دەبێت".بەڵام گوتیشی "لەبەرئەوەی هەنگاوی یەکەمە مرۆڤ ناتوانێت پێشبینی بکات کە ناوەڕۆکی کۆبوونەوەکە چی دەبێت".

# میلیباند باسی کوردستان بۆ بەریتانییەکان دەکات



**تایبەت بە ڕووداو**

دوای سەردانی بۆ کوردستان، دەیڤید میلیباند، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا لە وەڵامی پرسیارێکی (ڕووداو)دا ڕایگەیاند لەکاتی گەڕانەوەی بۆ بەریتانیا چیرۆکی ئاسایش و ئارامی کوردستان بۆ سەرمایەدار و خاوەن پیشە بەریتانییەکان دەگێڕێتەوە.

ناوبراو ئەو قسەیەی لەوەڵامی پرسیارێکی (ڕووداو)دا کرد لەو کۆنگرە ڕۆژنامەوانییە هاوبەشەی لەگەڵ سەرۆکی هەرێمی کوردستان بۆ ڕێکخرابوو و ڕایگەیاند " تێبینی ئەوەم کردووە کە لەکوردستان دەرفەتی زۆر گەورەی وەبەرهێنان بۆ سەرمایەدار و کۆمپانیاکانی بەریتانیا هەیە، بەشێک لەو بەرپرسیارێتیەش دەکەوێتە سەرشانی من تا چیرۆکی ڕاستەقینەی کوردستانیان بۆ بگێڕمەوە و باسی ڕەوشی ئاسایش و سەقامگیری و دەرفەتی پرسی وەبەرهێنانیان لە کوردستان بۆ بکەم".

هەروەها ناوبراو راشیگەیاند نوێنەرانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لەلەندەن دەتوانن لەو بوارەدا ڕۆڵێکی ئەرێنی ببینن و حکوومەتی بەریتانیاش ئامادەیە بەشدارییەکی بەرچاو لەئابووری هەرێمی کوردستاندا بکات وگوتی " دەبێ حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی بەریتانیا بەشێوەیەکی ئەرێنی پەرە بەپرسی ئابووری بدەن".

## لەماوەی 28 ساڵی ڕابردوودا

# تورکیا زیاتر لە یەک ملیۆن کەسی ئەشکەنجەداوە

**ڕووداو – نێتکورد**

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی دەزگای مافەکانی مرۆڤی تورکیا لەدوای ساڵی 1980ەوە تاوەکو ئێستا زیاتر لە یەک ملیۆن مرۆڤ بەشێوازی جۆراو جۆر لەلایەن حکومەتی تورکیاوە ئەشکەنجە دراون.

ڕێکخراوی وەقفی مافەکانی مرۆڤی تورکیا ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی خۆی سەبارەت بەئەشکەنجە لەتورکیا لەکتێبێکی 236 لاپەڕەیی بڵاو کردەوە، کە کۆمەڵێک بەڵگەو ژمارەو مێتۆدی ئەشکەنجەدانی لەخۆ گرتووە.

بەپێی ئەنجامەکانی ئەو لێکۆڵینەوەیە کە لەلایەن 9 شارەزاوە ئامادەکراوەو 5 ساڵی خایاندووە، دەرکەوتووە لەساڵی 1980ەوە لەو کاتی سوپا دەستی بەسەر حکومەتدا گرتووە، زیاتر لە یەک ملیۆن کەس ئەشکەنجەدراون.

لێکۆڵینەوەکە ئاشکرای کردووە کە ئەشکەنجەدانەکان بەشێوەیەکی سیستەماتیک بەکارهاتووە و مێتۆدێک کە زۆر بەکارهاتووە لێدان بووە، هەروەها لەگەڵ لێداندا شێوازگەلی فەلاقە، لێدانی کارەبایی، ئاوی سارد، داخکردن، تینو و برسی هێشتنەوە، جگەرە نان بەجەستە و دەستدرێژی سێکسی بەکارهاتووە.

ئەو پسپۆڕانە لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوەکەیاندا 6 هەزار وێنەی ئەشکەنجەدراوانیان بینیوەو ئیفادەو ڕاپۆرتی پزیشکی 10 هەزار ئەشکەنجەدراویان خوێندووەتەوە.

# "150 لافیتەیان لێ دڕاندووین"

## جێگری سکرتێری کۆمەڵەی خوێندکاران

**ڕووداو– هەولێر**

2008/4/26 کە هاوکاتە لەگەڵ 32 ساڵەی دامەزراندنی کۆمەڵەی خوێندکارانی کوردستان ڕێگە بەکۆمەڵەکە نەدرا لەزانکۆی سەلاحەددین یادی دامەزراندنی بکاتەوە، جێگری سکرتێری کۆمەڵەکەش ڕایگەیاند کە 150 لافیتەیان لێ دڕاندوون، هەروەها 38 ڕێکخراوی مەدەنیش بەیاننامەیەکیان لەدژی ئەو ڕێگرییە دەرکرد.

نەجات ئەحمەد، جێگری سکرتێری گشتی کۆمەڵەی خوێندکاران بۆ (ڕووداو) چەند نموونەیەکی لە ڕێگرییەکان باسکرد و گوتی "پۆلیسێکی پرسگە وتویەتی لەسەرەوە ئەمرمان پێکراوە کە نابێت شیرینی بڵاو بکەنەوە، لەکۆلێژی مامۆستایان بەرپرسی لیژنەی یەکێتی قوتابیان وتویەتی: ڕێنمایی خۆمانەو بۆتان نییە هیچ شتێک بڵاوبکەنەوە، لەکۆلێژی یاساو ڕامیاریش هێرشیان کردووەتە سەرکادیرێکی کچمان و لەکۆلێژی کشتوکاڵیش یاریدەدەری ڕاگر ڕێگەی نەداوە کۆمەڵەی خوێندکاران هیچ چالاکییەک ئەنجام بدەن".

لەدرێژەی لێدوانەکەیدا ئەو بەرپرسەی خوێندکاران وتی "ئەو لایەنانەی کە ڕێگریمان لێدەکەن هەندێک لیژنەی حیزبیی پارتی دیموکراتی کوردستانە و هەندێک کادیری یەکێتی قوتابیان و هەندێک لەراگری کۆلێژەکانی کۆلیژەکانن".

کاروان محەممەد سابیر، کارگێری سکرتارییەتی یەکێتی قوتابیان ئاماژەی بەوەدا" چەند لافیتەیەکی کەمیان لێکراوەتەوەو بەو ژمارەنییە کە ئەوان باسی دەکەن، ئەگەر گرفتێک بۆ ئێمە لەسلێمانی دروستبکرێت ئەوان تۆمەتبار دەکرێن و لێرەش بەهەمان شێوەیە".

لەلایەکی دیکەوە 38 ڕێکخراوی مەدەنی بەیاننامەیەکی ناڕەزاییان دەرکردووەو لەبەشێکی بەیاننامەکە ڕووی بانگەواز لەسەرۆکی هەرێمی کوردستان دەکەن و دەڵێن "ناکرێت چیتر لەدووری تەنها چەند کیلۆمەترێک لەبەرێزتان ڕۆژانە دیموکراسی و ئازادی هەتک بکرێن و پێویستە لێپرسینەوە لەو کەس و دەزگایانە بکەن".

## بەهۆی وشکە ساڵی

# چەند گەڕەکێکی سلێمانی بێ ئاو دەبن

ئازیز مەحمود

**ڕووداو – سلێمانی**

هەر یەک لەگەڕەکەکانی ئیسکان، ئازادی، هەوارە بەرزە، شێخ محێدین، مەجید بەگ، سەرچنار و چەند گەڕەکێکی سەنتەری شاری سلێمانی زیاتر لەدوو هەفتەیە بەبێ ئاون و بەرپرسانیش هۆکارەکەی بۆ وشکە ساڵی دەگەڕێننەوە.

هاووڵاتی کەریم مەحمود، 40 ساڵ، کە دانیشتووی گەڕەکی ئیسکانە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "لەبەر کەمی ئاو بەتەنکەر ئاو دەکڕین، حکومەت وەک پێویست توانای چارەسەرکردنی کێشەی ئاوی نییە".

فەرهاد محەممەد، بەڕێوبەر ئاو لەسلێمانی، هۆکاری کەمی ئاوی ئەو گەڕەکانەی گەڕاندەوە بۆ نەبارینی باران "باران نابارێت گۆڕان لەژینگەدا بووەتە هۆی کەمبوونەوەی ئاو، ژمارەی دانیشتووانیش ڕۆژبەڕۆژ لەزیادبوونە، خەڵکیش دەست بەئاوەوە ناگرێت".

لەبارەی چارەسەری گرفتی کەمئاویش ناوبراو گوتی "پلانمان هەیە بۆ چارەسەرکردنی بێ ئاوی و پڕۆژەی دووەمی دوکان لەجێبەجێکردندایە کە ئاو لەدوکانەوە دەهێنێت بۆ سلێمانی، هەروەها پلانی وشکە ساڵیشمان هەیە کە هەر گەڕەکێک پێویستی بەئاو بوو بەتەنکەر بۆیان دابین بکەین".

## بەهۆی ناڕەزایەتی زۆرەوە

# حکومەت پرۆژە یاسای ڕێکخستنی خۆپیشاندان و کۆبونەوە گشتییەکان دەکێشێتەوە



سۆران عومەر

**ڕووداو –سلێمانی**

دەنگۆی ئەوە هەیە حکومەت پرۆژە یاسای" ڕێکخستنی خۆپیشاندان و کۆبوونەوە گشتییەکان"ی لەپەرلەمان کێشابێتەوەو گرووپێکیش داوا لەخەڵکی کوردستان دەکات دژی پرۆژە یاساکە بێنە مەیدان و وتەبێژی گروپەکەش ڕایگەیاند "چەسپاندنی پرۆژە یاساکە زۆر مەترسیدارە، چونکە دەسەڵاتی سەربازی داوەتە وەزیری ناوخۆ".

زانا ڕوستایی، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەلێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) وتی"پرۆژە یاساکە خوێندنەوەی یەکەمی بۆ کراوە، بەڵام بەپێی زانیارییەکانی من پرۆژە یاساکە لەلایەن حکومەتەوە کێشراوەتەوە، هەرچەندە ئەمە بەفەرمی نییەو تەنیا دەنگۆی نێو ئەندامانی پەرلەمانە".

لەلایەکی دیکەوە ڕۆژی 22ی ئەم مانگە گرووپێک لەژێرناوی (تۆڕی بەرگری لە ماف و ئازادییەکانی خەڵک)، بەیاننامەیەکیان دژ بە پرۆژە یاساکە دەرکرد و داوایان لەخەڵک کرد دەنگ هەڵبڕن بۆ ئەوەی پرۆژە یاساکە لە پەرلەمان پەسەند نەکرێ.

ئاکۆ خەلیل وتەبێژی گرووپەکە لەلێدوانێکیدا بۆ (ڕووداو) وتی "پرۆژەکە بەویستی دەسەڵات نووسراوەو هەموو مافێک بۆ خۆپیشاندان لەهاووڵاتیان زەوتدەکات، لەکاتێکدا دەبووایە دەسەڵات سودی وەربگرتایە لەو هەموو ڕاپۆرتە جیهانیەی کە باس لەسەرکوتکردن دەکات لەکوردستاندا".

ئاکۆ خەلیل گوتیشی "ئەگەر ئەو یاسایە بەو جۆرە بچەسپێنرێ ئەوا لەخەباتی مەدەنی بەردەوام دەبین، دەبینە فشار بۆ سەر حکومەت تا ئەوە نەچەسپێت کە لەیاساکەدا هاتووە، چونکە یاساکە دەسەڵاتی سەربازی داوەتە وەزیری ناوخۆ".

# پاسەوانێکی نیشتمانی 8 کەسی خێزانێک دەکوژێت

**ڕووداو –ئاکرێ**

پێشمەرگەیەکی پاسەوانی نیشتمانی دانیشتووی دهۆک، هەڵیکوتایە سەرماڵێک لە گەڕەکی ئاڵەیی ئاکرێ، هەشت کەسی خێزانکەی کوشت و دواتریش خۆشی کوشت.

شەوی 25لەسەر 2008/4/26 گەنجێکی تەمەن 21 ساڵ، کە پێشمەرگەی پاسەوانی نیشتمانییە لەموسڵ، لەئەنجامی کێشەیەکی کۆمەڵایەتی دەچێتە سەر ماڵی شاکر حەسەن لە گەڕەکی ئاڵەیی ئاکرێ، بە کلاشنیکۆفەکەی دەستی 8 کەسی خێزانەکە دەکوژێت و دواتریش گوللەیەک بەسەرییەوە دەنێت و خۆشی دەکوژێ.

لەو بارەیەوە لیوا وەعدوڵڵا محەممەد سێلکی، بەڕێوەبەری پۆلیسی پارێزگای دهۆک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەو کەسە کاتژمێر 10:25 چووەتە سەر ئەو ماڵە، دوای ئەوەی هەشت کەسی خێزانەکەی کوشتووەو دوانیشی بریندار کردوون، گوللەیەکی لەسەری خۆیداوە، خۆیشی کوشتووە، بەڵام تا ئێستا هۆکارەکەی نەزانراوە".

بەپێی ئەو زانیارییانەی دەست (ڕووداو) کەوتوون، ئەو گەنجە کچێکی ماڵەکەی خۆشویستووەو چەند جارێک چووەتە خوازبێنی، بەڵام ماڵی کچەکە ڕازی نەبوون، دوای ئەوەی زانیویەتی کچەکە شووی بە کەسێکی دیکە کردووە، چووەتە سەر ئەو ماڵە و هەشت کەسی لێ کوشتوون.

# وەزیرە گەرمیانییەکە هاوکاری ژنە گەرمیانییەکەی کردووە

**ڕووداو – هەولێر**

ڕاگەیاندنی وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی، لە ڕوونکردنەوەیەکدا ڕەتیدەکاتەوە کە عەینە تاڵب لەلایەن وەزارەتەوە کار ئاسانی بۆ نەکرابێت و هاوکاری نەکرابێ.

دوای ئەوەی ڕۆژنامەی (ڕووداو) لە ژمارە 3ی خۆیدا دیمانەیەکی لەگەڵ هاووڵاتی (عەینە تاڵب) بڵاوکردەوە و ناوبراو گلەیی لەوەزیری کارو کاروباری کۆمەڵایەتی کرد کە هاوکاری نەکردووە و، ڕاگەیاندنی وەزارەت ڕەتیکردەوە کە وەزارەت هاوکاری ئەو ژنەی نەکردبێ.

وەک لەبەشێکی ڕوونکردنەوەکەدا هاتووە "جەنابی وەزیر بەنووسراوی ژمارە 84 لە 2008/1/16 نووسراوێکی ئاراستەی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران / سەرۆکایەتی دیوان کردووە و دوای ئەوەش بەدواداچوون و لەڕێگای پەیوەندی تەلەفۆنی، بەنیازی ئەوەی بەیاسایی لەگرفتەکەی عەینە بکۆڵێتەوە و چارەسەری گونجاوی بۆ بکرێت، بۆ ئەوەش بڕی 500 هەزار دیناری وەک هاوکاری لەسەر داوای وەزارەت پێدراوە بۆ چارەسەر کردن".

لەبەشێکی ڕوونکردنەوەکە ئاماژە بەوە دراوە کە وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتی بڕی پارەی خەرجکراوی هاتوچۆ و خواردنی بۆ ئەو ژنە خەرج کردووەتەوە.

# عەرەبە هاوردەکانی داقوق ناگەڕێنەوەو سەحوە دادەمەزرێنن

**ڕووداو – ئارام کەرکوکی**

لە قەزای داقوق لەکۆی 850 ماڵی عەرەبی هاوردە تەنها 150 ماڵ داوای فۆرمی قەرەبووکردنەوە دەکەن و تا ئێستاش هیچ کەس لەو 150 کەسە قەرەبوو نەکراوەتەوە.

موبارەک خواکەرەم سەرۆکی ئەنجومەنی قەزای داقوق بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند"850 ماڵی عەرەبی هاوردە لەسنوورەکەدا دەژین، بەڵام تا ئێستا تەنیا 150 ماڵ فۆرمیان پڕکردووەتەوە بۆ ئەوەی بگەڕێنەوە بۆ ناوچەکانی خۆیان و تا ئێستاش چەکی قەرەبووکردنەوە بۆ هیچ لەوانە نەکراوە".

سەبارەت بەهەبوونی هێزی سەحوەش لە قەزاکەدا سەرۆکی ئەنجومەن گوتی "هەموو ماڵە عەرەبە هاوردەکان چوونەتە لای ئەمریکییەکان و داوای دروستکردنی هێزی سەحوە دەکەن، ئێمەش ڕازی نەبووین، بەڵام ئەمریکییەکان داوای بەدیلمان لێدەکەن و ئێمەش دەڵێین با هێزی پێشمەرگە بێن. ئێمە وەکو ئەنجومەن ڕازی نابین بەدروستکردنی هێزی سەحوە. چونکە ئەوە دەبێتە هۆی لاوازبوونی ئیدارەو دەسەڵاتی پۆلیس".

## پۆزش

لەژمارەی ڕابردووی (ڕووداو) ریپۆرتاژێکم لەسەر زنجیرە درامای گەردەلول بڵاوکردەوە کەناوی هونەرمەند (حوسێن زارین) ی بەهەڵە تێدا هاتووە لەئەنجامی هەڵەی چاپەوە. لەگەڵ دەستەواژەیەک لەنێو قسەکانی ناوبراودا. زۆر داوای لێبوردن لەهونەرمەند کاکە (حوسێن) دەکەم.

نەوزاد مەحموود

# لە پێنجوین کچێک دەڕفێنرێ

ئاسۆ جەعفەر

**ڕووداو –پێنجوین**

ڕۆژی 2008/4/20 کچە قوتابیەکی تەمەن 17 ساڵ بەنێوی (ر.ت.م) کە قوتابی پۆلی سێی ناوەندییە ڕفێندرا و دواتر لەشاری سلێمانی لەنزیک گۆڕستانی مەسیحیان بەزیندوویی فڕێدرا.

عەقید ڕێبوار ڕەشید، بەرپرسی بەڕێوەبەرایەتی پۆلیسی پێنجوین بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئەوکچە لەو کاتەی لەدەوامی قوتابخانە گەڕاوەتەوە ئۆتۆمبێلێک لەنزیکی ڕادەگرێت و ئەویش لەگەڵیدا سەردەکەوێت و دواتر بێهۆشکراوە". ناوبراو لەدرێژەی لێدوانەکەیدا گوتیشی "ئەو کچە بەمەبەستی پشکینین ڕەوانەی پزیشکی دادوەری سلێمانی کراوە، دەرکەوتووە دەستدرێژی نەکراوەتە سەر".



## پاسەوانەکان نەوت دەدزن

**ڕووداو – ئیلاف**

◆ بەرپرسانی وەزارەتی نەوت و چەند پەرلەمانتارێک دەڵێن فەوجەکانی پاراستنی بۆریە نەوتییەکان خۆیان نەوتەکە دەدزن و نەوتە دزراوەکەش زۆربەی بۆ سوریا و ئوردن دەڕوات.عەبدولکەریم لعێبی پشکێنەری گشتی وەزارەتی نەوتی عێراق گوتی هیچ کۆنترۆڵێک لە ناوچە بیابانییەکان نییە، بۆیە دزەکان ئەوە بەهەل دەزانن و" کونێکی بچووک لە بۆرییەکان دەکەنەوەو بە شێوەیەک کە ئامێرە هەستیارەکان هەستی پێنەکەن تانکەری لێ پڕدەکەن".گوتیشی" ئەو بۆرییانەی لە کەرکووک بە ناو سەربازگەکانیشدا تێدەپەڕن دزییان لێدەکرێت،ئەفسەرەکانیش لەو دزییەدا بەشدارن و ڕۆژانە نزیکەی 4 بارهەڵگری لێدەدزن".

# کوردستان نەوت دەفرۆشێت

**سالح قادر**
**ڕووداو –هەولێر**

لەکۆی ئەو 40 کێڵگە نەوتییەی لەهەرێمی کوردستاندا هەن، نەوتی هەردوو کێڵگەی زاخۆ و تەقتەق ئامادەیە بۆ فرۆشتن و سەرۆکی حکومەتی کوردستان ڕایگەیاند"حکومەتی هەرێمی کوردستان ئێستا دەتوانێ ڕۆژانە 100 هەزار بەرمیل نەوتی ئەو دوو کێڵگەیە بخاتە ناو بۆرییە نەوتەکانی عێراق".

بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمیش بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کۆمپانیای فرۆشتنی نەوتی عێراقی دێتە کوردستان "بەم نزیکانە تیمێکی کۆمپانیای سۆمۆ دێتە کوردستان بۆ قسەکردن لەسەر چۆنیەتی ناردنە دەرەوەی ئەو بڕە نەوتە". کەوا بڕیارە لە ڕێگەی بەندەری جیهانی تورکییەوە بنێردرێتە دەرەوە.

لەکوردستان بەرهەمدێ، تەنیا 17 %ی بۆ کوردستانە.

جەوهەر نامیق سالم، ڕای وایە حکومەتی کوردستان کەمتر لە 17 %ی ئەو داهاتەی بەردەکەوێت و دەڵێت " مرۆڤ خۆشحاڵە بەوەی کە حکومەتی هەرێمی کوردستان بچێتە ناو بازاری نەوت و لەگەڵا کۆمپانیە بیانیەکاندا پێکبێت، وەلێ دەبێت ئەو حەماسەتە وانەکات ئەم سەروەتە هەرزانفرۆشبکرێت و لەپێناو دەسکەوتی ڕۆژانە بایەخی ستراتیجییەکەی پشتگوێ بخرێ و واقیعی ئەمڕۆی ئەم هەرێمە لە بیرکەین، لەلایەکی دیکەوە زۆر سەیر دەڵێن ڕێژەی 17 %ی داهاتی نەوت بۆ کوردستانە، بەڵام لەواقعیدا وا نییە چونکە پاش بڕینی خەرجییە سیادییەکان وحاکمییەتەکان ئەوجا 17 % دەدرێت بەهەرێمی کوردستان. ڕێژەی ئەو دوو بەرمیل نەوت بەرهەمبێنێ.

جەوهەر نامیق سالم، حکومەتی هەرێمی کوردستان لەفرۆشتنی ئەو نەوتە وشیاردەکاتەوە و بە (ڕووداو) ڕاگەیاند کە "نابێت دەسەڵاتی فەرمی کوردستان بەچاوی سودی ئەمڕۆ سەیری ئەو سامانە بکات، دەبێ ڕەچاوی ئەو قەبارە نەوتە بکات کە وەکو یەدەک هەمانە لەکوردستان بە بەراورد کردن لە گەڵا ئەوەی عێراق و ئەوەی کە دەردەهێندرێت و بەغدا دەیفرۆشێت کە پێش وەخت سەقفەکەی لەلایەن ئۆپیک دیاریکراوە، هەروەها دەبێ بیر لەوە بکاتەوە ئەوەندە نەوت لەکوردستانەوە بدرێ بەبەغدا کە بایی ئەوەندە پارە بێت کە دەگەڕێتەوە بۆ کوردستان".

ئەمڕۆ بڕی دەرهێنانی نەوت لەعێراقدا ڕۆژانە لەسنووری 2 ملیۆن بەرمیلە، جەوهەر نامیق لەبارەی ڕێژەی دەرهێنانی نەوت لەکوردستان دەڵێت "بەپێی ڕێژەکەمان دەبێت ڕۆژانە لە سنووری 400 هەزار بەرمیل تێنەپەڕێت، تەنها نەوتی کەرکوک ڕۆژانە لەسنووری 500 هەزار بەرمیلە ( ئەگەر هاتوو کەرکووک هێشتا وەکو خاک و بەشێک لەباشووری کوردستان حیساب بکرێ ). واتە دوو بەرامبەر ئەوەی دەگەڕێتەوە بۆمان وەکو داهات . ئەمەش ئەگەر هاتوو ئەمڕۆ مەقبوول بێت نابێت لەئایندە حیسابی بۆ نەکەین، لێرە باسی چۆنیەتی دانانی نرخ وحیسابکردنی لەکاتی دانانی بوودجە و بەشی هەرێم ناکەم کە حکومەتی بەغدا پێی هەڵدەسێت وجێگای ڕەخنەیە".

جەوهەر نامیق کە چەند لێکۆلینەوەیەکی وردی لە سەر نەوت هەیە دەڵێ"کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان نابێت دەوری دەلاڵی بینین، نابێ دەلاڵی بەسامانی ئەو نەوەیەو نەوەکانی داهاتوو بکەین و بۆ بەغدای بنێرین، ئەوان دوایی خێرمان پێبکەن، ڕێژەی 10 %ییکمان بۆ بنێرنەوە، دەبێ ڕێژەی دەرهێنانی نەوتی کوردستان و فرۆشتنی، زۆر زۆر تەبا بێ لەگەڵ ئەو بڕە پارەیەی دەگەڕێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان، نابێ دەسەڵاتی فەرمی هەرێمی کوردستان پیاوەتی بەئاوی حەمامەوە بکات".

ناوبراو درێژە بەقسەکانی دەدات و دەڵێت " مانەوەی نەوت ماوەدارێکی سنووردارە و کۆتایی دێت. دەبێت بە لێکدانەوەیەکی زانستیانەی ورد و لەبەرچاوگرتنی داخوازی ئەمڕۆ و دوارۆژی نەوەکانی داهاتوومان،

## دەسەڵاتی کوردستان نابێت پیاوەتی بە ئاوی حەمامەوە بکات



جەوهەر نامیق سالم

حکومەتی کوردستان تاوەکو ئێستا 15 گرێبەستی دەرهێنانی نەوتی لەگەڵ کۆمپانیا بیانییەکان ئەنجامداوە، کە بەشێکیان لەقۆناخی گەڕاندان بەدوای نەوت و دوو لەو کۆمپانیایانەش گەیشتوونەتە قۆناخی بەرهەمهێنانی نەوت، کە یەکێکیان کۆمپانیایەکی تورکییە و لەکێڵگە نەوتییەکانی تەقتەق نەوت کاردەکات، ئەوی دیکەشیان کۆمپانیای DNOی نەرویجییە کە لەکێڵگە نەوتییەکانی زاخۆ کار دەکات.

بەپێی دەستووری عێراق، نەوت سامانێکی نیشتمانییە و لەهەر شوێنێکی عێراق بێ موڵکی هەموو عێراقییەکانە. هەروەها بەپێی ڕێککەوتنی نێوان حکومەتی کوردستان و عێراق، 17 %ی داهاتی نەوت بۆ کوردستان دەبێ، واتە لەو 100 هەزار بەرمیل نەوتەی کە ئێستا

خەرجییانە 25 % بوودجەی کۆماری عێراق پێکدێنن، بۆیە لەوانەیە حکومەتی هەرێم 10-12 %ی داهاتی بەر بکەوێت، نەک 17 %"، هەروەها گوتیشی "ئەم 17 % یە تەنها بۆ ئەمساڵە، ساڵی ئایندە خاڵی گەرمی مشتومڕە".

بەپێی زانیاری شارەزایەکی نەوت، حکومەتی کوردستان خاوەنی 50 ملیار بەرمیل نەوتی ژێر زەوییە و لەگەڵ چەندین ملیۆن مەتر سێ جا لەگاز و سامانە سروشتییەکانی دیکە. هەرچەندە تا ئێستا گرێبەست لەگەڵ 15 کۆمپانیا کراوە بۆ دەرهێنانی نەوت لە 15 شوێنی جیاجیای کوردستان، بەڵام بەپێی زانیارییەکان 25 ناوچەی دیکەش هەن لەکوردستان نەوتیان هەیە، بۆیە حکومەت لەپلانیدایە، لەماوەی پێنج ساڵی داهاتوو، ڕۆژانە 1 ملیۆن



**لەپرێس کۆنفرانسی ڕۆژی 2008/4/23، ڕۆژنامەی (ڕووداو) ئەو پرسیارەی لەبارەی گرێبەستە نەوتییەکانەوە ئاراستەی نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەت کرد:**

**ڕووداو:شەهرستانی بەشداریی کۆبوونەوەکانی ئێوەی کرد لەگەڵ مالیکی، ئایا ڕای مالیکیش هاوشێوەی شەهرستانییە لەسەر گرێبەستە نەوتییەکانی کوردستان؟**

**سەرۆکی حکومەت:** بەڵێ لەگەڵ شەهرستانی و مالیکی کۆبوونەوەمان کرد. لەوانەیە بۆچوونی جیا هەبێ، هەروەک چۆن لێرە بۆچوونی جیا هەیە، مەرج نییە هەمووی یەک بۆچوون بن و موتەفیق بن لەسەر شتەکان، ئەگەر بۆچوونەکانیش جیا بن، بەڵام هەموو تەئکید لەوە دەکەن کە ئەوەی دەکرێ چ لە هەرێم چ لەهەموو عێراق پێویستە لەبەرژەوندی هەموو عێراقدا بێ.

مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت".

گرێبەستە نەوتییەکانی کوردستان، تەنگژەیەکی زۆری لە نێوان حکومەتی کوردستان و وەزیری نەوتی عێراقدا دروستکردووە، لە کوردستانیش زۆرجار باسی پێویستی ئاشکراکردنی ئەو گرێبەستانە دەکرێ.

سەرۆکی حکومەتی کوردستان لەکۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی سێشەممەی ڕابردوو، ئامادەیی حکومەتی نیشاندا کە ناوەڕۆکی ئەو گرێبەستانە بۆ بەغدا و سەرنووسەری ڕۆژنامەکانی کوردستان ئاشکرا بکات و گوتی"گرێبەستەکان بەپێی دەستوور کراون، بەبەغداشمان گوتووە ئامادەین هەموو گرێبەستەکانیان نیشانبدەین، هەروەک لەدەستووری عێراقیش دیاریکراوە، لێژنەیەکی ئیتحادی هەیە، لەکۆمەڵێک شارەزا پێکهاتووە، سەیری گرێبەستەکانی ئێمە دەکەن، ئەگەر شەفافیەت و ستانداردی نێودەوڵەتی تێدا نەبێ، ئەو لێژنەیە مافی خۆیەتی تەعن لەگرێبەستەکان بدات ".

سەبارەت بەوکۆمپانیایانەی گرێبەستیان لەگەڵدا کراوە سەرۆکی حکومەت گوتی "لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی ئەمریکی، هیندی، تورکی، ئەوروپی و نەرویجی گرێبەستمان کردووە، کۆمپانیا هەیە گرێبەستمان لەگەڵ کردووە سەرمایەکەی 40 بلیۆن دۆلار دەبێ".

سۆزانی خالە شەهاب، ئەندامی پەرلەمانی کوردستان لەسەر لیستی سەوز، ڕەتیکردەوە کە گرێبەستەکانی نەوتی حکومەتی هەرێم نهێنی بن و گوتی "ئێمە ڕێککەوتبووین لەگەڵ وەزیری سامانە سروشتییەکان کە بێتە پەرلەمان و چۆنییێتی گرێبەستەکان ڕوون بکاتەوە، سەرۆکی حکومەتیش ئەوەی زۆر پێخۆش بوو، بەڵام چونکە ئەو لیژنە باڵایەی کەدانراوە بۆ ئیمزاکردنی گرێبەستەکان، سەرۆکی حکومەت و جێگرەکەی و هەندێک لەوەزیرەکانی تێدایە، بەهۆی چوونیان بۆ بەغدا دواکەوت".

جەوهەر نامیق سالم، لای سەیرە پاش ئاشکرا بوونی گرێبەستەکان و ئەو هەموو مشتومڕە، پەرلەمانی کوردستان تا ئێستا ئاگاداری ناوەڕۆکیان نییە و گوتی "پەرلەمانێک کە بەرپرسیارە لەبڕیاردان لەسەر کێشە چارەنووسسازەکان پاش ئەو ماوە دوورودرێژە و هەموو سەراو دەراوە کەچی تا ئێستا نازانێت ناوەڕۆکی ئەو گرێبەستانە چییە، لەکاتێکدا هیچ شتێک وەکو سامانی نەوت چارەنووسساز نییە بۆ ئەمڕۆ و دوارۆژی ئەم نەتەوەیە".

جەوهەر نامیق ڕەخنەی لەوەگرت کە دەنگۆی ئەوە هەیە حکومەتی کوردستان گرێبەستی لەگەڵ هەندی کۆمپانیای بچووکی دوور لەبواری پیشەسازی نەوت وەکو کۆمپانیای بواری مۆبایل کردبێ بۆ دەرهێنانی نەوت و زۆر بەپێویستیشی دەزانێ خەڵکی کوردستان پێش بەغدا لەو گرێبەستانە ئاگادار بکرێنەوە.

فەلاح مستەفا، بەرپرسی فەرمانگەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان، کە لە دوا سەفەریشدا ئەندامی شاندی حکومەت بوو بۆ بەغدا، ڕەتیکردەوە کە حکومەتی هەرێم گرێبەستی لەگەڵ کۆمپانیای مۆبایل کردبێ بۆ دەرهێنانی نەوت و گوتی "ژمارەیەکی زۆر کۆمپانیا لەدەرەوە هاتوونەتە کوردستان بۆ ئەوەی کار لەو بوارەدا بکەن، هەرکۆمپانیایەک بێت کار بکات دەبێت لە ڕووی تەکنیکییەوە شیاو بێت و ئامێری پێویستی هەبێت و شارەزا و پسپۆڕی پێویستیان هەبێت، ئەو گرێبەستانەش کە کراون پاش دانوسانێکی زۆر بووەو بەپێی ئەو ستاندارادنەی لەجیهاندا هەن کراون".

سەرۆکی حکومەتی کوردستان لەپرێس کۆنفرانسەکەی سێشەممەی ڕابردوو هەموو ئەو قسانەی ڕەتکردەوە کە دەڵێن حکومەتی کوردستان ڕێژەیەکی زۆر قازانج دەداتە کۆمپانیاکان و گوتی "ئەوەی دەڵێت کە ڕێژەیەکی زۆرمان داوە بەکۆمپانیاکان ئەسلەن ئەوە ڕاست نییە، ئەوە هەمووی پڕوپاگەندەی ناحەزانی ئێمەیە، ئەو قازانجەی بەکۆمپانیاکانمان داوە ئەگەر لەگەڵ وڵاتانی دیکە بەراوردی بکەین، لەوانەیە ڕێژەکە زۆر کەمتر بێ".

جەوهەر نامیق سالم، لەو بارەیەوە دەڵێت " دەبێت لەبواری نەوت زاراوەی (قازانج) ڕوونبکرێتەوە، چونکە کەم کرنەوەی ڕێژەی (ریع) بۆ نموونە کەمتر لە 12 % و، چۆنیەتی دابەشکردنی داهاتی نەوتە پاش بڕینی ( ریع) و( خەرجی دەرهێنان )و ماوەی گرێبەست و چۆنیەتی پێکهاتن لەسەر نرخ و بوارەکانی دیکەی وەکو باجی ناوخۆیی ئاسانکارییەکانی دیکەو، ئیلتیزاماتی کۆمپانییەکان سەبارەت بەبواری فێر کردن و پاراستنی ژینگە، کاریگەی خۆی هەیە لە سەر پرنسیپی ( قازانج)".

سالم درێژە بەقسەکانی دەدات و دەڵێت دواتریش مەسەلەکە هەر ئەوە نییە داهاتی نەوتەکە چەند بەر حکومەت و چەندیش بەر کۆمپانیا دەکەوێت، ئەوەی ئێمە تێیگەیشتووین ئەو گرێبەستانە لەسەر بنچینەی گرێبەستی هاوبەش کراون، گرێبەستی هاوبەشیش دواکەوتووترین گرێبەستە لە جیهاندا، ئەگەر چاکسازی بەسەردا نەکرێت.بۆ نەهیشتنی گومان و ساخکرنەوەی پرسەکان باشتر وایە گرێبەستەکان ئاشکرا بکرێن وبخرێتە بەردەمی دەزگا پەیوەندارەکانی کوردستان".

# بەڵێنە بەدینەهاتووەکانی هەڵبژاردن

## ڕاپۆرتی ڕێکخراوی ASK لەسەر کار و بەڵێنە بەدینەهاتووەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان

**ڕووداو – سلێمانی**

ڕێکخراوی کۆمەڵەی ئەمریکی بۆ کورد ASK بەردەوامە لەچاودێریکردنی بەڵێنەکانی هەڵبژاردنی پەرلەمانی کوردستان و، بۆ ئەمساڵیش بڕیاریداوە 2007/10/1 تاوەکو 2008/9/30 لەسەر کارەکانی بەردەوام بێ.

ASK لەدووەمین ڕاگەیاندنیدا کە وێنەیەکی دراوەتە هەفتەنامەی (ڕووداو) ئاماژە بە ژمارەی دانیشتن و ماوەی پشوو و کارەکانی پێشووی پەرلەمان و ئەو بەڵێنانە دەکات کە ژمارەیان 20 بەڵێنی چارەنوسسازەو دراون بەخەڵکی کوردستان و تاکو ئێستا نەهاتوونەتە دی.

### پرۆژە یاسای خەتەنە کردنی مێینە چی بەسەر هات؟

لەلایەکی دیکەوە ڕاپۆرتەکە باس لە ڕاوبۆچوونی ئەندامانی پەرلەمان دەکات لەسەر ئەو بەڵێنانەی کەبۆیان نەهاتوونەتە دی، هەروەها ڕاپۆرتەکە ئاشکرایکردوە کە "پرۆژە یاسای خەتەنەکردنی مێینە لەپرۆژە تەواو نەکراوەکانی خولی ڕابردوو لابراوە، هەر چەندە خوێندنەوەی یەکەمیشی بۆکرابوو".

هەندێک لەئەندامانی پەرلەمان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە لەکۆبوونەوەیەکی تایبەت لەنێوان سەرۆکی فراکسیۆنەکاندا داواکراوە ئەو پرۆژەیە بکێشرێتەوە و فراکسیۆنەکان ئیمزای ئەندامانی خۆیان بکێشنەوە، بەڵام دوای فشاری هەندێک لە پەرلەمانتاران ڕێککەوتوون کە پرۆژەکە بەشێوەیەکی دیکە چارەسەر بکرێت.

### دانیشتنەکانی پەرلەمان

دوای کۆتایی هاتنی پشووی زستانەی پەرلەمان کە لە ڕۆژی لە2008/1/1 دەستپێکردووەو لەڕۆژی 2008/3/1 کۆتایی هاتووە، ڕۆژی 2008/3/10پەرلەمانی کوردستان دەستیکردەوە بەگرێدانی خولی یەکەمی ساڵی سێیەمی خولی هەڵبژاردنی دووەمی ئەنجوومەن و دانیشتنی ئاسایی پەرلەمان دەستی پێکردووە.

لەڕۆژی 2008/3/17 پەرلەمانی کوردستان خوێندنەوەی یەکەمی بۆ هەر یەک لە یاسای بوودجەی هەرێمی کوردستان، پرۆژە یاسای پاراستنی ژینگە، پرۆژە یاسای دەزگای فرۆکەوانی مەدەنی، پرۆژە یاسای تایبەت بەدیاریکردنی ڕۆژی (4/16) ی هەموو ساڵێک بە ڕۆژی ژینگە و پرۆژە یاسای (لیژنەی ئۆلۆمپی کوردستان) کرد، کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێشکێشکرا بوون، لەگەڵ خوێندنەوەی یەکەمی بڕیاری سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەبارەی کاری ڕۆژنامەگەری لە کوردستان.

ڕۆژی 2008/3/30 یش پەرلەمان دانیشتنێکی تایبەتی بۆ خستنەڕوو و گفتوگۆکردن لەبارەی پرۆژە یاسای (ڕێکخستنی مافی بەکارهێنانی زەوی کشتوکاڵی) لە هەرێمی کوردستان و پرۆژە یاسای (ئەنجوومەنی ڕاوێژکاری باڵا) سازکرد، کە لەلایەن سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیرانەوە پێشکێشکرابوون.

### بەڵێنە بەدی نەهاتووەکان

بەڵێنی ژمارە 2 تایبەتە بەیەکخستنەوەو پاراستنی دەستکەوتەکانی گەلی کوردستان، تاکو ئێستا وەزارەتەکانی پێشمەرگە، دارایی، ناوخۆ یەکنەخراونەتەوە، ئەمەش کێشەیەکی گەورەی خوڵقاندووە، بەتایبەت لەلایەنی بوودجەوە، ئەندامانی پەرلەمانیش لەوە نیگەرانن، چونکە لە زۆربەی دانیشتنەکان پێشنیاری یەکخستنەوەی ئەو وەزارەتانە باسکراوە، بەڵام نەچووەتە بواری جێبەجێکردنەوە.

بەڵێنی ژمارە 3 تایبەتە بە گەڕاندنەوەی کەرکوک، خانەقین، زەمار، شەنگال، مەخمور و هەموو شارو شارۆچکە تەعریبکراوەکان بۆ سەر هەرێمی کوردستان.

هەرچەندە پەرلەمان لیژنەیەکی بەدواداچوونی بۆ ئەم مەبەستە دروستکردووە، بەڵام وەک خۆی ماوەتەوە و دواخستنی ماددەی 140یش نیگەرانییەکی زۆری لەلای خەڵکی کوردستان دروستکرد، چونکە بۆ بڕیاری دواخستنی ماددەکە سەرکردایەتی کوردستان پرسی بەخەڵکی کوردستان نەکردووە، هەروەها بەشێک لەئەندامانی پەرلەمانیش ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە سەرکردایەتی کورد بڕیاری دابوو دوابخرێت، ئینجا دواتر لەپەرلەمان دانیشتنی بۆ کرا، هەر بۆیە پەرلەمانیش ڕەزامەندی نیشاندا سەبارەت بەو بڕیارە.

بەڵێنی ژمارە 13 تایبەت بە یەکخستن و ڕێکخستنەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستان وەکو هێزێکی نیزامی هاوچەرخ و دابینکردنی پێویستییەکانی، سەبارەت بەم بەڵێنەش هەوڵی زۆر دراوە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان، بەڵام تا ئێستا هەوڵەکان جێی خۆی نەگرتووەو ئەنجامی نەبووە.

بەڵێنی ژمارە 16 تایبەت بە زیادکردنی مووچەی فەرمانبەران، کارمەندان و خانەنشینان، بەتایبەتی ئەوانەی کەداهاتیان سنووردارە، هەوڵێکی لەوجۆرە دراوە، بەڵام بەپێی بڕیاری ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراقی بووە نەوەکو پەرلەمانی کوردستان کاری بۆ کردبێت، لەبەر ئەوە پێویست بوو پەرلەمانی کوردستان هەوڵی ڕاگرتنی جۆرێک لەهاوسەنگی بدات لەنێوان مووچەو داهاتی هاووڵاتی لەگەڵ نرخی بازاڕدا، ئەوەش تائێستا کاری بۆ نەکراوەو هەوڵەکانی پەرلەمانیش ئەنجامی دڵخۆشکەری لێنەکەوتووەتەوە.

بەڵێنی ژمارە 19 تایبەت بەدانانی بەرنامەیەکی خێراوبنچینەیی بۆبنبڕکردنی کێشەکانی ئاو، کارەباو سووتەمەنی و تەرخانکردنی بوودجەی پێویست بۆیان، هەرچەندە لەکاتی هەڵبژاردنەکاندا بۆ زیاتر هاندانی هاووڵاتیانی کوردستان، بەڵێنی چارەسەرکردنی هەموو ئەو کێشانە درابوون، بەڵام کەمترین چارەسەر بۆ ئەم کێشەیە نەدۆزراوەتەوە تا ئێستاش کە ئێمە لە کۆتایی مانگی ئاداری ساڵی 2008ین هێشتا کێشەکان هەروەکو خۆیان چەقیان بەستووە.

بەڵێنی ژمارە 20 تایبەتە بەدانانی بەرنامەیەکی هەمە لایەنە بۆ چارەسەرکردنی قەیرانی نیشتەجێبوون و ئاسانکاری لەپرۆسەی هاوسەرگیریدا .

تاکو ئێستا هیچ هەوڵێکی جدی بۆ چارەسەرکردنی ئەو کێشەیە لەلایەن پەرلەمانی کوردستانەوە نەخراوەتە گەڕ، تەنانەت ئەو پرۆژانەی کە پێشووتریش کاریان بۆکراوە لەلایەن حکومەتەوە وەکو (شوققەکانی سەر ڕێگای کەسنەزان) تاکو ئێستا کاری تەواویان تێدا نەکراوە و دەنگۆی ئەوەش هەیە کە گوایە کۆمپانیا تورکییەکە پرۆژەکەی بەنیوەچڵی جێهێشتووە .

### پەرلەمانتاران چ دەڵێن؟

بەشێکی ئەندامانی پەرلەمان پێیانوایە ئەو بەڵێنانەی کە لەکاتی هەڵبژاردن بەهاووڵاتیانی کوردستان دراون، ئەرکی پەرلەمان نییە جێبەجێیان بکات، بەڵکو ئەرکی حکومەتە کار بۆ جێبەجێکردنیان بکات .

ژمارەیەکی زۆر لەئەندامانی پەرلەمانیش پێیانوایە ئەو بەڵێنانە بەردی گەورەن و بۆ ڕاکێشان و هاندانی خەڵک لەهەڵبژاردندا دراون لە توانای پەرلەماندا نییە بەشێکیان جێبەجێ بکات دەبوایە پێشتر پەرلەمان ئەو بەڵێنانەی بە هاووڵاتیان نەدابا.

هەروەها بەشێکی دیکەی ئەندامانی پەرلەمان هۆکاری جێبەجێنەکردنی ئەو بەڵێنانە دەگەڕێننەوە بۆ واقیعی سیاسی کوردستان و هەیمەنەی دەسەڵاتی حیزب بەسەر داو ودەزگا حکومیەکاندا، کە ڕێگرە لەپێش کارەکانی پەرلەمان بتوانێت وەکو هێزی فشار بێت لەسەر حکومەت و ڕۆڵی ڕاستەقینەی خۆی بگێڕێت.

ئەگەرچی بەشێکی ئەندامانی پەرلەمان کۆکن لەسەر ئەوەی کە پەرلەمان نەیتوانیوە بەڵینەکانی جێبەجێ بکات، لەهەمانکاتدا ژمارەیەک پەرلەمانتار پێیانوایە پەرلەمان تا ڕادەیەکی باش توانیویەتی ئەرکەکانی جێبەجێبکات، بەتایبەت لەڕووی دەرکردنی یاساکانەوە، بەڵام هۆکاری کارا نەبوونی یاساکان، حکومەتی هەرێمی کوردستان لێیان بەرپرسیارە، چونکە ئەرکی پەرلەمان دەرکردنی یاسایە نەک جێبەجێکردنی.

ئەندامانی پەرلەمان بەشێکی زۆری بەڵێنەکان بۆ ئەرکی وەزارەتە تایبەتمەندەکان بەو بەڵێنانە دەگەڕێننەوە و پێیانوایە ئەرکی پەرلەمان بەرامبەر بەشێکی ئەو بەڵێنانە دەرکردنی یاسای تایبەت بە وەزارەتەکان بووە و ئینجا ئەرکی حکومەت و وەزارەتە تایبەتمەندەکانە بەبەڵێنەکاندا بچنەوە و هەوڵی جێبەجێکردنیان بدەن.

لەئەنجامی چاودێریکردنی دانیشنەکانی پەرلەماندا تێبینی کرا کە مەسەلەی نەبوونی شەفافیەت لەبوودجەو نەناردنی بۆ پەرلەمان، نیگەرانی لەلای ئەندامانی پەرلەمان دروستکردووە.



**هوشیار زێباری:**
**پشتگیری لەناسنامەی عەرەبیی عێراق دەکەین**

ڕووداو- الشرق الاوسگ

◆ لەدیمانەیەکدا لەگەڵ ڕۆژنامەی (الشرق الاوسط)دا، ڕۆژی 2008/2/24 هوشیار زێباری وەزیری دەرەوەی عێراق لە وەڵامی پرسیاری ئەوەی کە مەبەست چییە لەوەی ئەمریکا داوای لەوڵاتە عەرەبییەکان کردووە پشتگیری ناسنامەی عەرەبیی عێراق بکەن، زێباری گوتی " ئەم بابەتە دەمێکە هەیە، بەڵام پێدەچێ تازە بەئاگابێن، لە دەستووری عێراقیشدا هاتووە کە زۆرینەی گەلی عێراق عەرەبن و عێراقیش بەشێکە لە ئوممەی عەرەبی و ئەندامێکی دامەزرێنەری کۆمکاری عەرەبیشە، بۆیە ئێمە پشتگیری لەو داوایەی ئەمەریکییەکان دەکەین".

## بەرەی تورکمانی خەریکی چەک کۆکردنەوەیە

# کەرکووک لەبەردەم ئەگەری شەڕێکی دژواردا

**نێچیرڤان بارزانی:**
**ئەگەر ئێمە هێز بەکاربێنین دەتوانین زۆر بەئاسانی دەست بەسەرکەرکووکدا بگرین**

**محەممەد ئیحسان:**
**میتی تورکی لەناو بارەگاکانی بەرەی تورکمانین لە کەرکووک و هەر هەتا کۆتایی 2008 دەتوانین چاوەڕێ بکەین**

**عەلی هاشم:**
**ئێمە ناچارین بۆ بەرگری لەخۆکردن چەک هەڵبگرین**

**ژاڵە نەفتچی:**
**تورکیا ئێمەی دڵنیاکردەوە کە لێناگەڕێن کەرکووک بەهێز بکەوێتە دەست کورد.**

بەدیوارێکی کەرکووکەوە دیارە کە ناکۆکی وکێشەی نێوان هەرسێ لایەنی کوردو عەرەب وتورکمان زۆر قووڵەو بەرەو خراپی دەچێت، لەسەر دیوارەکە وشەی "عەرەبییە" لەسەر دروشمێک سڕاوەتەوە،کە بریتییە لە "کەرکووک شارێکی عەرەبییە" و لەبری نووسراوە "کوردییە"، لەتەنیشتیەوە دروشمێکی دیکە دەخوێنرێتەوە کە نووسراوە "کەرکووک شارێکی تورکمانییە".

بەدرێژایی پێنج ساڵی ڕابردوو، کەرکووک بابەتی ناکۆکی وململانێیەکی تاڵی نێوان کوردوعەرەب وتوکمانەکان بووە وئێستا لەگەڵ نزیکبوونەوەی وادەی ریفراندۆم هەرسێ لا هەستدەکەن کەکێرڤی گرژی لەوشارە نەوتییەدا لەهەڵکشاندایە. کورد پێیانوایە ریفراندۆم بکرێت یان نا،کورد زۆرینەی دانیشتوانی پاریزگای کەرکووک پێکدەهێنن، بەڵام عەرەب وتورکمانەکان دژی ریفراندۆمن.

بەگشتی تورکمانەکان پشتیوانی لە هەرێمی نیمچە سەربەخۆی کورد دەکەن، لەکاتێکدا عەرەبەکان لایەنگری بوونی حکومەتێکی ناوەندین لەبەغدا. ئەمریکا بەهێمنی یان بەهەڕەشە هەوڵدەدات هیچ کام لەو سێ گرووپەی کەرکووک رەوشی شارەکە بەرەو شەڕ نەبەن، بەڵام بەرپرسانی هێزی ئاسایشی نێوخۆی شارەکە دەڵێن شەڕێکی دژوار بەڕێوەیەو هیچ رۆژێکیش نییە ئەندامێکی یەکێک لەوسێ گرووپە نەفرێندرێن یا تیرۆر نەکرێن، سەرکردەکانی عەرەب وتورکمانەکان دەڵێن بەسەدان کەسییان دەستگیرکراون ولە کوردستان زیندانین.

محەممەد ئیحسان وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان دەڵێ " ئێمە تەنها تیرۆریستەکان دەفرێنین، ئەمەش تاکە رێگەیە بۆ پاراستنی کوردستان لەشاڵاوی تیرۆریستی". ئیحسان هەروەها گوتی حکومەتی کوردستان بەڵگەی بەدەستەوەیە کە میت وموخابەراتی سەربازی تورکی لەنێو ئۆفیس و بارەگاکانی بەرەی تورکمانیدا هەن ودژی گەڕانەوەی کەرکووک بۆ سەر هەرێمی کوردستان کاردەکەن، ئەم کارەی تورکیا دوژمنایەتییە ودەستێوەردانە لەکاروباری نێوخۆی ئێمە.

عەلی هاشم ئەندامێکی بەهێزی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردنی بەرەی تورکمانییە لەگەڵ چەند هاوڕێیەکی لەیەکێک لەرێستورانتەکانی ناوشاری کەرکووک خەریکی خواردنی چێشتی بەیانی بوو، گوتی ئێمە لەلایەن هەردوو پارتی کوردی، پارتی دیموکراتی کوردستان، ویەکیتی نیشتمانیی کوردستان وەک دوژمن تەماشا دەکرێین" رەنگە بۆ بەرگری لەخۆمان رۆژێک ناچاربین چەک هەڵبگرین،کوردەکان زۆر لەسنووری خۆیان چوونەتە دەرەوە، لەکاتێکدا تەواوی مافەکانی خۆیان دەستەبەرکردووە، کەچی مافی خەڵکی دیکەش پێشێل دەکەن".

لە کەرکووک دەنگۆی ئەوە هەیە کە عەلی هاشم خەریکی کۆکردنەوەی چەکە بۆ خۆ ئامادەکردن بۆ هەر ڕووبەڕووبوونەوەیەکی چەکداری لەگەڵ کورد، هاشم ئەو ئەگەرەی خۆ چەکدارکردنی بەدوور نەزانی، بەڵام گوتی ئێمە هەوڵدەدەین زۆرترین تورکمان بچنە ریزی پۆلیس وسوپای عێراقییەوە چونکە وەک خۆی دەڵێ هەردووکیان لەلایەن کوردەوە بەشێوەیەکی نەگونجاو کۆنترۆڵکراون.

بەرەی تورکمانی کە لە شەش لایەن پێکهاتووە، لەلایەن تورکیاوە پشتیوانییەکی باشی لێدەکرێت و لەلایەن زۆر کەسیشەوە وەک مەقاشی دەستی تورکیا تەماشایان دەکرێت. ژمارەی تورکمانەکان لەنێوان 250 هەزار تا 2ملیۆن مەزەندە دەکرێن. تورکمان وعەرەب کورد بەوە تاوانبار دەکەن کە خەریکی بەکوردیکردنی کەرکووکن ونزیکەی نیو ملیۆن کوردیشیان بۆ ئەو مەبەستە هێناوەتە ئەوێ، بەڵام رزگار عەلی سەرۆکی ئەنجوومەنی کەرکووک دەڵێ " لەدوای 2003 ەوە تەنها 240 هەزارکەس بەکورد و ناکوردەوە گەڕاونەتەوە کەرکووک، سەدان گوندی کوردان لەپاریزگاری کەرکووک هەروا بەوێرانکراوی و چۆڵکراوی ماونەتەوە".



چەکدارێکی بەرەی تورکمانی لە کەرکووک

لەکەرکووک زۆر بەئاشکرایی دیارە کە شارەکە لەلایەن کوردەوە کۆنترۆڵکراوە، ناوی تەواوی کۆڵان وجادەکان کوردییە،چەندین تابلۆ دەبینرێن کە بەشان وباڵی هێزی پێشمەرگەدا هەڵدەڵێن.

لە چاوپێکەوتنێکی ئەمدواییانەدا نێچیرڤان بارزانی سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەهەولێر بە ئاماژەی دەستەکانی باسی لەوەکرد کەچەند ئاسانە کەرکووک بگەڕێننەوە، بارزانی گوتی" ئەگەر ئێمە هێز بەکاربێنین دەتوانین زۆر بەئاسانی دەست بەسەرکەرکووکدا بگرین، بەڵام ئێمە نامانەوێ لەرێگەی هێزەوە هیچ چارەسەرێک بسەپێنین، بەڵکو دەمانەوێ بە چارەسەرێکی ئاشتییانە کە هەموو لایەک لەسەری کۆک بن کێشەکە چارەسەر ببێت".

بەڵام د.ئیحسان کە نوێنەری باڵای کوردستانە لەو لیژنە باڵا نیشتمانییەی کە بڕیارە کێشەی کەرکووک چارەسەر بکات دەڵێ دان بەخۆداگرتن وپشوو درێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان سنوورێکی هەیەو، پەنابردنە بەر هێز بۆ گەڕاندنەوەی کەرکووک یەکێک لەئەگەرەکان دەبێت" ئایا ئێمە هەر چاوەڕێ بین هەتا عێراق بەهێزتر بێت و ئینجا روو لەئێمە بکەن، تەنانەت ئەوان ئەوەی لەناو دەستووریشدا هاتووە جێبەجێی ناکەن، ئێمە هەر هەتا کۆتایی ساڵی 2008 چاوەڕێ دەبین و چانسێکیان دەدەینێ ولەوە زیاتر نا".

ژاڵە نەفتچی کەئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووکەو سەربە بەرەی تورکمانییەوساڵی رابردوو لەگەڵ شاندێکی تورکمانی چاوی بە گەورە بەرپرسانی تورک کەوتووە، دڵنیاکراوەتەوە کە تورکیا رێگەنادات کەرکووک بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان، ژاڵە دەڵێ " ئێمە دەتوانین هەتا ماوەیەک بەرهەڵستی بکەین، هەتا هێزێکی دەرەکی دێتە ناو مەسەلەکەوە، حکومەتی تورکیا ئێمەی دڵنیاکردەوە کەئەوان بێدەنگ نابن و هەر تەنها تەماشاکەر نابن بەڵکو بەهێز دەستێوەردان دەکەن".

**لە ڕۆژنامەی Christian Since Monitor ەوە**
**2008/4/25**

# عیزەت دووری لەلایەن سەرۆک عەشیرەتێکی کوردەوە داڵدەدرا

## عیزەت دووری نەگیراوە و لەنامەیەکدا باس لە کوژرانی 120 هەزار کادری بەعسی لەو چوار ساڵەدا دەکات

**بەدواداچوونی ڕووداو**

سەرچاوەیەک بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە عیزەت دووری لە دوای ڕووخانی ڕژێم لەلایەن سەرۆک عەشیرەتێکی کورد لە دەوروبەری موسڵ و دهۆک داڵدە درا.

تەنیا یەک رۆژ پاش بڵاوبوونەوەی دەنگۆی دەستگیرکردنی، عیزەت ئیبراهیم دووری جێگری پێشووی سەددام حوسێن و سەرۆکی ئێستای حیزبی بەعس،لە نامەیەکی کراوەدا دان بەوەدا دەنێت کە حیزبی ناوبراو هەڵەی کردووەو هەندێک لەو هەڵانە گەیشتنە ئاستی ئەوەی حیزب لە بنەماو ئامانجەکانی بەعس لابدات و باس لەوەش دەکات کە سەرکردایەتی حیزبی ناوبراو خەریکی ئامادەکارییە بۆ لێکۆڵینەوەوهەڵسەنگاندنێکی سەرتاپاگیر ورەخنەکردن وراستکردنەوەی ئاراستەکەی و چارەسەرکردنی هەڵەکانی و لێپرسینەوە لەوانەی کەمتەرخەمییان نواندووەو دەڵێت" هەرکاتێک بارودۆخ بواری دا هەموو ئەمانە دەخرێنە بەردەم یەکەمین کۆنگرەی حیزب".

بەگوێرەی زانیارییەکانی ئەو سەرچاوەیە، عیزەت دووری لەدوای ڕووخاندنی ڕژێمی بەعس لە2003/4/9 لەلایەن سەرۆک عەشیرەتێکی کورد لە دەوروبەری دهۆک و موسڵ پەنادراوە. ئەو سەرچاوەیە کە نەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە، باسی لەوەکرد کە عیزەت پەیوەندی لەگەڵ چەند بنەماڵەیەکی سۆفیگەری کوردستان هەبوو، ئێستاش هەندێ سەرۆک عەشیرەت و تەکیەی کورد لەوانەیە ئامادەیی داڵدەدانی ئەو جێگرەی سەدامیان تێدابێ.

هەر بەپێی ئەو سەرچاوەیە، زانیاری واهەن کە عیزەت دووری لەماوەی 15 رۆژی رابردوودا لەناو شاری موسڵ و دەوروبەری بووە .هەروەها گوتیشی"عیزەت دووری جگە لەو ماوانەی بەئاگاداری حکومەتی سوریا دەگەڕێتەوە سوریا، لەنێو شاری موسڵ یاخود لەنێوان کەرکووک و موسڵدایە".

ئەوسەرچاوەیە زانیاری ئەوەش دەدات کە هەرچەندە محەممەد یونس ئەلئەحمەد یەکێکە لەوانەی رۆڵێکی دیاری لەنێو حیزبی بەعسی پاش 2003دا هەبووەو هەوڵیدەدا وەک تاکە سەرکردەی حیزبی بەعسی عێراق خۆی پێشانبدات، بەڵام عیزەت دووری چ لەنێو حیزب و چ لەرووی نفوزی عەشایرییەوە بەهێزترە. دوای ئەوەی هەردوو باڵەکە یەکیگرتەوە، ئێستا محەممەد یونس سەرکردەی باڵی سەربازیی حیزبی بەعسە و عیزەت دوریش سەرۆکی حیزبی بەعسە.

### دووری: حیزبی بەعس لە 35 ساڵدا زۆر هەڵەی کرد

عیزەت دووری لەنامەیەکی درێژدا کە وەک وەڵامی نامەیەکی پێشتر دەردەکەوێت و ئاراستەی کەسێکی کردووە بەناوی (رضا الرضا)ی ئەمینداری گشتیی هەیئەی عێراقیی شیعەی جەعفەری کە دەستەیەکەو واخۆی دەناسێنێ گوایە دژی بەفارسیکردنی عێراق و دژی لایەنە سیاسییەکانی نزیکی ئێرانە، دوری نامەکەی بەناوی (المعتز بالله خادم الجهاد والمجاهدين) ئەمینداری گشتیی حیزبی بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی و سەرکردەی باڵای جیهادو رزگاری) ئیمزا کردووەو هەندێ جار لەگەڵ خاوەنی نامەکەی پێشوو هاوڕایەو لەهەندێ شوێنی دیکەشدا دژی دەوەستێتەوە.

لەبەشێکی ئەو نامەیەدا هاتووە "چاکسازی و بەخۆداچوونەوە لای بەعس لە حیزب و بزووتنەوەکانی دیکە ئاسانترەو، ئەم چاکسازییە بەوە دەکرێت کە سەرکردایەتی بۆ سەرچاوەکانی فکری رەسەنی بەعس وفەلسەفە رێکخراوەییەکەی و ئەو بەهاو نەریتە بەعسییانە بگەڕێتەوە کە حیزبی لەسەر بنیاتنراوە". ئەو نامەیە کە لە ماڵپەڕی (بەسرە) بڵاوکراوەتەوە کە زمانحاڵی حیزبی بەعسی عێراقە، لەبەشێکی دیکەیدا ئاماژە بەوە دەکات کە ئامانجی یەکەم لە داگیرکردنی عێراق لەناوبردنی حیزبی بەعس بووەو دەڵێت "یەکەمین بڕیار کە داگیرکەر دەریکرد هەڵوەشاندنەوەی حیزب بوو، یاسایەکی بۆ ریشەکێشکردنی داناو حیزبمان 120 هەزار شەهیدی لەو داستانە جیهادییەدا کردووەتە قوربانی، لە کادری پێشکەوتوو و ئەندامی سیڤیل و خەڵکی عەسکەری".

دووری کەئێستا سەرکردایەتی حیزبی بەعس دەکات، لەوەڵامی نامەی ئەمینداری گشتیی ئەودەستەیەدا دەڵێت"نوسیوتە کە ئەزموونی بەعس لەماوەی ئەو 35 ساڵەدا سەرەڕای هەموو دەستکەوتە گەورەکانی هەڵەشی کردووە، بەڵێ وایەو لەوە زیاتریش، هەندێک لەو هەڵانە گەیشتوونەتە ئاستێک کە حیزبیان لە پرەنسیپەکانی بەعس و بەهاو میتۆدە مێژووییەکەی و ئامانجە گەورەکانی لاداوە، بۆیە ئێستا سەرکردایەتی خەریکی ئامادەکارییە بۆ لێکۆڵینەوەیەکی سەرتاپاگیرو قووڵی ئەو کاروانەو هەڵسەنگاندنی و رەخنەکردنی و راستکردنەوەی ئاراستەکەی و هەموو ئەوانەش لەیەکەمین کۆنگرەدا کە هەروەختێک بوار هەبوو دەبەسترێ، دەخرێنەڕوو".دوری لە نامەکەدا هێرشێکی توند دەکاتە سەر ئێران و بە "هاوپەیمانی ئەمریکا"و "دوژمنی مێژوویی عەرەب" ناوی دەبات. هەروەها دان بەوەشدا دەنێت کە حیزبی بەعس و سوپاکەی گەورەترین باجی ئەو داگیرکارییەیان داوەو دەڵێت "ئەمە نە شانازییەو نە منەتە لەسەر کەس، بەڵکو ئەرکی پیرۆزی سەرشانی حیزبی بەعس خۆی بووە". بەڵام لەبەشێکی دیکەیدا بەتووندی وەڵامی رستەیەکی نێو نامەکەی رزا دەداتەوە کە گوتوویەتی "ئەو ڕژێمەی بەناوی بەعسەوە حوکمی عێراقی دەکرد تاکڕەو بووەو لە پرەنسیپەکانی دیموکراسی دوورکەوتەوە". لەوەڵامدا دەڵێت "ئەم قسەیە تا راددەیەک راستە، بەڵام ئەوەی کە حیزب لەدادپەروەری کۆمەڵایەتی دوورکەوتبێتەوە بەهیچ جۆرێک راست نییەو پێچەوانەی راستییە، چونکە عێراق پێش هاتنی بەعس زۆر دواکەوتووبوو، 90%ی خەڵکەکەی نەخوێندەواربوون، برسی بوون، بەشێکی زۆر لەوانە لەنێو شارو گوندەکان لەسەرانسەری عێراق پێپەتی بوون، بڕوانن عێراق لەدوای سەرکەوتنی شۆڕشەوە چ گۆڕانێکی گەورەی بەخۆوە بینی، عێراق یەکەم وڵاتی جیهانی سێیەمە کە نەخوێندەواریی لەناوبرد، تەنیا ئەم نموونەیەش بەسە".

لەکاتێکدا هەندێ لە سەرچاوەکانی هەواڵ باسیان لەوە کردبوو کە رەنگە عیزەت دووری دەستگیرکرابێت، سوپای ئەمریکا ئەو زانیارییەی رەتکردەوەو رایگەیاند "ئاگاداری ئەو دەنگۆیەین، بەڵام دەتوانین بڵێین کە ئێمە دووریمان دەستگیر نەکردووەو هیچ زانیارییەکیشمان لا نییە کە لەلایەن هێزەکانی عێراقەوە دەستگیرکرابێت".

بەگوێرەی ئەو هەواڵانە ژمارەیەک چەکدار لەناوچەیەکی نزیک چیای حەمرین دەستگیرکراون و لەنێو ئەوانەدا کەسێک هەیە کە گومانی ئەوەی لێدەکرێت عیززەت دووری بێت و لەتەمەنی ئەویشدایە، بەڵام دواتر حکومەتی عێراق ئەو هەواڵەی رەتکردەوەو ماڵپەڕی (بەسرە)ش لەرۆژی 24ی نیسانی 2008 بە بەیاننامەیەکی کورت هەواڵەکەی بەدرۆخستەوە.

عیزەت ئیبراهیم دووری لەنێو سەرکردەو بەرپرسە باڵاکانی بەعسدا کە تا ئێستا دەستگیرنەکراون یاخود نەکوژراون هەرە دیارترینیانە .ئەگەرچی لەماوەی چەند ساڵی پاش ئازادکردنی عێراقدا گەلێک دەنگۆ دەربارەی درزتێبوونی ریزەکانی ئەو حیزبە قەدەخەو هەڵوەشاوە لەئارادابوو، بەڵام عیزەت دووری وەک سەرکردەی ئەو حیزبەو جێگرەوەی سەددام حوسێن دەناسرێ و تەنانەت ئێستا لەلایەن هێزەکانی ئەمریکاو حکومەتی عێراقیشەوە وەک داواکراوی ژمارە یەک راوەدوو دەنرێ.



عیزەت ئیبراهیم ساڵی 1942 لەناحیەی دوور کە دەکەوێتە باکووری شاری بەغدا لەدایکبووە، سەر بە خێزانێکی هەژاربووەو خوێندنی ناوەندی هەر لەوێ دوور تەواو کردووە، پاشان بۆ خوێندنی دواناوەندی چووەتە بەغدا، بەڵام خوێندنی تەواو نەکردووەو بەهۆی بەشداریی لە چالاکییەکانی قوتابیانی سەر بە حیزبی بەعس لە خوێندن دابڕاوە.

باوکی عیزەت دووری سەهۆڵفرۆش بووەو هیچ پەیوەندییەکی بەکاری سیاسییەوە نەبووە، بەڵام عیزەت دووری هەر لەساڵی 1959وە لەریزی قوتابیانی سەر بەو حیزبەدا چالاکیی نواندووەو یەکێک بووە لەوانەی لە کودەتای 17ی تەممووزی 1968دا رۆڵێکی دیاری هەبووە.

دووری لە ساڵانی حەفتاکاندا وەک کەسێکی دیاری نێو ئەو حیزبە ناسراو چەندین پلەو پۆستی حیزبی و حکومیی وەرگرتووە، سەرەتا بە وەزیری کشتوکاڵ دەستی پێکردووەو تا دواجار بووەتە جێگری سەددام حوسێن و کەسی دووەمی نێو ئەو حیزبە. ناوبراو لەلایەن سەددام حوسێنەوە بەراددەیەک جێگەی متمانە بووە کە کەم سەرکردەی بەعسی هەیە خاوەنی ئەو متمانەیەی ئەو بووبێت. ساڵی 1998 جارێک لەنێو عێراق بەرەوڕووی هەوڵێکی کوشتن بووەوەو لە ڤییەنای پایتەختی نەمساش کە بۆ چارەسەری چووبوو تۆمەتی تاوانی جەنگ و تاوانی دژی مرۆڤایەتی بەرەوڕوو کرایەوەو هێندەی نەمابوو دەستگیر بکرێت. هەرچەندە قسەوباسێکی زۆر دەربارەی باری تەندروستی دەکرێ و بەگوێرەی زانیارییەکان تووشی نەخۆشیی لۆکیمیا یان شێرپەنجەی خوێن بووە، بەڵام هێشتا هێزەکانی ئەمریکا وا لێی دەڕوانن کە بەرپرسی یەکەمە لەو هێرشانەی بەتایبەتی کە لەناوچەکانی سامەڕاو تکریت دەکرێتە سەر هێزەکانیان، هەربۆیە بڕی 10 ملیۆن دۆلاریان بۆ ئەو کەسە دیاری کردووە کە زانیارییەکی دروست لەبارەی حەشارگەکەی بەدەستەوە دەدات.

# 70 فڕۆکەی تورکی هێرشدەکەنە سەر باشووری کوردستان

## PKK: ئێمە خاکی باشووری کوردستان لەدژی سوپای تورکیا بەکارناهێنین



عەبدولڕەحمان عەلی
ebdulrahman@rudaw.net

**ڕووداو – هەولێر**

هێرش و بۆردومانی هێزی ئاسمانی سوپای تورکیا بۆسەر خاکی باشووری کوردستان سەرلەنوێ دەستی پێکردەوە. لە ماوەی هەفتەی ڕابردوودا 5 گوند بۆردومان کران. لەلایەکی دیکەوە سوپای تورکیا بەردەوامە لەسەر کۆکردنەوەی هێز لەسەر سنووری باکوور و باشووری کوردستان، بەڵام وتەبێژی هێزی پاراستنی هەرێمی کوردستان دەڵێ" هەلومەرجی ناوخۆ و دەرەوەی تورکیا بۆ دووبارەکردنەوەی ئۆپەراسیۆنێکی زەمینی لەبار نییە".

بەرپرسێکی PKK لەبارەی ئەو هێرشەوە بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە چیاکانی خواکورک، حەفتانین، زاپ و زاگرۆسیش لەو هێرشە ئاسمانیانەدا لەلایەن 70 فڕۆکەوە بۆردومان کران. کە 20 فڕۆکە خواکورکیان بۆردوومان کردو ژمارەی ئەو فڕۆکانەش کە زاپیان بۆردوومان کرد60 فڕۆکەبوون، "بەڵام هیچ زیانێکی گیانی بەگەریلا نەگەیشتووە".

بەپێی زانیارییەکان فڕۆکە تورکییەکان لەکاتژمێر 4:30 دوانیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممەی ڕابردوو گوندەکانی ئەلموشی سەروو، ئەلموشی خواروو، کەوەرت، دێروەو سپیارانی سەر بەناوچەی سیدەکانیان بۆردوومان کردووەو هێرشەکەش45 خولەکی خایاندووە. هەروەها ڕۆژی شەممەی ڕابردوو جارێکی دی چەند ناوچەیەکی دەڤەری بادینانیان تۆپباران و بۆمبارانکردووە، لەوانەش زنجیرە چیای مەتین کە تەنیا کیلۆمەترێک لەناوەندی ناحیەی دێرەلوک دوورە.

لەکاتێکدا هەندێ دەنگ لە نێو ئیدارەی ئەمریکاش بۆ گفتوگۆکردن لەگەڵ PKK و دوورکەوتنەوە لە ڕێگەی سەربازی دەبیسترێن،دەیڤید میلیباند، وەزیری دەرەوەی بەریتانیا سەبارەت بەبۆردومانی گوندەکانی هەرێمی کوردستان لەلایەن فڕۆکە شەڕکەرەکانی تورکیاوە، وەک ئاماژەدانێک بۆ پێویستی گفتوگۆی هەولێر و ئەنقەرە ڕایگەیاند هیچ کێشەیەک بەڕێگای بەکارهێنانی توندوتیژی چارەسەر ناکرێت و بەریتانیاش لەوبڕوایەدایە کە باشترە ئەو پرسە لەڕێگای سیاسییەوە چارەسەر بکرێت.

لەلایەکی دیکەوە دوو هەفتە لەمەوپێش سەرۆکی کۆمیسیۆنی یەکێتی ئەورووپا لە پەرلەمانی تورکیادا ڕایگەیاند کە پرسی کورد لەڕێگای سەربازییەوە چارەسەر نابێ و پێویستە بەشێوەیەکی سیاسی و کولتووری چارەسەر بکرێت.

ئەو هێرشە تازانەی تورکیا لەکاتێکدان، کە تورکیا ڕایدەگەیێنێ ئامادەیە لەگەڵ هەموو لایەنە عێراقییەکان دابنیشێ. جەبار یاوەر وتەبێژی هێزەکانی پاراستنی هەرێمی کوردستان، دەڵێ ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوەیی تورکیادا ناوی هەرێمی کوردستان نەهێناوە، چوونکە تا ئێستا دان بەهەرێمی کوردستان نانێت، "بۆیە دەڵێین تورکیا هەوڵدەدات پەیوەندی خۆی لەگەڵ سەرجەم لایەنە عێراقییەکان پتەوبکات و سروشتییە ئێمەش یەکێکین لەو لایەنە عێراقییانە".



سەرچاوەیەکی ئاگادارلەدەڤەری مێرگەسۆر بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە 8 فڕۆکەی تورکی دەڤەری مزووری باڵای سەر بەقەزای مێرگەسۆریان بۆردوومان کردووە.

هەروەها سەرچاوەیەکی دیکەش لە ناوچەی سیدەکان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە فڕۆکەکانی تورکیا دەڤەری سنین، لۆلان و خنێرەیان بۆردوومان کردووە.

فەرماندەیی گشتی سوپای تورکیاش لەبەیاننامەیەکدا بۆردوومانەکانی دەڤەری خواکورکی پشت ڕاستکردەوە .ئاماژەشی بەوەداوە کە لەو هێرشەدا گرووپێکی گەریلا بوونەتە ئامانج کە ویستوویانەوە لەوێوە دەربازی ناو خاکی باکووری کوردستان ببن. جەبار یاوەر ئەو بۆردومانەی تورکیا بەشتێکی ئاسایی لەقەڵەمدەدات و دەڵێ" گەریلاکانی PKK بەر لە لەدایکبوونی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و لە1984 بەملاوە لەو شوێنانە جێگیرن و تورکیاش ئەو چیا سەخت و چۆڵانە بۆردوومان دەکات". بەڵام ئەحمەد دەنیز گوتەبێژی پارتی کرێکارانی کوردستان لەلێدوانێکی تایبەتدا بۆ (ڕووداو)، ئەو ئیدیعایەی فەرماندەیی سوپای تورکیای بەدرۆ خستەوەو گوتی" گەریلا لەناوخۆی تورکیا و باکووری کوردستانن، لەچیای گابار و جودییەوە بگرە تا زەریای ڕەش و ئەسکەندەرون هەیەو ئەو قسانە هەمووی پروپاگەندەن و ئێمەش خاکی باشووری کوردستان بۆ چالاکی لەدژی سوپای تورکیا بەکارناهێنین". هەروەها ئاماژەی بەوەشدا کە ئەوە دوو مانگە لەناوچە جیاجیاکانی باکووری کوردستان بەهەزاران گەریلا لە ڕووبەڕووبوونەوەی هێرشەکانی تورکیادا وەستاون و سەر ئەرکانی سوپای تورک لەبەر دەستەوەستان ماوەتەوە، ئەوجۆرە پروپاگەندانە دەکات".

بەپێی بەیاننامەی ناوەندی چاپەمەنی و ڕاگەیاندنی هیزی پاراستنی گەلHPG، کە باڵی سەربازیی PKK یە، لە ئۆپەراسیۆنەکانی سوپای تورکیا لەناوچە جۆراوجۆرەکانی باکووری کوردستان لە هەفتەی ڕابردوودا 8 گەریلا و 15 سەربازی تورک کوژراون. هەروەها تەلەڤزیۆنی CNN-Turk بڵاویکردەوە کە لە شاخی جودی ناوچەی شێرنەخ لەئەنجامی شەڕوپێکدادانی نێوان گەریلاکانی PKK و سوپای تورکیادا ئەفسەرێکی سوپای تورکیا بەپلەی فەرماندەی لیواو سەربازێک کوژراون. ئاژانسی دەنگوباسی فورات وێڕای پشتڕاستکردنەوەی ئەو هەواڵەی گوتیشی کە لەو شەڕەی نێوان شەڕڤانانی PKK و سوپای تورکیادا بێجگە لەو فەرماندە سەربازییە 7 سەربازی دیکەش کوژراون.

# دوای 33 ڕۆژی دیکە چ ڕوودەدات؟

**تایبەت بەڕووداو**

سەرۆکی حکومەتی کوردستان کە سێشەممەی ڕابردوو ڕایگەیاند "هیچ ڕێگرییەکی سیاسی نییە بۆ جێبەجێنەکردنی مادەی 140، بەڵکو ئیرادەیەکی سیاسی بەهێز هەیە بۆ جێبەجێکردنی ماددەکە"، بەڵام بەرپرسانی ئیدارەی کەرکووک پێیانوایە هێشتا هەندێک لایەنی سیاسی هەن کۆسپ دەخەنە بەردەم جێبەجێکردنی مادەی 140ی دەستووری عێراق.

تەنیا 33 ڕۆژ ماوە بۆ تەواو بوونی ئەو 6 مانگەی بۆ جێبەجێکردنی ماددەی 140ی دەستووری عێراق درێژکرابووە، بەڵام بەرپرسانی ئیداری شارەکە هێشتا گەشبینن ماددەکە لەو 33 ڕۆژەدا جێبەجێ بکرێ، هەروەک عەبدولڕەحمان مستەفای پارێزگاری کەرکووک گوتی " ئەگەر وەزارەتی پلاندانانی عێراق و کۆمیسیۆنی باڵای هەڵبژاردنەکان، دەست بەئیشەکانی خۆیان بکەن، ئێستاش دەتوانرێت ماددەکە لەو ماوەیەی کە ماوە جێبەجێ بکرێ".

گەشبینی جێبەجێکردنی ئەو ماددە دەستوورییە بەلای بەرپرسانی ئیدارەی کەرکووک لەماوەی ئەو 33 ڕۆژە لەکاتێکدایە، کە سەرۆکی حکومەتی کوردستان لەوەڵامی پرسیاری هەفتەنامەی (ڕووداو) لەکۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی سێشەممەی ڕابردوو ڕایگەیاند "جێبەجێکردنی ئەو مادەیە لەو ماوە کەمەدا موعجیزەیە، زەحمەتە لەو ماوەیەدا ئەو شتانە جێبەجێ بکرێن، بەڵام گرنگ ئەوەیە ئیرادەی سیاسی نەبێ بۆ ڕاگرتنی ئەو مادە دەستوورییە، ئەوانی دیکە مەسەلەی تەکنیکە، ئێمە لەبەغدا هیچ خەلەلێکمان نەبینی لەجێبەجێ نەبوونی مادەکە".

دوای ئەوەی دەستووری هەمیشەیی لە 2005/10/15 خرایە دەنگدان، پرسی کەرکووک و ناوچەدابڕاوەکانی دیکە لەچوارچێوەی مادەی 140 ی دەستووردا جێگەی کرایەوە، بەپێی ئەو ماددەیەش دەبوایە لە تا 2007/12/31 قۆناخەکانی ئاساییکردنەوەی شاری کەرکووک و سەرژمێری و ڕاپرسی ئەنجامبدرێن، بەڵام نەتوانرا لەو ماوەیەدا کارەکان جێبەجێ بکرێن، بۆیە دوای کۆتایی هاتنی ئەو ماوەیە، لەسەر پێشنیازی نەتەوە یەکگرتووەکان ماوەی جێبەجێکردنی ماددەکە بۆ ماوەی 6 مانگی دیکە درێژکرایەوە، ئێستاش تەنیا 33 ڕۆژ ماوە بۆ تەواو بوونی ئەو 6 مانگە.

تا ئێستا چەند چارەسەرێک پێشنیاز کراون، ئەگەر ماددەکە لەو ماوەیەشدا جێبەجێ نەکرا، وەک درێژکردنەوەی ماددەکە بۆ ماوەی 6 مانگی دیکە یان کار کردن بەئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 2005، بەڵام کار کردن بەئەنجامی هەڵبژاردنەکان پێدەچێ بەلای کوردەوە هێڵی سوور بێ، چونکە بەو ئەنجامە کورد هەرچەندە شاری کەرکووک بەدەستدێنێتەوە، بەڵام پانتاییەکی زۆری خاکی کوردستانیش لەدەستدەدا.

مەسعود بارزانی، سەرۆکی هەرێمی کوردستان لەکۆنگرەیەکی ڕۆژنامەوانی هاوبەش لەگەڵ دەیڤید ملیباندی، وەزیری دەرەوەی تورکیا، لەوەڵامی پرسیارێکی ماڵپەڕی (ڕووداو نێت)دا سەبارەت بەو دوا خستنانەی ماددەکە گوتی "مومکین نییە پرسی کەرکووک بەتێپەڕبوونی زەمەن لەبیر بکرێت و لەگرنگی پرسەکە کەم بێتەوەو ئەوەش شتێکی ئەستەمە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە بیر لەباشترین ڕێگا بۆ چارەسەری ئەم پرسە بکەینەوە، ئەویش ئەو ڕێگایەیە کە لەدەستووردا بۆی دەستنیشان کراوە".

بەپێی برگەی دووەم لەبڕیاری 1770ی ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی کە لە 2007/8/10 دەرچووە نەتەوە یەکگرتووەکان دەتوانێت لەسەر داوای حکومەتی عێراق هاوکاری و پێشنیار و ڕاوێژ پێشکەشی حکومەتی عێراق بکات.

ستیڤان دیمستۆرای نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لەسەرەتای ئەو مانگەوە بەشێوەیەکی زارەکی پێشنیازی کرد کە ئەو ناوچانەی چارەسەرییان ئاسانە وەک خانەقین، مەخموور، شەنگال و شێخان بگەڕێندرێنەوە سەر هەرێمی کوردستان، ئەوانی چارەسەریان زەحمەتە بۆ کاتێکی دیکە دوا بخرێن. وەک سەرۆکی حکومەتی کوردستان لەکۆنگرە ڕۆژنامەوانییەکەی سێشەممەی ڕابردوو ڕایگەیاند "پێشبینی دەکەین ئەو پێشنیارە لەناوەڕاستی مانگی داهاتوو بخرێتە بەردەم سەرکردایەتی سیاسی عێراق و کوردستان، ئێمەش ئەو کات بڕیاری خۆمانی لەسەر دەدەین".

هەروەها سەرۆکی حکومەت ئەو پێشنیازەی بە"چارەسەرییەکی واقیعی" بینی و گوتی "دوور لەعاتیفە، تەسەرو دەکەم ئەوە پێشنیارەی دیمستۆرا بۆ هەنگاوی یەکەم چارەسەرییەکی واقیعی بێت".

ڕزگار عەلی، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک لەبارەی ئەو پێشنیازەی دیمستۆرا گوتی "دیمستۆرا وەکو پسپۆڕێکی نێو دەوڵەتی لەکێشەی سنوور هاتۆتە ناو کێشەکەوە،دەیەوێت ئاڵۆزییەکەی کەمبکاتەوە، ئێمە دەزانین مەخمورو خانەقین کێشەیەکی ئەوتۆیان لەسەر نییە، یەکسەر دەگەڕێنەوە سەر کوردستان، بەڵام ئەی ناوچەکانی دیکە، نابێت ئەو شوێنە بچووکانە ببنە مایەی ئەوەی کەرکووک لەبیر بکرێ".

بەپێی قسەی بەرپرسانی ئیدارەی کەرکووک هێشتا هەندێک لایەنی سیاسی ڕێگرن لەبەردەم جێبەجێکردنی ماددەکە، هەروەک ڕزگار عەلی گوتی "کات ڕێگر نییە، بیرکردنەوە سیاسیەکان ڕێگرن". هەروەها پارێزگاری کەرکووکیش گوتی " دەنگ هەیە دژایەتی جێبەجێکردنی ماددەکە دەکات، بەڵام دەنگەکان ناهەقن".

بەپێی قسەی ڕزگار عەلی تەنیا دوو قۆناخی ماددەکە جێبەجێکردنی ماددەکە ماون، کە قۆناخێکیان تەنیا لەسەر واژۆی تارق هاشمی جێگری سەرۆک کۆماری عێراق ماوە، ئەویش قۆناخی گەڕاندنەوەی یەکە ئیدارییەکانە بۆ سەر پارێزگای کەرکووک.

ڕزگار، گوتی "تەنیا دوو قۆناخ ماون ئەویش قۆناخی گەڕاندنەوەی یەکە ئیدارییەکان بۆ سەر پارێزگای کەرکووک و قۆناخی ریفراندۆمە، مەسەلەی یەکە ئیدارییەکان، لەدەسەڵاتی دەستەی سەرۆکایەتی دایە، دیارە تارق هاشمی تا ئێستا ڕازی نییە واژۆی لەسەر بکات، ئەمەش زیاتر پەیوەندی بەململانێی نێوان شیعە و سوننەوە هەیە".

سەبارەت بەئەنجامدانی ریفراندۆمیش، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک گوتی "ریفراندۆم زۆر زەحمەت نییە، چونکە عێراق بەنیازی هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکانە، هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاش زۆر قورسترە لەریفراندۆم".

ڕۆژی 8ی ئەم مانگە لەدانیشتنێکی 7 حیزبە کوردستانییەکە لەگەڵ ستیڤان دیمستۆرای نوێنەری نەتەوە یەکگرتووەکان لەعێراق، ناوبراو پێشنیازی کرد کە تورکیا بێتە ناو مەسەلەی کەرکووکەوە، بەپێی زانیاری (ڕووداو) ئەو پێشنیازە لەلایەن حیزبە کوردستانییەکانەوە ڕەتکراوەتەوە، هەروەها سەرۆکی حکومەتیش بێ ئاگایی خۆی لەو بابەتە نیشاندا و گوتی "شتی وام گوێ لێنەبوە، دیمستۆرا ئەو کێشانەی لەگەڵ هەموو وڵاتانی دەوروبەر باسکردووە، بەڵام کە ڕاستەوخۆ تورکیا بێتە ناو مەسەلەکەوە ڕاست نییە".

پارێزگاری کەرکووک ڕای وابوو ئەگەر تورکیا بێتە ناو کێشەکەوە، کێشەکە ئاڵۆز تر دەبێ و گوتی "هیچ لایەنێک بۆی نییە بێتە ناو کێشەی کەرکووک کێشەی کەرکووک کێشەیەکی کەرکووکییە، خەڵکی کەرکووک خۆی دەیەوێت چارەنووسی شارەکەی دیاریبکات".

هەروەها ڕزگار عەلیش گوتی "هاتنی تورکیا کێشەکە گەورتر و ئاڵۆز تری دەکات"، ڕەتیشکردەوە کە پێشنیازێکی لەو جۆرەیان بۆ کرابێت".

# منداڵانی دەستەسڕ

## ژیانی زارۆیانی ئامەد لە نیگای ڕۆژنامەڤانێکی هۆڵەندیدا



دوو منداڵانی ئامەدی لە ئاو دەپەڕنەوە (فۆتۆ:DIHA)

کە پەیدابوو، دایکی ناوی لێنا ( بیرتانە). ناوێکی دڵڕفێن بۆ کچێکی چاوڕەشی نیگا ژیرانەی هەڵسوکەوت جوان! بیر تانە بە تورکی دەبێتە تاقانە.

ئەو تەمەنی شەش ساڵانە. لە ژیانیدا قوتابخانەی پێش سەرەتایی نەدیوە. ئەوەش کە چۆن فێری خوێندنەوە و نووسین دەبێت؟ زۆر ڕوون نییە.

بیر تانە زۆرتر دەگەڵ هاوتەمەنەکانیدا، ئەو کوڕ و کچۆڵانەی لەسەر جادەدان دەستەسڕ دەفرۆشن، هاتووچۆ دەکات. ئەو لە کاتێکدا کە بە زۆری دەستەیەک دەستەسڕ دەخاتە دەستی گەشتیارێکەوە هاواردەکات" دە دانە دەستەسڕ بە بیست و پێنج قروش". ئەو خەندەیەکی شیرینی هەیە، بەڵام دەموچاوە نەشۆراوەکەی بە تەمەن نیشانیدەدا! قاچە پیسەکانی لە نەعلەیەکی لاستیکدا و قژە ئاڵۆزکاوەکەی دەریدەخەن کە ئەو وەک هەموو منداڵانی دیکەی سەرجادەی ئەو شارە، ژیانێکی قورسی هەیە.

منداڵانی دەستەسڕ لە دەوروبەری هۆتێلەکانی ناوبازاڕی دیاربەکردا (گەورەترین شاری کوردی لە باشووری ڕۆژهەڵاتی تورکیادا) دێن و دەچن. بیر تانە پێنج خوشک و برای دیکەشی هەن. باوکی داشقەچییە و سەوزە و میوە دەفرۆشێت. ئەو و خوشک و براکانی هاوکاریی باوکیان دەکەن بۆ پەیداکردنی دەرامەتی خێزانەکەیان. ئاخر باوکی ڕکابەری زۆرن و هەمووشیان ئەو بێکارانەن کە لەو شارەی سەر ڕووباری دیجلەدا کەوتوونەتەوە.

باوکی بیرتانە بە کوردی دەڵێت:" هەندێکجار دوو ملیۆن لیرە کە دەکاتە دوو یۆرۆ و نیو پەیدا دەکەم، هەندێکجاریش کەمتر".

هەموو سەرلەبەیانییەک بەر لە کاژێر هەشت بیرتانە دێتە دەوروبەری هوتێلەکانی ناوشار و ئەوکاتەش دەگەڕێتەوە ماڵ کە تاریک داهاتبێ و کاتی خەوتنی منداڵانی شار هاتبێ. زۆر جاریش دوکاندارەکانی ئەو دەوروبەرە ڕاوی دەنێن و چاویان پێی هەڵنایە. ئەو دەگێڕێتەوە کە جارێک پۆلیس گرتوویەتی و باوکی چووە هێناویەتەوە!

ئەو لە فاتیح پاشا دەژیت. گەڕەکێکی دواکەوتووی کەمێک دوور لە ناوەندی شار. لە ڕێگاماندا بەرەو ئەوێ، ئەو پیاوانە دەبینین کە لە چایخانە دووکەڵاوییەکاندا لەسەر سەکۆی نەوی دانیشتوون. ئەوان چای شیرین لە ئیستکاندا دەخۆنەوەو کاتیان بە دۆمینە و تاوڵە دەکوژن.

لەولاترەوە دەنگی کوتکی ئاسنگەرێک دێت کە بە داسێکی سوورکراوەیدا دەکێشێت. کەمێک لەولاتر پیاوان لە سەرتاشخانەدا دەبینرێن کە هاتوون ڕیشیان بتاشن. لە تەنیشت ئەوێش لاشەی سەربڕدراوی ئاژەڵان بە عارەبانە دەگوازرێنەوە و قەسابیش خەریکی شوشتنەوەی ورگی گیسکێکی کوژراوەیە.

لە نێوان وتەنیشت ئۆتۆمبێلە پارککراوەکانیش منداڵان بە خۆیان و داشقۆکەکانیانەوە چاوەڕێی هاتنی لۆرییەک دەکەن کە بێت هەڵیانگرێ و بیانبات بۆ کار. هەندێکجاریش دوکاندارەکان بانگیان دەکەن و بە پارەیەکی زۆر کەم کارێکیان پێدەکەن. منداڵە بە هێزەکان لە سەر داشقەکانیان پاڵکەوتوون و هەر کە لۆریەکیش لە دوورەوە دێت هەموو بە ڕاکردن بەرەو پیرییەو دەچن،بەڵام دوایێ بە نائومێدی دەگەڕێنەوە،چونکە وادیارە کە شۆفێر دەیەوێت خۆی بارە کەمەکەی دابەزێنێت!

کەمێک واوەتر کوڕۆکەیەک ڕاوەستاوە و داوات لێدەکا کە بچیت لەسەر قەپانە کۆنەکەیدا خۆت بکێشیت. لە تەنیشتیشی یەکێکی دیکە خەریکی بۆیاخکردنی پێڵاوانە.

لە کون و کەلەبەرەکانی فاتیح پاشادا تەنیا ئافرەت و منداڵ دەبینرێن. ئافرەتان لە بەر دەرگای ماڵە هەژارانەکانیان پێکەوە خەریکی قسەکردنن. دایکەکانیش یان فەرشەکانیان دەشۆن یانیش نایلۆنێکی پڕ لە هەویریان پێیە و دەڕۆنە لای نانەوا بۆ ئەوەی بۆیان بکات بە نان. لە یەکێک لە ماڵەکانی ئەو گەڕەکەدا مریشک و مراوی دەنگیان دێت. منداڵانیش لەسەر زبڵدان و کۆڵانان خەریکی یاریکردنن.

لەو گەڕەکەدا لە هەر پێنج منداڵ یەکێکیان ناچێت بۆ قوتابخانە، ئەوانەیشی کە دەچن بە هەر پەنجا و پێنج کەس پۆلێک پێکدێنن.

ئەمە جیهانی سێیەمە لە تورکیایەکدا کە زۆر خێرا خۆی مۆدێرنیزە کردووە و حەڤدەهەمین وڵاتی جیهانە لە ڕووی ئابورییەوە! ئەگەر بۆ یەکەمجار بێیتە ئێرە تووشی شۆک دەبیت.

دیاربەکر بە هۆی شەڕی دەوڵەتەوە لەگەڵ یاخیبووانی pkk دا،لە ماوەی بیست ساڵی ڕابردوودا یەکجار گەورە بووە. جاران 350هەزار کەس لێرە دەژیان، لێ ئێستا ئەو ژمارەیە بووەتە نزیکەی ملیۆنێک. بە سەدان کورد لە گوندەکانیان دەرکراون. ئاخر سوپا گوندەکانی خاپوور کردوون و لە گەڵ زەویدا یەکسانیکردوون، تا ڕێگا لەوە بگرێت ئەو خەڵکە هاوکاریی یاخیبووانی pkk بکەن.

فورات یەکێکە لەو دەرکراوانە و ئێستا لە گەڕەکی حەسیرلی دەژیت. ئەو لە گوندێکی نزیکی شارۆچکەی لیسێ لەدایکبووە. باوکی جوتیار بووە، توتنی چاندووە و چەند مانگایەکیشی هەبووە. لە ساڵی 1993 دا سوپا ماڵ و گوندەکەیانی سوتاندووە. ئێستا باوکیشی وەک خۆی بێکار و داهات و بێ هەموو شتێکە. فورات سێ منداڵیشی هەن و کرێکاری بیناسازییە،بەڵام وەک خۆی دەڵێت: تەنیا دوو سێ مانگ لە ساڵێکدا کاری دەستدەکەوێ! جگە لەوەش نەخۆشییەکی ترسناکی جەرگی هەیە و پارەی نییە چارەی بکات"من هێشتا پارەی کرێی خانووم پێنادرێت، هەموو جارێک لە دۆست و خزمان قەرزم کردووە،ئێستاش کرێی چوارمانگم نەداوە".

فورات لە خۆیەوە دەستدەکا بە قسەکردن لە بارەی سیاسەتەوە. ئەو باسی پارتی کۆمەڵگەی دیموکراتیک DTP دەکات. پارتێک کە لە تورکیا بەوە تۆمەتبارە کە هاوکاریی تێرۆریستان دەکا و بووەتە مینبەرێک بۆیان. فورات هاوسۆزیی لەگەڵ DTPو PKKدا هەیە و دەڵێت:" ئەگەر ئەوان نەبن، کەس لە دنیادا نازانێت لە تورکیادا کورد هەن".

لە کوچە و کۆڵانەکانی دیکەی دیاربەکریشدا گەنج و پیاو و ژن باسی مەسەلەی ناسنامەی کوردیی خۆیان دەکەن و هەردوو پەنجەیان وەک ئاماژەیەک بۆ سەرکەوتن بەرزدەکەنەوە و هاواردەکەن" ئاپۆ".

داشقەچییەک کە باوکی هەشت منداڵە دەڵێت"ئەز زۆر سەربەرز دەبم ئەگەر یەکێک لە زارۆکەکانم بچنە چیا بۆ هاوکاریی خەباتی چەکداری". فەرشفرۆشێکیش یەکەمجار سەیری دەوروبەری خۆی دەکات و دوایێ پێمدەڵێت:"دوو زارۆکی خوشکەکی من لە ڕێزی گەریلادانە" کە لێیشی دەپرسم بۆ چوونەتە وێ دەڵێت"چونکە نایانەوێت چیدی وەک هاوولاتیی پلە دوو سەیریان بکرێت!".

لە گەڕەکی فاتیح پاشادا دەرامەتی ڕۆژانەی کەسێک پەنجا سەنتە. هەروەک فازڵی 45 ساڵەش باسدەکات. ئەو دوانزە منداڵی هەن و داشقەچییە و دەڵێت" ئیش نییە". دوو لە کوڕەکانی کە تەمەنیان چوارده و پانزە ساڵە لای ئاسنگەرێک ئیش دەکەن. ئەوان بە هەردووکیان هەفتانە 26 یۆرۆ بۆ خێزانە چواردە کەسییەکەیان پەیدادەکەن. فازڵ دەڵێت"لە ساڵی 1972 دا لە گوندەکەم هاتمە دەرێ، لێرە نە موبەقێکی چاکمان هەیە، نە ئاودەستێکی بە ئابڕوو، چەند ژوورێکمان هەن و تەواو!".

بەر لەوەی لە ساڵی 1923دا دەوڵەتی تازەی تورکیا لەسەر دەستی مستەفا کەمال ئاتاتورکدا دابمەزرێت، دیاربەکر لە پاش ئیستەنبوڵ و بۆرسا، گرنگترین مەڵبەندی بازرگانیی تورکیا بوو. لێ ئێستا ئەو شارە بە شێوەیەکی نەرێنی ڕێکۆردشکێنە: لە هەژاریدا، لە بێکاریدا، لە بێمانایی پەروەردە و فێرکردندا و لە جیاوازیی نەتەوەییدا!

محەممەد کایای سەرۆکی ژووری بازرگانیی دیاربەکر پێیوایە کە ئەو شارە مافی زۆر شتی گەورەی هەیە کە دەوڵەتی تورکیا بۆی بکات، تا لەو هەژارییە بێدەرەتانە دەربازی بێت. هەروەتر دەڵێت"لە 25 ساڵی ڕابردوودا ئەو دەڤەرەی ئێمە لە ژێر حوکمی ڕەوشی ئاوارتەدا بووە، ئێستا پێویستە قەرەبووی ئابووریی 25 ساڵ پشتگوێخستن و جیاوازیپێکردنمان بۆ بکرێتەوە". ئەوئاماژەش بەوە دەکا کە لە ساڵانی ڕابردوودا دەوڵەت هیچ مامۆستا و پزیشکێکی بۆ ئەو ناوچەیە نەناردووە و دەڵێت" ڕێگا و بان، پەروەردە و تەندروستی بە یەکجاری تێکچوون. لە هەر سێ کەسی دانیشتووی ئەم شارە دەبێت دوو کەسیان بە یۆرۆیەک و سی سەنت بتوانن ژیانی ڕۆژێکیان بگوزەرێنن. ئێمە 44%ی دانیشتوانمان گەنجن و تەمەنیان لە نێوان حەوت تا بیست و چوارساڵاندایە. لێ تەنیا پەنجا لەسەدی ئەوانە دەتوانن پاش قۆناخی سەرەتایی درێژە بە خوێندن بدەن".

کایا خۆشحاڵە کە سەرۆکوەزیران ئەردۆغان بە پاکەتێکی هەشت ملیارد دۆلاری دەیەوێت مەسەلەی ناسیۆنالیزمی کوردی بە ڕێگای ناسەربازی چارەسەربکات. وا بڕیارە لە پێنج ساڵی ئایندەدا بەستێکی گەورە و دوو وێستگەی گەورەی بەرهەمهێنانی کارەبا بۆ ناچەکە دابنرێن. هەروەسا دەوڵەت هەوڵی دانانی پرۆژەی ئاودێری و سەرلەنوێ بنیادنانەوەی ناوچەکە دەدات و ئەو مینانەیش کە لەسەر سنووری سوریادا چێنراون هەڵدەگیرێنەوە و ناوچەکە ئامادە دەکرێت بۆ ئاوەدانکردنەوە.

پلانی ئەوەش هەیە کە تەلەفزیۆنێک بە زمانگەلی کوردی و عارەبی و فارسیش دابمەزرێت.

ئەوە ئەو بەڵێنە ئایندەدیانەن کە ناتوانن هیچ شتێک لە ژیانی (بیر تانە) ی چکۆلەدا بگۆڕن و ئەو ناچارە سبەینێ سەرلەنوێ بچێتەوە بەردەرگای هوتێلەکە و بە چاوە گەورەکانی بپاڕێتەوە بۆ ئەوەی دەستەسڕێکی لێ بکڕدرێ!

**ژێدەر: ڕۆژنامەی ئاڵخمێین داخبلاد، ڕۆژی 29 ی مارتی 2008**

## تاراوگە



### ڕۆژنامەیەکی ئوستورالی وردەکاری کوشتنی پێلا ئەتروشی بڵاودەکاتەوە

ڕووداو - سیدنی

◆ ڕۆژنامەی ئوستورالیان نیوز ڕاپۆرتێکی دوورودرێژی لەبارەی وردەکاری کوشتنی پێلا ئەتروشی بڵاوکردەوە کەساڵی 1999 لەسوێدەوە گەڕێنرایەوە کوردستان ولە دهۆک لەلایەن باوک وبراو ئامۆزاکانییەوە بەناوی ناموسپارێزیەوە کوژرا و، براو ئامۆزایەکی لەکاتی گەڕانەوەیان بۆ سوێد لەلایەن پۆلیسەوە دەستگیرکران وبڕیاری زیندانی هەتاهەتایەیان بۆ دەرچوو، باوکیشی لەترسی دەستگیرکردن لەکوردستان مایەوە، بەپێی ڕاپۆرتەکە پێلا لەلایەن ئەنجوومەنێکی پیاوانەوە بەسەرۆکایەتی عەبدولمەجید ئەتروشی باپیری پێلا کەلە ئوستورالیا دادەنیشێت بڕیاری کوشتنی دراوە.

### دوو ڕۆژنامەڤانی کورد دەچنە هەرێمی فریسەکان

# فریسەکان بە تەماتەباران مافە کولتورییەکانیان وەرگرت

**سیدار ئەپۆزدەمیر و هێمن عەبدوڵڵا**
**ڕووداو – هەرێمی فریسلاند**

سایبرێن پۆستهوموس جێگری سەرۆکی پارتی نیشتیمانیی فریسییە. پارتەکەی سایبرێن کار بۆ وەدیهێنانی فێدەرالیزم لە هۆڵەندا دەکات. بە بڕوای ئەو پارتە هەرچەندە گەلی فریسی مافی ئاخافتن بە زمانی خۆی هەیە و بە فەرمی لە لایەن دەوڵەتی هۆڵەندییەوە دانی پێدانراوە، بەڵام هێشتاش ئەو ئۆتۆنۆمییەی کە ئەو گەلە ئاسوودە بکات نەهاتووەتە دی.

(ڕووداو) هەبوونی دیاردەیەکی هاوشێوەی کێشەی کوردی لە وڵاتێکی ئەورووپیدا بە سەرنجراکێش زانی، بۆیەش دیدارێکی لەگەڵ سایبرێندا سازدا. لەو دیدارەدا ئەو ئەندامەی حکومەتی هەرێمی فریسلاند و چالاکڤانی پارتی نیشتیمانیی فریسی، باسی ئەوە دەکات کە چۆن لە ساڵی 1951 دا خەڵکی فریسلاند لە دەوڵەت ڕاپەڕیون و دیواری باڵەخانەی دادگای شارەکەیان تەماتەباران کردووە، ئەوەش بووەهۆی ئەوەی کە دوای ماوەیەک بە فەرمی دان بە زمانەکەیاندا بنرێت و ڕەوشی ناوچەکەشیان باشتر بکرێت!

**ڕووداو: پارتی نیشتمانیی فریسی چییە؟**

**پۆستهوموس:** پارتەکەی ئێمە، پارتێکی نیشتیمانییە و کار بۆ پاراستنی مافەکانی گەلی فریسی دەکات.تەمەنی زیاتر لە پەنجا ساڵە و تا ئێستا نزیکەی 1400 ئەندامان هەیە. هەروەها لە حکومەتی هەرێمی فریسلانددا بە پێنج ئەندام بەشدارین و 55 ئەندامی ئەنجوومەنی شارەوانی و ئەندامێکی سێناتیشمان بە هاوکاری لەگەڵ کەمینەکانی دیکەی ناو هۆڵەندا هەیە.

**ڕووداو: ئەو مافانەی گەلی فریسی کامانەن کە دەتانەوێ بیانپارێزن؟**

**پۆستهوموس:** لە ڕاستیدا ئێمە مافی هەموو دانیشتوانی فریسلاند دەپارێزین. هەرچەندە ئێمە پارتێکی نەتەوەیین، بەڵام لە شێوازی بیرکردنەوەماندا بیر لە مافی هەموو ئەوانە دەکەینەوە کە لەگەڵمان دەژین. بۆیەش بۆ نموونە کوردەکان کە، دوای فریسییەکان، گەورەترین گرووپی دانیشتووی فریسلاندن، دوای هەستی کوردبوونیان هەستی فریس بوونیشیان هەیە.

**ڕووداو: کەواتە ئەوان زۆرتر خۆیان بە فریسی دەزانن نەک هۆڵەندی؟**

**پۆستهوموس** :بەڵێ!

**ڕووداو: ئایا ئەوە بەهۆی ئەویە کە کورد و فریسی بێ دەوڵەتن و هەردووکیان هیند و ئەورووپین و سەدان ساڵە لەسەر خاکی خۆ دەژین؟**

**پۆستهوموس** :بەڵێ، ئەمە وایکردووە کە خۆشەویستییەکی زۆر لە نێوان ئێمەدا هەبێت. ئێمە بە بەردەوامی هەوڵمانداوە کە هاوکاری و پشتیوانیی کوردەکان بکەین (لێرەدا نامەیەک دەردێنێت و لە پێشمانی دادەنێت کە ئاراستەی ڕێکخراوێکی کوردیی کردووە لە ئەڵمانیا و لە کۆتاییی نامەکەدا بە کوردی نووسیویەتی بژی گەلی کورد!).

**ڕووداو: ئەو نامەیە چییە؟**

**پۆستهوموس:** ئەوە پار بە ناوی هاوپەیمانێتیی ئازادی ئەورووپییەوە، کە پارتێکی ئەورووپییە و کار بۆ چەسپاندنی مافەکانی گەلانی بێ مافدەکات و ئەندامیشی لە پەرلەمانی ئەورووپادا هەن، ئەو نامەیەم بۆ پشتیوانیی لەگەلی کورد نارد.

**ڕووداو: گەلی ئێوە بۆی هەیە بە زمانی خۆی بخوێنێت و،دەتوانن وەک هەر هاوڵاتییەکی دیکەی هۆڵەندی بەشداری لە سیاسەتی دەنهاخدا بکەن، کەس غەدرتان لێناکات، چ شتێک هەیە کە نەتانبێت و ناچارین خەباتی لە پێناودا بکەن؟**

**پۆستهوموس:** ئێمە بۆمان هەیە تەنیا لە قۆناخی سەرەتایی و دواناوەندی بە زمانی خۆمان بخوێنین، لە قۆناغی زانکۆوە ئێتر زانکۆ لە هەرێمەکەماندا نییە و ڕۆڵەکانمان ناچارن بڕۆن لە شارەکانی دیکە بخوێنن.



## ئێمە بە بەردەوامی هەوڵمانداوە هاوکاری کوردەکان بکەین

پۆستهوموس

**ڕووداو: کەواتە ئەگەر زانکۆیەکیشتان بۆ کرایەوە ئیتر کێشەکانتان چارەسەر دەبن؟**

**پۆستهوموس:** نەخێر، ئێمە باوەڕمان بەوەیە کە دەبێت هەرێمەکەمان ئۆتۆنۆمی زیاتری هەبێت. دەبێت چیدی وەک پارێزگایەکی هۆڵەندی سەیرمان نەکرێت. دەبێ چیدی دەسەڵاتی ناوەندی لە بری ئێمە بڕیار لە سەر مەسەلە چارەنووسسازەکانمان نەدات.

**ڕووداو: کەواتە فێدەرالیزمتان دەوێت؟**

**پۆستهوموس:** بەڵێ، ئێمە گەلێکی جیای ئەورووپین، وەک کوردەکانی پارچە جیاجیاکانی کوردستان پەیوەندییەکی توند و تۆڵ لەگەڵ هەرێمی فریسلاندی ئەڵمانی و فریسلاندی دانیمارک کۆماندەکاتەوە. بۆیەش دەمانەوێ لەو پەیوەندییانەماندا بە هۆی فێدەڕالیزمەوە دەستکراوەتر بین.

**ڕووداو: هاوکارییەکانتان لەگەڵ هەرێمە فریسییە ئەڵمانی و دانیمارکییەکەدا لە چ ئاستێکدایە؟**

**پۆستهوموس:** ئێمە لە چوارچێوەی یەکێتیی ئەورووپادا بە یەکەوە کاردەکەین، هەروەها ساڵانە کۆنگرەیەکی هاوبەش دەبەستین.

**ڕووداو: قەت خەونت بە فریسلاندی سەربەخۆوە بینیوە؟**

**پۆستهوموس:** من خەون بە فریسلاندێکەوە دەبینم کە ڕۆڵێکی مەزنتری هەبێت لە چوارچێوەی یەکێتیی ئەورووپادا.

**ڕووداو: خۆت زۆرتر بە هۆڵەندی دەزانیت یان فریس؟**

**پۆستهوموس:** ناسنامە هۆڵەندییەکەم بە زۆری بەسەرمدا بڕاوە و لێی ڕزگارنابم، بەڵام ئەوە هیچ گومانی تێدا نییە کە من فریسلاندیم نەک هۆڵەندی!

**ڕووداو: پێت خۆشبوو لە ناسنامە هۆڵەندییەکەت ڕزگارت بووایە؟**

**پۆستهوموس:** بەڵێ. خۆزگە پاسپۆرتی فریسیم لە باخەڵدا دەبوو.

**ڕووداو: ئێوە بە بێ ئەوەی لە دەستووری هۆڵەندیدا ناوتان بێت، دەڵێن مافە کولتورییەکانمان پارێزراوە. ئایا ناترسن لەوەی کە هۆڵەندا لێتان پەشیمان بێتەوە؟**

**پۆستهوموس:** ئێمە بە پێی پەیماننامەیەکی ئەورووپی کە هۆڵەنداش ئیمزای کردووە و تێیدا بەڵێنی داوە مافە کولتورییەکانی کەمینەکان بپارێزێ، دڵنیاکراوینەتەوە کە بێ ئەوەی ناومان لە دەستووردا بێت مافەکانمان پارێزراو بن. بەڵام هەرواش هەوڵ و کۆششمان هەن بۆ گونجاندنی ئەو مەسەلەیە لە دەستووردا.

**ڕووداو: چۆن بۆ یەکەمجار مافە کولتورییەکانتان بە ڕەسمی سەلمێندران؟**

**پۆستهوموس:** لە ساڵی 1951 دا، ڕۆژێکی هەینی، دادگایەک بڕیاری ئەوەیدابوو کە زمانی فریسی قەدەخە بێت و سەرنووسەری ڕۆژنامەیەکی فریسیشیان بە هۆی ڕۆژنامەکەیەوە پەلکێشی دادگا کردبوو. ئەو پەلکێشکردنە خەڵکی فریسلاندی تووڕە کرد و ژمارەیەکی زۆریان لە لێواردنی پایتەختدا دەرودیواری دادگایان دایە بەر تەماتە. ئەوە لە ڕاستیدا جۆرە ڕاپەڕینێک بوو، چونکە دوای ئەو ڕووداوە دەوڵەت وەزیرەکانی ڕەوانەی ناوچەکە کردن و زمانەکەشمان بە ڕەسمی ناسرا.



پۆستهوموس نەخشەی فریسلاند پیشانی هێمن و ئەپۆزدەمیر دەدات (فۆتۆ:ڕووداو)

### سەبارەت بە هەرێمی فریسلاند

فریسلاند ناوی پارێزگایەکە لە باکوری هۆڵەندا. ژمارەی دانیشتووانی ئەو پارێزگایە حەوتسەدهەزار کەسە و زمانی ڕەسمی تێیدا هۆڵەندی و فریسییە. خەڵکی ئەو هەرێمە سەدان ساڵە لە سەر خاکی خۆیان دەژین و بە هۆی داگیرکاریی فەرەنسی و دواترێ هۆڵەندییەوە نەیانتوانیوە ببن بە خاوەنی دەوڵەتی نەتەوەییی خۆیان. ئێستا لێرە و لەوێ گروپ و ڕێکخراوی فریسی پەیدا دەبن کە سەرخۆبوونی وڵاتەکەیان بە ئامانج دەگرن، بەڵام هیچکات زۆرتر لە هەژدە لەسەدی دانیشتوان پشتیوانیی ئەو هەوڵانە ناکەن.

# ئەڵمانیا پەنابەرێن باشوورێ کوردستانێ نازڤرینیتەڤە

**کورد ژ بەر نەبوونا دەولەتێ و زۆرداریا داگیرکەران، هەر ژ کەڤندا ڕێیا مشەختیێ گرتییە بەر و ل وەڵات و دەولەتێن جوداێن جیهانێ بووینە پەنابەر و نیشتەجێ بوونە. ئەڵمانیا ژی یەکە ژ وان دەولەتێن کو کوردان قەست کرینێ و نۆکە ب دەهان هزاران پەنابەرێن کورد لێ دژین. گەلەک ژ وانا خەلکێ باشوورێ کوردستانێ نە.**

**سلێمانێ ئالیخان**
**ڕووداو – ئەڵمانیا**

### مالباتێن کو پتری شەش سالانە ل ئەڵمانیا دژین دێ مافێ پەنابەریێ وەرگرن

ساڵا بووری حکومەتا ئەڵمانیا فیدراڵ بڕیار دا کو مافێ مانەوێ بدەتە وان مالباتێن کو پتری شەش سالانە ل ئەڵمانیا دژین و ژ بۆ کەسێن زوگورد ژی هەشت ساڵ دەستنیشانکرینە. شەرمین عەبدی، کچەکا 24 سالییە، ئەڤە پتری هەشت ساڵایە دگەل مالباتا خوە ل ئەڵمانیا دژیت. لێ هێشتا مافێ ڕوونشتنێ (اقامە)ژی وەرنەگرتییە. ل سەر ڤێ چەندێ ئەو وەها دبێژیت "ئەڤە هەشت ساڵ و چەند هەیڤە ئەز دگەل مالباتا خوە ل ئەڵمانیا دژیم. خویشک و براێن من ڕەگەزنامەیا ئەڵمانیا وەرگرتینە، تنێ ئەز یا مایم و هێشتا من مافێ ڕوونشتنێ وەرنەگرتییە و کێسا من نەهاتییە قەبوول کرن، نۆکە ژی ئەمرێ دوورخستنێ یێ ل سەر من، ئانکو دوور نینە دهەر گاڤەکێدا من ڤەگەریننڤە بۆ کوردستانێ!". ل دۆر ئەگەرێن ڤێ ڕەفتارا جیاواز یا حکومەتا ئەڵمانی دگەل وێ و خویشک و براێن وێ، شەرمین خان دبێژیت"ژ بەر هندەک ئەگەرێن تایبەت ئەز نەشیام دگەل مالباتا خوە بێمە ئەڵمانیا، ئەو ساڵەکێ بەری من هاتن و ئەوان مافێ ڕوونشتنێ وەرگرت. دەما ئەز هاتیم حکومەتێ باوەر ب من نەکر کو ئەز کچا ڤێ مالێمە، لەوما ئەز مام بێ ماف". لێ شەرمین قەت بێهێڤی نەبوویە ژ وەرگرتنا مافێ خوە کو یاسایا نوو یا ئەڵمانی ددەتێ. لەوما وێ ژی وەکو خویشک و براێن خوە بەردەوامی ب خواندنێ دایە و نۆکە ژی بۆ سیستەرێ دخوینیت. هەروەسا ژ بۆ بدەستخستنا مافێ خوە، بەردەوام سەرەدانا دائیرەیا بیانیان و پارێزەرێ خوە دکەت. ل ڤێرە و ژبۆ پتر ئاگەهداربوون ل سەر ڕەوشا شەرمینێ و یێن وەکی وێ، ئەم دگەل وێ چووینە لای پارێزەرێ وێ "گونتەر پریبل" ل بازارێ ئێسن کو فایلێن گەلەک کوردێن دی ژی ل جەم وی هەنە. پریبلی ب دلگەرمیڤە پێشوازی ل مەکر و مزگینی دا شەرمینێ و گوتێ "سوبەهی ئەز دێ نامەکێ بۆ تە هنێرم، تۆ دێ وێ نامێ دگەل پاسپۆرتا خوە یا عێراقی بەیە دائیرەیا بیانیان و ئەو دێ مافێ ڕوونشتنێ دەنە تە".

### مافێ مانەوێ بۆ عەرەبێن سوننەیە!

پارێزەرێ ناڤبری ب شێوەیەکێ گشتی ل سەر ڕەوشا کورد و عیراقیان ژی بۆ (ڕووداو)ئاخفت و گۆت "ژ بۆ کوردێن باکوورێ عێراقێ هیچ تشتەکێ نوی نینە، دڤێت ئەو خوە بگرن. لێ تشتی باش ئەوەیە کو حکومەتی ئەڵمانیا نیاز نینە هیچ کەسەکێ عێراقی (کورد یان عەرەب) ب زۆر بزڤرینیتەڤە. چونکی ڕەوشا وی وەلاتی یا تێکچۆییە".بەرەڤاژی حکومەتا سوێدێ کو بڕیارا زڤراندنا کۆچەبەرێن کورد و عێراقی دایە. ل دۆر تازەترین بڕیارا ئەڵمانی ژی پریبلی گۆت"ژ بەر بەردەوامیا شەر و پێکدادانان ل عێراقێ، دادگەها مەزن ل بازارێ میونشن ل باشوورێ ئەڵمانیا، بڕیار دایە کو مافێ پەنابەریێ بدەتە سوننەیێن عێراقی، لێ هێشتا ئەو بڕیارە ژلایێ سەرۆکاتیێڤە نەهاتیە پەسەندکرن".بەریا چەندەکیش حکومەتا ئەڵمانی بڕیاردابوو مافێ ڕوونشتنێ بدەتە ئێزدی و کریستیانێن عێراقێ. هەروەسا مافێ کارکرنێ ژی دایە وان کەسێن کو پتری چوار سالانە بێ مافێ مانەوێ ل ئەڵمانیا دژین. لێ دیسان ژی هندەک کەسێن وەکی "س. ت" کو کوردەکێ ئێزدی یێ 33 سالییە و هەشت ساڵە ل ئەڵمانیا دژیت مایە بێ ماف. ژبەر کو گەلەک ئاریشە دگەل پۆلیسان هەنە. ئەڤجا تا کێشەیێن وی زەلال نەبن و قەرزێن ل سەر وی تەمام نەبن هیچ مافەکی وەرناگریت.

### فایلێن پەنابەرێن کورد ژی دهێنە ڤەکرن!

وەکی مە ل سەری دیارکری ژنووڤە دادگەهکرن و دانا مافێ پەنابەریێ تنێ ژ ئێزدی و کریستیانێن عێراقی دگریت. لێ بەریا چەند ڕۆژان دادگەها مەزن ل بازارێ دویسلدۆرف (پایتەختا هەرێما نۆردراین ڤێستفالن) یا ڕۆژئاڤا ئەڵمانیا گەنجەکێ کوردێ موسلمان ژی بانگی دادگەهێ کر و دووبارە کێسێ وی ڤەکرەڤە. وی گەنجێ کورد کو ناڤێ وی عەمەر بێدوەی یە و پتری پێنج سالانە بێ ماف ل ئەڵمانیا دژیت ژ (ڕووداو) ڕا گۆت"ژ نشکاڤە دادگەها مەزن ل بازارێ دویسلدۆرف بانگی من کر و ژڤانەک بۆ دووبارە دادگەهکرنا من دانا. ئەز ژی ل ڕۆژا دەستنیشانکری چوومە دادگەهێ. قازی گوتە من: تە داخوازا دووبارە دادگەهکرنێ یا کری، فەرموو بێژە تە چ هەیە. من ژی گوتێ من های ژ ڤێ چەندێ نینە و من داخواز نەکریە، بەلکو وە ئەز یێ بانگ کریم و ئەز هیڤیخوازم هوون چاڤخشینەکێ ل کێسێ من بکەن و دەرفەتەکێ بدەنە من کو ئەز ڕۆلێ خوە د کۆمەڵگەها ئەڵمانیدا بگێرم". بێدوەیێ 26 سالی، پتری سێ ساڵانە ب شێوەیەکێ فەرمی کار ل ئەڵمانیا کرییە. نۆکە چاڤەڕێی بڕیارا دادگەهێ دکەت و دبێژیت "پارێزەرێ من گەلەکێ گەشبین بوو ب دادگەهێ، ئەز ب خوە ژی یێ دلخوەشم. چونکی من مافێ ڕوونشتنێ نینە. ئەڤجا ئەگەر دادگەهێ بڕیارەکا پۆزەتیف دەرخست باشە. ئەگەر نێگەتیف ژی بوو. دیسان ئەز تشتەکێ خوسارەت نینم و دێ هەر وەکی بەرێ بیت. ئانکو تشتێ خراب بۆ من نینە".



شەرمین لە ئۆفیسی پارێزەرە ئەڵمانەکەیدا (فۆتۆ:ڕووداو)

### ب سالان کارێ سوخرێ بۆ ئەڵمانیا دکەن و نازڤرنەڤە کوردستانێ!

هەڵبەت پتریا کەمپێن حەواندنا پەنابەران ل ئەڵمانیا د دوورن ژ باژاران، خزمەتگوزارییێن وان دلاوازن، جهێ پەنابەران یێ تەنگە و ب گشتی درەوشەکا خراب دا نە. ل گەلەک جهان ژی دائیرەیا سوسیالێ کارێ سوخرێ ب پەنابەران دکەن و هەر کەسێ نەکەت ژی پارەیێ هاریکاریێ ژێ دهێتە بڕین. کۆڤان محەممەد، گەنجەکێ کوردێ 20 سالییە و د ەک ژ وان کەمپاندا دژیت. مە ئەو ل دائیرەیا سوسیالێ دیت. گەلەک یێ ماندی بوو و پارەیێ وی ژێ هاتبوو بڕین. چونکی هەفتیەکێ ل جهێ خوە نەنڤستبوو!. هەروەسا هاتبوو ئاگەهدارکرن کو ل دەستپێکا هەیڤا گولانێ دڤێت دەست ب کارێ سوخرێ بکەت. وی و گەلەک کەسێن دی ژی مافێ هاتن و چوونێ دسنوورەکێ دەستنیشانکریدا هەیە و چێنابیت پتری 35 کیلۆمەتران ژ جهێ مانا خوە دوورکەڤن. هەروەسا مافێ کارکرنێ ژی نینە. لێ دسەر هندێ را ژی دئامادە نینن بزڤرنەڤە وەلاتێ خوە. ل سەر ڤێ یەکێ کۆڤان دبێژیت"چ گهۆڕین ل وەلاتێ مە چێنەبووینە داکو ئەم دووبارە بچینەڤە. ڕۆژ بۆ ڕۆژێ ڕەوش یا خرابتر لێ دهێت. زەنگین یێ زەنگینتر لێ دهێن و هەژار ژی هەژارتر بووینە. کرێ دگرانن و کار ژی نینە. ژبلی کو هەتا نۆکە کەس نزانیت دێ چارەنڤیسێ مە کوردان دگەل حکومەتا بەغدا چاوابیت، ئەو تا نۆکە دژایەتییا مافێن کوردان دکەن و هیچ تشتەکێ گرێدای کوردان د دەستورێ عێراقێ دا نەهاتییە جیبجیکرن".

### سەدام نەما، مافێ مانێ ژی نەما!

ئۆپەراسیۆنا ئازادییا عێراقێ، بۆ ئەگەرێ وێ یەکێ کو ئێدی حکومەتا ئەڵمانی مافێ مانێ نەدەتە کورد و عەرەبێن عێراقی. هەروەسا هندەک کەسێن کو بەریا ئۆپەراسیۆنێ مافێ پەنابەریێ وەرگرتبوو. دووبارە ئەو مافە ژێ هاتە ستاندن و نۆکە درەوشەکا بێسەروبەر دانە. کاروان سالح یەکە ژ وان کەسان کو بەری هەفت سالان هاتیە ئەڵمانیا. ل سالا 2005 مافێ ڕوونشتنێ ژێ هاتە ستاندن. ل سەر ڤێ مەسەلەیێ ئەو دبێژیت "دادگەها ئەڵمانی مافێ ڕوونشتنی ژ من ستاند. چونکی من د کێسێ خوە دا گوتبوو ئەگەر سەدام نەما ئەز یێ ئامادەمە ڤەگەرم بۆ وەلاتی. وان ژی ئەڤ خالە ل سەر من گرتییە و دبێژن سەدام نەمایە ئێدی چێنابیت تۆ ل ڤێرە بمینی". کاروانێ 27 سالی تووشی گەلەک کێشەیان بوویە پشتی کو مافێ ڕوونشتنێ ژێ هاتییە ستاندن. یەک ژ وان کێشەیان ئەو بوو کو دەزگرا وی دەستێ ژێ بەردا، پشتی کو ژ وی بێهێڤی بووی و ئەو ژی نەشیای وێ بینیتە دەف خوە ل ئەڵمانیا. د درێژیا ئاخافتنا خوە دا کاروان دبێژیت"پاسپۆرتا من ژ من هاتییە ستاندن و ل شوونا وێ ناسنامەکا کەسک یا دایە من. گەلەک ماف ژ من هاتینە ستاندن، ئەز نەشێم سەفەرێ بکەم، ناتوانم ژمارەکا بانکێ بۆ خوە ڤەکەم یان تەلەفۆنەکێ ب قیست دەربینم. هەروەسا قەرز ژی یێن کەتینە سەر من و من پێچینابیت ئەز وان بدەم. هەر ژ بەر هندێ هێلا کارەبێ ژی ژ خانیێ من هاتییە بڕین". کاروانی ڤان ڕۆژا پاسپۆرتا نوی یا عێراقی یا ئینای و چاڤەڕێی بڕیارا دائیرەیا بیانیان دکەت کا دێ چ پێشکێشکەن.

### یاسایا بیانیان ل ئەڵمانیا یاسایا پارەیە!

دیارە پشتی سەرکەفتنا پارتیا یەکێتیا دیموکراتێن مەسیحی و هەڵبژارتنا ئەنگێلا مێرکل وەک یەکەم ژن بۆ سەرۆکاتیا حکومەتا ئەڵمانی. ڕەوشا پەنابەرێن بێ ماف باشتر لێهاتییە و ب تایبەت ژلایێ پەیدابوونا دەرفەتێن کاری. ژلایەکێ دیڤە ژی ل ڤێ داویێ دائیرەیێن بیانیان ل ئەڵمانیا هاتینە ئاگەهدارکرینە کو هاریکاریا کەسێن بێ ئیقامە بکەن. یێن کو ژ مێژە ل ئەڵمانیا دژین، کار دکەن و ئاریشە دگەل پۆلیسان نەبن. ئانکو مەرجێ ژ هەموویان گرنگتر بۆ وەرگرتنا مافێ پەنابەری و مانێ ل ئەڵمانیا کارکرن و نەبوونا کێشەیانە دگەل پۆلیسان. ل سەر ڤێ چەندێ جارەکێ پارێزەرەکێ ئەڵمان ژ هەڤالەکی را گوتبوو "یاسایا بیانیان ل ئەڵمانیا یاسایا پارەیە. ئانکو ئەو بیانیێ ل ئەڵمانیا پارەی ژ دائیرەیا سوسیالێ وەرنەگریت، کاربکەت و باجا خوە بدەتە حکومەتێ. دێ هەموو کارێن وی دروست ب ڕێڤەچن".

## د.ڕێبوار فەتاح:

# کردنی سۆرانی بەزمانی ستاندارد کوشتنی دەوڵەمەندیی زمانی کوردییە

**ڕووداو – سلێمانی**

نووسەر و ڕۆژنامەڤان د.ڕێبوار فەتاح دژی ئەوەیە کە بەبڕیارێکی سیاسی زمانی کوردی ستاندەرایز بکرێ و هەر بڕیارێکی لەو جۆرە بەکارێکی "سەرکوتکەرانە" دەزانێ و دەڵێت "ئەگەر کارێکی لەو جۆرە بکرێت مانای وایە ئێمە لاسایی ئەتاتورک دەکەینەوە، چونکە ئەتاتورک بەبڕیارێکی سیاسی ڕێنووسی زمانی تورکی کردە لاتینی، بۆیە ئێمە نابێ ئەو کارە بکەین". گوتیشی "شەیتان لەناو وردەکارییەکاندایە".

**لە زۆر وڵاتی دنیادا بە دوو زمان دەخوێنن، بائێمەش بە دوو دیالێکت بخوێنین**

ڕێبوار فەتاح

ڕۆژی 2008/4/20 چەند نووسەر و ئەدیب و ڕۆژنامەڤانێکی کوردی دانیشتووی کوردستان و دەرەوەی وڵات پەیامێکیان بڵاوکردەوە بۆ "ستاندەرایزکردنی زمانی کوردی" کە ژمارەیان 53 کەسە، پەیامەکەش ئاراستەی چەند لایەنێک کرد لەوانەش هەر سێ سەرۆکایەتییەکەی هەرێم، حکومەت و پەرلەمان و ئەندامانی مەکتەبی سیاسی یەکێتی و پارتی و یەکگرتووی ئیسلامی و حیزبە کوردستانییەکان و پێشنیاریان کردووە بەیاسایەک شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست (سۆرانی) بەفەرمی بناسرێ، وەک بەردی بناخەی زمانی ستاندەردی خوێندن و مامەڵەی نێوان دەزگا حکومییەکان. بەڵام پەیامەکە ئاراستەی (ئەکادیمیای کوردی- کۆڕی زانیاری کوردستانی پێشوو)نەکراوە، کە تاکە دەزگای تایبەت بە زمان لە باشووری کوردستان.

د.ڕێبوار فەتاح بەپێچەوانەی ئەو کۆمەڵە نووسەرو ئەدیبە دژی هەر هەوڵێکی لەو جۆرەیە و پێیوایە ئەو کارە بە بڕیارێکی سیاسی ناکرێ و لەهەمانکاتدا دەپرسێ "بۆچی هەورامییەک یان کەسێکی خەڵکی ئامەد یا کرمانجێکی خەڵکی قامیشلی ڕازی بێت بەوەی بەو دیالیکتیکە قسە بکات کە من ئێستا قسەی پێدەکەم". لەگەڵ ئەوەشدا دەڵێت " ڕاستە ئێمە پێویستیمان بە زمانێکی ستاندەر هەیە، بەڵام بوونی چەند دیالکتێک لە زمانی کوردیدا بەشێکە لەکوردبوون و نەتەوەبوون".

د.ڕێبوار فەتاح، تێبینی زۆری لەسەر پەیامەکەی ئەو کۆمەڵە نووسەرە هەیە و، بەبێ ئەوەی ناوی کەس بێنێ گوتی "ئەوانە زۆربەیان خەڵکی باشووری کوردستانن و هیچ حیسابێکیان بۆ پارچەکانی دیکەی کوردستان نەکردووە، زمانی کوردی لەباکوورو ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای کوردستان بەتەواوەتی سەرکوتکراوە، ئەگەرشێوەزاری کرمانجی بەکارنەهێنین مانای ئەوەیە ئەرکی نەتەوەیی خۆمان نەکردووە". بەتایبەتیش کە زمانی کوردی لەپارچەکانی دیکەی کوردستاندا لە ژێر سەرکوتدایە، بڕیارێکی وا بە ڕای د.ڕێبوار وادەکات لە کوردستانی ئازادیش دەرفەتی پێشکەوتنی شێوەزارەکانی دیکە نەمێنێ. هەروەها ڕاشکاوانە گوتی" بەڕاستی من بەهیچ شێوەیەک لەگەڵ بڕیارێکی ئاوها نیم، چونکە بڕیاردانێکی ئاوا بۆچوونێکی زۆر تەسکبین وکورتە بۆ نەتەوە".



د.ڕێبوار فەتاح (فۆتۆ:ڕووداو)

ڕێبوار فەتاح

- لەشاری سلێمانی لەدایک بووە
- لە ساڵی 1982 لە لەندەن گیرساوەتەوە ولە زانستگەی لەندەن دکتۆرای لە فیزیک وەرگرتووە.
- وەک شارەزا لە کاروباری کوردستانی و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست لە میدیای ئینگلیزی میوانداری دەکرێ.
- دامەزرێنەرو سەرنووسەری ماڵپەڕی کوردیش میدیایە بە ئینگلیزی.

نابراو زاڵبوونی شێوەزاری سۆرانی لەباشووری کوردستانیشدا گەڕاندەوە بۆ هەوڵەکانی تورکیا و گوتی "هەر لەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق، تورکیا لەگەڵ ئەوەدا نەبوو کە دیالێکتی کرمانجی بەهیچ شێوەیەک بەکاربێت، ئەوەش کاریگەری خۆی هەبوو لەسەر ئەوەی کە سۆرانی زمانی زاڵ بێت لەباشووری کوردستان".

ئەو نووسەر و ئەدیبانە لەیاداشتانەکەیاندا دەڵێن کاری بەستاندەرایزکردنی زمانی کوردی پتر ئەرکی دەسەڵاتە لەوەی کاری زمانزانەکان بێت، هەروەها دەڵێن"لەکوردستانی باشوور، زمانی کوردی ساخبووەتەوەو بەسروشتیی، خۆی یەکلاییکردۆتەوە، تەنها و تەنها بڕیاری سەرکردەیەکی کاریزمایی دەوێ".

د.ڕێبوار ئەو ڕایەی بە "دژ یەک" وەسفکرد و گوتی "لەلایەک دەڵێن شێوەزاری سۆرانی زاڵبووە، لەلایەکی دیکەشەوە دەڵێن دەبێ بڕیارێکی سیاسی بۆ ئەوە بدرێت، بەڕاستی ناکرێ بەبڕیارێکی سیاسی بڕیار لەسەر زمان بدرێ، چونکە ئەو کاتە دەبێ بەسەرکوتکردن".

ئەو زیاتر لەو بارەیەوە دەدوێت و دەڵێت "ئەگەر بڕیارێک بدرێ و سووربین لەسەر ئەوەی کە هەموو کرمانج زمانەکان (کە زۆرترن) بەسۆرانی قسەبکەن، ئەوە بەبڕوای من کوشتنی دەوڵەمەندی زمانی کوردییە".

ناوبراو، پێشنیازی تایبەت بەخۆی هەیە لە مەسەلەی بەستاندەرایزکردنی زمانی کوردی و دەڵێت "پێویستە هەر لەپۆلی یەکی سەرەتاییەوە هەردوو دیالێکت بخوێندرێن، منداڵەکان کە گەورە دەبن هەردوو شێوەزارەکە دەزانن و لەمەشەوە وردە وردە شێوەزارەکان لەیەکتر نزیک دەبنەوە". گوتیشی ئێستا بەهۆی تێکەڵاوی و سەتەلایت و ئینتەرنێت خەریکە ئەو شێوەزارانە زیاتر لێک نزیکدەبنەوەو بە بڕیارێکی بەو شێوەیە لێک نزیکبوونەوەکە پەکدەخرێ " لە ڕۆژگاری ئەمڕۆشدا ئینتەرنێت وسەتەلایت تارادەیەکی زۆر هەردوو دایەلێکت و زارەکەی لەیەک نزیک کردۆتەوە، پێموایە ئەگەر بەو ڕێچکەو ئاراستەیە ئیش بکەین زۆر باشترە لەوەی هەموو شتێک بخەینە ژێردەستی دەسەڵات".

ئەو لەگەڵ ئەوەدایە دەسەڵاتی کوردستان پرۆگرامی قوتابخانە و زانکۆکانی کوردستان بگۆڕێت، نەک لەبەر پرسی زمان بەڵکو دەڵێت "زانکۆ و قوتابخانەکانی کوردستان زۆری شتی تێدایە کە لەگەڵ سەردەم ناگونجێت، بۆیە من لەگەڵ ئەوەم کە خوێندن لەکوردستان بەهەردوو شێوەزارەکەو بەهەردوو ڕێنوسی ئارامی ولاتینیش بخوێنردرێت".

هەرچەندە تا ئێستا چەندین کەسی دیکەش هەوڵی ئەوەیانداوە کە ڕێنووسی لاتینی لە نووسینی کوردیدا بەکاربهێندرێت، بەڵام بەبیانووی لاساییکردنەوەی تورکەکان زۆر بە توندی وەڵامدراونەتەوە. تەنانەت فەرهاد شاکەلی ماوەیەک پێش ئێستا جەلادەت بەدرخانی بە جاسوسی ڕۆژئاوا دانا و گوتی لەبەر ئەوە ئەوەیکردە ڕێنووسی کوردی، جەلادەتیش کاتی خۆی ئاماژەی بەوە کردووە کە ئەو ڕێنووسە زیاتر لەگەڵ زمانی کوردی دەگونجێ و سودی ئەوەشی هەیە کە کورد لە خوێندەواری کوردی دانابڕێن، چونکە تورکیا بڕیاریداوە بە پیتانە بنووسێ. لەساڵانی پەنجاکاندا د.جەمال نەبزیش لە پێناو یەکخستنی نەتەوەیی داوایکرد کە ئەو ڕێنووسە لەلایەن هەموو کوردەوە بەکاربهێندرێ، بەڵام زۆر دژایەتیکرا، یەک لەولایەنانە حیزبی شیوعی عێراق بوو کە نووسیبووی بەوە ریزی کرێکارانی عێراق لەتدەبێ.

د.ڕێبوار فەتاح لەو بارەیەوە دەڵێ " ئەوە واقیعەو هەیە و زۆربەی نووسەرانی باکوورو خۆرئاوای کوردستان بەلاتینی دەنووسن و خۆناکرێ دەستبەرداری ئەو هەموو کولتوورە بیت کە کۆبووەتەوە، هەروەک چۆن ناتوانین دەستبەرداری ئەو کولتوورە دوورو درێژە دەوڵەمەندە بین کە بە پیتەکانی ئارامیش نووسراون".

## دڵشاد عەبدولڕەحمان، وەزیری پەروەردەی کوردستان:

# پشتگیری لە بانگەوازی بەفەرمی ناسینی کرمانجی نێوەڕاست دەکەم

**ڕووداو: 53 نووسەر و ڕۆژنامەنووس، بانگەوازێکیان دەرکردووە کە شێوەزاری کرمانجیی نێوەڕاست، یان ئەوەی پێیدەگوترێ سۆرانی بکرێ بەزمانی ستانداردی کوردی، بانگەوازەکە ئاراستەی وەزارەتی پەروەردەش کراوەو زۆر پەیوەستە بە وەزارەتەکەتانەوە، ڕای ئێوە لەم بارەیەوە چییە؟**

**دڵشاد عەبدولڕەحمان:** ڕای شەخسی خۆم وەک دڵشاد عەبدولڕەحمان، پشتگیری ئەو بانگەوازە دەکەم، منیش پێموایە شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست بە هۆی کۆمەڵێک بارودۆخی کەلتووری و ڕۆشنبیری و سیاسی بووەتە زمانی فەرمی حکومەتی مەلیک مەحموود، حکومەتی مەهاباد، شۆڕشی ئەیلوول، شۆڕشەکانیتر نوێ، گوڵان، هەموو حیزبە سیاسییەکانی کوردستان بە هەموو بیروڕا جیاوازییەکانیان، زمانی حکومڕانی کوردیشی بووە دوای ڕێککەوتننامەی ئاداری ساڵی حەفتاش، لە دوای ڕاپەڕینیشەوە لە سەرجەم هەرێمی کوردستاندا زمانی فەرمی بووە لەڕاستیدا، تا ساڵانی نیوەی دووەمی نەوەتەکان، کە شێوە گۆڕانێک بەسەر ئەم ڕەسمیبوونەدا هاتووە. بەڕای من ئەوە پێویستی بە بڕیارێکی یەکلاکەرەوەی سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان، سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران و پەرلەمانی کوردستان هەیە بڕیاری لەسەر بدات و، نموونەی ئەمەش زۆرە کە چۆن شێوەزارێک بە فەرمی ناسێنراوە. ئەمە مانای سڕینەوەی شێوەزارەکانی دیکە نییە، بە پێچەوانەوە شێوەزارەکانی دیکە ئەو شێوەزارە دەوڵەمەند دەکەن چونکە ئەو زمانە فەرمییە هیچ شێوەزارێک نابێ. بۆیەش من لەوەدا لەگەڵ بانگەوازەکەدا ناکۆکم کە دەڵێ شێوەزاری کرمانجی ناوەڕاست بکەنە زمانی فەرمی تەنیا لەوەیاندا ناکۆکم، لەبەر ئەوەی بەڕای من ئەو زمانەی کە ئەمڕۆ دەیان ساڵە کتێبەکان و نووسراوەکانی پێنووسراوە هیچ شێوەزارێک نەبوو لە ڕاستیدا، چونکە تێکەڵەیەکە لە وشەی هەورامانی و کرمانجی ژووروو و دیالێکتە جیاوازەکانی دیکەی کوردستان. واتە ئێستا ئەو شێوەزارەی ئەدەب و نووسین و کتێبەکانی وەزارەتی پەروەردەی پێ چاپ دەکرێت کە دەڵێن کرمانجی ناوەڕاست یان هەندێجار بە هەڵە دەڵێن سۆرانی لە ڕاستیدا زمانی ئاخاوتنی هیچ کەسێک لە هەولێر و سلێمانی و کەرکووک و مەهاباد و بانە نییە، هەر تاکێک لەمانە ئەگەر قسە بکەن دەیان وشەی جیاواز بەکاردێنن کە لە دووتوێی کتێبەکاندا نایینووسنەوە. بۆیە ئەو شێوەیەی کە باسدەکرێت ببێتە زمانی ستاندارد لە ڕاستیدا موڵکی هیچ شارێک و ناوچەیەک هیچ زارێک نییە، بەڵکو لە بەر بارودۆخێکی کەلتووری و ئابووری و سیاسی و بە درێژایی دەیان ساڵ بووەتە زمانێکی فەرمی. ئەم بەهەڵە ناساندنەشە وایکردووە پەرچەکردارێک دروست بێت لە لای هەندێ شێوەزاریتر و هەندێ ناوچەیتر. بۆیە داوا لە زمانناسان و ئەکادیمییەکان دەکەم کە بڵێن ئەو زمانە فەرمییەی کە هەیە بەرەسمی بناسێنن نەک فلان شێوەزار. کە ئەو زمانە فەرمییەی هەیە بەرهەمی تێکەڵاوبوونی هەموو ئەو شێوەزارەکانە و بە هەموو شارەکانیتر ئەم زمانەی فەرمییەی ئەمڕۆیان پێکهێناوە کە بە تەنیا هەر ئەوە ماوە بە فەرمی بناسێنرێت.

**ڕووداو: پێتوایە ئەو بانگەوازە شوێنی خۆی بگرێت؟**

**دڵشاد عەبدولڕەحمان:** لەڕاستیدا بەڕێزان سەرۆکی هەرێم و سەرۆکی پەرلەمان و مەکتەبە سیاسییەکان و ئەنجومەنی وەزیران و هەموویان لە هەوڵی ئەوەدان چارەسەرێک بۆ ئەم کێشەیە بدۆزنەوە. لەبەر ئەوە پێموایە ئەمانە هەمووی کارتێکردنێکی پۆزەتیڤی دەبێ لەسەر زوو چارەسەرکردنی ئەم بابەتە.

**ڕووداو: ساڵی ڕابردووش تاڕادەیەک ئەو باسە هاتە پێشەوە، وەک وەزیرێکی پێوەندیدرا لەوبارەوە هیچ گفتوگۆیەکتان لە گەڵ سەرۆکی حکومەت کرد، ڕای ئەو لەوبارەیەوە چییە؟**

**دڵشاد عەبدولڕەحمان:** هەموو باش لەو ڕاستییە ئاگادارن کە کوردستان پێویستی بەوە هەیە زمانێکی فەرمی ناسێنراوی هەبێ کە هەمووومان لەسەری کۆک بین و بە فەرمی بیناسێنین و، ئێستا وەک گوتم لە هەوڵی ئەوەدان کە چۆن ئەو بڕیارە بێتە وەرگرتن. دیارە بڕیاردانیش پێویستی بە کۆمەڵێک خۆسازکردن هەیە. ئەوەندەی من ئاگادار بم وەزارەتی خوێندنی باڵا و ئەکادیمیای کوردی ڕاسپێردراون کە بە شێوەیەکی زانستی توێژینەوە لە سەر ئەو بابەتە بکەن و پێشکێشی لایەنی بڕیاربەدەستی بکەن بۆ ئەوەی ڕای گونجاوی لەسەر بدرێت.

**ڕووداو: ئەوانەی کە بانگەوازەکەیان نووسیوە زۆریان خەڵکی دیار و بەتوانان، بەڵام زمانناس نین، پێتوایە دەکرا ئەو بانگەوازە لەلایەن ئەوانەوە بنووسرێت؟**

**دڵشاد عەبدولڕەحمان:** لەوانەیە وەڵامی ئەو پرسیارە زیاتر لای ئەوان بێت، بەڵام ئەمڕۆ لەبەر مەترسی بۆ سەر گیانی نەتەوایەتی و بوونی مەسەلەیەکی پیرۆز وا دەکات زۆر کەس بێتە بوارێکەوە ڕاستە پسپۆری خۆی نییە، بەڵام مەترسی دروستبوونی دوو زمانیش مەترسییەکە هەمووومان هەستی پێدەکەین. ئەگەر ئەو دوو شێوەزار بە شێوەیەکی تەواو لەیەکتری لە دوو سنووری جوگرافی جیاواز، بەڕاستی ئەوە مەترسی بۆ سەر گیانی نەتەوەیی هەیە کە ئەمڕۆ پێویستیمان پێیەتی، بۆ پرۆسەی بەدیهێنانی خەونەکانی خەڵکی کوردستان.

**ڕووداو: لە مەکتەبە سیاسییەکان کە خۆت باست کرد چ ڕایەک لەو بارەیەوە هەیە، بۆ نموونە تۆ لە مەکتەبی سیاسی یەکێتی نزیکی چ ڕایەک لەوبارەیەوە هەیە؟**

**دڵشاد عەبدولڕەحمان:** من لە هیچ کۆبوونەوەیەکی مەکتەبی سیاسی بەشدار نەبووم تا بڵێم چۆن باسکراوە، بەڵام دەزانم ئەو بابەتە گرنگە وێردی سەر زمانی هەموو کەسێکی سیاسی و ڕووناکبیر و خوێندەوارە و لەو باوەڕەدام کە باس بکرێت. باوەڕیش ناکەم ئەو کێشەیە ئەوەندە ئاڵۆز بێت چارەسەر نەکرێت.

**ڕووداو: باسی یەکبوونی نەتەوەییت کرد، بەڵام هەندێ کەس دەڵێن ئەوە گیان و پێکهاتەی نەتەوەیی کورد لەتدەکات؟**

**دڵشاد عەبدولڕەحمان:** هەر کەسەو لە ڕوانگەیەکەوە بۆ مەسەلەکان دەچێت، بە دیدی من بە پێچەوانەوە لەبەرئەوەی زمان یەکێکە لە کۆڵەکە بنەڕەتییەکانی بونیادی نەتەوە، مەرجیش نییە هەموو نەتەوەکان بە هەمان پرۆسەی نەتەوەییدا چووبن، ڕەنگە لە زۆر شوێنی دونیا زمان ئەو ڕۆڵەی نەبووبێت. بەڵام بۆ کورد زۆر گرنگ بووە، بۆیەش دوژمنانی کورد ئەوەندەی دژی زمانەکەی بوون، دژی زۆر شتی تری نەبوون. هەمیشەش یەکێک لە داخوازەکانی شۆڕشەکانی خەڵکی کوردستان تا ڕاپەڕین کە لە حکوومەتەکانی عێراق دەیکرد، خوێندنی کوردی و بەرسمی ناسینی زمانی کوردی بوو لە کاروباری فەرمی کوردستاندا. بۆیەش بەڕای من ئەو بڕیارە ئەگەر بدرێ دەبێتە هۆی زیاتر بووژاندنەوەی هەستی نەتەوەیی کورد.

**ڕووداو: ئەو زمانەی کە باسدەکرێت پێتوایە دەبێ بۆ هەموو نەتەوەی کورد بێت؟**

**دڵشاد عەبدولڕەحمان:** مافی بیرکردنەوەو خەون بینینمان هەیە، بەڵام لە واقیعدا هەرێمی کوردستان بەشێکە لە عێراق و هیچ بەرنامەیەکی جیابوونەوەمان نییە. ئەو حیزبانەی خەڵک دەنگی پێداون ئەو داوایەیان نییە کە کوردستان جیاببێتەوە لەعێراق، لە کاتێکدا ئەگەر ئەوەش هەبێ هیچ بەرنامەیەک نییە بۆ یەکگرتنەوە لەگەڵ پارچەکانی دیکە. کەوابێ ناساندنی ئەو زمانە فەرمییە بۆ هەرێمی کوردستان زۆر شتێکی واقیعییە.

**ڕووداو: ساڵی ڕابردوو لە ماڵپەڕەکانی کرمانجی سەروو، کە نیاز هەبوو خوێندن لە پارێزگای دهۆک بە بادینی نەمێنێ، هێرشێکی زۆرت کرایە سەر، ئێستاش کە لەوانەیە ڕووبەڕووی ببیەوە چ قسەیەکت هەیە بۆ ئەوانە؟**

**دڵشاد عەبدولڕەحمان:** لە ڕاستیدا من زۆر باوەڕم بە ئازادی بیروڕا هەیە، و ماف بە خەڵک دەدەم بیروڕاکانی خۆیان بە ئازادای دەرببڕن و ڕەخنەشم لێبگرن، زۆر شتێکی ئاساییە. من دژی داخوازی خەڵکانێکم نیم کە مەبەستیان ئەوەیە بە کرمانجی ژووروو بخوێنن، ئەمە داخوازی هەندێ کەسە. ئێستاش ئەگەر هاتوو کرمانجی نێوەڕاست بکرێتە فەرمی، مانای سڕینەوەی شێوەزارەکانی دیکە نییە. لە ڕاستیدا زمانەکەمان پێویستی بە سوود وەرگرتنە لە هەموو شێوەزارەکان، چەندین وشە ڕۆژانە دێتە زمانی ئێمەوە و بەرامبەری نییە، بەڵام دەتوانین لە شێوەزارێکی تر وشەکەی بۆ ببینینەوە. بەپێی بڕیاری سەرۆکایەتی ئەنجوومەنی وەزیران، خوێندن بە کرمانجی ژووروو تا قۆناخی شەشی بنەڕەتی لە دهۆک دەخوێنرێت و هیچ بڕیارێک نییە لە دوای ئەوەش هەر بە شێوەزاری کرمانجی ژووروو بێت. بۆیە ئەگەر هیچ بڕیارێکی دیکەی لەو جۆرە نەدرێت بۆ پۆلەکانی سەرووتر بێگومان خوێندکارانی دەڤەری بادینانیش ئەوکات بەو شێوەزارە دەخوێنن کە هەولێر و سلێمانی و کەرکووک پێی دەخوێنن.

**ڕووداو: بە حوکمی ئەوەی شێرزاد حەسەن ناوی لەناو بانگەوازەکەدایە و ڕاوێژکاری ئێوەیە، پرسیان پێکردی پێش دەرکردنی بانگەوازەکە؟**

**دڵشاد عەبدولڕەحمان:** لە ڕاستیدا پرس نا، بەڵام وەکو کەسێکی نزیکی کاروباری ڕووناکبیری، ئاگادار بووم کە کۆمەڵێک کەس دەیانەوێ شتێکی ئاوهایی بکەن، بەڵام بەڕاستی پێویستیان بەوە نەبوو پرس بە من بکەن.

**ڕووداو: پشتگیریت کردن؟**

**دڵشاد عەبدولڕەحمان:** من پشتگیری لە بانگەوازەکە دەکەم، بەڵام ڕەنگە لە گەڵ دارشتنێکی بەو شێوەیەدا نەبم، ئەویش ئەوەیە ئەم زمانە فەرمییەی کە ئێستا ئێمە بەکاریدێنین موڵکی هەموو شێوەزارەکان و خەڵکی کوردستانە و بەشی هەموویانی تێدایە.

**ڕووداو: لە دهۆک بە وەڵامدانەوەیەک بانگەوازەکە ڕەتکرایەوە، هەروەها دەڵێن بڕیارماندواە خوێندن قۆناخی دواناوەندیش بە شێوەزاری بادینی بێ، ئەگەر داوایەکی وا هەبوو ڕای ئێوە چ دەبێ؟**

**دڵشاد عەبدولڕەحمان:** هێشتا هیچ داوایەکی ئاوا نەهاتووە بۆمان.

**ڕووداو: بەڵام دەڵێن پێشکێشی دەکەین؟**

**دڵشاد عەبدولڕەحمان:** با پێش ڕووداو نەکەوین.

**ڕووداو: هەندێجار کەسانێکی کرمانجی سەروو دەڵێن، چۆن دەبێ تورکمان بۆیان هەبێ بەزمانی خۆیان بخوێنن، بەڵام حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕێ بەخوێندنی شێوەزاری کرمانجی سەروو نەدات، دەڵێن کە ڕێ لەو شێوەزارە بگیرێ ئێمەش هیچ پەیوەندیمان بەو بەشەی وڵاتەوە نامێنێ، ڕای تۆ چییە؟**

**دڵشاد عەبدولڕەحمان:** ئەوە بەهانەیەکی زۆر زۆر لاوازە، ئەوە مانای ئەوەیە حسابی بەشێک لە خەڵکی کوردستان بە شێوەزارێک دەکات وەک زمانێکی جیاواز، ئێمە نەمانگوتووە شێوەزاری کرمانجی ژووروو زمانێکی جیاوازە، بەڵام تورکمان زمانی خۆیان هەیە و نەتەوەیەکی جیاوازن. هەموو گرووپێکی دیکەش بە پێی یاسا لە هەرێمی کوردستان کە بڵێن ئێمە نەتەوەیەکی جیاوازین بۆیان هەیە بە زمانی خۆیان بخوێنن، بەڵام ئایا کەس لە کوردستان گومان لە کوردبوونی یەکێکی کوردستان دەکات چ کرمانجی خواروو یان ناوەڕاست یان ژووروو بێت؟ ئایا کەسمان گوێمان لێبووە یەکێک بڵێ من کورد نیم؟ ئەگەر ئەوەی بڵێ من کورد بم و نەتەوەیەکی ترم داوا بکات بەو زمانە بخوێنێت ئێمە وەک وەزارەتی پەروەردە بە پێی یاسا بەرپرسین بە دابینکردنی خوێندن بۆی بە زمانەکەی خۆی. نەتەوەی کورد یەک نەتەوەیە و خاوەن یەک زمانە و شێوەزاری جیاوازی هەیە ئەمەش شتێکە لە هەموو دونیادا هەیە و هەبووە. ئەگەر وابێ هەورامیش سبەی دەڵێن بۆ هەورامی نەخوێندرێ، زازاییش و خانەقینیش هەروا، سلێمانی و هەروەها هەلێریش هەریەکەیان داوا دەکەن بەشێوەی خۆیان بخوێنن. ئەم زمانە فەرمییە هی هیچ شار و ناوچەیەک نییە، یانی هەموومان کە قسە دەکەین بە شێوەیەک قسە دەکەین، بەڵام کە



دڵشاد عەبدولڕەحمان (فۆتۆ:ڕووداو)

دێینە سەر نووسین ئەو قسەکردنە دەگۆڕین، من دەڵێم (ئەنووسم) بەڵام کە دێمە سەر نووسین دەنووسم (دەنووسم).

**ڕووداو: هەندێک کەس دەڵێ ئەو داوایە لەو کاتەدا لەجێی خۆیدا نییەو، چونکە خاوەنی شێوەزارەکانی دیکە ئیستیفزاز دەکات و پارچەبوونێکی زیاتر دروستدەکات؟**

**دڵشاد عەبدولڕەحمان:** ئێمە دەتوانین دیالۆگ لە گەڵ یەکتری بکەین و لەگەڵ یەکتر ئاخڤین دوور لە هەموو شێوەیەکی ئیستفزازی. چارەسەرکردن بە دانیشتن و قەناعەتپێکردن دەبێت بەو دوورەپەرێزییە نابێ من لێرە قسەیەک بکەم و بەڕێزێکی دیکە لە دهۆک قسەیەک بکات و یەکێکی دیکە لە خانەقین قسەیەکی دیکە بکات. من لەو باوەڕەدا نیم هیچ ڕۆشنبیرێکی دهۆک هەبێ ئامادەی گفتوگۆ نەبێت. من خۆم چەندین بەڕێزی دهۆکم بینیوە و قسەم لەگەڵدا کردوون و گەیشتووینەتە ئەنجامی زۆر باش بە گفتوگۆ.

**ڕووداو: لە بانگەوازەکەدا هاتووە بایەخ بە شێوەزارەکانی دیکەش بدرێت، بەڵام بادینییەکان دەڵێن ئەوە ئێستا لەو کتێبانەی لە هەولێر و سلێمانی دەخوێندرێن لەو چەند وشەیەی کە بە بادینی نووسراون هەڵە کراوە، ئەگەر هەر بە یەکجاری شێوەزاری دیکە بکرێتە ڕەسمی ئەو کاتە حاڵی چۆن دەبێ؟**

**دڵشاد عەبدولڕەحمان:** بەداخەوە هەڵە لە هەموو کتێبێکدا هەیە، خەڵکی پسپۆر دەبێ بێت ئەو بابەتە بنووسێت. بۆ نموونە ئەگەر تۆ باسی شاعیرێکی وەک ئەحمەدی خانی بکەیت کە شاعیرێکی گەورەی نەتەوەی کوردە بە کرمانجی ژووروو نووسیویەتی، دەبێ لە سەرچاوەکانی خۆیەوە دەقەکەی بگوێزیەوەو یەکێکیش سەرپەرشتی بکات کە ئەو شێوەزارە بە تەواوەتی بزانێت، بۆ ئەوەی تووشی هیچ هەڵەیەک نەبێت. ئەمانە چارەسەر نەکرێن. دووەم دەبێ هەموومان ڕێز لەو بڕیارە بگرین کە دەدرێت ئەویش بە قەناعەتپێکردن، بە سەپاندن نابێ. ئەمە بە فەرمی ناساندنی واقیعێکە کە کۆمەڵێک هۆکار بوونەتە هۆی دروستبوونی حەز و ئارەزووی تاکە کەسێک نییە.

**ڕووداو: لە بادینان دەڵێن ئێمە چیدی ئامادەنین منداڵەکانمان بکەینە مشکی تاقیگەکان ساڵێک بە بادینی و ساڵێک بە سۆرانی و ساڵێک بەتێکەڵ بخوێنن، چونکە ئاستی زانستی منداڵەکانمانی زۆر دابەزاندووە، هەست ناکەیت زوڵمێکی زۆر لە منداڵانی بادینان دەکرێت؟**

**دڵشاد عەبدولڕەحمان:** کێ ئەو زوڵمەیان لێدەکات، کێ زوڵمی لێکردوون. ئەی منداڵێک لە هەورامان لە دایکدەبێ لە تەوێڵە ئەو کتێبە دەخوێنێت کێ زوڵمی لێکردووە، منداڵێک لە خانەقین ئەو کتێبە دەخوێنێ کێ زوڵمی لێکردوون، ئێمە دەبێ بڕیار بدەین کوردین یان کورد نین، هەین یان نین، لە ڕاستیدا ناکرێت ئێمە لە هەموو شار وکووچە و گەڕەکێکدا بەو شێوزارە بخوێنین کە لەوێ قسەی پێدەکرێ.

**ڕووداو: ئەوان باسی زۆر گۆڕینی شێوەزاری خوێندن دەکەن؟**

**دڵشاد عەبدولڕەحمان:** منیش لەگەڵ ئەوەدام کە ناکرێ وابێت، بۆیە دەڵێین کاتی ئەوە هاتووە چارەسەر بکرێت. منیش لە گەڵ ئەو بۆچوونەم کە منداڵانی دهۆک دەبێ دڵنیاییەکیان بدرێتێ، ئێستا هەر لە دڵەڕاوکێدا دەژین. باشە تا بنەڕەتی بە کرمانجی ژووروو دەخوێنن، دێنە قۆناخی دیکە بە کرمانجی ناوەڕاست دەخوێنن، ئەوەتا دەڵێی دەنگێک هەیە داوای ئەوە بکرێت لەو پۆلانەشدا بە کرمانجی سەروو بخوێندرێ، ئەمە تووشی دڵەڕاوکێیان دەکات. ئێمە دەمانەوێ منداڵانی کوردستان بەلایەنی کەمەوە چەند زمانێکی بیانیش بزانن، عەرەبی، ئینگلیزی ئینجا ئێمە کە زمانە کوردییەکەی خۆمان هەموومان نەتوانین بیخوێنینەوە و قسەی پێبکەین، چۆن بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا بازبدەین و زمانێکی دیکە بزانین.

# نەبوونی خزمەتگوزاری دانیشتووانی گەڕەکە تازەکانی سلێمانی تووڕە دەکات



ئازیز مەحمود
azizshane@yahoo.com

**رووداو – سلێمانی**

دانیشتووانی چەندین گەڕەکی تازە دروستکراو لە سلێمانی سکاڵای ئەوە دەکەن کە فەرامۆشکراون و بێبەشن لە خزمەتگوزارییە سەرەتاییەکان.

بەدەیان گەڕەکی تازە دروستکراو بەبێ ئەوەی خزمەتگوزاری رێگاوبان، ئاو، ئاوەڕۆ و کارەبا لەدەرەوەی بازنەی شەشت مەتری سلێمانی دروستکراون ولەبارودۆخێکی خراپی بێ خزمەتگوزاریدا ژیان بەسەر دەبەن.

دانیشتوانی ئەم گەڕەکانە دەڵێن نەبوونی رێگاوبان و خزمەتگوزاری ئاو وئاوەڕۆ لەکێشە هەرە سەرەکییەکانە، ئەمە جگە لەنەبوونی خوێندنگاو بنکەی تەندروستی و بنکەی پۆلیس.

حەسەن سادق، ئەنجوومەنی گەڕەکی تاقگەیە لە باکووری شاری سلێمانی،کە یەکێکە لە گەڕەکە تازە دروستکراوەکان، بۆ (رووداو)دواو گوتی ماوەی چوار ساڵە ئەو گەڕەکە دروستکراوە، بەڵام تائێستا هیچ خزمەتگوزارییەکی بۆ دابین نەکراوە. وتیشی"شارەوانی بەجارێک ئەم گەڕەکەی فەرامۆشکردووە ".

هەروەها وتی"خەڵکی ئەم گەڕەکانە تەواو بێزارن و ئەگەر ئەو پێداویستیانەیان بۆ دابین نەکرێت کێشە دروست دەکات".

ئیدارەی پێشووی سلێمانی حکومەتی هەرێمی کوردستان لەساڵی 2000 دا بڕیاری خەرجکردنی پێشینەی خانووبەرەی بۆ ئەو کەسانە دەرکرد کە بەنیازی دروستکردنی خانوون.

بەدەرچوونی بڕیارەکە بە هەزاران کەس دەستیان بەدروستکردنی خانوو کرد، بەڵام بەبێ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان.

شارەزایانی بواری خزمەتگوزاری پێیانوایە کێشەکە لەنەبوونی پلاندایە ئەویش بەهۆی ئەوەی زەوی زۆر دابەشکراوە بەبێ ئەوەی خزمەتگوزاری بۆ دابینبکرێت.

سەربەست محەممەد (32) ساڵ مامۆستای خوێندنگەیەکی ناوەندییە لەگەڕەکی کانی سپیکەی شاری سلێمانی، کە یەکێکە لەو گەڕەکانەی لەساڵی 2001 وە دروستکراوەو تائێستا کێشەی رێگاوبان و ئاو و ئاوەڕۆی هەیە.

سەربەست وتی شارەوانی سلێمانی هیچ گرنگییەکی بەو گەڕەکە نەداوە، هەندێک لەشەقامەکانیش دانیشتوانی ناوچەکە خۆیان دروستیان کردووە.

هەروەها وتی"واهەستدەکەین لە بیاباندا دەژین، چونکە بێ ئاو و کارەبایە".

بەهۆی دووری و نەبوونی رێگاو بانەوە گەڕەکە تازە دروستکراوەکان، کێشەی هاتووچۆیان هەیە، نرخی هاتووچۆی تاکسی بۆ ئەو شوێنانە دوو ئەوەندەی گەڕەکەکانی ناوشارە.

ئازاد سابیر شۆفێری تەکسی، وتی ئەو ئامادە نییە داخلی بۆ ئەو گەڕەکانە بکات کە دوورن و رێگای قیرتاوکراویان نییە .وتیشی"ئەگەر بشچم دوو ئەوەندەی شوێنەکانی دیکە وەردەگرم، چونکە رێگای ئەو گەڕەکانە زۆر ناخۆشە".

گەڕەکی کانی سپیکە، قەرەتۆغان، تاقگە، کانی کوردە، کانی کوردەی سەروو، ئیبراهیم ئەحمەد، قڕگە، بەهەشتی شار لەو گەڕەکانەن کە گەورەترین کێشەی خزمەتگوزارییان هەیە.

لەو گەڕەکانەدا تۆڕەکانی ئاو دانەنراون، هێڵەکانی کارەبا بوونیان نییە، ئاوەڕۆش لەزۆربەیاندا دروستنەکراوەو رێگاکانیش گڵن.

پەیمان سەرتیپ ژنی ماڵەوەیەو خاوەنی دوو منداڵە، ئەو رۆژانە چەند جارێک ماڵەکەی لەو خۆڵ و خاشاکەی کە دەیگرێت پاکدەکاتەوە، جگە لەوەی کە تائێستا تۆڕی دابەشکردنی ئاویان نییە. پەیمان لە ماڵە دراوسێکەیانەوە کە بیری ئیرتیوازی لێداوە ئاو دەهێنێت.

پەیمان ترسی خۆی پیشاندا لەوەی کە ئەمساڵ بەهۆی وشکە ساڵییەوە بیرەکانی گەڕەکەکایان وشک بکات، چونکە ئەوکات کێشەی نەبوونی ئاویان بۆ دروست دەبێت.

پەیمان وتی"بەهەفتە منداڵەکانم ناچنە دەرەوە، چونکە ئەوەندە ئاوهەواکەی پیسە تووشی نەخۆشی دەبن، بەتایبەت خۆڵێکی زۆری هەیە" .ئەو ژنە بێ هیوا بووە لە بەڵێنەکانی شارەوانی" چونکە هیچیان نەکرد".

سەرجەم گەڕەکە تازە دروستکراوەکان تۆڕی دابەشکردنی ئاویان نییەو دانیشتوانەکەی لە رێگەی بەکارهێنانی بیری ئیرتیوازی،کەئەوەش زیان بەسامانی ئاوی ژێرەوی دەگەیێنێ، یان کڕینی ئاو بەتەنکەر ئاو پەیدا دەکەن.

ساڵی رابردوو زۆربەی تووشبوانی نەخۆشی کۆلێرا لەناو گەڕەکە تازە دروستکراوەکاندا بوون، ئەمەش بە پشت بەستن بە لێدوانەکانی بەرپرسانی تەندروستی سلێمانی، چونکە ئەو گەڕەکانە ئاوی بیر بەکاردەهێنن.

عومەر مەحوی سەرۆکی شارەوانی سلێمانی وتی لەبەرنامەیاندایە بۆ ئەمساڵ زۆربەی خزمەتگوزارییەکان بگەیێننە گەڕەکە تازە دروستکراوەکان.

وتیشی"زۆر لەو گەڕەکانە خزمەتگوزاری رێگاوبان و ئاوەڕۆیان بۆ تەواو کراوە، بەڵام هەندێکی دیکەیان ماون بۆ بەرنامەی ساڵی 2008 ".

لەهاوینی 2007 دا زنجیرەیەک خۆپیشاندان بۆ داواکردنی خزمەتگوزاری سەرەتایی لە ناو شاری سلێمانی و دەوروبەری دەستیانپێکرد، هەرچەندە بەردەوام لەلایەن دانیشتووانەکەیەوە رەخنەی توند ئاراستەی بەرپرسان و دەسەڵاتدارانی دەکرێت،بەڵام تائێستا شارەکە کێشەی گەورەی خزمەتگوزاری هەیە.

---

## پەنابەرە رۆژهەڵاتییەکانی باشووری شار

# "کەمپێک بۆ دەنگدان"



رەحمان غەریب
rehman@rudaw.net

**رووداو– سلێمانی**

کاتێک جەنگی عێراق–ئێران چووە قۆناخی شەڕی شارەکان،سەدان هاووڵاتی رووبانکردە عێراق و لەلایەن حکومەتی ئەوکاتی عێراقەوە لە ئۆردووگای (ئەڵتاش)ی نزیک رومادی نیشتەجێکران،بەشێکیشیان رێگەی هاوکاریکردنی رژێمیان هەڵبژاردوو بوونە چەکدار.

زیاتر لە 400 خێزانی دانیشتووانی کەمپی ئەڵتاش (15 کم خۆرئاوای بیابانی رومادی)، لە پاش رووخانی رژێمی سەدام،بەهۆی تەنگەتاوکردنیان لەلایەن گرووپە چەکدارە توندڕەوەکانەوە بەشێکیان رووبانکردە سنووری ئوردن و بەشێکیشیان رووبانکردە هەرێمی کوردستان،بۆ ماوەیەک لە ژێر خێوەتگە دەژیان، ساڵی 2003 کۆمیساریای باڵای پەنابەرانی سەر بە نەتەوەیەکگرتووەکان UNHCR بە هاوکاری رێکخراوی قەندیلی سویدی، کەمپی ئاوارەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان لە 45کم باشووری سلێمانی بۆ دروستکردن.

### شەڕ بۆ ئێمە بەرپا کرا

بەر لەوەی جەنگی عێراق– ئێران، پەل بهاوێتە ناو شارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان و ئێران،ئامینە محەممەد (62 ساڵ) خەڵکی سەرپێڵی زەهاو لەگەڵ خێزانەکەیدا بە ئارامی ژیانیان بەرێدەکرد، ئەو وایدەزانی بۆ چەند رۆژێک شوێنی نیشتەجێبوونی بگۆڕێت، جەنگ تەواو دەبێت، بەڵام ئێستا ئەوەتانێ 28 ساڵ بە سەر دەستپێکردنی جەنگ و نزیکەی 20 ساڵیش بەسەر وەستانی ئەو جەنگە تێپەڕی هێشتا ئەو لە ئاوارەییدا دەژیت" ئێستا خەڵک خێرمان پێدەکات،هەر کار دەکەین وفریای بژێوی پێنج سەر خێزان ناکەوین".ئامینە هەروەها گوتی" شەڕ بۆ ئێمە بەرپا کرا رەحمی بەکەسمان نەکرد، باحکومەتی کوردستان رەحمێکمان پێ بکات".

بە هۆی نەبوونی یانەی وەرزشی و سەنتەری رۆشنبیری، لاوانی کەمپەکە پاش ئەوەی لە کرێکاری دێنەوە لەسەر تەپۆلکەی بەردەم کەمپەکە تا خۆرئاوابوون خۆیان بە یاری دۆمینەوە خەریک دەکەن.

قانع محەممەد (15 ساڵ)لەوبارەوە گوتی "بەیانیان زوو دەچمە کرێکاری، ئێوارانیش خۆمان بە یاری دۆمینەوە خەریک دەکەین". ئەو بە پێکەنینەوە وتی دۆمینە شوێنی هەموو چالاکییەکانی بۆ گرتووینەتەوە .

کەمپی ئاوارەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لە باریکە، 430 خێزانی لەناو 350 خانووی دا دەژین، کە لەسەر بودجەی UNHCR بەهاوکاری رێکخراوی قەندیل دروستکراون.

وەک دانیشتووانی ئەو کەمپە باسیدەکەن ئەوان رۆژانە جۆرەها کێشەی یاساییان لەگەڵ فەرمانگەکانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بۆ درستدەبێت، وەک کێشەکانی پسوولەی خۆراک و نوێکردنەوەی مۆڵەتی مانەوە و هێنانی کەفیل بۆ مانەوە.

کەریم میرزایی خەڵکی پارێزگای کرماشانی رۆژهەڵاتی کوردستانە، باسی لەوەکرد ئەگەر هاووڵاتیەکی رۆژهەڵاتی پرۆسەی هاوسەرگیری لەگەڵ ئامۆزاییەکی خۆی ئەنجامبدات، لێرە گرێبەستی هاوسەریی بۆ ناکرێت " پێماندەڵێن ئێوە ئێرانین".

ئەو داوایکرد ئەو هاووڵاتیانەی دەیانەوێ بگەڕێنەوە بۆ ئێران با ئەو مافەیان بدرێتێ بە هەماهەنگی نێوان UN وحکومەتی عێراق، ئەوانەش کە پەنابەری سیاسین رەوانەی دەرەوە بکرێن،داوای ئەوەیشی کرد دوای چەندان ساڵ مانەوە لە عێراق دەبێ" ئەوانەی داوای رەگەزنامەی عێراقی دەکەن ئەو مافەیان بدرێتی".

عەدنان مەجید، کە دەبینێ لەو مافانە بێ بەشن پرسیار دەکا و دەڵێ " بۆچی لەکاتی دەنگدانەکاندا دەمانبەن بۆ سەر سندوقی دەنگدان و پاشان مافی هاووڵاتیبونمان فەرامۆش دەکەن "، ئەو باسی ئەو جیاوازی رەفتارە دەکات و دە پرسێتەوە"ئایا راستە ئەم کەمپە تەنیا لەکاتی دەنگدان دا هەست بە بوونی دەکرێت؟".



چەند ژنێکی کەمپی ئاوارەکانی خۆرهەڵاتی کوردستان لە باشووری سلێمانی لە کاتی گەڕانەوەیان لە کار (فۆتۆ:رووداو)

### نەوەیەکی پەنابەر لەدایکبوون

جگە لە کرێکاری پەنابەرانی هەژاری کەمپی باریکە، هیچ دەرفەتێکی دیکەی کارکردن،یارمەتی پەنابەرێتیان لەلای حکومەتی هەرێمی کوردستانیان نییە.

زیبا فەتاح داود خۆی و 11 سەرخێزانی" 30 ساڵە پەنابەرە لەم وڵاتە".

زیبا وتی" نەوەیەکمان لەم وڵاتە لەدایکبوون هێشتا هەست ناکەین وەک هاووڵاتییەکی ئاسایی مامەڵمان لەگەڵ دەکەن "، گوتیشی" نە مووچەمان هەیە نە کوڕەکانیشمان لە فەرمانگەکانی حکومەت دادەمەزرێنن".

ئاسۆی قوتابی پۆلی پێنجەمی دواناوەندی هەمان کێشەی خستە روو و گوتی"زانکۆش تەواو بکەین لە فەرمانگەکانی حکومەت دانامەزرێین، بۆیە زۆر خەمی قوتابخانەمان نییە و واز دێنین".

### ئاستەنگ بۆ کاسبکارەکانیان دروستدەکرێت

حەمید عەبدولرەحمان عەلی خاوەنی ئۆتۆمبێلکە رۆژانە دانیشتوانی کەمپەکە بۆ ناو شار دەگوازێتەوە، ئەو داوایکرد چارەنووسیان دیاری بکرێت یان ئەوەتا بیانبەنە وڵاتی سێیەم یان مافی هاووڵاتیبوونیان لە عێراق پێبدرێ و گوتی" لە هەموو مامەڵەکردنێک هەست بە جیاوازی دەکەین "،هەروەها گوتیشی، نایەڵن لەم هێڵە کار بکەین و داوای مۆڵەتمان لێدەکەن، ئەو مۆڵەتەش تەنیا دەدرێتە عێراقیان.

حەسەن حسێنی هاوڕێی هەمان کێشەی هەبوو و گوتی"کاتێک بە ئۆتۆمبێلی خۆمان دەنگدەرامان دەبردە بنکەکانی دەنگدان،ئێمە هاووڵاتی پلە یەک بووین"،ئەو مامەڵەی باش و نەباش بە رەوشی دەنگدان نزیکدەبێتەوەو دەبینە هاووڵاتی پلە یەک کە دەنگدان نەما دەبینەوە هاووڵاتی پلە دوو.

### بەرەبەیانی هەژاران

بەشێک لە ژنانی کەمپی پەنابەران بەرەبەیانێکی زۆر زوو دەکەونە دەشت و شاخەکان بە مەبەستی کۆکردنەوەی هەندێ گژو گیا کە بتوانن بژێوی رۆژانەیان مسۆگەر بکەن.

ئەسمەر محەممەد یەکێکبوو لەو ژنانە کە لە پێنجی بەیانییەوە چوبوو بۆ کارکردن، ئەو بەر لەوەی لە ئۆتۆمبێلەکە دابەزێ گوتی"تەماشای دەستمان بکەن ئەمە حاڵی ژیانمانە ئەمە گوزەرانمانە".

دیاربوو لەلای ئەسمەرەوە پیشاندانی لەپی دەستی بەس بوو، بۆ دەربڕینی خەم و ئازاری رۆژانەی بارودۆخی کارکردنیان بەوپەڕی نائومێدیشەوە وتی"قسەی چی بکەین کێ گوێمان لێدەگرێت".

کەریم میرزایی کە لە نوێنەرایەتی پەنابەرانی کەمپی باریکە یە،ئاماژەی بەوەشکرد کە بە مەبەستی گەیاندنی داخوازییەکانیان بۆ UN، دانیشتووانی کەمپەکە بە نیازن خۆپیشاندانێکی هێمانە سازبکەن و گوتیشی بۆ ئەوە داوای مۆڵەت دەکەن تاوەکو داخوازەکانیان بگەیێننە نەتەوەیەکگرتووەکان"لەو 28 ساڵەدا نەوەیەکمان لە عێراق لەدایکبوو و ژنیان هێنا، جارێک بە پرنسیپەکانی نەتەوەیەکگرتوەکان بۆ مافی پەنابەران مامەڵەمان لەتەک ناکەن.

هەروەها وتیشی"خەڵکی گلەیی زۆرەو چاوەڕوانی هەنگاوی کردەیین لە نەتەوە یەکگرتووەکان".

---

# 20 %ی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانی ناحیەی رزگاری بێوەژنن

## "لە سەر جەستەو حەمام و پێخوری ئێمە شۆرش بەڕێوەچوو، سازشکارییەکی سیاسیش لەسەر ئێسک وپروسکی شەهیدەکانمان قبوڵ ناکرێت"

### سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکار لە قوربانیانی ئەنفال لەگەرمیان

**بیلال سەعید**

**رووداو–ناحیەی رزگاری**

ئەنفال وەک شاڵاوێکی سەربازی کۆتایی هات، بەڵام ئازارو برینەکانی بەردەوامە، ئەوانەی کەسوکاریان لەپرۆسەی ئەنفالدا تیاچوون ئێستا خۆیان لەهەوڵی سارێژکردنی برینەکانیاندان.

کەسوکاری قوربانیانی ئەنفالکراوەکان درکیان بەوە کرد وەکو پێویست ئاوڕیان لێنەدراوەتەوە بۆیە کۆمەڵێک لەگەنجانی پاشماوەی ئەنفال لیژنەی داکۆکیکار لەکەسوکاری ئەنفالکراوەکانی گەرمیانیان دامەزراند، بۆ هاوکاری کردنی کەسوکاری قوربانیانی ئەنفال و سارێژکردنی برینەکانیان، کاری سەرەکی لیژنەی داکۆکیکار لەکەسوکاری ئەنفالکراوەکان، لە دەرگادانی بەرپرسەکانە.

سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکار لە قوربانیانی ئەنفال، موحسن رەشیدە کە لەدایکبووی 1967 و 27 کەس لەبنەماڵەکەی بەر شاڵاوی ئەنفال کەتوون. موحسین، دەڵێت"یەکەم چالاکیمان سەردانی لایەنە بەرپرسەکان بوو، لەوانەش سەرۆکی حکومەتی کوردستان و یاداشتێکی 19 خاڵیمان پێشکێش کرد کە دروستکردنی ئەم خانووانەی ئێستای لەنێودابوو کە ئەنجوومەنی وەزیرانی کوردستان بڕیاری لەبارەوە دان".

موحسین رەشید، ئاماژە بەوە دەکات کە دروستبوونی لیژنەکەیان لەئەنجامی کەمتەرخەمی دەسەڵاتەوە بووە بۆ داخوازییەکانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان " هەستمان کرد لەلایەن حکومەتی هەرێمەوە بەپێی پێویست وەڵامی داخوازیەکانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان نەدراوەتەوە، بۆیە ئێمەش وەک کۆمەڵێک گەنجی ناحیەی رزگاری و کەلار هەستاین بەدامەزراندنی لیژنەیەک بۆ بەدواداچوونی ماف و داخوازییەکانی کەسوکاری ئەنفالکراوەکان".



کەسوکاری ئەنفالکراوەکان گلەییەکی زۆریان لە بەرپرسانی کورد هەیە

ناحیەی رزگاری مەڵبەندی کەسوکاری ئەنفالکراوەکانە، ئەگەر کەسێکی نامۆش بەبرینەکانی کوردو ئەنفال بەم ناحیەدا تێپەڕ ببێت، وێنەیەک لەچاوی چەندین ئافرەتی رەشپۆشەوە دەبینێت کە لەناوبردنی نەتەوەیەک نمایش دەکات، چەندین ئافرەت دەبینێت بەجلی رەشەوە ساڵەهای ساڵە پرچی سپی بۆ ئازیزەکانیان دەهۆننەوە.

بەشێکی زۆری ئەم ناحیە ئافرەت گەلێکن کە بەتەنهاو بەبێ مێرد ژیان دەگوزەرێنن، بەپێی ئامارێک کە لیژنەی داکۆکیکار لەقوربانیانی ئەنفال ئامادەیان کردووە"450 خانەوادە لەکەسوکاری ئەنفالکراوەکان لەناحیەی رزگاری نیشتەجێن، لەناویاندا 90 بێوەژن و پیاو کە بەتەنها لەپرۆسەی ئەنفالدا رزگاریان بووە ئێستا لەم ناحییەدا دەژین، ئەمە جگە لە 18 خوشک و 32 برا و نزیکەی 150 هاوسەر لەپیاو و ژن کە کەسوکاریان ئەنفالن".

4/14/ هەموو ساڵێک یادی کارەساتی ئەنفالە، بەڵام کەسوکاری ئەنفالکراوەکان هێندەی پێویستیان بەخزمەتکردن هەیە، پێویستیان بەم یادکردنەوەیە نییە.

بەڕێوەبەری لیژنەی داکۆکیکار لەقوربانیانی ئەنفالیش دەڵێت " سەردانی لایەنە پەیوەندیدارەکانمان کردووە و زیاتر پێمان لەسەر ئەوە داگرتووە کە کەسوکاری ئەنفالکراوەکان پێویستیان بەیادکردنەوە نییە، بەقەد ئەوەی کە پێویستیان بەخزمەتگوزاری و چارەسەری دەروونی و قەرەبووکردنەوەو هێنانەوەی روفاتی ئەنفالکراوەکان هەیە".

بەپێی لێدوانی بەڕێوەبەری لیژنەی داکۆکیکار لەکەسوکاری ئەنفال کراوەکان" کەسوکاری پاشماوەی ئەنفالکراوەکان، گلەییان لەسەرکردایەتی کورد هەیە کە بە بڕیارێکی سیاسی جاش ومستەشارەکانیان بەخشی".

موحسین رەشید، ئەو دەخاتە روو کە " لەدوای بڕیاری کۆتایی دادگای باڵای تاوانەکان لەبەغدا سەبارەت بە تاوانبارنی ئەنفال، 15 رێکخراو لەسلێمانی یاداشتێکمان ئاراستەی سەرۆک کومار و حکومەتی عێراق و لایەنە پەیوەندیدارەکانی کوردستان کرد و، داوامانکرد دەست لەکاروباری یاسا وەرنەدرێت و تاوانبارەکان بەسزای خۆیان بگەیێندرێن و تۆمەتبارەکانیش ببردرێنە بەردەم دادگا، بەڵام بەداخەوە ئێمە زۆر نیگەرانین وەک کەسوکاری ئەنفالکراوەکان تاوەکو ئێستا کەیسی ئەنفال لەبەردەم هەڕەشەی دەستتێوەرداندایەو لایەنگرانی بەعس پیلانیان بۆی هەیە".

سەرۆکی لیژنەی داکۆکیکار لەقوربانیان ئەنفال نیگەرانە لەوەی کەچەندین لایەن بەرگری لەسوڵتان هاشم دەکەن، لەکاتێکدا ئەو رۆڵی سەرەکی هەبووە لەپرۆسەی ئەنفالدا، دەڵێت" کەسوکاری ئەنفالکراوەکان قوربانی شۆڕشی کوردستانن، لەسەر جەستەو حەمام و پێخوری ئێمە شۆرش بەڕێوەچوو، ئێستاش جارێکیتر لەسەر ئێسک وپروسکی شەهیدەکانی ئێمە سازشکارییەکی سیاسی بکرێت جێگای دڵگرانی ئێمەیەو قبوڵ ناکەین".

## د.فازڵ عومەر، سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک:

# گلەییمان زۆرە لە 43 وەزیر تەنیا 3 وەزیر خەڵکی دهۆکن


د.فازڵ: عومەر
(فۆتۆ:ڕووداو)

**ڕووداو: پێکهاتەی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک چۆنە؟**

**د. فازڵ:** چوار حیزب لە هەڵبژاردنەکاندا گەیشتنە ئەنجوومەنی پارێزگا. لیستی پارتی کە لە گەڵ حیزبی شیوعیدا بوو 33 کورسی هێنا کە لەو 33 یە یەکێکیان شیوعییە. لیستی یەکێتی 4 ئەندامی هەیە، لیستی یەکگرتووش بەهەمان شێوە 4 ئەندامی هەیە. وەک ژن و پیاوایش 2 بە 1 ـە. واتە 13 ژنن، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئەندامێکی ژنمان چووە دەرەوەی وڵات و ئەوەی لە لیستەکەشدا بەدوای ئەودا دەهات پیاو بوو، ئێستا ژمارەی ژنەکان 12 یە.

**ڕووداو: ئێوە وەک ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک توانیوتانە چی بکەن؟**

**د. فازڵ:** لەبەر ئەوەی تا ئێستا یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە کوردستان نییە، ئەنجوومەنی پارێزگاکان نەیانتوانیوە کارێکی سیستەماتیک بکات و دەسەڵاتەکانی دیار نین. هەروەها دەتوانم بڵێم کە ئێمە هێشتا ساواین لەو بوارەدا. تا ئێستا لەلای ئەندامانی ئەنجوومەن و لەلای خەڵکیش روون نییە کاری ئەنجوومەنی پارێزگا چییە. تا ئێستاش جیاکردنەوەی دەسەڵات لەنێوان ئەنجوومەنی پارێزگا و پارێزگار و جێگرەکانیدا نەکراوەو تێکەڵییەک هەیە. کاتێک یاسا و پێناسەیەک نەبێ ئەنجوومەنیش خۆی ناناسێ و نازانێ ئەرکی چییە. لەگەڵ ئەوەشدا، چاودێری بوارە جیاجیاکانمان کردووە. لە کۆتایی 2007 بوودجەی پەرەپێدانی ساڵی 2008ی دهۆکمان پەسەند کرد. لەبارەی پێوەرەکانی نرخی شتومەک، ڕێنماییەکانی دابەشکردنی زەوی، نرخی مەتری مەڕمەڕ و چیمەنتۆ، لیژنەکانمان سەردانی بەڕێوەبەرایەتییە پەیوەستییەکانیان دەکەن و کێشەکانیان بە هەماهەنگی لەگەڵ پارێزگادا چارەسەر دەکەن. ئەندامامان لە لیژنەی دابەشکردنی زەوی، جەنەڕێتەرەکان. بەشداریمان لە زۆر پرۆژە لەسەر ئاستی کوردستان و عێراقدا کردوون لەبارەی یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان.

**ڕووداو: وابزانم ئێوە لە ناو بینایەی پارێزگادا نین و کرێش نادەن؟**

**د. فازڵ:** ڕاستە، ئێمە لەناو ئەو خانووەداین کە بۆ پارێزگار دروستکراوەو کاک تەمەر ڕەمەزانی پارێزگاری دهۆک گوتی ئێوە بڕۆنە ناوی تاوەکو بینایەیەک بۆ خۆتان دروستدەکەن و من خانووی خۆم هەیە. ئێستا زەویمان وەرگرتووە و بەنیازین لەساڵانی بینایەکی سەربەخۆ بۆ ئەنجوومەنی پارێزگای لەسەر دروستبکەین.

**ڕووداو: هیچ ڕەخنەو تێبینیتان لەسەر شێوازی خەرجکردنی بوودجەی 2007 ی پەرەپێدانی دهۆک نییە؟**

**د. فازڵ:** هیچ کێشەی نەبووە. چونکە بوودجەی پارێزگاکان لەسەر ئاستی هەموو عێراق ئاشکرایە و ئەو پرۆژانەی ئەو پارەیەشی لێ خەرجکراوە دیارن. مانگانە بۆ مان دێت هەر پرۆژەیەک تا چەند کراوەو چەندی ماوە. پارێزگای ئێمە یەکێکە لەو پارێزگایانەی پرۆژەکانی تەواو بووینە، زۆر پارێزگا نیوەی پرۆژەکانیشیان تەواو نەکردوون.

**ڕووداو: دەتوانن بڵێن لەوبارەدا هیچ گەندەڵی لە دهۆک نییە؟**

**د. فازڵ:** نەخێر نییە.

**ڕووداو: ساڵی 2007 لە خەرجکردنی بوودجەی پەرەپێدانی پارێزگاکاندا لەسەر ئاستی عێراق پارێزگای هەولێر یەکەم بوو، ئێوە چەندەم بوون؟**

**د. فازڵ:** ئێمە واماندەزانی ئێمە یەکەمین، چونکە وامانزانی و هەر واش زانیاریمان بۆ هاتووە.

**ڕووداو: لە هەولێر ئەندامانی حیزبەکانی دیکە گلەیی ئەوەدەکەن کە پارێزگا و پارێزگار پرسیان پێ ناکات، ئێوە ئەو گلەییەتان لە پارێزگای دهۆک هەیە؟**

**د. فازڵ:** خۆی تا ئێستا یاسایەک نییە دەسەڵاتەکانی ئەنجوومەن لە پارێزگار جیابکاتەوە لەبەر ئەوە تا ئێستا ئەوە دیارنییە. بەڵام بەگشتی پارێزگار پرسمان پێدەکات و بەشداری چالاکییە ڕەسمییەکان دەکەین و ڕۆژانە من وەک سەرۆکی ئەنجوومەن سەردانی پارێزگا دەکەم.

**ڕووداو: ساڵی ڕابردوو گرووپێک بەناوی کوردی دهۆکەوە لە ئەورووپا بەیاننامەیەکیان بڵاوکردەوە کە لەبەر ئەوەی دهۆک پشتگوێخراوە، ئەوان هەوڵدەدەن ئەو بایەخە دابین بکەن بەوەی داوادەکەن دهۆک بکرێتە هەرێمێکی فیدرالی، ئەوە چۆن دەبینن؟**

**د. فازڵ:** بێگومان ئێمە لەڕووی پرەنسیپییەوە لەگەڵ ئەوە نین و گەلی ئێمە چەندان ساڵە بۆ یەکگرتن و ڕزگاربوون تێدەکۆشێ. هەروەها ئاگاداری بوونی گرووپێکی لەو جۆرەش نین. ڕەنگە ئەوانە چەند کەسێکبن و شتێکی وا گرنگ نییە.

**ڕووداو: باشە ئێوە وایدەبینن حکومەتی کوردستان دهۆکی پشتگوێخستبێ؟**

**د. فازڵ:** بەڕاستی تا ڕادەیەکی زۆر ئەو دەنگوباسە لەدهۆک بەربڵاوەو، بەتایبەتی لەو ساڵانەی دوایی، بەتایبەتی کە هەردوو شارەکەی دیکە (هەولێر و سلێمانی) کە هەردووکیان دوو پایتەختبوون لە هەرێمی کوردستان ووەک پایتەخت ڕەفتاریان لەگەڵ دەکرا، تاوەکو ئێستاش بوودجەی هەرێم بەسەر ئەو دوو پایتەختەدا دابەشدەبێ. ڕەنگە بۆ دهۆک دووڤەلانکیەک دیاربێ، خەڵکی ئێمەش کە ئەو هەموو ئاوەدانییە لە هەولێر دەبینێ و، کە دەچێتە هەولێر دەبینی هەولێر لەو چوار ساڵەدا لە شارێکی دواکەوتووەوە بووەتە پێشکەوتوو، لەبەرامبەردا کە دهۆک دەبینێ، جیاوازییەکە بەرچاوەو ناشاردرێتەوە. هەندێک شت هەن بێگومان هاوبەشن و دەبێ وەک پایتەخت لە هەولێر دروستبکرێن، وەک بینایەکانی وەزارەت و ئەنجوومەن و پەرلەمان و باڵەفڕخانە بۆ هەمووانن و دەکرێ لە دهۆک و سلێمانی نەبن. بەڵام کاتێک باڵەفڕخانە لە سلێمانی هەبێ بۆچی لە دهۆک نەبێ. کاتێک شێوازی بەرفراوانی ئاوەدانی لە هەولێر و سلێمانی هەبن پرسیارە بۆچی ئەو شێوانەی ئاوەدانکاری لە دهۆک نەبن. لە دهۆک ئێستا قسەیەک هەیە دەڵێ، خانووان دروستنەکەن نەوەک لە هەولێر و سلێمانی تووڕە ببن، با لە دهۆک ئاو نەبێ نەوەک لە هەولێر و سلێمانی عاجزببن. بۆنموونە کارەبای هەولێر و سلێمانی ڕاستە کەمە، بەڵام بەرهەمهێنانی کارەبا لە دهۆک سفرە. وێستگەکانی کارەبا لە هەولێر و سلێمانی بەرەو تەواو بوونن، کەچی لە دهۆک دوای چەند شەڕێک تازە بەردی بناخەیان داندراوە. ئەوەش پرسیارێک لای خەڵکی دهۆکی و لای من وەک کەسێکی دهۆک دروستدەکات.

**ڕووداو: تۆش وەک بەرپرسێکی دهۆک ئەو گلەییانەت هەن؟**

**د. فازڵ:** ئەوانە هەموویان گلەیی بوون.

**ڕووداو: تۆ وایناببینی بایەخدان بە دهۆک وەک خۆی بێ، بەڵام بایەخی دهۆک لەڕووی بازرگانییەوە کەمبوویێ لە دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدامەوە، نەک بایەخدان بە دهۆک کەمبوویێتەوەو ئەوە ڕاست نەبێ کە دهۆک و سلێمانی بڵێن ئێمە بووینەتە قەزا؟**

**د. فازڵ:** بەشداری گرنگە، ئەگەر ژمارەی دانیشتوانی هەرێمی کوردستان چوار ملیۆن بێ، ملیۆنێکی لە دهۆکە، ئەگەر دانیشتوانی شنگار و دەوروبەری موسڵیشی بخەیە سەر لەوانەیە ببێتە 40 %، باشە ئەی خەڵکی دهۆک چەند بەشدارە لە حکومەتی هەرێمدا؟چەند دهۆکی بەڕێوەبەری گشتین لە وەزارەتەکان لە هەولێر؟

**ڕووداو: واتە بەڕای ئێوە بەشدارییەکە کەمە؟**

**د. فازڵ:** نەک هەر کەم بەڵکو لە هەندێ وەزارەتاندا هەر بوونمان نییە. بۆنموونە وەزارەتی تەندروستی لە پاسەوانی بەر دەرگاوە بگرە تا دیوانی وەزارەت یەک دهۆکی تێدانییە. خۆ ئەو وەزارەتانە تەنیا هی هەولێر و سلێمانی نین. ئەگەر بەڕێوەبەرایەتی گشتیی لە هەولێرە تەواوە، بەڵام وەزارەت هی هەموو پارێزگاکانە.

## وەزارەتی تەندروستی لەپاسەوانی بەردەرگا تا دیوانی وەزارەت دهۆکییەکی لێ نییە

**ڕووداو: ئەی چۆن دەڕواننە بەشداریی دهۆک لە پەرلەمان و حکومەتدا وەک وەزیر؟**

**د.فازڵ:** لەبەرحیزبایەتی و دابەشکردنی ناوچەیی باشترە، هەرچەندە ڕەنگە لەوێش ناداد پەروەری هەبێ، بەڵام وەک وەزارەتان نییە. 3 وەزیرمان هەیە لەکۆی 43 وەزیر. ئەوە ڕێژەیەکی دادپەروەرانە نییە. لە بەڕێوەبەرە گشتییەکانیش، کە هەر وەزارەتێک بەلای کەمی سێ بەڕێوەبەری گشتیی هەن، دهۆک 4 بەڕێوەبەری گشتی هەن. ڕێژەی دهۆکیان لە شارەزاو راوێژکارانیش نابێتە 1%. ئەگەر وەزارەتێک 100شارەزای هەبێ یەکێکیشیان دهۆکی نییە. کە هەر وەزارەتێک دەیانی هەیە. لە وەزارەتی ڕۆشنبیری لە کۆی زیاتر لە 40 راوێژکار و شارەزا، دهۆک 2ی هەیە.

**ڕووداو: هەندێجار لە هەولێر وسلێمانی دەگوترێ، دهۆک خۆی لە ئێمە دابڕیوە؟**

**د. فازڵ:** وابزنم ئەوە هەمووی پەیوەستە بە مەسەلەی زمانەوە، ئەگەرنا ئێمەلەهەموو ڕووێکەوە سەر بە هەولێرین. دهۆک پێش ئەوەی ببێتە پارێزگا سەر بە موسڵ بوو، تابعی موسڵ بوو. ئێستاش بە مەفهومی قەزابوون، هەستدەکەم قەزایەکی سەر بە هەولێرە، لەکاتێکدا ئەمڕۆ سەردەمی دەسەڵاتداریی نا مەرکەزییە.

## وا هەستدەکەم دهۆک قەزایەکی سەر بە هەولێرە



**ڕووداو: دەگوترێ ئەگەر بارودۆخی موسڵ ئارامببێتەوە، دهۆک پتر پەیوەست دەبێتەوە بە موسڵ، چونکە هەردوو شارەکە بە هۆی هەندێ عەشیرەتەوە درێژبوونەوەیان هەیە بۆ ناو یەکتر، ڕای تۆ چییە؟**

**د. فازڵ:** ئەوە شیمانە (احتمال)یەکی زۆر بەهێزە، لەبەر ئەوەی موسڵ نزیکترە، ڕێییەکی ڕاستەوخۆ لە نێوان دهۆک و موسڵ هەیە، بەڵام دەسەڵاتداریی کوردستان دوای 17 ساڵیش هێشتا نەیتوانیوە ڕێگایەکی ڕێکوپێک لە نێوان دهۆک و هەولێر دروستبکات. ئەگەر بارودۆخی موسڵ ئارام ببێ، هەولێر و دهۆک بۆ چوونە شارەکانی یەکتر بە موسڵ دا هاتووچۆدەکەن چونکە ڕێگایەکی خۆشتر و نزیکترە. هەولێر تایبەتمەندی ئەوەی زیاترە باڵەفڕخانەی هەیە، بەڵام موسڵیش خەریکی دروستکردنی باڵەفڕخانەیە.

**ڕووداو: ئەی پێتوایە لەدوای 17 ساڵ بەهێزبوونی بازرگانی لەگەڵ تورکیا لە دەروازەی ئیبراهیم خەلیلەوە، دهۆک زیاتر نزیکی هەرێمی بۆتانی باکووری کوردستان بووە نەک سلێمانی و هەولێر؟**

**د. فازڵ:** لێک نزیکبوونێکی شەرمنە چونکە سنووریان لەنێواندا هەیە. ئەگەر سنوورێکی وەک وڵاتانی ئەورووپا بووایە، دهۆک ڕەنگە پشتی خۆی دابووایە هەولێر و سلێمانی. بەتایبەتی ژن و ژنخوازی هەبووە لەنێوان هەردوولا. حکومەت پێویستەبایەخ بە دهۆک بدات چونکە پردی بەستنەوەیە لەگەڵ پارچەکانی دیکەی کوردستان. دهۆک کە هاوشێوەزارە لە گەڵ بۆتان دەتوانێ لەگەڵی بگونجێ بە بەراورد لە شوێنێکی دیکە کە هەر حیسابت بۆناکات.

**ڕووداو: ساڵی ڕابردووش دووبارە خوێندن لە بادینییەوە کرایەوە بە سۆرانی لە دهۆک، ئەمساڵ چۆنە و چیتان کردووە؟**

**د. فازڵ:** من بەردەوام لەنێو ئەو مەسەلەیەدا بوومە، لەساڵانی نەوەتەکانەوە تا ئەمڕۆ. ئێستا ئەو کێشەیە گەیشتووەتە سەر شەقامی دهۆکیش و دەڵێن تاقیکردنەوە لەسەر منداڵانی بادینان بەسە. ساڵێک بە بادینی و ساڵێک بە تێکەڵی و ساڵێک بە سۆرانی، وایکردووە منداڵی ئێمە ببێتە مشکی ناو تاقیگەیەکی بایۆلۆجی. بەڕاستی ئەوە قبوڵ نییە. ئێستا ئەنجامەکانی پەروەردەی دهۆک و ئاستی قوتابیەکانمان بەرەو خراپی دەچێ بەهۆی زمانەوە، باشە بۆچی شێوەزار بکرێتە ئاستەنگی بەردەم وەرگرتنی زانست لەلایەن منداڵانی دهۆک. نازانم چ حیکمەتێک لەوەدایە کە وەزارەتی پەروەردە ڕێ لەوە دەگرێ کە منداڵی بادینی بە بەبادینی بخوێنێ، بۆچی بە شێوەزارێک بخوێنێ کە نەتوانێ ئەنجامی باشی لێببێنێ. ئەوە تاوانێکی گەورەیە لەو قۆناخەدا بەرامبەر دهۆک دەکرێ. ئێمە وەک ئەنجوومەنی پارێزگا و دەستە ڕۆشنبیرییەکان و پەروەردە لە دهۆک گەیشتووینەتە بڕیارێکی نووسراو کە هەموو قۆناخەکان بەشێوەزاری کرمانجی سەروو بخوێندرێ، لەگەڵ وانەیەکی کرمانجیی خواروو بۆئەوەی لە کۆتایی قۆناخی ئامادەیی شێوەزارەکانی دیکەش باش بزانێ، ئەگەر قوتابی ئێمە چووە زانکۆی سلێمانیش شارەزای شێوەزارە سەرەکییەکەی دیکەی کوردی بێت. لە هەولێر و سلێمانیش بە هەمان شێوە وانەیەکی کرمانجی سەروو بخوێندرێ.

## هەڵبژاردنەوەی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لەوکاتەدا بە شەرمەزاری دەبینم

**ڕووداو: ئەو پرۆژەیەتان داوەتە کێ؟**

**د. فازڵ:** داومانەتە وەزارەتی پەروەردە.

**ڕووداو: قبوڵیان کردووە؟**

**د. فازڵ:** تا ئێستا بۆ 6 ساڵ قبوڵیان کردووە، واوەتر نازانم.

**ڕووداو: ئێوە لە ئەنجوومەنی پارێزگا بە هەموو لیستەکانەوە یەکبیرن لەسەر ئەو ڕایە؟**

**د. فازڵ:** ئەوە تێڕوانینێکی تاکە کەسییە. لە لیستی پارتی ئەندامێکمان هەیە مامۆستایە و ڕایەکەی وەک ئێمە نییە. ئەوە پێوەندی بە دەڤەرەوە هەیە نەک لیستی حیزبییەوە.

**ڕووداو: هەندێ دەزگا بەتایبەتی لە دەرەوە باس لەوە دەکەن کە ناداپەروەری دەکرێ بەرامبەر مەسیحییەکان لە پارێزگای دهۆک، هەرچەندە گوندییە مەسیحییەکان ڕای پێچەوانەیان هەیە. ڕای ئێوە چییە؟**

**د. فازڵ:** بەڕاستی ئەوە مرۆڤ تووشی وەستان دەکات، دوای ڕووخانی ڕژێمی سەدام و زۆربوونی توندووتیژی لە عێراق زۆر مەسیحی لەشارەکانی ناوەڕاستی عێراقەوە هاتوونەتەوە سەر گوندەکانیان، ئەو خانووانەی بۆ ئەوان دروستکراون زۆر باشن. جاری واهەیە دەبینی خانووی زۆرباش بۆ مەسیحییەک دروستدەکرێ و هەموو شتی بۆ دابیندەکرێ، بەڵام دراوسێ موسڵمانەکەی هیچی بۆ نەکراوە. ئێستا بەگشتی لە دهۆک ڕایەکی پێچەوانەی ئەوە هەیە، دەگوترێ هەموو شتێک بۆ ئەوان دەکرێ و ئەوە بۆ موسڵمان و ئێزدیان ناکرێ. تەنیا یەک ڕاستی لەوەدا هەیە کە لەدرەوە باسدەکرێ، ئەویش ئەوەیە گوندێک لە تەنیشت باڵەفڕخانەی بامەڕنێ هەیە، زیاتر لە 60 ساڵە چۆڵبووە، چۆڵەوانییە و ئێستا کێڵدراوە و کراوەتە هەڵلا لەسەری بێ ئەوەی کەس بێتەوە سەری. ئەگەر نا وەکودیکە ناتوانن ناوی یەک مەسیحی بێنن کە ئێزدییەک یان موسڵمانێک زەویەکەی داگیرکردبێ.

سیستەمی سیاسی و کارگێڕی وڵاتی ئێمە لەسەربنەمای هاوڵاتیبوون دامەزراوە، بۆیە کەس لەسەر بنەمای ئایینی و ڕەگەز تەماشای هیچ هاووڵاتییەک ناکات.

**ڕووداو: لە 41 ئەندامەکەی ئەنجوومەنی پارێزگای دهۆک چەندیان مەسیحین؟**

**د. فازڵ:** 3 ئەندام.

**ڕووداو: چیتان کردووە بۆ بوونی یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە کوردستان؟**

**د. فازڵ:** لەعێراق کار بە یاسای 71ی سەردەمی بریمەر دەکرا، ئێستا یاسا تازەکەیان لە پەرلەمان دەرچووە. کاتی خۆی ئێمەش پرۆژە یاسایەکمان پێشکێش کرد، بەڵام لیژنەی یاسایی ئەنجوومەنی وەزیران زۆر دەستکاری تێداکردووە، بەشێوەیەک لەجیاتی یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان بووەتە یاسای پارێزگاکان. واتە ئەو یاسایەی لە پەرلەمانە یاسای پارێزگاکانە نەک ئەنجوومەنی پارێزگاکان. ئێمە سەرۆکی هەرسێ ئەنجوومەنی پارێزگاکان سەردانی پەرلەمانمان کرد و پێمانگوت سەرەوەری هەرێم بەلای ئێمەوە زۆر گرنگە هەروەها نا مەرکەزیبوونی دەسەڵاتیشمان بەلاوە گرنگە.

**ڕووداو: ئێستا بڕیاری ئەوە هەیە ئەمساڵ هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان لە عێراق بکرێتەوە، لەو بڕوایەدای لە کوردستانیش ئەو هەڵبژاردنە لە گەڵ ئەواندا بکرێتەوە؟**

**د. فازڵ:** ئەنجوومەنەکانی ئێمە ئەنجوومەنی دامەزراندن بوون، دەبوایە لەو دووساڵەدا یاسای خۆمان دانابا، بەڵام ئەوە چوار ساڵە هێشتا یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکانمان نییە. لەبەر ئەوە ئەنجوومەنی یەکەم کە ئەوە لەساڵی چوارەمداین و بە ئەنجوومەنێکی ئاسایی هاتە بەرچاو. خۆی دەبووایە لەماوەی دوو ساڵدا هەڵبژاردنی ئەنجوومەنی پارێزگاکان بکرابووایەوە. بۆیەش لە و بڕوایەدانیم تا یاسا و پەیڕەوی ناوخۆی ئەنجوومەنی پارێزگا لە کوردستان دانەنرێ هەڵبژاردنیان بکرێتەوە لە کوردستان.

**ڕووداو: بەغدا ڕازیدەبێ؟**

**د. فازڵ:** ئەگەر یاسامان نەبێ چۆن هەڵبژاردن بکەینەوە. من یەک بەخۆم بەشەرمەزاری دەبینم بەبێ بوونی یاسای ئەنجوومەنی پارێزگاکان هەڵبژاردن بکەینەوە و بە ئەندامانی بڕۆنەوە ماڵ لەکاتێکدا هێشتا هیچ کاریان نەکردبێ.

**ڕووداو: سەرۆکی ئەنجوومەنی پارێزگای هەولێر و سلێمانی ڕایان چییە؟**

**د. فازڵ:** ئەوانیش هەمان ڕایان هەیە.


ژمارەیەک هاوڵاتی دهۆکی لە چایخانەیەکی شارەکەیان
(فۆتۆ:ڕووداو)

## هونەر



### عەدنان کەریم و تارا جاف کۆنسێرتێک لە ئەڵماسە رەشەکە ساز دەکەن

روداو - دانیمارک

◆ هەردوو هونەرمەند عەدنان کەریم و تارا جاف، کۆنسێرتێک لە ئەڵماسە رەشەکەی دانیمارک ساز دەکەن. ئەو کۆنسێرتە لەهۆڵی پەرتووکخانەی شاژنی دانیمارک کە ناسراوە بە ئەڵماسە رەشەکە لەکاتژمێر 6ی ئێوارەی 3 /2008/5 ساز دەکرێت، نرخی بلیتەکەی 150 کرۆنە، کۆنسێرتەکە لەلایەن تەلەڤزیۆنی (کوردان تیڤی)یەوە رێکدەخرێ.

# ژنە ژاپۆنییەک کچانی سلێمانی دەباتە سەر تەختی ململانێی مۆسیقای جیهانی

نەوزاد مەحموود
روداو –سلێمانی

ئەگەرچی بۆخــۆی لێی نارازییە، کەچی لەماوەی سێ ساڵدا زمانی کوردی بەباشی فێربووە . ئەو ژنە ژەنیارەی کەعیشق هێنایە کوردســتان، کە دەیبینی هەست بە تکانی ماندوویتی لەرۆح و رووخســاری دەکەی و کە ناچاریشــی دەکەی لەنێــوان هاووڵاتی کوردســتان و هاووڵاتــی ژاپۆنی (یابان)دا بەراوردێکی سەرپێیی بکات، نیگەرانە لەوەی کە هاووڵاتی کــورد وەک ژاپۆنی لەژوان و مەوعیددا دروســت نین و لەکاریشدا جدی نین . بەئومێدەوە لەفیســتیڤاڵی جیهانی موزیــک دەروانێ، تا تیپەکەی ئاســتێکی باش بەدەستبێنێ، هەرچەندە تەنیا ماوەی ساڵێکە دروست بووە .

"لەکوردســتان میتــۆدی پەیمانگاکان لەئاســتێکی باشــدا نییە، بەڵام ئێســتا هەســتدەکەم کار بــۆ وەرگێڕانــی چەند کتێبێکی باش دەکرێت بــۆ زمانی کوردی و ئەمەش زانســت و ئاســتی پەیمانگاکان پێشدەخات".

کۆمیکۆ ئوکومورا، 44 ســاڵ، لەشاری نــازاوای ژاپۆن لەدایکبــووە، دوای ئەوەی ژیانی هاوسەری لەگەڵ هاووڵاتییەکی کوردی دانیشــتووی نەمســا پێکدێنێ، لەســاڵی 2005 دێتە باشــووری کوردســتان و تا ئێستا نیشتەجێی شاری سلێمانییە. کۆمیکۆ لەبــارەی پێکهێنانی ژیانی هاوســەرییەوە دەڵێت "هاوســەرەکەم خەڵکی سلێمانییەو لەنەمســا یەکترمان ناســی، ئەو لەنەمسا کاری وەرگێڕانی دەکرد، ناسینەکەمان بووە خۆشەویستی، دواتر بڕیاری هاوسەریمان دا و لەگەڵی هاتمە کوردستان".

هەرچەنــدە ســەرەتا گونجانی کۆمیکۆ لەگەڵ بارودۆخی کوردستان سەخت بووە، بــەڵام ئەو رەوشــە وای لێنەکــردووە بیر لەگەڕانەوە بکاتەوە. ئەو کە ئێســتا دایکی دوو منداڵە دەڵێت "لەگەڵ هاوسەرەکەم هیچ کێشەیەکمان نییەو بیر لەپرۆژەکانی خۆمان و پەروەردەکردنی منداڵەکانمان دەکەینەوە".



ئوکومورا لە کاتی پرۆڤەکردن بە تیپی میوزیکی تەوار

بەڵام ئاماژە بەوەشدەدات کە پرۆڤە کردن بە تیپەکەی زۆر ماندووی دەکات.

لەســاڵی 2007، یەکێتــی ژنانــی کوردستان تیپێکی مۆسیقی کچانی دامەزراند بەناوی (تیپی مۆســیقای تــەواری کچان) کە لە17کچ پێکدێ. جگە لەنمایشکردنی چەند کۆنسێرتێک، بەبەردەوامی سەرقاڵی پڕۆڤەن. کۆمیکۆ کە راهێنەرو بەرپرســی بەشــی هونەری ئەو تیپەیە گوتی "ناتوانم لەبارەی ئاســت و تواناکانیانەوە بەدڵنیاییەوە قسە بکەم، چونکە هەڵسەنگاندنی تیپێک کەتەمەنی یەک ســاڵ بێت ئاســان نییە، بەڵام عیشق بۆ فێربون و پێشکەوتن زۆرە، ئومێدی زۆرم هەیــە کەبتوانن ئایندەیەکی زۆرباشیان هەبێ".

ئەو بەئومێدێکی زیاترەوە گوتی "ئەمساڵ لەنەمسا بەشداری فیستیڤاڵی رۆژی جیهانی مۆســیقا دەکەیــن، دەبێــت هەوڵبدەین ئاستێکی باش بنوێنین و بەردەوام خەریکی خۆئامادەکردنین بۆ ئەو رۆژە".

کۆمیکۆ، زۆر بەخێرایی و بەکورتی وەڵامی پرســیارەکان دەداتەوە، کەم پێدەکەنێت، ســادەو ســاکارەو کوردییەکەشــی بەلای مامۆستا ئەنوەر قەرەداخییەوە، کوردییەکی فرە باشە، بەلای قوتابییەکانی پەیمانگای هونەرەجوانەکانیشــەوە، (کۆمیکــۆ) مامۆستایەکی زۆر جدییە .

خۆشەویســتی کورە کوردێک، ژاپۆن و کەســوکارەکەیی و کانــازاوای لەکۆمیکــۆ دانەبــڕی، ئەو تا لەوڵاتەکــەی خۆی بوو، راهێنەرو سەرپەرشتیاری تیپێکی مۆسیقی کچانە بوو کە ژمارەیــان30 ژەنیار بووەو ناوی تیپەکەش هەر بەناوی شــارەکەیەوە کانازاوا بووە "کاتێک هاتم بۆ کوردســتان و بەهاورێیانی تیپەکەم وت ئیتر من نایەمەوە و دەڕۆم، هەموویان دڵتەنگ بوون و زۆریان پێ ناخۆش بوو، بەڵام من بڕیاری خۆم دابوو".

> **کورد جدی نین و بێ بەڵێنن**
>
> 
>
> کۆمیکۆ ئوکومورا

بەهۆی ئــەوەی کە تەنهــا دەتوانین بە کوردی قســەبکا و ناتوانێــت بخوێنێتەوە، ئــاگاداری رۆژنامــە کوردییــەکان نییــە. ئەو لەســەر ماڵپەری ئینتەرنێــت رۆژنامە ژاپۆنییــەکان دەخوێنێتــەوەو لەبارودۆخی وڵاتەکەی ئاگادار دەبێت، ســاڵی رابردووش بەسەردان گەڕاوەتەوە بۆ ناو کەسوکارەکەی. ئیتر ئــەو ژنێکی کوردســتانەو دایکی دوو منداڵە و هاوکات بیرەوەری خۆشــی خاڵی نەکردووەتــەوە لەژیانــی ئــەو وڵاتەی کە بەدەست سیحری ئامێرەکانەوە دەگوزەرێ.

کــە لەبــارەی هەڵوێســتی خێزانەکەی پرســیارم لێکرد کاتێک ویستویەتی ژیانی هاوسەری لەگەڵ کوردێک پێکبێنێ، بەسەر سوڕمانەوە گوتی "دایک و باوک بۆ، لەوڵاتی ئێمە کوڕ وکچ بۆ خۆیان مەسەلەکان یەکلایی دەکەنەوە، ئەوە لەســەردەمانی زوو دایک و باوک موداخەلەیان دەکرد، بەڵام ئێستا ئەو دەستوەردانە نەماوە".

ئەو هەرچەندە زۆر دڵخۆشــە لەگەڵ ئەو چەند کچە کوردە سەرقاڵە، بەڵام لەهەمانکاتدا رەخنەی زۆریشی لەکاروباری رۆژانەی کورد هەیە "جدییەت لەناو کورد زۆرکەمە بۆ ئیشی خۆی، دیسان مەوعیدیش زۆر خراپە، دەڵێت کاتژمێر دوو دێمە لات، کەچی کاتژمێر دوو نیو دێت ئەمە خراپەو زیانی گەورە لە کار و پرۆژەکان دەدات".

زۆر لەقوتابیانــی پەیمانگاکە نوکتەیەک دەگێڕنــەوە، کەمامۆســتا ژاپۆنیەکەیــان دەوری ســەرەکی نوکتەکــە دەبینێــت، لەسەرەتای دەست بەکاربوونی لەپەیمانگا، رۆژێک لەیەکێــک لەمنارەی مزگەوتەکانەوە دەنگوسەدای بانگی نیوەڕۆ بەرز دەبێتەوە، کاتێــک کۆمیکــۆ گوێی لەبانــگ دەبێت، بەقوتابییــەکان دەڵێت ئەوە بۆچی نارۆن؟ ئەوانیش دەڵێن مامۆســتا بۆ کوێ بڕۆین؟ ئەویش دەڵێت ئەی ئەو بانگە ئێوە بۆماڵەوە بانگ ناکاتەوە؟ کاتێــک ئەم نوکتەیەم بۆ گێڕایەوە پێکەنی و ئەوە یەکەمین پێکەنینی ئەو دیمانە نیو کاتژمێرییە بوو .

بەپێچەوانەی هەندێک لەمامۆســتایانی زانکۆکانی کوردســتان، کۆمیکۆ ئوکومورا پێیوایە نابێت پەیوەندی نێوان مامۆســتا و قوتابــی پەیوەندییەکــی هاوڕێیانە بێت "مامۆستا مامۆستایەو قوتابیش قوتابییە، چۆن دەبێت قوتابی لەبەرامبەر مامۆستا قسە بکات؟ لەژاپۆن هیــچ قوتابییەک بەرامبەر مامۆستا ناتوانێت قســەبکات و مامۆستاو مامۆســتا هاوڕێــن و قوتابــی و قوتابیش هاوڕێن".

ئەو کە لەزنجیرە درامای گەردەلوولیشدا بەشداری گۆرانییەکانی ئەو درامایەی کردووە، تەماشای تەلەڤزیۆنەکانی کوردستان ناکات و زیاتر بەخشــتەی کاتەکانی خۆیەوە کە لەنێوان (ماڵەوەو پەیمانگاو تیپی کۆڕاڵی تەوار)دا دابەشیکردووە سەرقاڵ دەبێت .

## پەیوەند جاف :
# موزیکی کوردی پێویستی بەگۆڕانە



**خەڵکی هەڵەبجەیە و لەسلێمانی خوێندنی ئامادەیی تەواوکردووە، نزیکەی 14 ساڵە لە دەرەوەی وڵات دەژیت، چەند ساڵێک لەئەڵمانیا بووەو دواتر بەهۆی ژیانی هاوسەری روویکردووەتە سوێد و لەوێ نیشتەجێیە، تەنیا خەریکی کاری هونەرییە و وەکو خۆی دەڵێ زۆر هاوڕێی کوڕەکەیەتی:**

**هەڤپەیڤین: حوسێن هیممەتی**

**روداو: گۆرانی بۆچی و بۆ کێ دەڵێی؟**

**پەیوەند جاف:** گۆرانــی حەزێکــە لەمنداڵییەوە خواستی من بووەو، گۆرانی بۆ جوانی، عیشق و بۆ ئەو کەسانەی کە حەز بەگوێگرتنی گۆرانی دەکەن دەڵێم.

**روداو: بەرهەمــت کەمە ئــەوە بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

**پەیوەنــد جاف:** ســەرەتا کــە ئێمە دەســتمان کرد بەگۆرانی گوتــن و تۆمار کردن، کۆکردنەوەی ئاواز کەم بوو. ماوەی چوار ساڵ دەبێ سەرقاڵی سیدیەکم هێشتا تەواو نەبووە. میلــۆدی دانان کارێکی زۆر گرنگە، ئێمە لەوبوارە لاوازین، بەڵام ئێستا هاوڕێی خۆشەویستم کاک هەڵکەوت زاهیر ئەم کێشانەی کەمکردووەتەوە، چونکە ئەو دەوری هەموو شــتەکان دەبینێ. بۆ نمونە دانانی یەک ئەلبــوم میلۆدی کۆکردنەوەی تێکستەکان و فێرکردنی گوتنی گۆرانییەکان و سەرپەرشتی هەموو وردەکارییەکان ئەوە کاری کۆمپانیایەکــە، بەڵام کاک هەڵکەوت خۆی بەتەنیا هەمــوو ئەوانە دەکات و کار ئاسانی دروستکردووە، ئەو توانی لەماوەی یەک مانگدا ئەلبومێکم بۆ دروست بکات.

**روداو: جگە لەکاری هونەری بەچیترەوە خەریکی؟**

**پەیوەنــد جاف:** هیچ ناکەم تەنها ژیانی خێزانی و لەگەڵ منداڵەکەم پیاسە دەکەم.

**روداو: حەزت لە چ جۆرە شــێوەزارێک دەکەی بۆ گۆرانی گوتن ؟**

**پەیوەند جاف:** زۆرتر زمانی ســۆرانی، جار جاریش هەورامی.

**روداو: گۆرانییەکانــت زیاتر کاریگەری گۆرانی فارسی بەسەرەوەیە بۆچی؟**

**پەیوەنــد جاف:** زۆرتر گوێم لەفارســی دەگرت، بەڵام ئێستا لەم ئەلبومەدا شێوازی جۆراوجۆری تێدایە

**روداو: هاتنی ستایلی تورکی و فارسی و عەرەبــی بــۆ نێــو موزیــک و گۆرانی کوردی بۆچی دەگەڕێتەوە؟ تۆ چۆنی لێی دەڕوانی؟**

**پەیوەند جاف:** موزیکی کوردی پێویستی بەگۆڕان هەیە لەهەموو جۆرە ستایلەکانەوە، موزیــک حــەزە هەریەکەمــان حەزمــان لەشتێکەو مرۆڤ سەربەستە لەهەڵبژاردنی حەزی خۆی.

**روداو: بۆچی ســتایلی گۆرانییەکانت لەفارسییەوە دەگۆڕی بۆ عەرەبی؟**

**پەیوەند جاف:** من حەز دەکەم بەهەموو شــێوەکان گۆرانی بڵێم، پێم باشــە وەک ستایل قسەی لەسەر بکرێ نەک کوردی و تورکی و فارسی و عەرەبی.

**روداو: دەگوترێ گۆرانی ئێســتا رۆحی داهێنانی تێدانییە؟**

**پەیوەند جاف:** پێموانییــە وابێ، ئەوە پەیوەســتە بەبیر و چێژی گوێگرەوە، ئەو شێوازەی لەلای ئەوانەی وادەڵێن بێ روحە لەلای یەکێکی دیکە موزیکێکی خۆشــەو بەروحە.

**روداو: تۆ خەڵکی هەڵەبجەیت، بۆچی گۆرانیت بۆ شارەکەت نەگوتووە؟**

**پەیوەند جــاف:** هەڵەبجە گۆرانی زۆری بۆ کرا، دەستخۆشــی لــەو هونەرمەندانە دەکەم، ئەگەر کارێکی واش ئامادە کرا زۆر بەخۆشحاڵییەوە دەیڵێم.

**روداو: ئــاوازی گۆرانییەکانت بەزۆری نەرمە، ئایا بۆ داهاتووش هەروا دەبێ؟**

**پەیوەند جاف:** بەلامەوە تێکست نەرمی زۆر گرنگــە، ئەلبومــی (بێدەنگی) کاری جۆراو جۆری تێدایە.

**روداو: چۆن شــیعر بۆ گۆرانییەکانت هەڵدەبژێریــت، هەوڵتــداوە واقیعی ژیان بیکەیە گۆرانی؟**

**پەیوەنــد جاف:** لەکارەکانی پێشــوودا هەوڵمدەدا کارەکان خــۆم پەیدای بکەم، بــەڵام بــەڕای من تێکســت هەڵبــژاردن میلۆدی دانەر دەستنیشــانی بکات باشترە چونکە ئەو بەرهەمەکە دروستدەکات، لەم رووەوە مامۆســتا هەڵکەوت ئــەو کارەی کەمکردووەتەوە لەســەر شــانم، بێگومان میلۆدی دانەر دەتوانــێ لە هونەرمەندەکە تێبگات و واقیعی ژیانی بۆ بەکار بهێنێ.

**روداو: تــۆ زاوای شــێرکۆ بێکەســی شاعیریت، هیچ شــیعرێکی ئەوت کردووە بەگۆرانی ؟**

**پەیوەند جاف:** راستە، بەڵام ئەو دەرفەتە نەهاتــە پێش تا ئــەو کاتەی مامۆســتا هەڵکەوت زاهیر توانی مێلۆدی بۆ شیعرێکی کاک شێرکۆ بێکەس بەناوی (سپی) دابنێت و من بیلێمــەوە کە لەئەلبوومــی نوێمدا هەیە.

**روداو: دەگوترێ دووجار خۆشەویستیت کردووە و سەرنەکەوتووی؟**

**پەیوەند جاف:** تۆ لە کوێ دەزانی!؟

**روداو: لەرێگــەی گۆرانییەوە شــێرکۆ بێکەست ناسی و کچەکەیت خواست؟**

**پەیوەنــد جــاف:** مامۆســتا شــێرکۆ بێکەس ناســراوەو، دەمێکبوو دەمناســی وەک شــاعیرێک.بەڵام بەرێکەوت کچەکەیم لەئاهەنگێکــی ســوێد ناســی و بێگومان خۆشەویستی دروســتبوو ئەوکات بڕیاری پێکەوە ژیانماندا.

**روداو: دەتــەوێ هاوســەرەکەت چ سیفەتێکی هەبێ کە نییەتی؟**

**پەیوەند جاف:** هاوسەرەکەم لەگەڵ من گونجاوە و زۆرم خۆش دەوێت.

**روداو: لەنێو تیۆری ئەفلاتۆندا هاتووە "پاکترین و پوختەترین شــێوەی بەرهەمی هونەری لەبیری هونەرمەنــدە" تۆ دەڵێی چی؟**

**پەیوەند جاف:** بێگومان وایە، بەڵام نەک هەموو هونەرمەندێک بۆ نموونە هونەرمەند هەیە تەنها بەهــرەی گۆرانی گوتنی هەیە نەک فەنتازەی شــێوەی جوان و داهێنانی بیرۆکەی نۆێ.

> **بەرێکەوت کچەکەی مامۆستا شێرکۆ بێکەسم ناسی**

**روداو: گۆرانــی کــۆن و چێژی زیاترە لەهی ئێستا،ئەوە بۆ ئەوە ناگەڕێتەوە کە گۆرانی گوتن وەک پیشەی لێهاتووە؟**

**پەیوەند جاف:** هەندێ لەو بەرهەمانەی ئەمــڕۆ ئەنجامدەدرێــن بــۆ دەرکەوتنە، کاتی خۆی دەبوایــە بەهرەمەندیت هەبێ لەبــواری دەنگ و ئەوجــا گۆرانی بڵێت، ئێستا دەتوانرێ بەئاسانی گۆرانی بڵێت و دەرکەویت.

**روداو: زۆربــەی گۆرانیبێژانــی کورد کلیپەکانیان لەدەرەوەی کوردستان دروست دەکەن، بۆچی؟**

**پەیوەند جاف:** بەڕای من کاری هونەری پێویســتی بەوە نییە جێگا کوێیە، گرنگ ئەوەیە تــۆ ئەو جێگایــە هەڵبژێریت کە گونجاوە بۆ کلیپی بەرهەمەکەت، پاشــان نەبوونــی پێداویســتی تەواو بــۆ کلیپ لەکوردســتاندا، هەروەها کەمی کەسانی پرۆفیشناڵ لەبواری کلیپکردندا، بۆ نمونە ئێمە پێویســتیمان بەچەند دەرهێنەرێکی وەک کاک شاهۆ تەییب هەیە کە شارەزای کاری کلیپ بێت.

**روداو: ئەو کلیپەی کە بە نیازیت لەگەڵ گۆرانیبێژێکــی هینــدی ئەنجامی بدەیت گەیشتە کوێ ؟**

**پەیوەنــد جاف:** من بەنیــازی کارێکی ســتایلی هندی بووم جا بەهاوبەشی بێت یاخو تەنها خۆم بێڵم، لەئەلبومی بێدەنگی ئەو بەرهەمەی تێدایە، بیرۆکەی ئەم کارەش لەلایەن مامۆستا هەڵکەوت زاهیرەوە بوو.

**روداو: بۆچــی کۆنســێرت بەکەمــی لەکوردستان دەکرێ یان لەبۆنەکان گۆرانبێژ ئامادەیە، ئایا کەمتەرخەمی گۆرانیبێژە یان هۆی دیکە هەیە؟**

**پەیوەند جاف:** نەبوونی بازاڕی هونەری ئــەم کارەی خــراپ کــردووە، بێگومان ئەگەر ســتافی تەواو دروســت بکرێت بۆ دروســتکردنی کۆنســێرت، بواری ئابوری هونەرمەندانیش دەگۆڕێ ئەوکات هونەرمەند دەتوانی بەداهاتی خــۆی کارەکانی خۆی ئەنجامبدات.

**روداو: دەگوترێ بەنیازی پەیمانگایەکی هونەری بکەیتــەوە و پرۆژەیەکی گەورەت هەیە؟**

**پەیوەند جاف:** نەخێر.

**روداو: دەڵێــن پەیوەنــد کتێــب زۆر دەخوێنێتــەوە، چــی دەخوێنییەوەو بەچ زمانێک؟**

**پەیوەنــد جاف:** خوێندنــەوەم لە زۆر بواردایە و زیاتر شیعر دەخوێنمەوە .

**روداو: پەیوەندی نێوان گۆرانیبێژان زۆر گەرم نییە، بۆچی رقیان لەیەکە؟**

**پەیوەند جاف:** پەیوەندی هەرکەســێک بۆ یەکێکــی دیکە پەیوەســتە بەخودی کەسەکەوە، من بۆخۆم پەیوەندیم باشە بە هونەرمەندانەوە.



## پێلێ
## شەق لە مارادۆنا هەڵدەدات

ڕووداو - BBC

◆ لە پێشهاتێکی چاوەڕوان نەکراودا، پێلێی یاریزانی ئەفسانەیی بەرازیل، دیگۆ ئەرماندۆ مارادۆنای ئەفسانەی ئەرژەنتینی بەیاریزانێکی "ناتەواو" لەقەڵەمداو داوای لەفیفا کرد هەموو نازناو و دەستکەوتەکانی لێوەربگرێتەوە. وەک سزایەک بۆ ئەو سەرپێچیانەی کە مارادۆنا لەژیانی وەرزشی خۆیدا کردوویەتی کە بەردەوام دەرمانە وزەبەخش و مادده بێهۆشکەرەکانی بەکارهێناوە.

# یانەیا زاخۆ دچیتە ئەڵمانیا

## ئەحمەد قوماش "ئەگەر ئەز ڤەگەڕیام دێ قوتابخانەکا وەرزشی ل کوردستانێ ڤەکەم"

**ڕووداو – ئەڵمانیا**

بەری 25 سالان بۆ مەڵبەندێ لاوێن زاخۆ "مرکز شباب زاخۆ" یاری دکر. پاشی بۆ پەروەردا دهۆک، یانا زانکۆیا موسل، هەڵبژاردێ لاوێن دهۆکێ، مەڵبەندێ چالاکیێن زاخۆ و ل داویێ ژی یاریزانێ هێلا بەرگریێ بوو ل یانا زاخۆ. ئەڤە چەند سالن ژی ئەحمەد قوماش ل وەلاتێ ئەڵمانیا دژیت و نۆکە ڕاهێنەرێ گرووپەکا زارۆکێن هەشت سالییە دگەل یانا "توسکڤێرنبێرگ" یا ئەڵمانی.

ئەحمەد قوماش،ل دۆر ڤێ یانەیێ دبێژیت؛ "ئەڤ یانە بەری 120 سالان هاتییە دامەزراندن و ئەڤ گرووپا ئەز مەشقێ پێ دکەم ژ زارۆکێن کورد، ئەڵمان و نەتەوەیێن دی ژی پێکدهێت و ل سەر ئاستێ بازێڕێ بۆخم و دەوروبەرێن وی ل پلەیا یەکەمین دهێت".

وی دگەل دوو هەڤالێن خوە،عەلی دۆسکی و خەلیل میدیادی، کۆمەلەیەکا دۆستایەتییا کورد و ئەڵمانان دروستکریە وەکو پرەک دناڤبەرا یانەیێن وەرزشیێن بازێڕێ بۆخم یێ ئەڵمانی و یانەیێن وەرزشیێن پارێزگەها دهۆکێ و ل سەر کاروچالاکیێن ڤێ کۆمەڵەیێ قوماش وەها ژ مە را پەیڤی؛ "مە پارسال ڤیزە بۆ 30 یاریکەرێن یانا تەپا پێی یا دهۆکێ وەرگرتن ژبۆ هاتنا وان بۆ ئەڵمانیا و ئەنجامدانا چەند یاریێن تەپا پێی، لێ مخابن ژبەر پاسپۆرتێن نوی ئەو نەشیان بهێن و ئەو رسوماتێن مەداین ژی ژ مە چوون". بەری هەیامەکی ژی ئەحمەدی پەیوەندی ب کاک حکمەت گەودا و هەڤالێن یانا زاخۆ کرییە و دخوازیت یانا ناڤبری بینیتە ئەڵمانیا. ل سەر ڤێ مەسەلەیێ ژی دبێژیت"ئەم یێ ل هێڤیا بەرسڤا هەڤالێن یانا وەرزشی یا زاخۆ و هەر دەما وان خوە ئامادەکر، ئەم دێ ڤیزەیێ بۆ وان وەرگرین و پلانەکی ژێ را دانین بۆ سازکرنا یاریێن هەڤالینیێ دگەل چەند یانەیێن ئەڵمانی و، ئەگەر نەشیان بهێن ئەم دێ هەوڵدەین گروپەکا ڕاهێنەرێن کوردستانێ ئینینە ڤێرە و خۆلەکا ڕاهێنانێ ژ وان را ڤەکەین". دیارە کۆمەلەیا ناڤبری هندەک هاریکاریێن دی ژی پێشکێشی یانا زاخۆ کرینە، وەک ئەحمەدی گوتی "مە هندەک پێداویستیێن وەرزشی وەکو دیاری ژ یانا زاخۆ را هنارتینە و نۆکە ژی ئەم یێ هندەک پێداویستیێن دی بۆ هەمان یانەیێ بەرهەڤدکەین و دێ د دەمەکێ نێزیکدا ژێرا هنێرین و ئەم دئامادەینە هەمان هاریکاریێ دگەل هەر یانەیەکا وەرزشییا کوردستانێ بکەین".



ئەحمەد قوماش لەگەڵ ژمارەیەک منداڵ و ڕاهێنەرێکی ئەڵمانیدا (فۆتۆ:ڕووداو)

قوماش دەرچوویێ کولیژا پەروەردەیا وەرزشییە. وی پرۆژەیێن خوە یێن پاشەرۆژێ بۆ (ڕووداو)ئاشکرا کرن و گۆت"ئەگەر ئەز ڤەگەڕیام کوردستانێ ئەز دێ قوتابخانەیەکا وەرزشی دروستکەم کو یاریکەرێن ژ هەمی تەمەنان تێدا بهێن وەرگرتن". ئەحمەد قوماشی ل داویێ هیڤیخواستن کو حکومەتا کوردستانێ پتر گرنگیێ ب وەرزش و لاوان بدەت و سوودێ ژ ڕاهێنەرێن ئەوروپا وەربگریت.

**ڕووداوی هەفتە**

# چیتر یاریزانانی بیانی بەگەورەتر مەزانن

**یونس حەمەد — تۆسلۆ**

بە ئەنجامێکی گەورە کە خۆی لە پێنج گۆڵ دا یاریزانانی یانەی هەولێر کە بە زۆرینەی یاریزانی غەیرە کورد یاری ئەنجام دەدات، نەیانتوانی لەپاڵەوانێتی ئاسیا کوپی یانەکان خۆی بسەلمێنێت و بەرانبەر پاختاکۆری ئۆزبەکستانی دووچاری شکست بۆوە، بەڵێ لە دونیای وەرزش شکستهێنان حاڵەتێکی ئاساییە،چونکە هەموو ئەوە دەزانیین وەرزش بردنەوەو دۆڕاندنە و ئەگەر باش یاری بکەی خۆت دەسەلمێنی و بەپێچەوانەش باش یاریی نەکەی دووچاری شکست دەبییەوە. سەبارەت بەبەشداریکردنی یانەی هەولێر لەم پاڵەوانێتیە مەزنە، ئەوە نەیتووانی خۆی بسەلمێنێت و پێنج گۆڵ ئەنجامێکی یەکجار مەزنە و ئەگەر لە شوێنێکی تر جگە لە کوردستان بووایە پێویستە تێکڕای یانەکە دەستکێشانەوەی خۆی پێشکەش بکەن و هەتاوەکو حاڵەتێکی تازە خۆی بەسەر یانەکە بگرێت، بەڵام ئێمە نەگەیشتووینەتە ئەو ئاستە بە گرووپ دەست لە وەرزش بکێشینەوەو بۆیە پێویستە هەر هیچ نەبێت دوای ئەو شکستە مەزنە بوار بە یاریزانی خۆمان بدەین و لەو بڕوایەدام، ئەگەر یاریزانی خۆمان بوونایە دووچاری ئەم دۆڕاندنە نەدەبوونەوە، سەلاحەدین و کەیفی و داراو ڕافدو سەرهەنگ و مامۆ و شێرزاد ودیدار و زۆ یاریزانی دیکەی کورد چییان لەیاریزانی غەیرە کورد کەمترە تا یارییان پێنەکەن.

جالێرەدا پێویستە بەرپرسانی وەرزشی لە کوردستان بەپەلە بیریک بکەنەوەو وەو چیتر یاریزانانی بیانی لەسەر یاریزانی کورد گەورە نەکەن با ئەو شکستە مەزنە پێداچوونەوەیەک بێت بۆ ئەوەی جارێکی تر یاریزانی کورد بگەڕێتەوە گۆڕەپانی وەرزشی و ئەم داراییە خەیاڵییەش کە بە یاریزانی غەیرە کورد دەدرێت بابدرێتە ڕۆڵەکانی شۆڕش و سێتاقان و کوران و تەیراوەو سەیداوە و ئازادی و مەنتکاوە، هیچ نەبێت ئەوان دڵیان بەشار و کوردستانەکەیان دەسووتێت.

# کچانی سیدەکان تۆپی پێ دەکەن

**جەلال سەعید**
**ڕووداو–سیدەکان**

بەبەشداری 8 تیپ، ناوەندی چالاکی و پێگەیاندنی لاوانی سیدەکان، خولێکی تۆپی پێی بۆ کچانی دەڤەری سیدەکان کردەوە.

هاوار محەمەد، بەرپرسی ناوەندی باڵای سۆرانی یەکێتی لاوانی دیموکراتی کوردستان بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند "ئێمە گرنگیمان بەچالاکی هەمەجۆر بۆ کوڕ و کچان داوە چالاکی وەرزشیش بەشی شێری بەرکەوتووە، تا ئێستا چەندین خول و پاڵەوانییەتی هەمەجۆرمان بۆ کوڕان و کچان سازداوە و بەرنامەی ئەم ساڵەشمان کردنەوەی چەند خولێکی تۆپی پێیە بۆ کچان، یەکەم خولیش بۆ کچانی وەرزشکاری شارۆچکەی سیدەکان کرایەوە، لە داهاتووشدا لە سۆران و چۆمانیش خولی لەم جۆرە سازدەدەین".

لەیاری کۆتاییی خولەکەدا کە لەنێوان هەردوو تیپی ڕۆناکی و ئاشتی ئەنجامدرا، تیپی ڕووناکی توانی بە ئەنجامی (2-0) جامی خولەکە بەرز بکاتەوە، هەر لەخولەکەدا نەدوە حەسەن بەتۆمارکردنی 6 گۆڵ، بەگۆلکاری خولەکە دەستنیشان کرا.



# بروسک پارەی بۆندی یاریزانەکانی دەدات

**کارزان کانەبی**
**ڕووداو . هەولێر**

سەرچاوەیەکی بەرپرس لەیانەی بروسک کەنەیویست ناوی بڵاوبکرێتەوە .بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە وابڕیارە ئەم هەفتەیە دەستەی یانەی بروسک تەواوی پارەی بۆندی یاریزانەکانی بدات، کە هێشتا نیوەی پارەی بۆندی یاریزانەکانی لاماوە.

ئەو سەرچاوەیە گوتیشی"بەدڵنیاییەوە ئەم بڕیارەی دەستەی کارگێری یانەکەمان دەبێتە هاندەرێکی دیکە بۆ یاریزانەکانمان کە ئاستی بەرزتر نیشان بدەن".

# ئۆتۆمبێلێکی جوان مەرجی مانەوەی ئەلونسۆیە

**ڕووداو . الاتحادی ئیماراتی**

فرناندۆ ئەلونسۆی شۆفێری ئیسپانی ئامادەیە لەگەڵ تیپی رینۆی فەرەنسیدا بمێنێتەوە، ئەگەر ئۆتۆمبێلێکی باشء جوانی بۆ دابین بکەن.

پاڵەوانی پێشووی جیهان لەپێشبڕکێیەکانی فورمۆلا وەن، لەلێدوانێکدا ڕایگەیاند حەز لەوە دەکات بۆ وەرزی داهاتووش لەگەڵ تیپی رینۆدا بمێنێتەوە، بەو مەرجەی ئۆتۆمبێلێکی جواڼ باشی بۆ دابین بکەن، تاکو بتوانێت ململانێ لەسەر نازناوەکان بکات.

ئەلونسۆ بێزارە لەو ئەنجامە خراپانەی ئەمساڵ لەگەڵ تیپی رینۆدا بەدەستیهێناون، بۆیە هەرەشەی جێهێشتنی تیپەکە دەکات، ئەگەر ئۆتۆمبێلێکی باشی بۆ دەستەبەر نەکەن "بەپلەی یەکەم دەمەوێ لەگەڵ رینۆدا بمێنمەوە، بەڵام بەو مەرجەی ئۆتۆمبێلێکی باشم دەستکەوێت، تاکو لەسەرەتای وەرزی داهاتووە بکەومە ناو ململانێ".

# کالچیۆ چاوەڕوانی ئەدیبایۆرە

**ڕووداو . ماڵپەڕی ئەڕسناڵ**

بەڕێوەبەری کارەکانی ئیمانوێل ئەدیبایۆر ڕایگەیاند، کە ئەگەری ئەوە لەئارادایە ئەو یاریزانەیە ریزەکانی ئەڕسناڵ بەجێبهێڵێت.

ماربیتۆی بەڕێوەبەری کارەکانی ئەدیبایۆری یاریزانی تۆگۆلی، لەلێدوانێکدا ئاماژەی بەوەدا، کەلەوانەیە لەهاوینی داهاتوودا ئەو یاریزانە خولی پریمەرلیگی ئینگلیزی بەرەو خولی کالچیۆی ئیتاڵی بەجێبهێڵێت و لەگەڵ یەکێک لەیانە گەورەکانی ئەو وڵاتەدا بۆندێک مۆربکات.

ناوبراو گوتی" هەردوو یانەی ئەی سی میلان و یوڤانتۆس چاویان بڕیوەتە ئەدیبایۆرو ئامادەن بۆندێکی گرانبەهای لەگەڵدا مۆربکەن و ڕەنگە ئەرسناڵیش ڕێگەی لێنەگرێت".

بەگوتەی ماربیتۆ، ئەدیبایۆر ئەمساڵ وەرزێکی گەورەی لەگەڵ ئەڕسناڵدا پێشکێشکردووەو خوازیارە لەئیتاڵیا تواناکانی خۆی زیاتر برەو پێبدات.

# ئاو و هەوای پەکین مەترسی لەسەر ئۆلۆمپیاد نییە

**ڕووداو . ئاژانسەکان**

سەرۆکی لێژنەی ئۆلۆمپی نێودەوڵەتی دڵنیایە لەوەی ژینگە پیسی شاری پەکین هیچ مەترسیەکی بۆ سەر تەندروستی یاریزانە بەشداربووەکانی ئۆلۆمپیادی پەکین نابێت.

سەرەڕای ئەو پیسبوونەی کە ئاو وهەوای شارەکە پێی ناسراوە، جاک ڕۆگ، سەرۆکی لێژنەی ئۆلۆمپی نێودەوڵەتی، ڕایگەیاند کە ئاو و هەوای پەکینی پایتەختی چین هیچ جۆرە مەترسیەکی بۆ سەر تەندروستی ئەو وەرزشوانانە نابێت کە بەشداری لەیارییە ئۆلۆمپیەکانی هاوینەدا دەکەن، کە بڕیارە لەئابی داهاتوودا لەپایتەختی چین بەڕێوە بچن.

ڕۆگ گوتی "لەوانەیە ئاو و هەوای پەکین جۆرە کاریگەرییەکی بەسەر ئاستی یاریزانانەوە هەبێت، بەڵام بەهیچ شێوەیەک مەترسی ناخاتە سەر تەندروستییان".

پەکین بەیەکێک لەو شارانەی جیهان دێت کە خاوەن زۆرترین ڕێژەی پیسبوونی ژینگەن، هەر بۆیە حکومەتی چین لەم دەیەی دواییدا زیاتر لە 120 ملیار یوانی چینی بۆ پاک ڕاگرتنی ژینگەی شارەکە تەرخانکردووە.



## تۆرێس:

# لالیگا بەهێزترە لە پریمەرلیگ

**ڕووداو . ئاژانسەکان**

فرناندۆ تۆرێس، خولی تۆپی پێی یانە پلە یەکەکانی ئیسپانی پێ بەهێزترە لەخولی نایابی ئینگلیزی.

لەلێدوانێکدا بۆ ڕادیۆی مارکای ئیسپانی، فرناندۆ تۆرێسی یاریزانی هەڵبژاردەی ئیسپانیاو یانەی لیڤەرپۆلی ئینگلیزی ڕایگەیاند کە بەلای ئەوەوە خولی لالیگای ئیسپانی بەهێزترە لەخولی پریمەرلیگی ئینگلیزی، سەرەڕای ئەوەی سێ یانەی پریمەرلیگ بەرامبەر تەنیا یانەیەکی لالیگا گەیشتوونەتە چوارگۆشەی زێڕینی خولی یانە پاڵەوانەکانی ئەوروپا. ناوبراو گوتی" چوار یانە گەورەکەی ئینگلیز لەیانە ئیسپانیەکان بەهێزترن، بەڵام بێجگە لەم چوارە، یانەکانی دیکەی ئیسپانیا بەهێزترن لەیانە ئینگلیزەکان".



## پێشبڕکێ

- بەکورترین و جوانترین لێدوانت لەسەر ئەم وێنەیە خەڵات وەربگرە.
- لێدوانەکەت بەم ئیمێلە rudaw@rudaw.net یان بە کورتە نامەیەک بۆ ژمارە تەلەفۆنی (07504547168) بنێرە، لەگەڵ ناوی خۆت.



ئاری سابیر بە لێدوانی: (**سەرکەوتن تەنها بەهێز نییە، بەڵکو بە ژیرییە**) براوەی پێشبڕکێی ژمارەی پێشوو بوو.

## لێدوان



ڤالنتینۆ ڕۆسی
ماتۆرسواری ئیتاڵی

دڵنیام دەتوانم بگەڕێمەوە ئاستی بەرزی جارانم و نازناوەکان بەدەستدێنمەوە، چونکە تەمەنم هێشتا یارمەتیدەرە.



دونگا
ڕاهێنەری هەڵبژاردەی بەرازیل

ئێستا ئەدریانۆ لەئاستێکی بەرزدایە، بۆیە دەرفەتی ئەوەی لەپێشە بگەڕێتەوە ریزی هەڵبژاردەی بەرازیل.



ڤان باستن
ڕاهێنەری هەڵبژاردەی هۆڵەندا

جارێکی دیکە سێکوچکەیەکی سیحراوی وەک من و ڕێکاردو گۆلێت لەتۆپی پێی هۆڵەندا دووبارە نابێتەوە.

# ڕووداو گەورەترین چاپخانە و کارگەی تەزویرکردنی خواردن و مارکەی جلوبەرگ لەتورکیا ئاشکرا دەکات

**عەلی حەمەساڵح**
**ڕووداو -هەولێر**

چاپخانەو کارگەیەکی گەورە لەتورکیا کاخەزی سەر خواردن و هەموو جۆرە قوتوویەکی خواردن دروستدەکات و بەشێکی زۆری ئەو خواردنانەی لەڕێگەی ئەو چاپخانەیەوە کاتی بەسەرچوونیان دەستکاری دەکرێ ڕەوانەی هەرێمی کوردستان دەکرێن، زۆربەی ئەو بازرگانانەی پەیوەندییان لەگەڵ ئەو چاپخانە وکارگەیەدا هەیە کوردن.

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەلایەن دەستەی کۆنترۆڵی جۆرییەوە دەست (ڕووداو) کەوتوون، کارگەیەکی گەورە لە تورکیا چەندین کاری نایاسایی تێدا دەکرێت، لەم کارگەیەدا کاتی بەسەرچوونی خواردنەکان لەسەر قووتو و شووشەی خواردنەکان دەگۆڕێت و هەر بەکاخەزێکی دروستکراویش مۆرێک لەقوتوی خواردنەکان دەدرێت کە پێناسەی سەر قوتووەکان جیاوازن لەو مادەییەی کە لە نێو مادە خۆراکییە قوتووبەندکراوەکەدایە و، بەمەش خراپترین خواردنی ناو قوتووەکان بەباش پێناسە دەکرێت.

ئەگەرچی (ڕووداو) پەیوەندی بەچەند لایەنێکی بەرپرسەوە کرد، بەڵام هیچ لێدوان و زانیارییەکی فەرمی دەست نەکەوت، تاوەکو دواجار سەرچاوەیەکی حکومی بەرپرس وێڕای خستنەڕووی زانیاری ورد ئەوەی بۆ (ڕووداو) خستەڕوو کە ئەو جێگایەی ئەم ساختەکارییانەی لێدەکرێت زۆر نهێنییە.

د. موئەید عەبدولڕەحمان قۆجە، بەرپرسی دەستەی کۆنترۆڵی جۆری لەحکومەتی کوردستان، زانیاریی وردی لەمبارەوە بۆ (ڕووداو) ئاشکرا کردو بە"کارەساتێکی زۆر گەورە" ناوی برد.

د.موئەید عەبدولڕەحمان چیرۆکی دۆزینەوەی ئەم کارگەیە گەورەیەی ساختەکاریکردن بۆ (ڕووداو) دەگێڕێتەوەو دەڵێت "زۆر شارەزای تورکیا نەبووم، بەڵام کەسانێک هەبوون دڵسۆزبوون و زانیان من لەسەر ئەم بابەتە کار دەکەم، بۆیە ئەوان بوونی ئەم چاپخانەیان پێ ڕاگەیاندم، منیش وتم دەمەوێت بیبینم، منیان بەناوی بازرگانەوە بردە ئەوێ، وتیان دەیەوێت هەندێک چاپ و نیشانەی سەر خواردن بکرێت". د.موئەید زانیاری زیاتر دەدات و دەڵێت "چاپخانەکە لەنزیک شاری غازی عەنتاب بوو لەتورکیا، زۆر گەورە بوو بەچارەکێک بە پێ ڕۆیشتن ئینجا توانیم ئەم سەر بۆ ئەوسەری چاپخانەکە بگەڕێم". غازی عەنتاب کە گەورەترین شاری بازرگانی و پیشەسازی تورکیایە،دەکەوێتە باکووری کوردستانەوە، بەڵام تورکێکی زۆر ڕوویان تێکردووە.

ساختەکاری کردن لەم کارگەیەدا تەنها شووشەو کارتۆن کاخەزی سەر خۆراک ناگرێتەوە، بەڵکو ساختەکارییەکە لە مارکەی جلوبەرگەکانیشدا دەکرێت.

د. موئەید، لەسەر ئەو ساختەکاریانەی کە لەو کارگەدا دەکرێن زانیاری زیاتر دەداتە (ڕووداو)و دەڵێت" مەکینەی درومانی تێدایە کە نیشانەی کراست بۆ دروستدەکات، چاپخانەی ڕەنگاو ڕەنگی هەیە کە کاخەزی سەر قووتو و سەر بوتڵ دروستدەکات، کیسی نایلۆنی هەیە بۆ تێکردنی خواردن، بازرگان ئەمانەی بە چ نیشانەو بەروارێک بوێت بەپارە بۆی دروستدەکات، هەموو جۆرە پاکەتێک دروستدەکات کە خواردنی تێبکرێت، شوشەی کۆڵۆنیا و هەموو جۆرە کەرستەیەکی جوانکاری دروستدەکات".

(ڕووداو) زانیاری ئەوەی دەستکەوتووە کە ئەم کارگەیە هیچ شتێک بۆ ناوخۆی تورکیا دروست ناکات و ئەو کەرەستانەی دروستی دەکات بۆ کوردستانە. دروستکردنی ئەو مۆرو بەروارانەش لەم کارگەیەدا بەشێوەیەکە کە لەکوردستاندا درکی پێناکرێت و نەناسرێتەوە، چونکە ئەو بازرگانانەی لەگەڵ ئەم کارگەیەدا کار دەکەن کوردن.

سەرۆکی دەستەی پێوانەسازی کۆنترۆڵی جۆریش دەڵێت "بەبۆچوونی من ئەو مۆرانە وەها دروستکراون کە لە بنەڕەتدا بۆ کوردستان بن، بەداخەوە زۆربەی ئەو بازرگانانەش کە کار لەگەڵ ئەم چاپخانەیەدا دەکەن بازرگانی کوردن، بەڵام نازانم لە نەزانینەوەیە یان لە تەماعکاری و چاوچنۆکییەوەیە".

لەگەڵ ئەوەی د.موئەید، بۆچوونی وایە کە ئەم کارگەیە بۆ کورد دروستکراوەوەو زۆربەی ئەوانەش کە کار لەگەڵ ئەم کارگەیەدا دەکەن بازرگانی کوردن، بەڵام دەستەی پێوانەسازی کۆنترۆڵی جۆری ناتوانێت لێپێچینەوە لەگەڵ هیچ بازرگانێکدا بکات" لەبەرئەەی ئێمە دەبێت بنەمایەکی یاسایی وامان هەبێت کە لەدادگاکاندا بخوات و ئەم بنەمایەش لەڕێگەی بوونی تاقیگەیەکی مۆدێرنەوە دەبێت کە ئەنجامی لێکۆڵینەوەکانی دروست و یاسایی بێت، بۆیە ناتوانین ناوی هیچ کۆمپانیاو کارگەیەک بێنین کە خواردنی خراپ بەو شێوەیە دێنێتە کوردستان".

د.موئەید ئاماژە بەوەشدەدات کە ئەوان ناتوانن ئێستا لێپێچینەوە بکەن و بزانن ئەو خواردنانەی لەو کارگەو چاپخانەیەوە دێت یان نا، ئەو دەڵێت"من خۆم بینیومە چاپخانەیەکی گەورەیە، چیت بوێ بۆ هەرشتێک لەبەرواری دروستکردن و بەسەرچوون و چ کاتێکت دەوێ بۆت لێدەدات، لەسەر داوای کەسەکە کاغەزەکەی بۆ دروستدەکرێت و هەر بەروارێکی بیەوێت بۆی لێدەدرێت، گەر بتەوێ مۆری مریشکت بۆ لەگۆشتی بەراز دەدات، وادەی بەسەرچوونەکەشی بە ویستی خۆی دەگۆڕێت".

هۆکاری ئەوەش کە ناتوانن بەدوای ئەوەدا بچن کە چ بازرگانێک لەگەڵ ئەو کارگەیەدا کار دەکات بۆ ئەوە دەگەڕێنێتەوە کە تا ئێستا مۆڵەتی هاوردەنی لەکوردستاندا نییە، ئەو دەڵێ" بەبێ مۆڵەتی هاوردن ناتوانین لێپێچینەوە لەگەڵ هیچ کەسێکدا بکەین، بەڵام کە کارمان بەمۆڵەتی هاوردن کرد، دەتوانین بەدواداچونی بۆ بکەین کە چۆن هاتووەو لەکوێوە هاتووەو بەچ بارهەڵگرێکیش هاتووە".



## ئەوە هەڕەشەیەکی گەورەیە بۆ سەر ئاسایشی نەتەوەییمان و نابێت لێی بێدەنگ بین

وەزیری تەندروستی

وەزیری تەندروستی تائێستا بێ ئاگایە لەبوونی کارگەیەکی وا مەترسیدار و بوونیشی بەمەترسییەکی گەورە دەزانێت و پێیوایە نابێت لێی بێدەنگ بین.

د. زریان عوسمان، وەزیری تەندروستی هەرێمی کوردستان دەڵێت"دەبێت کوالیتی کۆنترۆڵی خواردن کاری لەسەر بکات، من ئەوەم نەبیستووە، پێویستە د.موئەید کار لەسەر ئەوانە بکات و چارەسەریان بکات، ئەگەر نا بەئێمە بڵێت یان بەئاسایش، چونکە ئەوە پەیوەندی بەئاسایشی نەتەوەییەوە هەیەو نابێت لێی بێدەنگ بین، ئەگەر ئەوان چارەسەری ناکەن بابیدەنە ئێمە".

وەزارەتی تەندروستی هەرچەندە سێ تاقیگەی هەیە بۆ پشکنینی خواردن، بەڵام ئەم تاقیگانە توانای ئەوەیان نییە جۆری هەندێک خواردن دیاری بکەن و لەیەکتری جیابکەنەوە.

وەزیری تەندروستی ئەوە دەخاتەڕوو کە ئەوان سێ تاقیگەیان هەیە کە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بۆی دروستکردوون و دەتوانێت شیکاری کیمیایی و بایلۆجی بۆ خواردن بکات، بەڵام "کوالێتی کۆنترۆڵ شتێکی نوێیە لەکوردستانداو تائێستا کارەکان دابەشنەکراون کێ چی بکات، هەموومان یەک کار دەکەین، کاتی ئەوە هاتووە دابنیشین و بزانین وەزارەتی بازرگانی کاری چییە، تەندروستی و کشتوکاڵ کاریان چییە، کوالێتی کۆنترۆڵیش کاری چییە".

# کوردستان بەرەوڕووی کارەساتێکی ژینگەیی دەبێتەوە



سەلام سەعدی
salam2004s@yahoo.com

**ڕووداو- هەولێر**

تەحسین قادر وەزیری سەرچاوەکانی ئاو ڕایگەیاند کە دابەزینی ئاستی ئاوی ژێرزەوی لە سەرانسەری کوردستان بە ڕادەیەک زۆرە کە لە زۆر ناوچە 50 مەتر دابەزیوەو تەنانەت لەهەندێ ناوچە گەیشتووەتە 100 مەتر، گوتیشی "ئەمە بە کارەساتێکی ژینگەیی گەورە دادەنرێ".

هاوکات بەرپرسێکی وەزارەتی کشتوکاڵ ڕایگەیاند کە وشکەساڵی زۆربەی بەرنامەو پلانەکانی ئەو وەزارەتەی تێکداوە.

ئەمساڵ حکومەتی هەرێمی کوردستان بەشێوەیەکی فەرمی وشکەساڵی ڕاگەیاندو بۆ بەرەوڕووبوونەوەی ئەو دیاردەیەش لەسەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیرانەوە لیژنەیەکی باڵا بە سەرۆکایەتی جێگری سەرۆکی حکومەت پێکهات کە هەموو وەزارەتە پەیوەندارەکان بەو کێشەیە تێیدا ئەندامن و لەسەر ئاستی هەر پارێزگایەکیش لیژنەیەکی تایبەت پێکهاتووەو بودجەیەکیش بۆ کاری فریاگوزاری تەرخان کراوە کە لەسنووری 100 - 120 ملیۆن دۆلاردایەو ئەگەری ئەوەش هەیە بکرێتە بودجەیەکی کراوە.

ئەنوەر عومەر قادر بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان و بەدواداچوون لە وەزارەتی کشتوکاڵ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە وەزارەتی کشتوکاڵ پلانی هەبوو تا پێنج ساڵی دیکە ئیکتیفای تەواو لە خۆراک و دانەوێڵە بکات و چیدی گەنم لەدەرەوە نەهێنرێ. بەڵام ئێستا تەنانەت گەنمی چاندنیش کەمی هێناوەو بۆ ساڵی داهاتوو تۆوی پێویست لەبەردەستدا نابێت بۆ چاندن. هەروەها گوتی "پلانمان هەبوو لەماوەی ئەم پێنج ساڵەدا خانووی پلاستیکی لە کوردستان بڵاوبکەینەوە کە ئێستا تەنیا 200 خانوومان دروست کردووەو بەنیازبووین ئەمساڵ 1000ی دیکە دروست بکەین بۆئەوەی چیدی سەوزەو میوە لەدەرەوە نەهێنین و پشت بە بەرهەمی خۆمان ببەستین. پلانێکی دیکە چاندنی زەیتون بوو، ساڵی پار 2هەزار دۆنم چاندراوەو ئەمساڵ بەنیازبووین 4 هەزار دۆنم بچێنین، پلانمان ئەوەبوو لە داهاتوودا بتوانین 60 هەزار تەن زەیتی زەیتوون لە کوردستان بەرهەم بهێنین". ئێستا هەموو ئەم پلانانەی وەزارەتی کشتوکاڵ لەبەردەم واقیعی وشکەساڵیدا پتر لە خەونێک دەچن و وەک بەڕێوەبەری پلاندانانی ئەو وەزارەتە دەڵێت، ئەولەویاتی ئەوان بۆ ئەمساڵ لە سێ خاڵدا چڕبووەتەوە: دابینکردنی تۆوی چاندنی گەنم و جۆ، ئاوی خواردنەوە بۆ ئاژەڵ، دابینکردنی ئالیک.

لیژنەی باڵای بەرەنگاربوونەوەی وشکەساڵی ڕۆژی 16ی نیسانی ڕابردوو ڕاگەیێندراو وەزیری سەرچاوەکانی ئاویش ڕەخنەی ئەوە لە ئیدارەی کوردستان دەگرێت کە تا وڵات بەرەوڕووی کارەسات نەبێتەوە پێشبینی ناکات و پلانی بۆ دانانێ. تەحسین قادر لە لێدوانێکدا بۆ (ڕووداو) ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوان هەر لەمانگی 2007/11ەوە داوایان لە ئەنجومەنی وەزیران کردووە لیژنەیەکی باڵا لەسەر ئاستی وەزارەتەکان و چەند لیژنەیەکی لۆکاڵیش لەسەر ئاستی پارێزگاکان بۆ بەرەوڕووبوونەوەی هەردوو ئەگەری وشکەساڵی و لافاو دروست بکرێ، بەڵام گوتی "بەداخەوە لە دیوانی سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران لەکاتی خۆیدا وەڵامی ئەو داواکارییە نەدرایەوە، ئەگەر لیژنەکە زووتر پێکهاتبایە زووتر بەخۆدەکەوت".

تەحسین قادر هەر لەوبارەوە گوتی "ئێمە بەنووسراوی ڕەسمی ژمارە 2957 لە 2007/11/8 ئەو داوایەمان بۆ سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران بەرزکردەوە، لە 2007/11/20 بە نووسراوێک پێیان ڕاگەیاندین کە ڕەزامەندی لەسەر پێکهێنانی لیژنەی باڵای لافاو دراوە، بەڵام ئێمە جگە لەو نووسراوە هیچ هەنگاوێکی کردەنیمان نەبینی بۆ دروستکردنی لیژنەو سازدانی کۆبوونەوەو ئامادەکاری، بۆیە بەنووسراوی ژمارە 533 لە 2008/2/21 تەئکیدمان لەسەر ئەو مەسەلەیە کردەوە، بەڵام دیسان وەڵاممان پێنەگەیشتەوە هەتا ڕۆژی 2008/4/16".

ئەگەرچی لیژنەی باڵا بەپەلەو بۆ بەرەوڕووبوونەوەی حاڵەتێکی کتوپڕ پێکهاتووە، بەڵام وەک تەحسین قادر دەڵێت، ئەگەری ئەوە هەیە ئەو لیژنەیە ببێتە لیژنەیەکی هەمیشەیی. کاری لیژنەکە وەک ئەو ئاماژەی پێکرد ئەوەیە کە بودجەی پێویست دیاری بکات بۆ فریاکەوتنی کارەساتەکەو کەمکردنەوەی

## ئاستی ئاوی ژێرزەوی لە هەندێ ناوچە 100 مەتر دابەزیوە

وەزیری سەرچاوەکانی ئاو

کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی وشکەساڵی بەتایبەتی لەسەر نیشتەجێبوونەوەی خەڵک کە مەترسی ئەوەی لێدەکرێت کۆچی پێچەوانەی لێبکەوێتەوە لە گوندەکانەوە بەرەو شارو فرۆشتنی مەڕوماڵات بەهۆی لەناوچوونی لەوەڕگاو لەناوچوونی یەکجارەکیی کشتوکاڵ. هەروەها لەسەر ئاستی پارێزگاو قەزاکانیش لیژنەی لۆکاڵ پێکهاتووەو دەربارەی میکانیزمی کاری ئەو لیژنانەش گوتی "لیژنەی پارێزگاو قەزاکان لە کاری فریاگوزاریدا بۆ ئەمساڵ ڕۆڵی سەرەکی دەبینن، بەڵام لیژنەی باڵا بۆ ڕێگەگرتن لە دووبارەبوونەوەی دیاردەکە دەبێت ڕۆڵی هەبێت کە چۆن هەموو لایەک لەسەر پرۆژە گەورەکان ڕێکبکەوین بۆئەوەی ئەگەر ساڵی داهاتووش وشکەساڵی بوو لەکاریگەرییە خراپەکانی کەم بکەینەوە".

ئەو بودجەیەی وەزارەتەکان بۆ پێداویستیی فریاگوزاری ناوچە زیانلێکەوتووەکان مەزەندەیان کردووە لە سنووری 100- 120 ملیۆن دۆلاردایە، بەڵام تەحسین قادر ڕایگەیاند کە سەرۆکایەتی ئەنجومەنی وەزیران ڕازی بووە لەسەر ئەوەی بودجەیەکی کراوەی بۆ تەرخان بکات، بەم پێیەش ئەگەری ئەوە هەیە پارە لە زۆربەی سێکتەرەکانی دیکە بگیرێتەوەو بۆ کاری فریاگوزاری تەرخان دەکرێ.

لەئێستاوە بەشێکی زۆری خەڵک لە دڵەڕاوکێی ئەوەدان کە ئەم وشکەساڵییە بۆ ساڵانی داهاتووش درێژبێتەوە وەک ئەوەی لەهەندێ وڵاتدا چەند ساڵێک دەخایێنێ. وەزیری سەرچاوەکانی ئاویش ئەوە بەبیردێنێتەوە کە وشکەساڵی دیاردەیەکی جیهانییەو پەیوەندی بە قەتیسبوونی گەرماوە هەیەو هۆکارەکەشی پیسبوونی ژینگەیە، بەڵام وەک ئەو گوتی "لە وڵاتانی دیکە ئەوەندە پرۆژەیان لەسەر سەرچاوە سروشتییەکان کردووە کە نەهێڵن دیاردەکە کاریگەری زۆر خراپی هەبێت، ئەوان تەنیا پشت بە باران نابەستن بەڵکو لەسەر ئاوە هەمیشەیی و وەرزییەکان پرۆژە دەکەن و ئەو ئاوەی هەیانە کۆیدەکەنەوەو لەکاتی پێویستدا سوودی لێوەردەگرن".

لەمامەڵەکردن لەگەڵ ئاوو برەودان بە کشتوکاڵ کوردستان هێشتا وەک وڵاتێکی سەرەتایی پشت بە باران دەبەستێ، حکومەتی کوردستان بۆ دەربازبوون لەو تەنگژەیە کە هەر چەندساڵ جارێک بەرۆکی خەڵک دەگرێ و نوێژەبارانەی بۆ دەکەن، پێویستی بەدەیان پرۆژەی ستراتیژی هەیە، وەزیری سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "پلانی ستراتیژی ئەوەیە کە تا ئەوپەڕی سوود لەئاوی سەرزەوی وەربگرین و ئاوی ژێرزەوی بپارێزین، واتە نەک هەر ئاوی ژێرزەوی دەرنەهێنین بەڵکو هەوڵ بدەین بیبوژێنینەوە، لەسەر ئاوە هەمیشەیی و وەرزییەکان پلانمان هەیە بۆ کۆکردنەوەی ئاو لەڕێی بەنداوی بچوک و مامناوەندی و گەورە، ئێستا لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتی بەنداوەکان بیرۆکەی دروستکردنی 116 بەنداو خراوەتەڕوو کە هەندێکی دیراسەی دەوێت و هەندێکی دیکەیان دیزاینیان دەوێت و پاشان تەرخانکردنی بودجەیان دەوێت بۆ دەستپێکردن، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی گشتیی ئاودێرییەوە وەک پرۆژەی ئاودێری گەورەو ستراتیژی بەرنامەیان هەیە کە 8 ملیۆن دۆنم، واتە 20 هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشە کە دەکاتە چواریەکی خاکی هەرێمی کوردستان دەتوانرێ بکرێتە بەراو کە ئەوە ئاسایشی خۆراک لە کوردستان بەتەواوی زامن دەکات، لەسەر کاغەز پلان و بیرۆکەو هەندێکیش دیراسەو هەندێکی دیکەش دیزاینی پرۆژەکانمان کردووە، بۆنموونە پرۆژەی شەمامک کە ڕاکێشانی ئاوە لە زێی گەورەوە بۆ دەشتی شەمامک، لەلایەن وەزارەتی سەرچاوەکانی ئاو لە بەغدا دیزاینیشی تەواوبووەو ئومێد دەکەین هەر ئەمساڵ دەست بە جێبەجێکردنی بکەین".

ئەنوەر عومەر قادر بەڕێوەبەری گشتی پلاندانان لە وەزارەتی کشتوکاڵ دەربارەی ئەو پرۆژەیە دەڵێت "ئەوە یەکێکە لە پرۆژە ستراتیژیەکان کە ئەگەر ئەنجام بدرێ بەو ئاوەی زێی گەورە نزیکەی یەک ملیۆن دۆنم زەوی ئاو دەدرێ و بەرهەمی ئەو پرۆژەیە بەشی هەرچوار پارێزگاکەی کوردستان دەکات. بەڵام ئەوە پرۆژەیەکی درێژخایەنەو ماوەی جێبەجێکردنەکەی 12 ساڵی دەوێت".

### چیدی ئاو بەخۆڕایی نابێت

وەزیری سەرچاوەکانی ئاو پرۆژەی دانانی پێوەرو دیاریکردنی نرخی ئاو بە پرۆژەیەکی گرنگ ناودەبات و دەڵێت "نابێت چیدی ئاو بەخۆڕایی بێت".

تەحسین قادر دەربارەی دانانی پێوەرو نرخ لەسەر ئاو ئاماژەی بەوە کرد کە ئێستا وەزارەتی شارەوانی لەچەند شوێنێک خەریکی تاقیکردنەوەی پێوەرن. "مەسەلەی ئاو هەر بەتەنیا کاری وەزارەتی ئێمە نییەو بەسەر چەند وەزارەتێکدا دابەش بووە، پێویستە هەموومان ئەرکی خۆمان جێبەجێ بکەین، وەزارەتی شارەوانی پێویستە پێوەر دابنێ لەسەر ئاوی ماڵان، ئێمە پێویستە پێوەر لەسەر بیرەکان دابنێین بۆئەوەی بزانین چەندە ئاو بەکاردەبرێ و چەندی دێتەوە شوێنی، هەروەها دەبێت تۆڕەکانی ئاوی خواردنەوە کە لێچوونێکی زۆریان هەیە نۆژەن بکرێنەوە بۆئەوەی مەرجی تەندروستیشیان تێدابێت. پرۆژەی دانانی پێوەر پرۆژەیەکی گەورەیەو ڕەنگە بەساڵێک تەواو نەبێت، بەڵام ئەگەر ئێمە بتوانین لەماوەی سێ ساڵدا پێوەر لەسەر هەموو سەرچاوەکانی ئاو دابنێین ئەوە کارێکی گەورەمان کردووە".

### سپاردنی ئاوی خواردنەوە بەکەرتی تایبەت



تەحسین قادر (فۆتۆ:ڕووداو)

زۆربەی زۆری کەرتە خزمەتگوزاری و بەرهەمهێنەکان لە وڵاتان بەرەو ئەوە دەچن کەرتی تایبەت ڕۆڵی سەرەکییان تێدا بگێڕێ و حکومەت تەنیا ڕۆڵی ڕێکخەری لەو سێکتەرانەدا هەبێت و زامنی عەدالەتی کۆمەڵایەتی بکات، تەحسین قادر دەڵێت "ئێمەش دەبێت هەر بەرەو ئەو ئاراستەیە بڕۆین و ڕێگایەکی دیکەمان نییە، هەرچەندە ئاو وەکو ئاوی خواردنەوە هەندێ تایبەتمەندی هەیە کە هەموو وڵاتان بەئاگاداری و وریاییەکی زۆرەوە دەیدەنە کەرتی تایبەت و هەوڵ دەدەن ئیستیغلالی تێدا نەبێت بەوپێیەی سەرچاوەیەکی سەرەکی و بنەڕەتی ژیانی مرۆڤە، لێرەدا پاراستنی کوالێتی ئاو شتێکی زۆر گرنگەو حکومەت لەهەموو وڵاتێکدا چاودێریی دەکات، هەروەها دەبێت نرخیشی زۆر هەرزان بێت و بەشێوەیەک بێت کە خەڵک بتوانێ بەکاریبهێنێ، واتە کەرتی ئاویش دیسانەوە لە چوارچێوەی ئەو بەرنامەیەدایە کە هەموو وەزارەتەکان کۆکین لەسەری و لە کارنامەی کابینەی پێنجەمیشدا جەخت لەسەر ئەو خاڵە کرابووەوە کە دەبێت لە سێکتەری ئاودا هانی سەرمایەگوزاری کەرتی تایبەت بدرێ".

### 40 هەزار بیر لە کوردستان

بەپێی ئامارێک کە دەست (ڕووداو) کەوتووە تەنیا لەسنووری سلێمانی نزیکەی 30 هەزار بیر لێدراون کە 17 هەزاریان بێ مۆڵەتن، لەهەولێر 2500 بیری بێ مۆڵەت هەیەو 4500 بیریش بەمۆڵەت لێدراون، لەسنووری پارێزگای دهۆکیش پتر لە هەزار بیر هەیە کە نزیکەی 100 بیریان بێ مۆڵەتن، لێدانی نزیکەی 40 هەزار بیر لەکاتێکدایە کە وەک وەزیری سەرچاوەکانی ئاو دەڵێت "بوژانەوەی ئاوی ژێرزەوی لەوڵاتی ئێمە زۆر خاوە". ئەو کوردستان بەوڵاتانی ئەورووپا بەراورد دەکات و دەڵێت "بۆنموونە لە وڵاتانی ئەورووپا ڕێژەی بەفرو باران هەم زۆرەو هەم بەدرێژایی ساڵیش هەیە، وەکو لای ئێمە نییە تەنیا لەچەند مانگێکدا بباری، ئاوی ژێرزەویی ئێمە ئەوەی کە هەیە بە ملیۆنان ساڵ کۆبووەتەوە، بەڵام لەم چەند ساڵەی دواییدا دەستدرێژییەکی وەهای کراوەتە سەر کە لە زۆر ناوچە 50 مەتر دابەزیوە، تەنانەت لەهەندێ ناوچە گەیشتووەتە 100 مەتر کە ئەمە بە کارەساتێکی ژینگەیی گەورە دادەنرێ".

دەربارەی پرۆژەو پلانیشیان بۆ بووژاندنەوەی ئاوی ژێرزەوی گوتی "ئێمە بۆ بوژاندنەوەی ئاوی ژێرزەوی پرۆژەمان هەیە کە چۆن بتوانین لەڕێی بەنداوی خۆڵینی بچووک و مامناوەندی ئاوی باران کۆبکەینەوەو بوار بڕەخسێنین کە بەشێکی ئەو ئاوە بچێتە ناخی زەوی".

وەزیری سەرچاوەکانی ئاو هەروەها ڕایگەیاند کە بەڕێوەبەرایەتی ئاوی ژێرزەوی ڕێنمایی پێویستی دەرکردووەو بەپێی ئەو ڕێنماییە دەبێت سنوور دابنرێت بۆ مۆڵەتدان بە لێدانی بیرو بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەوی"، گوتیشی "داوامان لە هەموو وەزارەتەکان و دەستەی وەبەرهێنانیش کردووە کاتێک کە پرۆژەیەکی نوێ دەست پێدەکەن لەو پرۆژانەی پێویستیان بەئاو هەیە، تەوجیهی پرۆژەکان بکەن بۆ ئەو شوێنانەی کە ئاوی سەرزەوی لێیە، بۆئەوەی ناچار نەبن داوای مۆڵەتی بیرلێدان بکەن، ئێمە بەکارهێنانی ئاوی ژێرزەویمان بۆ ئامادەکردنی ئاوی خواردنەوە بە بوتڵ قەدەغەکردووەو دەبێت کارگەکانیان لەسەر کانیاوو سەرچاوەکانی ئاوی سەرزەوی دروست بکەن. ئێستا بۆ مەسەلەی بیرلێدان لەلایەن پرۆژەکانەوە ڕێوشوێنی توندمان گرتووەتەبەروبەئاسانی ڕەزامەندی لەسەر بیرلێدان نادەین، ئەو ڕێنماییە بۆ ئەوەبوو کە دەستدرێژی بۆ سەر ئاوی ژێرزەوی کەم بکەینەوەو ئەو ئامێرە سوریانەی بیرهەڵکەندنیش کە زۆر هاندەری ئەو دەستدرێژیە بوون قەدەغەکراون و بەرکارهێنانیان زۆر سنووردار کراوە.

مونیرە عەلی عەبدولعەزیز، ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوەی ئیسلامی :

# بڵاوکردنەوەی وێنەکەی ئیحسانی برام لەگەڵ ئافرەتێکدا پیلان بوو

**مونیرە عەلی عەبدولعەزیز، لەدوای کۆچی باوکی بەبێ ئەوەی لە کۆنگرە هەڵبژێردرێ وەک ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوە، دەرکەوت. ئەو بەشێوەیەک لە شێوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە باوک و مامی لایەنگری دەرکەوتنی بوونە، بەڵام سەرکردایەتی بزووتنەوە ئافرەتیان وەک دەنگدەریش لە کۆنگرەکانی بزووتنەوە قبوڵ نەبووە نەک وەک پاڵێوراوی سەرکردایەتی.**

نەوزاد و شوان
رووداو- سلێمانی

**رووداو: دوای کۆچی دوایی باوکتان ئێوە وەک ئەندامی سەرکردایەتی بزووتنەوە دەرکەوتن، ئایا کاتی خۆی باوکت رێگر بوو لەوەی تۆ بێیتە ناو سەرکردایەتی؟**

**مونیرە عەلی** : پێش ئەوەی بچمە سەرکردایەتی لەلایەن باوکم و مامە عوسمانم،هەڵبژێردرام بۆ راوێژکاری رابەری گشتی بۆ کاروباری ئافرەتان .واتە ئەوان ئێمەیان لەکاری سیاسی دوورنەخستبووەوە، بەڵام لەوە دەچێت بەهۆی سەرکردایەتی ئەوکاتی بزووتنەوەی ئیسلامی ئافرەت نەک هەر بەشداری نەبووەو تەنانەت لەهیچ کۆنگرەیەکیشدا ئافرەت بۆ دەنگدانیش بەشدار نەبووە چ جای ئەوەی خۆی بپاڵێوێت .بەڵام لە کۆنگرەی ئەمجارەدا جگە لەوەی بەشداردەبن، لە لیژنەی ئامادەکاری کۆنگرەشدا ئەندامن.

**رووداو: واتە کاتی خۆی باوکت پێی خۆش بووە بێیتە ناو سەرکردایەتی؟**

**مونیرە عەلی:**باوکم نەک رێگر نەبوو لەبەردەم من، بەڵکو بۆ زۆر سەردان و کۆبوونەوەش منی لەگەڵ خۆی بردووە .بەمنداڵیش منی لەگەڵ خۆی دەبردە مزگەوت، هەر لە سلێمانیش کە بەڕێوەبەری پەیمانگای زانستە شەرعییەکانی عەبدولعەزیز بووم، چەندین سەفەری بەغدام کردووە بۆ ئەو کاروبارانە .لەبەرنامەماندایە لە داهاتوو ئافرەتی زۆرتر بێنینە ناوسەرکردایەتییەوە .

**رووداو: هەندێک جاربنەماڵەکەتان بەوە تۆمەتبارکراوە کە چەکداری و لایەنگیری رژێمی عێراقی کردووە و هاوکاریتان لەڕژێم وەرگرتووە؟**

**مونیرە عەلی** : تەحەددا دەکەم، تائێستا باسێکی وا کرابێ لە رۆژنامەیەک یان کەسێک باسی پەیوەندی بنەماڵەی ئێمەی لەگەڵ رژێم کردبێت. بەپێچەوانەوە ئەو فایلانەی بڵاوبوونەوە بەڵگەن لەسەر ئەوەی رژێم لە دژی ئێمە پشتگیری زۆر کەس و لایەنی کردووە .بنەماڵەی ئێمە هەرلەسەرەتاوە تاروخانی رژێم هیچ سازش و موفاوەزاتێکی لەگەڵ نەکردووەو، هەمیشەش دژایەتی کراوە، چ سەددام کردبێتی و چ کورد کردبێتی.

**رووداو: برایەکانت بەهۆکاری لاوازکردنی بزووتنەوە دادەنرێن لەلایەن هەندێ کەسەوە، تۆ چ دەڵێی؟**

**مونیرە عەلی:**بزووتنەوە هێزی سێیەمی کوردستان بوو، بە پیلانێکی ئیقلیمی و بەدەستی رژێمی بەعس ئینشیقاقی تێکەوت .

**رووداو: لەساڵی رابردووەو دوای گەڕانەوەی ئیحسان و محەممەدی برات بۆ کوردستان،بزووتنەوە بووژانەوەیەکی تێکەوت، بارەگای تازەتان کردنەوەو بوودجەتان وەرگرتەوە . پێتوانییە ئەو هاوکاریکردنە بۆ ئەوەبێ بزووتنەوە بکرێتە کۆسپێکی بەردەم کۆمەڵ و یەکگرتوو؟**

**مونیرە عەلی:** بزووتنەوە هەربووەو نەمردووە،بەهۆی باروذۆخەوە چالاکییەکانی سست بوو. ئێستا بزووتنەوە بەردەوام گەشە دەکات و حیزبەکانی دیکەش دان بەو واقیعەدا دەنێن کەبزووتنەوە خۆڕاگربوو .

**رووداو: کەی کۆنگرە دەبەستن و رابەری نوێ هەڵدەبژێرن؟**

**مونیرە عەلی** : ئینشاڵڵا لەئایندەیەکی نزیکدا دەبەسترێت، ئامانجیش فراوانکردنی بزووتنەوەو هێنانەپێشەوەی ئەو ئەندامانەیە کەپێشتر بزوتنەوەبوون و ئێستا بەهەرهۆیەک بێت لەماڵەوە دانیشتوون .دیاریکردنی رابەریش دەسپێرینە کۆنگرە .

**رووداو: دەوترێت ئاستەمە رابەر لەدەرەوەی بنەماڵەکەتان بێ،رازیدەبن کەسێکی دیکە ببێ بە رابەر؟**

**مونیرە عەلی** :براکانم بەئاشکرا رایانگەیاندووە کە ئەوان پشتگیری لە هەموو ئەندامێکی دڵسۆز و ماندووی بزووتنەوە دەکەن و،ئێمە سوپاسی بزووتنەوەی ئیسلامی دەکەین کە وەکو رێزێک ئەو بۆشاییەیان بەجێهێشت کەجێگەی رابەری گشتی بەبۆشایی بمێنێتەوە . بەڵام ئێستا کاتی خۆیەتی رابەرێک بۆخۆیان هەڵبژێرن .هەرکەسێک بێت و ئەندامانی بزووتنەوە پێی رازی بن، ئێمە یەکەم کەس دەبین کە پشتگیری دەکەین و چیمان کردووە بۆ باوکمان، بەهەمان شێوە لەخزمەتی ئەویشدا دەبین.

**رووداو: پارتی و یەکێتی تا گەڕانەوەی هەردوو براکەت هیچ بایەخێکیان بە داواکارییەکانی مەکتەبی سیاسی بزووتنەوە نەدا،بەڵام دوای هاتنەوەیان پێشوازیکران و بە تەنگ داواکانی بزووتنەوە هاتن،ئەوە نیشانەی ئەوە نییە کە هەر دەبێ رابەر لە بنەماڵەکەتان بێ؟**

**مونیرە عەلی** : رۆڵی بنەماڵە کاریگەری خۆی هەیە، چونکە بنەماڵە و مەرحومی باوکم بەرەحمەت بن بەدرێژایی تەمەنیان لەخزمەتی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردا بوون، حەقی خۆیەتی کە سەرکردەکانی کوردیش رێزیان لێبگرن و هاوشانی خۆیان پێشوازییان لێبکەن، چونکە مێژوویەکی پرشنگداریان هەیە .

**رووداو: دەگوترێ ئیحسانی برات خەریکی دروستکردنەوەی دەزگای هەواڵگری ناو بزووتنەوەیە؟**

**مونیرە عەلی** : هۆی سەرەکی بووژاندنەوەی بزووتنەوەی ئیسلامی گەڕاندنەوەیەتی بۆ دۆخی ئاسایی خۆی و پێشی شەڕەکە . ئێمە هەموو دامودەزگاکان دروست دەکەینەوەو تەنیا کاک ئیحسان خەریک نییە، بەڵکو هەموو مەکتەبی سیاسی خەریکی کارن.

**رووداو: زانیاری ئەوە هەیە کە بەریتانیا هاوکارییەکی باشتان دەکات بۆ ئەو مەبەستە ؟**

**مونیرە عەلی** : هاوکاریمان لەگەڵ بەریتانیا، هاوکارییەکی بەهێزی دیبلۆماسییەو،بەریتانیا هەمیشە رێزی لەسەرکردەکانمان گرتووەو جەنابی مامۆستا مەلا عوسمانی یەکەم رابەری بزووتنەوە سەردانی ئەو وڵاتەی کردو لەئاستێکی زۆر بەرزدا پێشوازی کرا . بەڵام تەئکید دەکەمەوە کەئەوپەیوەندییانە سیاسی نین و هیچ هاوکارییەکی داراییش نەکراوین.

**رووداو: ئەو وێنەیەی کە پێشتر لە ئینتەرنێت هەبوو و ئەمساڵ رۆژنامەی (ئاوێنە) بڵاوی کردەوە، دەنگدانەوەیەکی گەورەی هەبوو، ئێوە وەک بنەماڵە بەبینینی وێنەکە هەستتان بەچی کرد ؟**



مونیرە عەلی عەبدولعەزیز
(فۆتۆ:رووداو)

**مونیرە عەلی** :ئەوە پیلان بوو .وێنەکە دروستکراوەو بوونی نییە . بڵاوکردنەوەشی لەبەر ئەوەبوو کە لەکاتی فیستیڤاڵی رابەر لەسلێمانی، بینیان برا بەرێزەکانم رۆڵێکی چالاکیان هەیە لەبووژاندنەوەی بزووتنەوەدا، کەسانێکیش کە لەزیندووبوونەوەی بزووتنەوە دەترسن و بەزیانی خۆیانی دەزانن، ئەو پیلانەیان گێڕا. ئێمە ئەوانمان بردووەتە بەردەمی دادگاو پشت بەخوا لەدادگا رووندەبێتەوە چ دەستێکی لەپشتەوەیە .

**رووداو: بۆچی فیستیڤاڵی رابەر تەنیا تایبەت بوو باوکت، لەکاتێکدا یەکەم رابەری بزووتنەوە مامۆستا مەلا عوسمان بوو ؟**

**مونیرە عەلی** : ئێمە هەرلەدوای وەفاتی جەنابی مەرحومی مامم هەموو ساڵێک لەساڵیادی خۆیدا لەتەلەڤزیۆن و رۆژنامەو رادیۆوە یادمان کردووەتەوە، بەڵام ئەمساڵ یەک ساڵ تێپەڕی بەسەر وەفاتی باوکم، بۆیە ئێمە خۆمان وەک بنەماڵە ئەو فیستیڤاڵەمان کرد و هیچ ئەرکێکمان نەخستە سەر بزووتنەوە .

**رووداو: دەگوترێ ناکۆکی لە نێوان ماڵی ئێوەو ماڵی مەلا عوسماندا هەیە؟**

**مونیرە عەلی** : هیچ وانییەو نێوانمان زۆر خۆشە .

**رووداو: داوای بەشداریتان نەکردووە لەحکومەت ؟**

**مونیرە عەلی** : نەخێر داوامان نەکردووە . من پێموایە ئێستا بزووتنەوەی ئیسلامی ئەو هێزەیە کەبتوانێت رۆڵی ئۆپۆزسیۆن ببینێت، چونکە بەهیچ شێوەیەک سوودمەند نەبووە لەحکومەت و بەشداری هیچ گەندەڵییەکی حکومەتیش نەبووە .

**رووداو: بۆچی تەحسینی براتان تا ئێستا لە ئێران نەگەڕاوەتەوە،تەنانەت بۆ پرسەش نەهاتەوە ؟**

**مونیرە عەلی** : ئەو فەرماندەیەکی گەورەی عەسکەری بووە، هەرچەندە تائێستا لەلایەن هیچ لایەنێکەوە داوانەکراوە، بەڵام خۆی پێی باشە کەوا بمێنێتەوەو خۆی دەرنەخات و نازانم

## ئێمە هیچ کاتێک جیهاد رەتناکەینەوە

لەکوێیە .

**رووداو: دەگوترێ پەیوەندی بە ئەنسارولئیسلامەوە هەیە ؟**

**مونیرە عەلی** : لەوانەیە کەسنورەکانمان تێکەڵ بوون، ئەوان لەتەوێڵە بوون و ئەمانیش لەبیارە، تێکەڵاویەکیان هەبوبێت، بەڵام ئێستا هیچ پەیوەندییەکیان بەیەکەوە نییە .

**رووداو: کاتی خۆی ئەمریکییەکان بۆچی باوکتیان گرت؟**

**مونیرە عەلی** :ئاساییە ئەمریکا کەسایەتییە نیشتمانپەروەرودڵسۆزەکان بگرێت . داگیرکەر کەدێت، لەپێشدا کەسانی نیشتمان پەروەردەستگیر دەکات، باوکیشم یەکێکبووە لەوانەی کەبەراستی خزمەتی میللەتی کردووەو بەراستی لەگەڵ ئازادکردنی گەلی عێراق بوو، نەک بەشێوەی داگیرکاری .

**رووداو: میلیشیا و هیزی چەکدار داومەزرێننەوە؟**

**مونیرە عەلی** :ئێمە هیچ کاتێک جیهاد رەتناکەینەوە، چونکەی ئەوچەکەی هەڵمانگرتووە تەنها لەدژی رژێم نەبووەو بۆنەمانی ستەم و زولم بووە لەسەر میللەتەکەمان . هەرکاتێک ستەم و زوڵم هەبێت بەرامبەر بەمیللەتی کورد،لەلایەن هەرکەسێکەوە بێت، بزووتنەوە ئامادەیە بەگژ ستەمدا بچێتەوە .

**رووداو:بۆچی براکانت بەردەوام لە راگەیاندندا قسە لەسەر عەلی باپیری ئەمیری کۆمەڵی ئیسلامی دەکەن؟**

**مونیرە عەلی** : پێموایە ئەو کەسە دەستپێشخەربووە کە ئێوە ناوتان برد. ئەوکەسە (عەلی باپیر) لە رۆژنامەیەک وەڵامی هەندێک قسەی منی دابوویەوە، قسەکانی ئەو بایەخی نەبوون لەلام و وەڵامم نەدایەوە، بەڵام ئیحسانی برام وەڵامی دایەوە. بێگومان ئەوان لەئێمە جیابونەتەوەو شتێک هەردروست دەبێت .

**رووداو: ماوەیەک بەرلەئێستا سدیق عەبدولعەزیزی مامتان وتبوی لەئێران داوایان لێکردووم چاوم لەبزووتنەوەبێت و نەهێڵم لەوە زیاتر کەرتبوونی تێبکەوێت ،ئێران بۆ ئەو داوایە دەکات؟**

**مونیرە عەلی** : من ئاگاداری ئەوە نیم . بەڵام مامم رەمزێکی ئیسلامییەو بزووتنەوەی ئیسلامیش خاوەنی بڕیاری سەربەخۆی خۆیەتی و پشت بەخوا لەکۆنگرەی داهاتووشدا رابەری خۆی هەڵدەبژێرێت .

**رووداو: ئێستا پەیوەندیتان لەگەڵ پارتی و یەکێتی چۆنە ؟**

**مونیرە عەلی:**دوای ئەوەی پەیوەندی بزووتنەوە لەگەڵ پارتی دروستبووەوە، یەکێتی نیشتمانیش لە رۆژنامەی (کوردستانی نوێ)وە بەیانێکی بڵاوکردەوەو بەرەسمی داوای لە بزووتنەوە کرد کە پەیوەندی لەگەڵ دروست بکاتەوە .دیارە لەگەڵیان دانیشتین و لەسەر هەندێک خاڵ رێککەوتین. هەرلەسەردەمی جەنابی مامم (مەلا عوسمان) ەوە پارتی شەهیدانەی بۆشەهیدەکانمان بڕیوەتەوەو یەکێتیش بڕیارە لای خۆیەوە ئەوەبکات و خانەنشینی بۆ پێشمەرگە دێرینەکانمان بکات .

**رووداو: هیچ زیندانیتان لەلای ئاسایش هەن؟**

**مونیرە عەلی** : تائێستا پێنج شەش گیراومان ماوە لەسلێمانی، کە تائێستا نەدادگایی کراون و نە وتراویشە لەسەرچی گیراون . ئێمە هەوڵمان بۆداون و ئەوانیش هەردەڵێن ئازادیان دەکەین .



## بەریتانیا هاوکاری دیپلۆماسی لەگەڵ ئێمە هەیە

ئامانجیان دژایەتی کردنی هێزەکانی ئاسایشە لە کەرکووک

# هێزەکانی هاوپەیمانان و حکومەتی مالیکی سەحوەی کەرکووک دادەمەزرێنن

ئامانج کەرکووکی
رووداو - کەرکووک

بەبێ ئەوەی هیچ کوردێکی تێدابێت هێزی سەحوە لەناوچەی کەرکووک دامەزراوەو حکومەتی بەغدا و هێزە فرەرەگەزەکان 305 ملیار دیناریان بۆ تەرخانکردووەو ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکوویش دەڵێت" ئامانجیان دژایەتی کردنی هێزەکانی ئاسایشە".

ئەندامێکی ئەنجوومەنی پارێزگای کەرکووک بە (رووداو)ی راگەیاند "بۆ دژایەتیکردنی هێزەکانی ئاسایشی کەرکووک، سەرۆک هۆزە عەربەکان لەباشورو رۆژئاوای کەرکووک هێزی رابوونیان دامەزراندووە، کە سەرجەم بەعسییەکان وسوودمەندەکانی سەردەمی حیزبی بەعسیان کۆکردوونەتەوە، ئێستاش بەهێزترین سنووری جوگرافی پارێزگای کەرکووکیان بەدەستە کە لە شارۆچکەی دووبزەوە تا دامێنی زنجیرە چیای حەمرینە، ئەم هێزە بۆ دژایەتیکردنی هێزی ئاسایش دامەزراون وبەڵگەشم ئەوەیە کە هیچ کوردێک ناهێننە ریزی ئەوهێزەوە".

ئیبراهیم حەسەن، کە ئەندامێکی باڵایە لەم پرۆژەیەی رابووندا، ئەوەی بە (رووداو) راگەیاند کە" پرۆژەیەکی نوێ بەناوی پرۆژەی نیشتمانییەوە دروستبووە کە سەرجەم پارێزگاکان دەگرێتەوە، جگە لە هەرێمی کوردستان، ئەم پرۆژەیە بۆ نەهێشتنی دیاردەی بێکارییە لەرێگای هێزی رابوونەوە، واتە ئەوەی بێکارە دەتوانێت لەم هێزەدا دابمەزرێت" . لەدرێژەی لێداوانەکەیدا ناوبراو ئەوەشی خستەروو کە" ئەم پرۆژەیە لەسەر بڕیاری سەرۆک وەزیرانی عێراق دامەزراوەو بری 150ملیار دیناری بۆتەرخانکراوە، بەمەش دەتوانین دیاردەی بێکاری نەهێڵین".

لەبارەی چۆنییەتی دابەشکردنی ئەم هێزە ودیاریکردنی جۆری کارەکانیان، ئیبراهیم حەسە ئەوەی بە (رووداو) راگەیاند کە"ئەم هێزە بۆ ئەو پارێزگایانەیە کە بارگرژی ونائارامی تێدا بەدی دەکرێت، دوای کۆتایهێنانی مەشقەکانیان پلەی جۆراوجۆریان پێدەدرێت و دابەشدەکرێن و بۆ پارێزگای کەرکووکیش هێزێکی گەورەمان ئامادەکردووە".

راکان سەعیدی جێگری پارێزگای کەرکووک دوای پشت راسکردنەوەی هەواڵەکە ئەوەی خستەڕوو کە"هێزە فرەرەگەزەکانیش بری 155ملیۆن دۆلاریان بۆ ئەم مەبەستە تەرخانکردووەو هێزەکانی رابوونیش توانیویانە کۆتایی بەبوونی چەکدارانی قاعیدە بێنن لەو ناوچانەی کەکاری تێدا دەکەن، بۆیە زۆر پێویستە هاوکاریان بکەین وئەم هەنگاوەش بۆ لاوان دەبێتە مایەی کارکردنیان و لەماوەیەکی نزیکدا دەست دەکەین بەناونووسینی (1000)کەسیتر".



# "حکومەت ڕێز لە بڕیارەکانی دادگە ناگرێت"

## راپۆرتی DHRD



عەلی حەمەساڵح
ali@rudaw.net

**رووداو-هەولێر**

سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی DHRD بەهاوکاری ڕێکخراوی NED راپۆرتێکیان لەبارەی ڕەوشی دادوەری لەدادگاکانی سلێمانی و هەڵەبجەدا ئامادەکردووەو،تێیدا ئاماژە بەچەندین پێشێلکاری یاسایی کراوە.

راپۆرتەکە لە9 مانگی رابردوودا لەلایەن کەسانی یاسایی خۆبەخشەوە تایبەت بۆ کۆنفرانسی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری لەکوردستاندا ئامادەکرا بوو، کە گرنگترین زانیاریەکانی دەست (رووداو) کەتوون و، تێیدا چەندین پێشێلکاری یاسایی لەلایەن دەزگاکانی حکومەتی کوردستانەوە خراونەتە روو.

کۆنفرانسی سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری لەرۆژانی 22 و23/2008/4 لەهەولێر بەرێوەچوو، ئەگەرچی شوێن بۆ هەریەک لەسەرۆکی هەرێمی کوردستان و جێگرەکەی و سەرۆکی پەرلەمان و جێگری سەرۆکی حکومەت و وەزیری داد دەستنیشانکرابوون، بریار بوو لەپێناو ئاگاداربوون لەدەستێوەردان لەدەسەڵاتی دادوەری و پێشێلکارییە یاساییەکان ئامادەبن، بەڵام تەنها سەرۆکی پەرلەمان ئامادەی بەشێک لەکۆنفرانسەکە بوو.

راپۆرتی DHRD لەچەند بەشێک پێکهاتووە. راپۆرتی یەکەم، تایبەتە بەمانگەکانی 8 و9ی 2007 و لەم راپۆرتەدا 125 فۆرم پڕکراوەتەوە، کە پێشێلکارییەکانی بەچەند بەشێک تێدا دیاریکراون.

### پێشێلکارییە یاساییەکانی دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی و هەڵەبجە

لەراپۆرتەکەدا ئاماژە بەبوونی گرتنی نایاسایی کراوە لە کوردستاندا بۆ نموونە "لە 2007/9/26 لەلایەن بەرێوەبەرایەتی ئاسایشی سلێمانییەوە و لەمانگی دیسێمبەری 2005 لەلایەن ئاسایشی هەڵەبجەوە بەبێ بریاری دادوەر تۆمەتبار دەستگیرکراوە".

هەروەها چەند حاڵەتێک دیاریکراوە کە لەماوەی 24 کاتژمێردا تۆمەتبار نەدراوەتە دادوەری لێکۆڵینەوە، ڕێکخراوی ئامادەکاری راپۆرتەکە ئەمەی بە "پێشێلکاری یاسایی" ناو بردووە، لەراپۆرتەکەدا هاتووە "ماوەی دواکەوتنەکان بریتییە لە 3رۆژ تاوەکو 7رۆژ، هەموو فۆرمەکانیش ئاماژە بەوەدەدەن کە دادوەرانی لێکۆڵینەوە پرسیار لەتۆمەتبار ناکەن سەبارەت بەپێویستیان بەپارێزەر بۆ داکۆککردن لەمافی خۆیان، ئەمەش لەلایەک پێشێلی مافی مرۆڤەو لەلایەکی دیکەشەوە پێشێلی یاساو دەستورە".

### پێشێلکارییەکانی دادگای مەدەنی سلێمانی و هەڵەبجە

دواخستنی دادبینی یەکێکە لەو کێشانەی کە لەراپۆرتەکەدا ئاماژەی پێکراوە، لەو راپۆرتەدا هاتووە "ماوەی دوو دانیشتنی دادگا هەندێک جار دەگاتە 84 رۆژ، هۆکاری دوا کەوتنەکەش دەگەڕێتەوە بۆ پشووی فەرمی و پشووی دادوەران و وردبینی دۆسییەکان لەلایەن دادوەرانەوەو ئامادەنەبوونی شاهیدو پێشکەش نەکردنی بەڵگەی سەلماندن بەدادگا لەلایەن لایەنەکانەوە".

گرفتێکی دیکە کە لەهەمان خاڵدا ئاماژەی پێدراوە ئامادەنەبوونی نوێنەری یاسایی دامودەزگاکانی حکومەتە بەشێوەیەکی ریکوپێک، وەک لەراپۆرتەکەدا هاتووە "ئەمەش دەبێتە هۆی دواکەوتنی دادبینی، بەپێی فۆرمەکان ماوەی دواکەوتنەکان بەم هۆیەوە لەنێوان 6 مانگ تا 2 ساڵدایە".

ئەو دواکەوتنانەش دیاریکراون کە لەدادگاییکردن لەدادگاکانی کەتن و تاواندا هەن، ماوەی دواکەوتنەکەش لەکاتی ناردنی دۆسییەکە بۆ دادگای تایبەتمەند تاوەکو رۆژی دادگایی کردنەکە بە" 5 رۆژ تا 5 ساڵ و 7 مانگ" دیاریکراوە، جگە لەوەش ماوەی نێوان دوو دانیشتنی دادگا لەهەندێک حاڵەتدا گەیشتووەتە 10 رۆژ تاوەکو 6 مانگ".

دوانزە فۆرم سەبارەت بەپێشێلکاری لە دادگای مەدەنیدا پڕ کراوەتەوە، لەو راپۆرتەدا رەخنە لە داواکاری گشتی گیراوەو دەگوترێت" داواکاری گشتی لەو داوایانەدا کە لایەنێکی دامەزراوەی حکومەتە بەرێکوپێکی ئامادە نابێت، بۆ نمونە لەدۆسییەی ژمارە 834/ب/2004، داواکە لە 2004/4/1 تۆمارکراوە، دادگا رۆژی2007/6/25 دوا بریاری دەرکردووە و لەو ماوەیەدا دادگا 42 دانیشتنی بینیوە، بەڵام داواکاری گشتی بەهیچ شێوەیەک ئامادە نەبووە بۆ ئەوەی بەرگری لەدۆسیەکە بکات".

کۆکردنەوەی زانیاری لەسەر پێشێلکردنەکانی یاسایی لەمانگی 11ی 2007دا خاڵی یەکەمی راپۆرتی سێیەمە. زانیارییەکانیش بە هۆی دوو فۆرمەوە کۆکراونەتەوە.

فۆرمی یەکەم، تایبەتە بەجێبەجێنەکردنی بریارەکانی دادگا سزاییەکان، ئەو زانیاریانەی لەفۆرمەکاندا دەستنیشانکراون، بریتین لەجێبەجێنەکردنی بریارەکانی دادگای تایبەت بەدەستگیرکردنی تۆمەتبار، بانگهێشتنی تۆمەتبار، بانگهێشتنی شاهید و ئیجرائاتی دادگا، لەم فۆرمانەدا ئەوە دیاریکراوە چ لایەنێک بەرپرسە لەجێبەجێنەکردنی ئەم بریارانە، بەرپرسانیش بریتین لە "دادگا یان داواکاری گشتی یان پۆلیس".

بەپێی هەمان راپۆرت 38 فۆرم لەلایەن چاودێرانەوە لە دادگاکانی سلێمانی و هەڵەبجە پڕکراونەتەوە، ژمارەی ئەو بڕیارانەی دادگا جێبەجێنەکراون بەم شێوەیە:



بڕیاری بانگکردنی تۆمەتبار لەو دۆسیانەدا کە سزای تاوانەکە ناگاتە لەسێدارەدان و زیندانی هەتاهەتایی، دادوەرەکان لەبری بڕیاری گرتن بەپسولەیەکی تایبەت و لەرێگەی پۆلیسەوە تۆمەتبار ئاگادار دەکەنەوە کە لەدادگا ئامادە بێت، لەکاتێکدا دەبێت لەپاش دووجار لەئاگادار کردنەوە، دادگا بڕیاری دەستگیرکردنی بدایە، لەفۆرمەکاندا چوار حاڵەت هەیە کە دادگا بڕیاری بانگکردنی تۆمەتباری داوە، بەڵام

**12 ساڵە بڕیاری دەستگیرکردنی شوفێری وەزیری ناوخۆ جێبەجێ نەکراوە**

تۆمەتبار نەهاتووتە دادگا، بۆنمونە "لە مانگی 6ی 2005ەوە داوا لەپۆلیس کراوە کە تۆمەتبارێک لەدادگا ئامادەبکرێت، بەڵام تامانگی 11ی 2007 دادگا 14 دانیشتنی بینیوە تاوەکو ئەو کاتە تۆمەتبار ئامادە نەبووە لەبەردەم دادگادا".

لەهەمان راپۆرتدا ئاماژە بەجێبەجێنەکردنی ئەرکێک لەلایەن خودی دادگا یان پۆلیسەوە دراوە، وەک دەست بەسەراگرتنی موڵک و ماڵی ئەو تۆمەتبارانەی کەتاوانی گەورەیان ئەنجامداوەو دەستگیر نەکراون "لەدۆسییەی ژمارە 2567 لەمانگی 6ی 2005 دا دادگای لێکۆڵینەوەی سلێمانی یەک، بڕیاری دەستبەسەرداگرتنی ماڵ و موڵکی تۆمەتبار دراوە، بەڵام تاوەکو ئێستاش ئەم بڕیارە جێبەجێنەکراوە".

### حکومەت بڕیارەکانی دادگا جێبەجێناکات

پاش دەرچوونی بڕیار لەدادگا مەدەنییەکان بڕیارەکە لەبەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن کە فەرمانگەیەکی سەر بەوەزارەتی دادە جێبەجێدەکرێت، بەپێی ئەو زانیارییەی لەراپۆرتەکەدا هاتووە" ئەو بڕیارانەی دادگا کە دژی دامەزراوەکانی حکومەتە لایەنە حکومییەکان جێبەجێیان نەکردوون، بۆ ئەم مەبەستە 39 فۆرمی زانیاری لەلایەن چاودێرەکانمانەوە پڕکراوەتەوەو 33 فۆرمی لەبەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن لەسلێمانی و 6 فۆرم لەبەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەڵەبجە".

بەپێی ئەو زانیاریانەی لەو راپۆرتەدا هاتوون و دەست (رووداو) کەوتووە، ئەو لایەنانەی بڕیارەکانی دادگایان جێبەجێنەکردووە بریتین لە"وەزارتی پێشمەرگە کە 4 بڕیاری جێبەجێنەکردووە، وەزارەتی پیشەسازی یەک بڕیاری جێبەجێ نەکردووە، وەزارەتی شارەوانی 4بڕیاری جێبەجێ نەکردووە، وەزارەتی دارایی یەک بڕیاری جێبەجێنەکردووە، بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانییەکان یەک بڕیاری جێبەجێنەکردووە، شارەوانی سلێمانی5 بڕیاری جێبەجێنەکردووە، شارەوانی بەکرەجۆ 2 بڕیاری جێبەجێنەکردووە، شارەوانی راپەرین 2 بڕیاری جێبەجێنەکردووە، دەزگای کارەبای هەرێم 5 بڕیاری جێبەجێنەکردووە، شارەوانی هەڵەبجە 6 بڕیاری جێبەجێنەکردووە، شارەوانی چەمچەماڵ یەک بڕیاری جێبەجێنەکردووە، شارەوانی تەکیە 2 بڕیاری جێبەجێنەکردووە، وەزارەتی ناوخۆو ئاسایشی گشتی 2 بڕیاریان جێبەجێنەکردووە، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە یەک بڕیاری جێبەجێ نەکردووە، بەڕێوەبەرایەتی گومرگی سلێمانی یەک بڕیاری جێبەجێنەکردووە، بەڕێوەبەرایەتی چاودێری ناکامەکان یەک بڕیاری جێبەجێنەکردووە، پارێزگای سلێمانی 2 بڕیاری جێبەجێنەکردووە، سەندیکای کارمەندانی تەندروستی یەک بڕیاری جێبەجێ نەکردووە".

بەپێی هەمان راپۆرت "ئەو ماوەیەی بەسەر جێبەجێنەکردنی بڕیارەکاندا تێپەڕیوە لەدۆسییەکاندا 3 مانگ تا 2 ساڵە"، هۆی جێبەجێنەکردنەکەش وەک لە راپۆرتەکەدا دەستنیشانکراوە بریتییە لەوەی کە "نوێنەری یاسایی ئەو وەزارەت و فەرمانگانە لەبەردەم بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن ئامادە نابن بۆ جێبەجێکردنی بڕیارەکان، واتە وەڵامی بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردن نادەنەوە، کەبەپێی یاسا دەبێت لەماوەی حەوت رۆژدا وەڵام بدەنەوە".

ڕێکخراوەکە لە راپۆرتەکەدائەوەدەخاتەڕوو کە"لەم دۆسیانەوە دەردەکەوێت حکومەت خۆی پابەند نابێت بە بڕیارەکانی دادگاوە، ئەمەش واتای ئەوەیە کە حکومەت خۆی ڕێز لەیاساو بڕیارەکانی دادگا ناگرێت، کەواتە دادگا زۆر لاواز دەردەکەوێت بەرامبەر بەحکومەت و نەیتوانیوە بڕیارەکانی خۆی بسەپێنێت بەسەر حکومەتدا، بە هۆی ئەمەشەوە هاووڵاتیان نەیانتوانیوە مافەکانی خۆیان لەحکومەت وەربگرنەوە".

### لە دادگا سزاییەکان چ باسە؟

بەپێی راپۆرتەکە لە مانگی 12ی 2007دا، 35 فۆرمی تایبەت بەدادگا سزاییەکان پڕکراونەتەوە، بەپێی زانیارییەکانی ناو راپۆرتەکە "7 بڕیار دەرچووە بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتباران، بەڵام سەرەرای تێپەڕینی ماوەیەکی زۆر کە لەنێوان 3 مانگ تاوەکو حەوت ساڵدایە تۆمەتباران دەستگیرنەکراون، چوار بڕیاریان تایبەتن بەدەستگیرکردنی چەند تۆمەتبارێکی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، سەرەڕای ئەوەی دادگا داوای لەهێزی پێشمەرگە کردووە رادەستیان بکاتەوە، بەڵام هێزی پێشمەرگە وەڵامی دادگای نەداوەتەوە، بۆنمونە لەدۆسییەی ژمارە 151دا دادگای لێکۆڵینەوەی هەڵەبجە، دادگا لە 2002/7/31 بڕیاری دەستگیر کردنی تۆمەتبارێکی داوە، لە 2004/8/15 بەنووسراوێک داوای لەهێزی پێشمەرگە کردووە کە تۆمەتبار رادەستی دادگا بکات، بەڵام هێزی پێشمەرگە بەهیچ شێوەیەک وەڵامی دادگای نەداوەتەوە".

لە فۆرمەکاندا 8 بڕیاری دادگا هەیە بۆ هێنانی تۆمەتبار بۆ دادگا، بەڵام "سەرەرای تێپەڕینی ماوەیەکی زۆر کە لەنێوان چەند مانگێک بۆ سێ ساڵدایە تۆمەتبارەکان ئامادە نەکراون لەبەردەم دادگادا".

.لەهەمان فۆرمدا ئاماژە بەوە دراوە لە "دۆسییەی ژمارە 48 دادگای لێکۆڵینەوەی هەڵەبجە لە 1998/7/20 بڕیاریداوە پشکنینی شوێنی تاوانەکە بکرێت، بەڵام ئەم بڕیارە لە 2002/6/6 جێبەجێکراوە، ئەمەش ماوەیەکی زۆرەو پشکنینەکە هیچ ئەنجامێکی نابێت، لەبەرئەوەی بەڵگەکان دیار نامێنێن و تاوانەکەش کوشتنە".

حاڵەتێکی دیکە کە لەو راپۆرتەدا خراوتەڕوو، وەڵام نەدانەوەی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە بۆ دەستگیرکردنی دوو کەس.

سەبارەت بەکەمتەرخەمی لەجێبەجێکردنی ئەم بڕیارانە، چاودێرەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە "دادگاو پۆلیس و داواکاری گشتی بەرپرسن لەئەنجامنەدانی کاری یاسایی بۆ دەستگیرکردنی تۆمەتبارەکان یان هێنانی شاهیدەکان، هێزی پێشمەرگەی کوردستانیش بەرپرسیارە، چونکە دەبوایە تاوانبارەکانی دەستگیر بکردایە،بەڵام یاسای جێبەجێنەکردووەو پابەند نەبووە بەبڕیارەکانی دادگا".

### پێشێلکارییەکانی 3 مانگی ئەمساڵ

لە راپۆرتەکەدا پێشێلکارییەکانی دادگای لێکۆڵینەوەی هەڵەبجە و سلێمانی لەماوەی سێ مانگی سەرەتای ئەمساڵ خراوەتە روو کە بریتین لە " جێبەجێنەکردنی فەرمانی دەستگیرکردن و وەڵامنەدانەوەی دەسەڵاتەکانی لێکۆڵینەوە، ئامادە نەکردنی تۆمەتبار لەبەردەم دادوەردا لەماوەی یاسایی خۆیدا و نەبوونی نوێنەری یاسایی".

لەو راپۆرتەدا چەند نمونەیەک خراوەتە روو لەوانە "تۆمەتبارێک لەرۆژی 1996/7/30 فەرمانی گرتنی بۆ دەرچووە بەپێی مادەی 25 لەیاسای هاتووچۆ، بەڵام لەبەر ئەوەی تۆمەتبار شۆفێری وەزیری ناوخۆی ئەوکاتە بووە تاوەکو ئێستا دەستگیریان نەکردووە لەکاتێکدا ناوو ناونیشانی دیاربووە". لە دوو فۆرمیشدا ئاماژە بەوەدراوە" کۆمپانیای ئاسیاسێڵ وەڵامی دادوەر ناداتەوەو گوێ بەبڕیاری دادوەر نادات".

ئەوەی جێگەی رەخنەی کەسانی یاسایی بوو لەو راپۆرتەدا، ئەنجامنەدانی توێژینەوەکەیە لەناوچەکانی دیکەی کوردستاندا. دادوەر رزگار محەممەد ئەمین سەرۆکی یەکێتی دادوەرانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند ئەوان ئاگاداری زانیارییەکانی ئەو راپۆرتەن و ناڵێن ئەو پێشێلکاریانەی لەو راپۆرتەدا هەن دوورن لەراستی، "بەڵام دەکرا لەناوچەکانی دیکەی کوردستانیش هەمان کار بکرایەو، جگە لە کەموکورتییەکان با کارە باشەکانیش بخرابانە روو".

تەها عومەر رەشید، ئەندامی بۆردی سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراتی و مافی مرۆڤ بە (رووداو)ی راگەیاند"پرۆژەکەمان تایبەت بووە بەسلێمانی و هەڵەبجە، بەڵام لەئایندەدا ئەگەر هاوکاری بکرێین ئەم پرۆژەیە لەهەموو کوردستاندا جێبەجێدەکەین و پرۆژەشمان پێشکێش کردووە بۆ ئەوەی لەهەر چوار پارێزگای کوردستاندا جێبەجێی بکەین، بەڵام تائێستا رەزامەندیمان وەرنەگرتووە بۆ جێبەجێکردنی".

# داواکاری گشتی کۆنفرانسی دەسەڵاتی دادوەری بایکۆت دەکات

**لەنجە عەبدوڵڵا**
**رووداو - هەولێر**

لە کۆنفرانسێکی دوو رۆژیدا بە ئامانجی پابەندبوونی دەسەڵات بەیاساو جێبەجێکردنی بڕیارەکانی دادگا، بەهاوکاری هەریەک لە یەکێتی دادوەرانی کوردستان و سەنتەری پەرەپێدانی دیموکراسی و مافی مرۆڤ (DHRD) یەکەمین کۆنفرانسی (سەربەخۆیی دەسەڵاتی دادوەری) لەشاری هەولێر بەرێوەچوو.

یاسای دەسەڵاتی دادوەری ژمارە 23ی ساڵی 2007 کە لەلایەن پەرلەمانی کوردستان بڕیاری لەسەر درا، 71 ماددەی لە خۆگرتووە بەو ئامانجەی دەسەڵاتی دادوەری ببێتە دەسەڵاتێکی سەربەخۆ بۆ جێبەجێکردنی یاسا لە کوردستاندا.

دادوەر عەبدوڵڵا سەلام ئەندامی داواکاری گشتی دەربارەی هەڵوێستیان لەو کۆنفرانسە بە (رووداو)ی راگەیاند کە ئەوان تێبینی زۆریان لەسەر کۆنفرانسەکە هەیەو گوتی "سەرەتا پەلەکردنێکی زۆر لە سازدانی کۆنفرانسەکەدا هەبوو، کۆنفرانس دەبێ چەند مانگێک پێشتر ئامادەکاری بۆ بکرێت و چەندین تەوەری گفتوگۆی بۆ ئامادە بکرێت، ئەم کۆنفرانسە تەنیا دوو تەوەری تێدا بوو لەسەر دادگاکان و داواکاری گشتی، هەر ئەو دوو تەوەرە بوو و ئەوانیش هەر یەکی یەک سەعاتی بۆ دیاریکرابوو".

عەبدوڵڵا سەلام رەخنەی ئەوەی لە کۆنفرانسەکە گرت کە هیچ ئەندامێکی داواکاری گشتی و هیچ پارێزەرێکی تێدا بەشدار نەبووەو گوتی "دەسەڵاتی دادوەری لەسەر سێ بنەما وەستاوە: دادگاکان، داواکاری گشتی و پارێزەران، کەچی ئەم کۆنفرانسە هەر بە دادگاو دادوەرانەوە پەیوەست بوو، تەنیا یەک ئەندامی داواکاری گشتی تێدا بەشدار بوو ئەویش وەکو توێژەر لەلایەن هەردوو رێکخراوی سەرپەرشتیاری کۆنفرانسەکەوە بانگ کرابوو، واتە یەکێتی دادوەران بانگیان نەکردبوو بەڵکو دوو رێکخراوە ئەمەریکییەکە بانگیان کردبوو ئەویش وەکو توێژەر، نە سەرۆکی داواکاری گشتی و نە یەکێک لە ئەندامانی داواکاری گشتی بەشداری ئەو کۆنفرانسە نەبوون، دواتر پارێزەران بەهیچ شێوەیەک بەشدار نەبوون، ئەوەندە نەبێ یەک یان دوو کەس بە سیفەتی کەسایەتی لە سلێمانی بەشدار بوون. جگە لەوەش سەرۆکی ئەنجوومەنی دادوەری بە وەکالەت کە دەکاتە سەرۆکی دەسەڵاتی دادوەری ئامادە نەبوو". هەروەها گوتی "ئەمە گەورەترین تانەیە لەو کۆنفرانسە دەدرێت. نەقیبی سەندیکای پارێزەران ئامادە نەبووە، سەرۆکی یەکێتی مافپەروەرانی کوردستان ئامادە نەبووە، ئینجا نازانم بانگ نەکرابوون یان خۆیان نەچووبوون، بەڵام ئەمانە هەمووی گومان دروست دەکەن".

عەبدوڵڵا سەلام هەروەها ئاماژەی بەوەکرد کە دەبوایە دەسەڵاتی دادوەری خۆی کۆنفرانس بکات نەک رێکخراوێکی مەدەنی یان هەندێک رێکخراوی دیکە هاوکارییان بکات. گوتیشی "کۆنفرانس دەبوایە لەسەر ئاستی هەموو کوردستان بێت نەک تەنیا سلێمانی، ئەو بابەتانەی ئامادەکرابوون بە تایبەتی لەسەر رەوشی دادگاکان، کە بە راستی شتێکی باشیان لەسەر دادگاکانی سلێمانی و چۆنێتی بەرێوەچوونی دادگاییەکان وکەموکوڕییەکانیان کردبوو، بەڵام بە هیچ شێوەیەک باسی هەولێر نەکرابوو، خۆ دەسەڵاتی دادوەری هەر لە سلێمانی نییە".

هەروەها ئاماژەی بەوەش کرد کە کۆنفرانس دەبوایە بەر لە دەرچوونی یاسای دەسەڵاتی دادوەری بکرێت، تا راسپاردە و خاڵەکانی لە یاساکەدا جێی بکرێتەوە.

عەبدوڵڵا سەلام ئەوەی رەتکردەوە کە ئەوە بە کۆنفرانسی دەسەڵاتی دادوەری ناوببات و گوتی "داواکاری گشتی ئەو کۆنفرانسەی بایکۆت کرد، ئەمە تەنیا کۆبوونەوەی فراوانی یەکێتی دادوەرانی کوردستان بوو، نەک کۆنفرانسی دەسەڵاتی دادوەری".

دامەزراندنی ئەنجومەنی دادوەری کە لە مادده 33ی یاساکەدا ئاماژەی پێکراوە، رێژەیەکی دیاریکراوی بۆ دانراوە کە ژمارەیان لە 10 دادوەر پێکهاتووە، بەڵام تا ئێستا رێژەی ئەو ئەنجومەنە تەواو نەبووەو ئەمەش ناڕەزاییەکی زۆری لای دادوەرەکان دروست کردووە، حاکم رزگار محەممەد ئەمین سەرۆکی یەکێتی دادوەران بە (رووداو)ی راگەیاند کە دەبێت ئەم ئەنجومەنە رێژەی یاسایی خۆی تەواو بکات بۆ ئەوەی بتوانێت کاری یاسایی خۆی بەرێوە ببات "تاوەکو ژمارەی ئەو ئەنجومەنە تەواو نەبێت کۆبوونەوەکانی ئەو ئەنجومەنە نایاسایی دەبن".

دواکەوتنی پێکهێنانی ئەنجومەنی دادوەری کە تا ئێستا رێژەی تەواوی خۆی پێک نەهێناوە، لە ئەنجامی ئەم دواکەوتنە لەلایەن 76 دادوەر لە هەریەک لە شارەکانی هەولێرو سلێمانی و کەرکوک یاداشتێک بەرزکرایەوە بۆ سەرۆکایەتی هەرێمی کوردستان و سەرۆکی پەرلەمان و سەرۆکی حکومەتی کوردستان، لە یەکێک لە خاڵەکانی یاداشتەکەدا هاتووە کە دەبێت سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای دادوەری و دادگای تەمییز بەپێی مادەکانی یاسای دەسەڵاتی دادوەری ساڵی 2007

**" چەندین ساڵە دەسەڵاتی دادوەری قۆرخ کراوەو هیچ دەسەڵاتێکی نەبووە، ئێستا ناتوانێ بڕیارێک بدات ببێتە مایەی تووڕەبوونی دەسەڵات"**

لەتیف مستەفا دادوەری دادگای تاوان لە سلێمانی

دابمەزرێندرێن و بەهیچ شێوەیەک سەرپێچی لەو یاسایە نەکرێت. لە خاڵێکی دیکەی یاداشتەکەدا دادوەرانی کوردستان داوای یەکسانی لە هەموو ئەو ماف و ئیمتیازانە دەکەن کە سەرجەم دادوەرانی عێراق هەیانە.

ساڵانێکە دەسەڵاتی دادوەری لەلایەن دەسەڵات و حیزبەکانەوە کۆنترۆڵ کراوەو ئەم دەسەڵاتە نەیتوانیوە بەشێوەیەکی ئازادانە کاری خۆی جێبەجێ بکات، ئاخۆ ئەمرۆ تا چەند دەتوانێت لەژێر چەتری ئەم یاسایەدا و بەبێ هیچ دەستێوەردانێکی حیزبی سەربەخۆیی خۆی رابگەیەنێت؟

ئەمە یەکێک بوو لەو باسانەی کە لە کۆنفرانسەکەدا بووە خاڵی گفتوگۆی نێوان زۆربەی دادوەرەکان کە چۆن بتوانن میکانیزمێک بدۆزنەوە بۆ ئەوەی ئەو دەسەڵاتە بە سەربەخۆیی کارەکانی خۆی بکات بەبێ دەستێوەردانی حیزبەکان لە کاروبارەکانی دادگا، د.هیمداد محەممەد دادوەری کۆیە لەوبارەوە بۆ (رووداو) دواو گوتی "هیچ گومان لەوەدا نییە حیزبەکان دەیانەوێت لەلایەن خۆیانەوە ئەندامانی ئەو ئەنجومەنە کاندید بکرێت، بەڵام ئەمە پێچەوانەی یاساکەیە کە باس لە هەڵبژاردنی ئازاد دەکات، جگە لەوەی کۆمەڵێک مەرج و پرەنسیپ هەیە بۆ کاندیدکردنی ئەو کەسانە.

دوای ئەوەی لەلایەن ئەنجومەنی دادوەرییەوە، بڕیار لەسەر دانانی هەریەک لە سەرۆکی دادگای تێهەڵچوونەوەی دهۆک و کەرکوک درا کە پێشتر هەریەکەیان بەشێک بوون لە داگای هەولێرو سلێمانی بەڵام لەگەڵ دەرچوونی ئەم یاسایە جیاکرانەوە، ئەم بڕیارەی ئەنجومەنەکە لەلایەن یەکێتی دادوەران بەبڕیارێکی نایاسایی لەقەڵەمدرا، لەوبارەوە حاکم رزگار گوتی "دەبوایە سێ لەسەر چواری ئەندامانی ئەنجومەنەکە لە کۆبوونەوە ئامادەبن، بەڵام ئەوان ژمارەیان تەواو نەبوو بۆیە ئەوە لادانە لە برگەی 33 کە دەبێت رێژەکە تەواو بێت ئینجا بڕیار دەربکرێت"، حاکم ئیبراهیم ئیسماعیل دادوەری باری کەسی لە شاری هەولێر کە یەکێک بوو لە ئەندامانی کۆنفرانسەکە ئەو قسانەی رەتکردەوەو گوتی "ئەنجومەنەکە ئێستا 7 کەسن ئەوان 4 کەسیان لە کۆبوونەوەکە ئامادەبووە بۆیە ئەو رێژەیە شەرعیە و لادان نییە لە یاساکە". حاکم ئیبراهیم ئەو ناڕەزاییەی یەکێتی دادوەرانی بۆ ئەوە گەڕاندەوە کە ئەوان دەیانەوێت چەند کەسانێکی خۆیان لەناو ئەنجومەنەکە دامەزرێنن بۆیە نایانەوێت شەرعیەت بدەت بە کۆبوونەوەکەو دەیانەوێت بڕیارەکە بدەنە دەسەڵاتی تەنفیزی بۆ هەڵبژاردنی ئەندامەکانی ئەنجومەنی دادوەری.

یەکێک لەو پرسیارانەی کە بۆتە جێگای گومانی زۆربەی دادوەرەکان ئەوەیە کە ئایا تا چەند ئەم یاسایە قابیلی جێبەجێکردنە و کاری پێدەکرێت، دادوەر لەتیف مستەفا دادوەری دادگای تاوان لە شاری سلێمانی لەو بارەوە گوتی "جێبەجێکردنی ئەم یاسایە پێویستی بە چەند هەنگاوێک هەیە،

دەسەڵاتێکی قەزائی کە چەندین ساڵە قۆرخ کراوەو هیچ دەسەڵاتێکی نەبووە، ئێستا وا ئاسان نییە بچێت بڕیار بدات بە تایبەتی ئەگەر ئەو بڕیارە ببێتە مایەی توڕەبوونی دەسەڵات".

هەروەها باسی لەوەکرد کە جێبەجێکردنی ئەم یاسایە پێویستی بە پشتگیری دادوەرەکان هەیە لە نێوان خۆیانداو گوتی "پێویستە بەڵگەنامەی ئەتیکی کاری دادوەری ئیمزا بکرێت وەک چۆن لە هەموو جیهاندا میساقی ئەخلاقی قەزائی هەیە، دەبێت دادوەر خۆی هەست بە گرنگی ئەرکەکانی خۆی بکات لە رووی ئەخلاقیەوە نەک تەنها یاسا هانمانبدات بۆ جێبەجێکردنی ئەم ئەرکانە".

## شاری ئەشرەف نیشتمانێک لەودیو جوگرافیاوە

# شێرەکانی سەدام لە دیلی ئەمەریکادا

**ڕێبەند سەعدوڵڵا**
**شاری ئەشرەف . دیالە**

"قەت نەمانویستووە خراپە لەگەڵ کورد بکەین، پێش 2003 چەند جار لە ئەوروپا لەگەڵ هۆشیار زێباری و ئازاد بەرواری کۆبووینەوە". بەرپرسی پەیوەندییەکانی موجاهیدینی خەلق بەم جۆرە باسی پەیوەندی خۆیان لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستان کرد. هەروەها نامەیەکی جەلال تاڵەبانی پێشاندان و گوتی "پەیوەندی برایانەمان لەگەڵ جەلال تاڵەبانی هەبوو، ساڵی 1988 نامەی پشتگیری بۆ مەسعود رەجەوی ناردووە". ئەوە قسەی چەند بەرپرسێکی موجاهدینی خەلق بوون، کە بەردەوام لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە بە هاوکاری سەدام لە سەرکوتکردنی راپەڕینی 1991 تاوانباردەکرێن.

کە گەیشتینە ئەوێ کامێرا و ریکۆردەرو مۆبایلیان لێوەرگرتین، ئینجا رێگەیان داین بچینە ناو شاری ئەشرەفی موجاهیدینی خەلق، کە دەکەوێتە پارێزگای دیالە. پێش نیوەڕۆ لەگەڵ پێنج کەس کۆبووینەوە، هەموویان لە پەیوەندییەکانی موجاهیدین پێشتر خۆیان بۆ دیالۆگێکی وەها ئامادە کردبێت. بەرپرسی گشتی پەیوەندییەکان دەیگوت "هیچ هۆیەک نەبووە ئێمەی هاندابێت هێرش بکەینە سەر کورد، تاکە ئامانجمان لێدانی ئێران بووە، ئەو تۆمەتانە دروستکراوی فەیلەقی قودسن". ئەو بەرپرسە و ئەوانی دیکەش هیچیان پێیان باش نەبوو ناویان لە (ڕووداو)دا بڵاو بکرێتەوە، بەجۆرێک باسیان لە پەیوەندییان لەگەڵ کورد دەکرد، هەستم دەکرد ئاگاداری هیچ نیم. تەنانەت چەند جار دووپاتیان دەکردەوە کە ئێستا لەگەڵ ژمارەیەکی زۆری پەرلەمانتارانی هاوپەیمانی کوردستان لە بەغدا پەیوەندی و دیداری بەردەوامیان هەیە.

ئەوە لەکاتێکدایە کە زۆر جار دیداری هاووڵاتیان لە رۆژنامەکانی کوردستاندا بڵاوکراونەتەوە کە باس لە وەدەکەن لەلایەن موجاهدینی خەلقەوە گیراون و ئەشکەنجەدراون.

لە ئاهەنگی خوانی ئێوارەدا تووشی سەرسوڕمان بووین، هۆڵێکی گەورە و رازاوە، مێزەکانی بەپارچە قوماشی ناسک داپۆشرابوو، گۆرانییەکی کوردی بەڵام ئەوەی رایپسکاندم، پرسیاری کوڕە کوردێکی سنەیی بوو کە گوتی "ئەرێ ئێستا کوردی عێراق بە چ زمانێک قسە دەکەن؟ دەڵێن زۆر پێشکەوتوون! ئەگەر بارودۆخ بگۆڕێ و بێمە هەولێر کەس لە زمانی من تێدەگات؟". زانیم لە 2003وە لەلایەن هێزەکانی ئەمەریکا گەمارۆ دراون و ماوەی پێنج ساڵە رێیان پێ نەدراوە دەرەوەی ئەشرەف ببینن، بەمەش شارەکەیان لێ بووەتە بەندیخانەیەکی گەورەی شەش کم چوارگۆشە. سەرەڕای ئەوە لە رووی کولتووری و راگەیاندنیشەوە لە دنیای دەرەوەی ئەشرەف دابڕاون، جگە لە سەیرکردنی کاسێتە ڤیدیۆییەکانی خۆیان و گوتارەکانی مەریەم ڕەجەوی و کەناڵێکی تەلەڤزیۆنی موجاهیدینی خەلق کە لە ئەورووپاوە پەخش دەکرێت، شتێکی دیکە نابینن و نابیستن. بەرنامەکانی تەلەڤزیۆنی موجاهیدینیش سنووردار و سانسۆر کراون، بەزۆری هەواڵەکانی موجاهیدین و "خراپی"ەکانی ئێران پێشاندەدەن.

لە درێژەی ئاهەنگەکە، کلیپێکی کاریکاتێرییان لەسەر ئەحمەدی نەژاد و خامنەیی و مەنووچەهر موتەکی و محەممەد خاتەمی پێشاندا، تیایدا "ئەکتەرەکان" بۆحاڵی خۆیان دەگریان کە دروستکردنی چەکی ئەتۆمیان لێ ئاشکرا بووە، موجاهیدەکان وێکڕا گۆرانییەکەیان دەگوتەوە، هێندەش بەسەماکردنی نەژاد و خامنەیی پێدەکەنین دەتگوت یەکەمین جارە کلیپەکە دەبینن! لەو دەمە یەکێک



چەند ئەندامێکی موجاهیدی خەلق



سەربازگەی ئەشرەف (فۆتۆ:ڕێبەند)

بەرپرس بوون، تەواوی قسەکانیان لە دەوری موجامەلە و بەرگریکردن لە رێکخراوەکەیان دەخولاوە. جگە لەوەی نکۆڵیان لە هەموو ئەو تۆمەتانە کرد کە لە بارەی هێرشکردنە سەر کورد و لێدانی پێشمەرگە ئاراستەمان کردن. ئەوان بۆ هەر پرسیارێک وەڵامێکی ئامادەکراو و یەکخراویان پێ بوو، وەک ئەوەی بەدەنگێکی بەرز دەهاتە گوێ، لە ناکاو زیاتر لە 200 (موجاهید) بەچەپڵەڕێزان هاتنە پێشوازی، ژمارەیەکی کەمیان ئافرەت بوون. (موجاهید)ەکان بەنۆرە دەهاتنە پێشەوە تا قسەیان بۆ بکەین، ئەوانەی دەهاتنە لامان کوردەکان بوون، لەوێدا کورد و فارس و تورک هەن. وێکڕا درێژە بەخەباتێکی پڕ ئیمان دەدەن.

لە بەرپرسانی موجاهیدین کە لەلای چەپمەوە دانیشتبوو، لەبەر زۆر پێکەنین تاقەتی نەمابوو ئەو قسەیەی لە دڵی دایە بۆم بکات، دوای کەمێک پێیگوتم "دەزانی ئێمە بەرنامەی ئەتۆمی ئێرانمان ئاشکرا کرد؟!". بەقسەی ئەو ساڵی 2002 چەند ئەندامێکی موجاهیدین لە ئێران بەنهێنی خۆیان لە پرۆژەی ئەتۆمی ئێران نێزیک کردووەتەوە و بەڵگەی گرینگیان دەرهێناوە، دواتر بۆ ئاژانسی وزەی ئەتۆم و UN و ئەمەریکایان ناردووە، بەم شێوەیە پاڵەپەستۆی نێونەتەوەیی بۆ سەر ئێران زیادی کرد، تا لە 2003 تاران ناچارکرا بەرنامەکەی هەڵپەسێرێت، جارێکی دیکە موجاهیدین لە 2004دا تەنگژەکەیان زیندوو کردەوە و هەواڵیاندا کە ئێران درێژە بەبەرنامە ئەتۆمییەکەی دەدات.

ئاهەنگ و خوانی شەو تەواو، بەرەو میوانخانەی ئەشرەف کەوتینەڕێ، کۆمەڵگەیەکی نیشتەجێبوونە وژمارەیەک خانووی ئامادەکراوی تێدایە، هەموو جۆرە میوانێکی لێیە، لەو شەوەدا شاهۆ عەبدوڵڵا گۆران کوڕە بچووکی گۆرانی شاعیر لەوێ میوان بوو و یەکتریمان ناسی. لە خانووێکی بەرامبەرمان چەند کەسایەتی لێبوو، پێدەچوو شێخی عەشیرەتەکانی دەوروبەری دیالە بن.بەڵام پێش ئەوەی بگەینە ئەوێ پرسیارم لا دروست بوو داخۆ شارێکی وەها کە هەموو شتێکی لە میوانخانە، پارک، مۆزەخانە و یاریگاشی تێدایە، چۆن یەک منداڵیشی لێ نییە! ئەو پرسیارەم لە سەرپەرشتیارەکەمان کرد. زانیم کاریگەر بوو، چونکە بەخەمێکەوە وەڵامی دامەوە "لە 1991دا دوای 8 ساڵ ژیانی هاوسەری، من و خێزانەکەم لە یەکتری جیابووینەوە و منداڵەکەشمان درا بەخوشک و برایەکی موجاهید! ئەوە حاڵی من و هەموو ژن و مێردێکی ناو ئەشرەف بوو. ئێستاش خێزانەکەم لێرەیە و بووەتە خوشکم. یەک منداڵیش لەو شارەدا نەماوە".

لەپەرتووکی شەهیدانی وێڵ،کە لەلایەن رۆژنامەنووسێکی رۆژئاوایی نووسراوە، بەدرێژی باسی جیاکردنەوەی منداڵان لە دایک و باوکیان دەکرێ لەلایەن موجاهدینی خەلقەوە.

کاسێتێکی ڤیدیۆیی نمایشێکی سەربازییان پێشاندا،بەبۆنەیسالۆوەگەری رووخانی شای ئێران ئەنجامیان دابوو، چوار هەزار "موجاهید"ی ژن و پیاو لە مەیدانی ئەشرەف بە ریز وەستاون، لە گاردی نیشتمانیی کۆمارێکی سەربەخۆ دەچوون.ئەوەیدیمەنەکەیلە نمایشێکی ناو ئێران جودا نەدەکردەوە، سەرپۆش و حیجابی ئافرەتە "موجاهید"ەکان بوو. ئاخر ئەو دیمەنە ناکۆک بوو لەگەڵ باسی دیموکراسیبوون و عەلمانییەتی رێکخراوەکە! لەمبارەیەوە بەرپرسێکی موجاهیدین گوتی"ئەو خوشکە موجاهیدانە خۆیان وا راهاتوون بە سەرپۆش و حیجاب بن، ئێمە زۆریان لێ ناکەین، ئەوان سەربەستن لەو کارەیان". دوای پێداگری لەسەر پرسیارەکە، دانی بەوە دانا کە دوو هۆکار لە پشت بە زۆر سەرپۆشکردن و حیجابکردنی ئافرەتانی موجاهیدینە "خومەینی ناوی مونافیقینی پێوە نووساندین، لە ترسی ئەوە خوشکەکانمان حیجاب کرد. خوشک و برا موجاهیدەکانیش پێکەوە دەژین، ئەم حیجابە وا دەکات سێکس و وورووژان دروست نەبێت". هەر لەسەر ئەو بابەتە پرسیارم لێ کرد، چۆن دەبێت لە 1991وە سێکسیان لێ قەدەخە کرابێت؟ ئەو بەباوەڕ بەخۆبوونەوە گوتی "ئێمە موجاهید و ئیماندارین، کاری لەوە گرینگترمان هەیە بیری لێ بکەینەوە!".

# خەڵکی تەوێڵە بە تاڵەمووەکانی ریشی پێغەمبەر شادبوونەوە

**مەریوان نەقشبەندی**
naqshbandy@gmail.com

دەنگۆی نەمانی یان فرۆشتنی تاڵە مووەکانی ریشی پێغەمبەری ئیسلام محەمەد (د.خ) کە بە (مەحاسینی شەریف) ناودەبرێ، لەناو خانەقای نەقشبەندی لە شارۆچکەی تەوێڵە نیگەرانیەکی زۆری لەلای خەڵکی شارۆچکەکەو ناوچەی هەورامان بەگشتی و گومان و دڵەراوکێشی لەلای نەوە و بنەماڵەی شێخ سیراجەدینی نەقشبەندی یەکەم، دروستکرد. ئەم گومان و دڵەڕاوکێیەش دوای بڵاوکردنەوەی هەواڵێک لە رۆژنامەی ( ڕووداو) زیاتربوو، کەتێیدا خزمەتکار و سەرپەرشتیاری خانەقای تەوێڵە و یەکێک لەئەندامانی بنەماڵەی شێخانی نەقشبەندی،شێخ عەبدولرەحمان بێئاگایی خۆی لەچارەنووسی (مەحاسینی شەریف)و ئەو کلیلی قاسەیەی کە تاڵەمووەکانی ریشی پێغەمبەر(د.خ)تێدابوو راگەیاندبوو. دیارە مەسەلەی نەمانی (مەحاسینی شەریف)لەخانەقای نەقشبەندی وەک کارەساتە بۆ دانیشتوانی ناوچەی هەورامان بەگشتی و خەڵکی تەوێڵە بەتایبەتی، چونکە ئەو تاڵە موانەی ریشی پێغەمبەر(د.خ) بەشێکە لە موقەدەساتی خەڵکی تەوێڵە و ناوچەی هەورامان و هەروەک شێخ عەفان نەقشبەندی،ئەندامی دەستەی باڵای شێخانی نەقشبەندی دەڵێت "ئەو تاڵە موانە یەکێکە لەهەیبەتە روحی و مەعنەویەکانی بنەماڵەیشێخسیراجەدینی نەقشبەندی کە لەساڵی 1880ی زاینیدا لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی یەکەمی سوڵتانی عوسمانییەکانەوە (3)تاڵ لە مەحاسینی شەریف کراوەتە دیاری بۆ بنەماڵەی شێخانی نەقشبەندی و لەو ساڵەدا دراوەتە حاجی شێخ ئەحمەدی کوری شێخ عوسمانی سیراجەدینی نەقشبەندی یەکەم و یەکێک لەو تاڵە موانە لە خانەقای (بیارە) و دووانەکەی دیکەیشی لەخانەقای (تەوێڵە) دانراون و خەڵکی ناوچەی هەورامان شانازی بەم دیاریە مێژووییە روحیە کەم وێنەیەوە دەکەن و هەرساڵێک وشکەساڵی بووبێت و باران نەباریبێت خەڵکی ناوچەکە لەرێورەسمێکی ئاینی تایبەتیدا ئەم تاڵە موانەی ریشی پێغەمبەریان دەرهێناوە و دوعای بارانبارینیان لەخوای گەورەکردووە و هەروەک ژمارەیەک لەکەسایەتیە بەتەمەنەکانی ناوچەی هەورامان باسیان دەکرد هەرکاتێک مەحاسینی شەریف هێنرابێتە دەرەوە و دوعای بارانبارین کرابێت خوای گەورە بارانی لەناوچەکەدا باراندووە".

گومانی دەرهێنان و مان و نەمانی مەحاسینی شەریف تەوەرێکی کۆبوونەوەی شێخانی نەقشبەندی بوو لە 2008/4/22 لەشاری سلێمانی، کە ئەندامانی بنەماڵەی شێخ سیراجەدینی یەکەم بریاریاندا کلیلی ئەو قاسە پۆڵایینە مێژوییە کە مەحاسینی شەریفی تێدا پارێزراوە و لەلای خوالێخۆشبوو شێخ مەحمود کاکەشێخی باوکم پارێزرابوو، لەگەڵ خۆیان ببەن بۆ شارۆچکەی تەوێڵە و لەگەڵ خەڵکی ئەو شارۆچکەیەدا قاسەکە بکەنەوە تا بزانن ئەو تاڵە موانە ماون یان نا.

ئەوەبوو سەرلەبەیانی رۆژی 2008/4/23 بەشی هەرەزۆری نەوە و خانەوادەی شێخ سیراجەدینی نەقشبەندی یەکەم لەسەرتاسەری کوردستانەوە لەشارۆچکەی تەوێڵە کۆبوونەوەو لەگەڵ سەدان کەس لەدانیشتووانی ئەم شارۆچکەیە و خەڵکی ناوچەی هەورامان قاسەکەیان کردەوە و لەناو زیکر و هاواری دەروێش و سۆفی و موسڵمانانی ناوچەکەدا تاڵە مووەکانی ریشی پێغەمبەر(د.خ)بەدەستی ئیمام و خەتیبی مزگەوتی تەوێڵە دەرهێنران و هەمووان دڵنیابوون کە ئەم دیاریە پیرۆز و بەهادارە روحیە لەئەمانەتی ئیلاهیدا بووە و هەموو ئەو رووداو و کارەساتانەی بەدرێژایی ئەم ساڵانەی رابردوو بەسەر ناوچەکە و ئەم شارۆچکە سنووریەی هەرێمی کوردستاندا هاتووە، بەڵام ئەم تاڵە مووە پیرۆزانە هەر ماون.

من بۆ یەکەمجاربوو بەچاوی خۆم مەحاسینی شەریفم بینی کە لەناو شووشەیەکی بچووکدابوو، رەنگیشی لەبەرچاوی من رەشێکی مەیلەو قاوەیی بوو.

پێش کردنەوەی قاسەکە شێخ عەدنان نەقشبەندی نەوەی شێخ حسامەدین نەقشبەندی لەجیاتی هەموو بنەماڵەی شێخ سیراجەدینی نەقشبەندی یەکەم بەشێوەزاری هەورامی بۆ خەڵکی تەوێڵە و ئامادەبووانی رێورەسمەکە قسەی کرد و گوتی : ئەگەرچی وەک ئێوە لەنەمانی مەحاسینی شەریف دەترسین، بەڵام پیرۆزی ئەم مەحاسینەو ئەو مەقامەی تێیدا پارێزراوە وامان لێدەکات گەشبین بین. گوتیشی دڵنیام پیرۆزیی مەحاسینی شەریف و مەزارگەی شێخانی نەقشبەندی لەئاستێکدایە ئەم جەماوەرە دڵسۆز و خۆشەویستە نائومێد نابن.

دەرکەوتنی مەحاسینی شەریف جگەلەوەی خەڵکی تەوێڵە و ناوچەی هەورامانی دڵنیا و هێور کردەوە، ئەگەری سەرهەڵدانی تەنگژەیەکی نێوان شێخانی نەقشبەندی و بزووتنەوەی ئیسلامی کوردستانیشی رەواندەوە. چونکە دوای تەواوبوونی شەڕی ناوخۆی نێوان یەکێتی و پارتی شارۆچکەی تەوێڵە و ناوچەی هەورامان کەوتنە ژێر حوکمڕانی بزووتنەوەی ئیسلامی و لایەن و گرووپە ئیسلامیەکانی کوردستان و هەر لەو کاتانەشدا لەکردەوەیەکی دوژمنکارانەدا کە لەمێژووی ئیسلامدا هاوشێوەی نەبووە، گرووپی جوندولئیسلام،کە دواتر ناویان بووە ئەنسارولئیسلام،مەقام و مەزارەکانی باخەکۆن و بیارەی شێخانی نەقشبەندیان هەڵتەکاند و روفاتی ئەو گەورە کەسایەتیانەیان دەرهێنا و بەرەو شوێنێکی نادیاریان بردن. لەم کاتانەدا شارۆچکەی تەوێڵە لەژێر کۆنترۆڵی بزووتنەوەی ئیسلامیدابوو، کە لەسەردەمێکدا یەکێک لەکوڕەکانی مامۆستا مەلاعەلی عەبدولعەزیز، سەرپەرشتی کاروباری سیاسی و ئیداری ناوچەکەی دەکرد. ئەو قاسەیەش کە مەحاسینی شەریفی تێدابووە هەروەک شێخ عەبدولرەحمان نەقشبەندی سەرپەرشتیاری خانەقاکە و خەڵکی شارۆچکەی تەوێڵە گوتی هەوڵی شکاندن و کردنەوەی درابوو، بەڵام نەیانتوانی بیکەنەوە.پێش کردنەوەی قاسەکە هەندێک لەدانیشتوانی ناوچەی هەورامان پێیانڕاگەیاندم رەنگە ئەو تاڵە موانەی ریشی پێغەمبەر بەدەستی لایەنە ئیسلامیەکانی کوردستان دەرهێنرابێت و بەپارەیەکی زۆر فرۆشرابێتە عەرەبستانی سعودی یان بەکۆماری ئیسلامی ئێران، هەندێکی دیکەش دەیانگوت ئەو تیرۆرستە عەرەبانەی لەسەردەمی حوکمرانی جوندولئیسلام و ئەنسارولئیسلامدا لەناوچەکەبوون ئەم تاڵە موانەی ریشی پێغەمبەریان (د.خ)کڕیوە و دواتر بە برە پارەیەکی زۆر فرۆشتوویانەتە دەوڵەمەندێکی وڵاتانی کەنداو. هەندێکی دیکەش پێیان راگەیاندم کە لایەنە ئیسلامیەکانی کوردستان بەهەموو حیزب و باڵەکانیەوە گرنگییەکی ئەوتۆیان بەبوونی مەحاسینی شەریف نەداوە چونکە لەلایەک لەناو خانەقای گەورە مەرجەعی شێخانی نەقشبەندی و ئەهلی تەسەوف و تەریقەتتدا بووە کە ئەوان باوەڕیان پێی نییە و دژایەتیشی دەکەن، لەلایەکی دیکەشەوە هەندێک لەو گرووپە ئیسلامیانە باوەڕیان بەپیرۆزی جەستەی پێغەمبەریش (د.خ)نەبووە و دەڵێن ئێمە شوێنکەوتوی بیروباوەڕ و پەیامەکەی محەممەدین (د.خ)نەک جەستە و تەرم و گۆڕ و تاڵە مووەکانی ریشی.

ئێستا مەزار و خانەقاکانی باخەکۆن و بیارە و تەوێڵە ئاوەدان و نۆژەنکراوەتەوە و روفاتی شێخانی نەقشبەندیش گەڕاونەتەوە بۆ مەرقەدەکانی خۆیان و مەحاسینی شەریف لەهەردوو خانەقای ( تەوێڵە و بیارە)دایە .خەڵکی ناوچەی هەورامانیش کە شێخانی نەقشبەندی و خانەقاکانیان بەدروشم و هێمای روحی خۆیان دەزانن چاوەڕێن لەسایەی ئەم خانەقایانە و مەحاسینی شەریفدا بەهێمنی و دوور لەشەر و کوشتار بژین و سەقامگیری و ئاوەدانی باڵ بەسەر ناوچەکە و هەموو کوردستاندا بکێشێت.



ئاپۆرای خەڵک لە چاوەڕوانی بینینی تاڵە مووەکانی ریشی پێغەمبەر لە تەوێڵە (فۆتۆ:مەریوان)




## پێنج ملیار دۆلار داهاتی نەوتی عێراق بووە

**رووداو - ئاژانسەکان**

**پتر لە نیوملیار دۆلار داهاتی نەوتی عێراق بووە لەمانگی مارسدا، بەپێی راپۆرتی وەزارەتی نەوتی عێراق،داهاتی فرۆشتنی نەوت بە بەراورد لەگەڵ ساڵی رابردوو بە هۆی بەرزبوونەوەی نرخی نەوت لەبازاڕەکانی جیهاندا رۆژبەرۆژ لە بەرزبوونەوەدایە، بەپێی راپۆرتەکە لەسەرەتای ئەمساڵەوە تا نیوەڕاستی مانگی چوار داهاتی نەوەتی عێراق پێنج ملیارونیو دۆلار بووە.**

# دانی پێشینەی خانووبەرە (عەقار) دەکرێتە بڕیار

**رووداو- هەولێر**

سەرگیس ئاغاجانی وەزیری دارایی حکومەتی کوردستان پشتیوانی تەرخانکردنی بەشێکی بوودجەی کوردستان بۆ پێشینەی خانووبەرە (سلفة العقار) دەکات و سەرۆکایەتی پەرلەمانیش هاوڕایە لەگەڵ هەردوو لیژنەی درایی و ئاوەدانکردنەوە کە پێداگیری لەسەر ئەوە بکرێ و بخرێتە ناو بوودجەی هەرێمی کوردستانەوە.هەروەها جەختیش لەوە کراوەتەوە کە ئەو پێشینەیە بدرێتە هاوڵاتییە نیشتەجێیەکانی شارۆچکە و گوندەکانیش.

وێڕای ئەوەی سەرگیس ئاغاجان وەزیری دارایی رایگەیاند، ئەمساڵ وەزارەتی دارایی و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی پێشینەی خانووبەرە دەدەینە هاووڵاتیان، د. دلێر ئیسماعیل،سەرۆکی لیژنەی دارایی لە پەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند"بە ئامادەبوونی سەرۆکی پەرلەمان وەک سەرۆکی لیژنەی دارایی لەگەڵ وەزیری دارایی و وەزارەتی هەرێم بۆ کاروباری دارایی کۆبوومەوەو رێککەوتووین لەسەر دانی پێشینەی خانووبەرە و ئەوانیش بەڵێنیانداوە جێبەجێی بکەن و لەیاسای بوودجەشدا جەختی لەسەر دەکەینەوە".

زرار تاهیر سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە لەپەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند" لە کاتی گفتوگۆکردنی بوودجەی کوردستاندا، هەموو ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بەشێوەی نووسراو پێشنیازمان کردووە و بە سەرۆکی پەرلەمانمان راگەیاندوە کە جەخت لەسەر دابینکردنی پێشینەی خانوبەرە بکرێتەوە و داوامان لێکرد بکرێتە بڕیار و سەرۆکی پەرلەمانیش جەختی لەسەر کردووەتەوە کە دەبێت بکرێتە بڕیار".

سەرگیس ئاغاجان دانی سولفەی عەقاری لە بودجەی ئەمساڵدا بە پێویست دادەنێ، بەڵام پەرلەمانی کوردستان بەم گوتنە رازینابێت و دەیەوێت لە یاسای بودجەی ئەساڵدا ئەوە گرەنتی بکات و پارەی پێویستی بۆ تەخانبکرێت.

سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە لە پەرلەمانی کوردستان، سووربوونی خۆیان بۆ دانی پێشینەی خانووبەرە دەخاتەڕوو دەڵێت" هەندێک شت ئەگەر نەکرێتە بڕیارو هەرقسەبکرێت ناخوات و لەوانە جێبەجێنەکرێت، وەزیری دارایی بەئێمەی وتووە کە سولفەی عەقار دەکرێتە بڕیار، بەڵام ئێمە بەو قسە زارەکییە رازینابین و دەنگی لەسەر دەدەین لەیاساکەدا جێگیری دەکەین".

زرار تاهیر بەگرنگییەوە باس لەدانی پێشینەی خانووبەرە دەکات و دەڵێت "پێموایە ئەگەر دانی پێشینەی خانووبەرە جێبەجێنەکرێت وەک ئەوە وایە هیچمان نەکردبێت".

سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە لەپەرلەمانی کوردستان وێڕای دڵنیاکردنەوەی هاووڵاتیان لە دانی سولفەی عەقار ئاماژە بەوەش دەدات کە" سبەینێ دانی پێشینەی خانووبەرە دەکرێتە بڕیارو دەبێت زووش جێبەجێبکرێت، زۆر بڕیار هەیە لە پەرلەمان دەردەچێت ساردی تێدا دەکرێت، بەڵام ئێمە بەردەوام بەدواداچوون بۆ ئەوە بڕیارە دەکەین".

رۆژی 2008/4/7 لەکۆبونەوەی نێوان لیژنەی ئاوەدانکردنەوەی پەرلەمان و وەزیری ئاوەدانکردنەوەدا گفتوگۆ لەبارەی دانی پێشینەی خانووبەرە کراوەو وەزیری ئاوەدانکردنەوەش پاڵپشتی خۆی بۆ دانی دەربڕیوە.

لەگەڵ ئەوەی سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە لەپەرلەمانی کوردستان بە (رووداو)ی راگەیاند"6 ئەندامی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە لەگەڵ وەزیری ئاوەدانکردنەوە کۆبووینەوەو وەزیریش زۆر جەختی لەوە کردەوە کە دەبێت پێشینەی خانووبەرە هەبێت"، بەڵام مستەفا عوزێری، بەڕێوەبەری گشتی تەکنیک و پلاندانان لەوەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، ئاماژەی بەوەدا کەئەوان تائێستا هیچ پلانێکیان ئامادەنەکردووە کە بڕی ئەو پێشینەی خانووبەرە چەند بێت و بەچی شێوازێک بەسەر پارێزگاو قەزاو ناحییەکاندا دابەشبکرێت، ئەو وتی" تاوەکو لەپەرلەمانەوە نەبێتە بڕیارو توانای مادی حکومەتیش نەزانرێت ناتوانرێت بڕی ئەو پارە دیاری بکرێت کەوەک پێشینە دەدرێتە هاوڵاتیان".

ئەگەرچی هاوڵاتیان پێیان وایە پێشینەی خانووبەرە بدرێت، بەشێوەیەکی سەرەکی پارێزگاکان دەگرێتەوە بەڵام سەرۆکی لیژنەی ئاوەدانکردنەوە لەپەرلەمانی کوردستان بە (رووداوی) راگەیاند" لەراپۆرتی لیژنەی ئاوەدانکردنەوەدا پێشنیارمان کردووە پێشینەی خانووبەرە بۆ هەرسێ پارێزگای هەولێرو سلێمانی و دهۆک بێت و بەقەزاو ناحییەو گوندەکانیشەوە، چونکە ئەگەر نەدرێتە خەڵکی گوندەکان جارێکی تر گوندەکان چۆڵدەبن و دێنەشارو زەوییەک پەیدادەکات و دەیکانەخانوو".

لەبارەی رەزامەندی نواندنی ئەنجوومەنی وەزیرانیش بۆ پێدانی پێشینەی خانووبەرە، جەمال عەبدوڵڵا، وتەبێژی حکومەتی کوردستان، ئاماژەی بەوەدا کە " کاتێک ئەو پرۆژە بڕیارە لە پەرلەمانەوە دێتە ئەنجوومەنی وەزیران، ئەنجوومەنی وەزیران دەیخاتە بەرنامەی کاری خۆیەوە لەپاش کۆبوونەوە بڕیاری لەسەر دەدرێت، بەڵام وەک وەک ئەنجومەنی وەزیران تائێستا هیچ بڕیارێک نییە".

حکومەتی بەغدا وێڕای ئەوەی پێشینەی خانووبەرە دەداتە هاووڵاتیانی، لە پرۆژەیەکدا بڕیاریکردنەوەی سندوقی نیشتەجێبوونیشی داوەو 20 ملیۆن دینار بە قەرز بۆ خانوو دروستکردن دەداتە هاووڵاتیان، بەڵام لەو پرۆژەیەدا ئاماژە بەهەرێمەکان نەکراوەو تەنها ناوی پارێزگاکان هاتووە، بەڵام وەزیری ئاوەدانکردنەوەی عێراق دەڵێ هاووڵاتیانی هەرێمی کوردستانیش دەگرێتەوە.

زانا مستەفا عوزێری، بەڕێوەبەری گشتی تەکنیک و پلاندانان لەوەزارەتی ئاوەدانکردنەوە، بە (رووداو)ی راگەیاند" لیژنەیەک لەوەزارەتی ئاوەدانکردنەوەو نیشتەجێبوونی عێراقەوە بەسەرۆکایەتی بەڕێوەبەری سندوقی نیشتەجێبوون هاتنە کوردستان و لەو پرۆژەی حکومەتی عێراقیدا کە بۆ سندوقی نیشتەجێبوون بڕیاری لەسەر دراوە ناوی هەرێمەکانی تێدا نەبوو، ئێمە وشەی هەرێمەکانمان بۆ زیاد کرد".

زانا مستەفا ئەوە دەخاتەڕوو کەحکومەتی عێراق رازیبووە بەوەی لقی ئەو سندوقە لەکوردستانیش بکرێتەوە، ئەو دەڵێت" لەپاش ئەوەی وشەی هەرێمەکانیش زیادکرا، پرۆژەکە نێردرایە ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق وشەی هەرێمەکانیان بۆ زیادکردو پاشان بڕیاردرا سێ لقی سندوقی قەرز لەهەولێر، دهۆک و سلێمانی بکرێتەوە، دوابەدوای ئەمەش وەزارەتی دارایی بەغدا لێکۆڵینەوەی کرد، وتی: ئەو قەرزەمان چۆن بۆ دەگەڕێتەوە، ئێمەش هەموو ئامادەکارییەکانی خۆمان بۆ گرەنتیکردنی گەڕانەوەی قەرزەکانمان لە هاووڵاتیانمانەوە بۆ خستنەڕوو، بەڵام تائێستا سندووقەکەیان لە کوردستان نەکردووەتەوە، لەکاتێکدا بڕیارەو سندوقی نیشتەجێبونەکە بۆ هەموو عێراق بێت و بارەگای فەرمی لەنێو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی حکومەتی ناوەندی دایە".

لەبەرئەوەی حکومەتی عێراق تائێستا پرۆژەی سندووقی نیشتەجێبوونەکەیان لەکوردستاندا نەکردووەتەوە، وەزارەتی ئاوەدانکردنەوە داوای پرۆژەیەکی هاوشێوەی بۆ کوردستان کردووە.

زانا مستەفا دەڵێت" ئەگەر حکومەتی عێراقیش بڕیاری کردنەوەی ئەو سندووقەی جێبەجێ نەکرد، ئێمە پرۆژەیەکی هاوشێوەی ئەو سندوقی قەرزەی بەغدامان هەیە داومانەتە ئەنجوومەنی وەزیرانی حکومەتی کوردستان، تاوەکو لەکوردستانیش سندووقێکی لەو شێوەیە بکەینەوە"، بەڵام لەبەر ئەوەی پرۆژەکە نەبووەتە بڕیار، ناوبراو ئامادە نەبوو هیچ وردەکارییەکی بخاتەڕوو جگە لەوەی گوتی "وەک ئەوە دەبێت کە لەبەغدا هەیە".

## 12 ملیۆن دۆلاری تێدەچێ

# گەورەترین شاری یاری لەئیستەنبوڵەوە دەگوازرێتەوە هەولێر



سالَح قادر

rodan@rudaw.net

**رووداو- هەولێر**

سەرمایەدارێکی کورد، بەناوبانگترین شاری یاری ئیستەنبوڵ دەکرێت و دەیگوازێتەوە بۆ کوردستان، وا بڕیارە لەحوزەیرانی ئەمساڵ ئەو شارە یارییە بکرێتەوە. ئەو سەرمایەدارە گوتی "بەجورئەتەوە دەیڵێم ئەو شاری یارییەی لەهەولێر دادەنرێ، لەوڵاتانی دەوروبەر شتی وا نییە، هەموو یارییەکانیشی لەسەر ئاستی نێودەوڵەتین".

مەلا شین بەشیر بارزانی، کە سەرمایەدارێکی کوردەو خاوەنی کۆمپانیای دارینە، شاری یاری (تاتیلیا) لەئیستەنبوڵ، کە بەشاری یاری خەونەکان ناسراوە کڕیوەو ئێستا سەرجەم کەلوپەلەکانی ئەو شارەی گواستووەتەوە بۆ گۆڕەپانێکی نزیک گۆڕستانی شێخ ئەحمەد، لەهەولێر، کە بەنیازە ئەوێ بکاتە گەورەترین شاری یاری لە کوردستان.

هەرچەندە مەلاشین بەو نیازە چووەتە ئیستەنبوڵ بۆ ئەوەی دانوستان لەگەڵ چەند کۆمپانیایەکی ئیتاڵی بکات، بەمەبەستی دروستکردنی شارێکی یاری لەقەزای سۆران، بەڵام کاتێک گوێبیستی فرۆشتنی شاری یاری تاتیلیای ئیستەنبوڵ دەبێ، ئەویش لەگەڵ 12 کۆمپانیای دیکە دەکەوێتە کێبڕکێ بۆ کڕینی شاری یارییەکە، سەرەنجام بۆ ئەو دەبێت.

شاری یاری تاتیلیا، کە گەورەترین شاری یارییە لەئیستەنبوڵ و ساڵانە 700 هەزار کەس سەردانی دەکەن، لە ساڵی 1996 لەلایەن کۆمپانیای بابیندەر دەست بەدروستکردنی کراوەو لەساڵی 1998 کراوەتەوە، دوای دوو ساڵ کار کردن، بەهۆی ئیفلاسکردنی کۆمپانیای بابیندەر، حکومەتی تورکیا دەستی بەسەر شاری یارییەکەدا گرت.

مەلا شین بارزانی لەبارەی چۆنیەتی بەشداریکردنی لەو موزایەدەی بۆ فرۆشتنی شاری یارییەکە راگەیێندرا بوو گوتی "کە لەتورکیا بووم بیستم کۆمپانیای بابیندەر ئیفلاسی کردووەو حکومەتیش دەستی بەسەر کەلوپەلەکانیدا گرتووە و شاری یارییەکەی دەفرۆشێتەوە، بۆیە ئێمەش وەک کۆمپانیایەکی عێراق بەشداریمان لەو موزایەدە کرد کە بۆ فرۆشتنی شاری یارییەکە رێکخرابوو، لەموزایەدەکە بردمانەوە".

بەپێی قسەی مەلا شین شارەکە زیاتر لە 12 ملیۆن دیناری تێچووە بەکڕین و گواستنەوەو دامەزراندن "لەموزایەدەکە بە یەک ملیۆن و 100 هەزار دۆلارمان کڕی، 700 هەزار دۆلاریشمان داوەتە کۆمپانیایەکی ئیتاڵی تەنیا بۆ کردنەوە و بەستنەوەی ئامێرەکان، هەروەها 360 هەزار دۆلاریشمان داوەتە کرێی گواستنەوەی کەلوپەلەکان، دەتوانم بڵێم ئەو شارە زیاتر لە 12 ملیۆن دۆلاری تێدەچێ".

کاتێک باسی جۆری یارییەکانمان کرد، مەلا شین مۆبایلەکەی دەرهێناو یارییەکی پێ نیشاندای کە بەیاری ئالا بۆرا ناسراوە و یەکەم کەسیش کە ئەو یارییەی لەو شاری یارییە تازەدا کردووە کوڕەکەی خۆی بووە. ناوبراو لەبارەی ئەو یارییەوە گوتی "لە هەموو جیهاندا ئەو یارییە تەنیا لە 3 شوێن هەیە یەکێک لەئەڵمانیایە، یەکێکیش لەفەرەنسا، ئەوی دیکەشیان لەو شاری یارییەی ئێمەدایە، جگە لەو یارییە، 11 جۆر یاری گەورەی تێدایە کە هەر هەموویان ئیتاڵین، هەروەها 90 یاری دیکەشمان هەیە کە لەناو هۆڵ دان".

کاتێک دەپرسیت، هەست ناکەی موجازەفەتان بەو سەرمایەی خۆتان کردووە؟ مەلا شین لەوەڵامدا دەڵێت "ئێمە پێش ئەوەی دەست بەکارەکە بکەین، لە کارەکەمان کۆڵیوەتەوە، راستە ئێمە کەرتی تایبەتین، بەڵام زۆر شتیش لەبەر چاو دەگرین، وەکو پێشڤەچوونی شار، چونکە من دڵنیام ئەو پارەیەی لەو پرۆژەیەم خەرجکردووە، ئەگەر لەپرۆژەیەکی دیکەم خەرجبکردایە داهاتەکەی زۆر زیاتر دەبوو".

ئەو شاری یارییە کە لەسەر رووبەری 10 هەزار مەتر دووجا دروستدەکرێ، بەپێی قسەی مەلا شین جگە لەو شاری یارییە چەند پرۆژەیەکی دیکەش لەسەر زەوییەکە دروستدەکرێن. وەکو دروستکردنی بازاڕێکی هاوچەرخ کە لە 280 دووکان پێکدێ، پارکینگێکی ئۆتۆمبێل، کە جێگەی وەستانی 600 ئۆتۆمبێل دەبێتەوە، جگە لەدروستکردنی سوپەرمارکێتێکی گەورە. مەلا شین گوتی "تێچووی سەرجەم پرۆژەکە 40 ملیۆن دۆلارە".

لەبارەی ناوی شاری یارییەکەش، مەلا شین گوتی " هەرچەندە ئێستا ناوی پرۆژەکە Family funە، واتە شوێنی پشوودانی خێزان، بەڵام رەنگە لەئایندەدا کە تەواو بێ، ناوێکی کوردی خۆشی بۆ هەڵبژێرین".



نەخشەی شاری یاری تاتیلیا Family fun

ئەو پرۆژەیە کە لەمانگی 7ی ساڵی رابردووەوە دەست بەدروستکردنی کراوە، بەپێی قسەی مەلا شین دەبێ لەحوزەیرانی ئەمساڵ تەواو ببێ. مەلا شین هۆکاری دواکەوتنی پرۆژەکەی گەڕاندەوە بۆ وەرگرتنی زەوییەکەو گوتیشی"هەرچەندە بڕیارماننداوە لەمانگی 6ی ئەمساڵ شاری یارییەکە بکەینەوە، بەڵام لەوانەیە دوا بکەوێت، چونکە دوکانەکانی بازاڕەکە هێشتا تەواو نەبووینە، حەزیش ناکەین ئەو خەڵکانەی سەردانی شاری یارییەکە دەکەن بەهۆی تۆزو خۆڵی دووکانەکان بێزار ببن". سەبارەت بەچۆنیەتی وەرگرتنی زەوییەکەش، مەلا شین گوتی "زەوییەکەمان بەشێوەی موساتەحە بۆ ماوەی 25 ساڵ لەحکومەت وەرگرتووە".

لەبارەی نرخی یارییەکانیشن مەلا شین گوتی " نرخی یارییەکان بەگوێرەی داهاتی خەڵک دەبێ، هەرچەندە ئەو یاریيانە لە وڵاتان زۆر گرانن، بۆ نمونە زۆربەی ئەو یارییانە لەتورکیا لە 7 دۆلار کەمتر نەبوون، بەڵام ئێمە رەچاوی داهاتی خەڵکی کوردستان دەکەین، دڵنیابن نرخەکەی زۆر هەرزانتر دەبێ لەوڵاتانی دیکە".

# جووتیاران روو لە باخداری دەکەنەوە

## ئەندازیارێکی کشتوکاڵی: ساڵی داهاتوو میوەی خۆماڵی بە رێژەی 70 % پێداویستیی بازاڕی کوردستان پڕدەکاتەوە



نەوزاد مەحمود

nawzad2000@yahoo.com

**رووداو – شارەزوور**

ئەندازیارێکی بەشی باخداری کشتوکاڵی سلێمانی رایگەیاند کە 3000 ژووری گەورەی نایلۆنی لەگەڵ تۆو ودەرمان و پێداویستییە کشتوکاڵییەکاندا لەساڵی داهاتوودا بەسەر جووتیارانی ناوچەکەدا دابەش دەکرێ و بەمەش ئاستی بەرهەمهێنانی میوەو بەروبومەکانی لە جۆری تەماتە و ئارو و سەوزە بەڕێژەی 70 % پێداویستییەکانی بازارەکانی کوردستان پڕدەکاتەوە وسنوورێک بۆ گرانی و بەرهەمە بیانییەکان دادەنێت.

دوای بەدواداچوونێکی (رووداو) بۆ نەمامگەی (کانی پانکە)ی دەڤەری شارەزوور سەبارەت بەو هەشت خانووە پلاستیکییە گەورانەی کە هیچیان تێدا شەتڵ نەکراوەو دەنگۆی ئەوەش بڵاوبووەتەوە کەگوایە بوودجەی چاندن و بەرهەمهێناشی خەرجکرابێ، تەیمور قادر بەڕێوەبەری نەمامگەی کانی پانکە دوای ئەوەی کەهەواڵەکەی رەتکردەوە، راشیگەیاند کە بەتاڵ مانەوەی ئەو خانووە پلاستیکیانە تەنیا پەیوەندی بە بەسەرچوونی وادەی چاندن و شەتڵکردن و درەنگ تەواو بوونی خانووەکانەوە هەیەو، گوتیشی ئەمساڵ زۆرترین شەتڵی میوە لە نەمامگەکەدا فرۆشراوەتە جووتیاران "ئەمساڵ بەلێشاو جووتیارانی ناوچەکە روویان کردە نەمامگەکە بۆکڕینی شەتڵی میوەو لەسەرتای ئەمساڵەوە تائێستا 27478 شتڵی دارەکانی میوەمان فرۆشتووەتە جووتیاران". بەڕێوەبەری نەمامگەی کانی پانکە لەو باوەڕەدایە کە جووتیارانی ناوچەکە بەسوودمەند بوون لە وەرگرتنی خانوی پلاستیکی و ئاسانکاریەکانی وەزارەتی کشتوکاڵ، بەشێوەیەکی باش پڕۆژەی کاری باخدارییان لەناو زەوییەکانیاندا دەست پێکردووە.

بازاڕەکانی کوردستان بەرهەمی هەموو وڵاتانی تێدایە جگە لە بەرهەمی خۆماڵی، ئەوەش ئەو بۆچوونەی دروستکردووە کە جووتیاری و باخداری لە کوردستان رووی لە نەمانە و ئەوەش زیانێکی زۆر بە ئابووری و ئاسایشی خۆراکی کوردستان دەگەیێنێ و دەیخاتە مەترسییەوە. بەڵام جەلال عەلی عەبدوڵڵا،بەڕێوەبەری گشتی کشتوکاڵی سلێمانی پێیوایە جووتیاران بەشێوەیەکی زۆر بەربڵاو روویان کردووەتەوە چاندن و باخداری "ورژومێکی زۆری جووتیاران هەیە بۆ دروستکردنی باخ وئەمەش بووژانەوەیەکی کشتوکاڵی باشە، ئێمەش بۆ هاندانی ئەوان بەنرخێکی زۆرکەم نەمامیان پێدەدەین و هاوکارییان دەکەین، بۆخۆشمان جگە لە پڕۆژەکانی دارستان کە 21پڕۆژەیە، لەبەرنامەماندایە بەچڕی کار بۆ چاندن و سەوزایی بکەین". بەڕێوەبەر ئەوەشی رەتکردەوە کە ئەوان وەک بەڕێوەبەرایەتی کشتوکاڵ بەرپرس بن لە وشکبوونی ئەو هەموو نەمامەی ساڵانە لەلایەن فەرمانگەو دەزگا حکومییەکاندا لەبۆنەکاندا دەنێژرێن و دواتر بەهۆی پشتگوێخستنیانەوە دەفەوتێن" ئێمە لەوە بەرپرس نین، بەڵام لیژنەمان بۆ چاودێری کردن و بەدواداچوونی ئەو نەمامانە دروستکردووە".

ئەو بەڕێوەبەرە لەهەمانکاتدا نیگەرانی خۆشی لەکەم بوونەوەی سەوزایی دەربڕی لەهەرێمی کوردستان وبەمەترسییەکی گەورەشی زانی بۆ پیسبوونی ژینگەو کەم بوونەوەی ئاوی ژێر زەوی" پێویستە حکومەتی هەرێم لەماستەرپلانی شارەکاندا حسابێکی زۆر بۆ سەوزایی بکات".

بەختیارعەبدوڵڵا قادر، ئەندازیاری بەشی باخداری وتی "ئەمساڵ تەنیا 200 ژووری نەمامگە و شەتڵ لە تەواوی کوردستان دابەشکراوە بەسەر جووتیاراندا، کەجوڵەیەکی کشتوکاڵی دروستکردووە، بەڵام لەساڵی داهاتوودا 3000ی دیکە دابەشدەکرێن و کاریگەرییەکی زۆرباشی دەبێت لەبەرز کردنەوەی ئاستی بەرهەمی ناوخۆیی". وتیشی "بێگومان کاتێک ئەو 3000 ژوورە کاری بەرهەمهێنانی تێدا ئەنجامدرا لەلایەن جووتیارانەوە، دەتوانین بڵێین میوەو خۆراکی کشتوکاڵی خۆماڵی بەرێژەی 70 %دێتە بازارەوەو ئەوەش بووژانەوەیەکی زۆرباشە".

سەبارەت بەو نەمامە تەقلیدیانەش کە بەردەوام لەلایەن نەمامگەکانی کشتوکاڵەوە بەرهەم دەهێنرێن، بەڕێوەبەری کشتوکاڵی سلێمانی وتی" لە ساڵی 2006وە پلانمان بۆ کەمکردنەوەی نەمامی تەقلیدی داناوە بە رێژەی 60% و هەوڵدەدەین بایەخ بەنەمامە خۆماڵییەکانی وەک بادەم،، قەزوان و زەیتون بدەین کەبەرهەمیشی دەبێت و سەوزاییشە و بەرگری باشیشیان بۆ سەرماو گەرما هەیەو داواش لەهەموو ئەو فەرمانگەو دامەزراوە حکومیانە دەکەین کە چاودێری مانەوەی نەمامەکانیان بکەن نەک تەنیا بیچێنن".

# هەمەجۆر



## ئێڤل لەتاران دروستدەکرێ

**ڕووداو – ئاژانسەکان**

◆ لەتاران وەستایەکی دارتاشی بەدەنگە شخارتە بورجی ئێڤلی بە18 مەتر بەرزی و 12 مەتر پانی دروستکرد کە بڕیارە لەکۆشکی سەعدئاوای تاران دابنرێت. وەستا حەسەن بێ خەم پێش دوو ساڵ لەمەوبەر دەستی بەدروستکردنی ئەو بورجە کردووە کە بەرزی بورجەکە 18 مەترو پانییەکەشی 12 مەترە، زیاتر لە 160 ملیۆن دەنگە شخارتەی تێدا بەکار هێناوە کە دەکاتە 2 ملیۆن دەستە شخارتە. بۆ دروستکردنی ئەو بورجە حکومەتی ئێران نزیکەی 10 ملیۆن تمەنی وەکو پاداشت داوەتە وەستا حەسەن، کە وەکو خۆی گوتی 6 ملیۆن تمەنی تێدا خەرجکردووە.

# ناوی دەوڵەمەندترین سەرۆکەکانی جیهان ئاشکرا دەکرێن

**ڕووداو – ئاژانسەکان**

گۆڤاری فۆربێس لەلێکۆڵینەوەیەکیدا ناوی دەوڵەمەندترین حاکمەکانی جیهانی بڵاوکردەوە، کە عەرەبەکان پلەی یەک تا چوارەمیان گرتووە.

1- شا عەبدوڵلا، پاشای عەرەبستانی سعودی کە خاوەنی 21 ملیار دۆلارە، بەدەوڵەمەندترین سەرۆکی جیهان ناوزەدکرا. 2- حاجی حەسەن بولکیا، سەرۆکی وڵاتی برۆنای کە خاوەنی 20 ملیار دۆلارە بەدووەمین سەرۆکی وڵاتی جیهان دانرا. 3- شێخ خەلیفە، میری میرنشینە یەکگرتووەکانی عەرەب (ئیمارات) کە خاوەنی 19 ملیار دۆلارە بەسێیەمین سەرۆک دەوڵەتی جیهان ناوزەدکرا. 4- محەممەد بن ڕاشید، حاکمی دوبەی دەستنیشانکرا کە خاوەنی 14 ملیار دۆلارە و بە چوارەمین سەرۆکی دەوڵەمەندی جیهان دانرا. هەروەها شازادە هانس ئادام لەئەوروپا کە خاوەنی 4 ملیار دۆلارە، بەپێنجەمین سەرۆکی دەوڵەمەندی جیهان دانرا.



شا عەبدوڵلا خاوەنی 21 ملیار دۆلارە

# وێنەی کۆمیدی 2008ی جیهان

**ڕووداو – ئاژانسەکان**

وێنەی پیاوێکی لەش کوتراوی خەوتوو بە ڕووتی لەسەر شۆستەیەک، خەڵاتی وێنەی کۆمێدی 2008ی پێدرا.

ئەو وێنەیە کە لەلایەن کوڕێکی تەمەن 16 ساڵی ئەمریکی بەناوی (کارتن لیکارت) گیراوە، لەلایەن ڕێکخراوی PEDی کە سەربە تەلەفزیۆنی Mtv جیهانییە، بەوێنەی کۆمێدی ساڵی 2008 هەڵبژێردراو وێنەگرەکەی خەڵاتکرا.



بەپێی لێکۆڵینەوەیەک

# ژنی ناشیرین تەمەنی مێردەکەی درێژ دەکات

**ڕووداو – ئاژانسەکان**

بەپێی لێکۆڵینەوەیەکی بەریتانی ئەو پیاوانەی ژنەکانیان ناشیرینن تەمەن درێژترن لەو پیاوانەی ژنەکانیان جوانن.

لەلێکۆڵینەوەیەکی نوێی بەریتانی دەرکەوت کە ئەو پیاوانەی ژنی ناشیرینیان هێناوە، شانسی تەمەن درێژیان لەو پیاوانە زیاترە کە ژنی جوانیان هەیە، چونکە بەپێی ئەوەی لەلێکۆڵینەوەکەدا هاتووە ئەو پیاوانە کێشەی ئیرەیی و دڵپیسییان لە ژنەکانیان نییە کە دەبێتە هۆی کاریگەری دەروونی و تەندروستی کە لەگەڵ بەسەرچوونی کاتدا دەبێتە هۆی تەمەن کورتی، بەڵام ئەو پیاوانەی کە ژنەکانیان جوانە زیاتر ڕووبەڕووی بەرزبوونەوەی فشاری خوێن و نەخۆشی دیکە دەبنەوە.

لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان

# سواڵکەرەکان داوای مافی خۆیان دەکەن

**تایبەت بەڕووداو**

دوای ئەوەی بڕیاردرا گشت سواڵکەرەکانی تاران کۆبکرێنەوە، لەپارێزگاکانی تەورێزو ئیسفەهان و ورمێ و سنەو کرماشان و چەندین شاری دیکە هەڵمەتی کۆکردنەوەی سواڵکەرەکان دەستپێکرا، لەبەرامبەریشدا نزیکەی 200 سواڵکەری ورمێ یاداشتێکیان نووسیوەو تێیدا داوای مافی خۆیان دەکەن.

سەرچاوەیەک لە شاری ورمێ بە (ڕووداو)ی ڕاگەیاند کە نزیکەی 200 سواڵکەری شاری ورمێی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەبەرامبەرئەوەی کە حکومەتی ئێران بڕیاری کۆکردنەوەی سواڵکەرەکانی دەرکردووە کە قۆناخی یەکەم لەتاران دەستپێکرا، یاداشتنامەیەکیان ئیمزا کردووە و بۆ سەرۆکایەتی شارەوانی ورمێیان ناردووەو تێیدا داوای کارو مووچەیان کردووەو، دەڵێن"ئێمە لەبەر بێکاری و بێ مووچەیی دەستمان داوەتە ئەو کارە، ئەگەر کارێکمان پێدەدەن ئەوا لەو کارە کە لەدزی بەشەرفترە واز دێنین، ئەگەر نا ڕێگە نادەین مافمان بخورێ".

# لەبولگاریا کوردێک خەڵات دەکرێ

**ڕووداو – سەقز**

بێهنام بابامیری ئەندامی تیپی هەڵبژاردەی مشتەکۆڵەی ئێران لەپێشبڕکێی جیهان کە لەبولگاریا سازکرا پلەی یەکەمی بەدەستهێنا.

بێهنام بابامیری، 21ساڵ، ئەو پاڵەوانە سەقزییە کە لەمانگی ڕابردوو بۆ بەشداریکردن لەو پێشبڕکێیە چووبووە بولگاریا، دوای چەندین یاری لە پاڵەوانەکانی ئەمریکا، ئیسرائیل، ئەڵمانیا و چەند وڵاتێکی دیکە، توانی ببێتە قارەمانی ئەو پێشبڕکێ نێودەوڵەتییە.

# بەختی ڕووداو

### کاوڕ
Mar 21-Apr 19

ڕاوێژ لەگەڵ کەسێک بکە ئەزموونی لەوبارەوە هەبێت. ڕاوێژ بەکەسێک مەکە کە ئاشنای ئەو جۆرە کارەی نییە. کەسێکی ژیرو بەتوانا بدۆزەوە و داوای ڕاوێژی لێ بکە تا هەرگیز پەشیمان نەبیتەوە.

### تەرازوو
Sep 23-Oct 23

گەردەلوولێک دروستبووە و هەواکەی تۆزاوی کردووە، دەبێ کەمێک سەبرت هەبێ تا ئەو بارودۆخە ئاسایی ببێتەوە، تاکو دواتر بتوانی لەڕۆشنایی و هەوایەکی پاک بڕیارەکانی خۆت بدەی و، ڕێگە ڕاستەکەی خۆت بدۆزییەوە.

### گا
Apr 20-May 20

کاتێک تەندروستیت باش نەبێت، ڕۆح و بیریشت تووشی سەرگەردانی و دڵەڕاوکێ دەبێت، هەوڵبدە بەخواردنی تەندروست و بەبیری چاک ڕۆح و لەشی خۆت تەندروست ڕابگری، چونکە ماوەیەکە هەست بەدڵتەنگی دەکەیت، ئەگەر وابکەی دڵنیابە سەرکەتوو دەبیت.

### دووپشک
Oct 24-Nov 21

پێویستە لەژیانـدا جاروبار هەندێ گۆرانکاری ڕووبدات تاکو ژیان لەحاڵەتی بێ جووڵەیی دوور بکەوێتەوە. هەوڵبدە بە بیری چاک و داهێنانی نوێ کارێک بکەی کە هەر ڕۆژێکی تۆ لەگەڵ ڕۆژی پێشوو جیاوازییەکی تایبەتی هەبێت.

### جمک
May 21-Jun 21

بەتووڕەیی ناتوانی ئەو گرێیە بکەیتەوە و چارەسەری بکەی، بۆ چارەسەرکردنی ئەوکێشەیە پێویستیت بەهوشیاری و بیرکردنەوەیەکی چاک هەیە، بۆیە لەبارەی باش بیر لەئامانجت بکەوە تا بەزووترین کات پێی بگەیت.

### کەوان
Nov 22-Dec 21

سەرکەوتنێکی بچووک ڕێگە بۆ سەرکەوتنی گەورە دەکاتەوە، لەبیر مەکە کە ڕێگە گەورەکان لەهەنگاوە بچووکەکانەوە دەست پێدەکەن، کەواتە دەبێ جارێ ڕێگە باریکەکە بگریت و هەر ڕۆژێک خۆی بەرەو پێش ببەیت.

### قرژاڵ
Jun 22-Jul 22

بەگشتی خێزانەکەت لەتۆ ڕازین، بەڵام ئەوان هەندێ داواکاریان هەیە کە ماوەیەکی زۆرە لەدڵی خۆیاندا ڕایانگرتووە، ئەگەرچی دەتوانن کەمێکی دیکەش بوەستن، بەڵام تۆ دەبێ زووتر داواکارییەکانیان جێبەجێ بکەیت.

### کارژۆلە
Dec 22-Jan 19

بەتەواوی ڕەشبینی لەخۆت دوور بکەوە، لەجیاتی ئەوەی تەماشای شوێنە وێرانەکان بکەی تەماشای شوێنە سەرنجراکێشەکان و جوانەکان بکە تاکو ئومێدو خۆشی لەخۆدا بەهێزتر بکەی، ئەگەر وانەکەیت کێشەکان هەمیشە تۆختر دەبن.

### شێر
Jul 23-Aug 22

بەبێ هەوڵدان و ماندووبوون هیچ شتێکت دەست ناکەوێت، تا ئەو کاتەی بەجدی و بەتەواوی هەوڵ بۆ ئەو کارە نەدەی، سەرکەتوو نابیت، بەهەر حاڵ دەبێ خۆت بۆ فیداکاری گەورەتر ئامادە بکەی. کەواتە هەرگیز سستی بۆ ئامانجەکانت مەنوێنە.

### سەتڵ
Jan 20– Feb 18

ئێستا کاتێکی باش نییە بۆ ئەنجامدانی ئەو کارە، کەواتە دەبێ ماوەیەک بوەستی و چاوەڕێی بیت تا کاتی خۆی دێت.جگە لە تۆ کەسانێکی دیکە هەن خەریکی ئەو کارەن، کە دەبێ ئەوان خۆیان یەکلایی بکەنەوە، تاکو تۆ دەست پێ بکەیت.

### گوڵەگەنم
Aug 23-Sep 22

داوای هاوکاری لەکەسێک دەکەی کە چاوەڕوانی ئەوەندی لێناکرێ یارمەتیت بدات. بەهەرحاڵ دەبێ چەند کەسێکی دیکە بدۆزییەوە بۆ ئەوەی ئەگەر کەسێک لەوان نەیتوانی یارمەتیت بدات داوا لە ئەوەی دیکە بکەی و دەست بەتاڵ نامێنیەوە.

### نەهەنگ
Feb 19-Mar 20

لەڕووی دارایییەوە دەبێ بارودۆخۆی خۆت باشتر بکەی، دەبێ بەهاوسەرکەت بڵێی کە ناتوانی بەشەوێک ڕێگەیەکی سەد ساڵە بپێویت، دەبێ پشوودرێژ بیت تاکو لەداهاتوو بتوانی ژیانێکی پڕ لەخۆشیت هەبێت.

گوایە لە فیلمی ڕووتدا دەرکەوتووە

# هەیفا وەهبی: زوڵمیان لێکردم

**ڕووداو – ئیلاف**

کێشەی یاسایی نێوان هونەرمەردان هەیفا وەهبی لە لایەک و هەریەک لە ڕۆلا سەعد و کەریم ئەبی یاخی بەڕێوەبەری کارەکانی و نیزاڵ ئەلئەحمەدی ڕۆژنامەنووس و بەڕێوەبەری گۆڤاری ئەلجەرەس ئەمین شەعلان لەلایەکی تر هەرایەکی لە ڕاگەیاندنەکاندا لێکەوتەوە.

گەرمترین لێدوانەکانی ئەو هەرایە لە کاتێکدابوو کە هەردوولا سەرکەوتنی هەیفا وەهبییان لەوداوایەداسەلماند کە وەهبی لەسەر گۆڤاری ئەلجەرەس بەرزیکردبووەوە و بە ناوزڕاندن و سووکایەتیپێکردنی لەقەڵەم دابوو. هەیفا وەهبی کە ئێستا لە قاهیرەیە نەیویست زۆرتر لە سەر بڕیاری دادگە بڕوات و گوتی: "من لەدەرەوەی لوبنانم و زانیاری وردم لەوبارەیەوە نییە" لە وەڵامی پرسیارێکیشدا ئاخۆ بۆچی ناکۆکییەکان گەیشتنە دادگە هەیفا گوتی: "من لە نزیکترین هاوڕێکانی نیزاڵ ئەلئەحمەدی بووم، ئەمە هەمووی بۆچی نازانم، لەو بپرسن، من لەو فیلمە ڕووتەدا زوڵمم لێکراوە و هەموو خەڵک دەرکیان بە کاردانەوەی خراپی ئەو هەواڵە هەڵبەستراوە کرد لە سەرم".

ئەم کێشەیە لەوێوە سەریهەڵدا کە بەر لە ماوەیەک چەند گرتەیەکی ڕووت بە مۆبایل لە لوبناندا بڵاوبوونەوە گوایە هی هەیفا وەهبین.



هیلاری دۆف

# بەلێبووردنێکی تایبەت ئازاد دەکرێ

**ڕووداو– ئاژانسەکان**

هیلاری دۆف، ژنەئەکتەرو گۆرانیبێژی بەرەگەز ئەمریکی دوای ئەوەی بەچەقۆیەک لەمێردەکەی دابوو کوشتی، ماوەی 3مانگ و نیو لەزینداندا مایەوە و بەلێبووردنێکی تایبەت ئازاد کرا.

دۆف، دوای ئەوەی لەسەر منداڵەکەیان لەگەڵ مێردەکەی بەشەڕ هات، چەقۆیەکی لەمێردەکەی داو کوشتی.دواتر دادگا بڕیاری 10 ساڵ زیندانیکردنی دا، بەڵام دوای 3مانگ و 15 ڕۆژ زیندانی بەلێبوردنێکی تایبەت ئازاد کرا.

هیلاری دۆفی تەمەن 31 ساڵ دوای ئازادبوونی لەزیندان ڕایگەیاند کە لە زیندانیش دەرهێنەرەکان پەیوەندییان پێوەکردووە"بڕیارمداوە چیتر شوو نەکەم و خۆم تەنیا بەکاری سینەماییەوە خەریک بکەم".





# نامەی خوێنەران

خوێنەرانی (ڕووداو) ئاگادار دەکەینەوە کە بۆیان هەیە، هەموو ڕەخنەیەک و کێشە و بابەتێک بە کورتی لەم گۆشەیەدا

## بگەنە فریای قەیرە کچانی مەلائۆمەر

برایان مەرحەبا

من ئەو نامەیەتان بۆ دەنووسم، هەتا پێتان بڵێم کە لە کۆمەڵگەی مەلائۆمەرماڵێک هەیە، سەرخێزانەکەی ناوی (و)ە.

مام (و) کوڕێک و، 3 کچی هەیە. دوو لەوکچانە، بوونەتە قەیرەکچ و، زۆر حەزیان لێیە مێرد بکەن، بەڵام باوکیان ناهێڵێت. باوکیان دەڵێ : بە مێردیان نادەم و مەگەر مێرد بە پیرەمێردێک بکەن!. ئەوە کارەساتێکی زۆر گەورەیە کە ئەو دوو کچەی حەپس کردووەو بەهیچ شێوەیەک بە مێردیان نادا، چەندین داخوازیان چوونە هەر بە مێردیان نادا. باوکیان ژنی نییە، 20 ساڵێک دەبێ ژنی مردووە.

من بۆ ڕێی خوا بە ئێوەو ڕێکخراوە ئافرەتییەکان ڕادەگەیێنم تاوەکو حکومەت چارەیەکیان لێ بکات . من ئەو ماڵە دەناسم.

ڕاستی

## ئەو وەزارەتەشمان پێ ڕەوانابینی؟

شەوکەت توتاخاچی

من وەک گەنجێک بەداخەوە دیمانەیەکی ئاڕێز عەبدوڵڵام لە ڕۆژنامەی (ڕووداو)دا خوێندەوە کە باس لەوە دەکات لابردنی وەزەرات خێری زیاترە تا هەبوونی.

من لێرەدا دەمەوێت بپرسم بۆ ئەو بەڕێزە بەو شێوە قسە دەکات و باس لە نەبوونی چالاکی دەکات وکەڕەتی سفری دەکات؟ ئەمە لەکاتێکدایە هەر بەچواردەوری خۆیدا سەرنجبدات لەناو هۆڵی پەرلەماندا ببینێ بزانێت کەسی تێدا نییە خەوتبێت!. سەرەڕای بێ توانایی زۆرترین کارو چالاکی ئەنجامدراوە. بۆ بەڵگەی ئەم قسانەشم گەنجە خوێن گەرمەکانی فەرهەنگاخانەکان بە نموونە دێنمەوە.

منیش لەگەڵ ئەوەدام سەنتەرە بێکارەکان کەم بکرێنەوە، هەقی خۆیەتی قسەلەسەر فیستیڤاڵەکان بکات، بەڵام لابردنی وەزارەت کارێکی تاسەر ئێسقان دژی گەنجانە.

shawkattotaqaji@yahoo.com



# (شین) و (شەرەف) لە پەراوێزی مێژووی "بێگەرد"ی ژن

مەهاباد قەرەداغی

لە سەردێڕی ئەم وتارەدا وشەی (بێگەرد)م بەکار هێناوە. بێگەرد لە فەرهەنگی زمانەوانیدا مانای (پاک) دەدات. لە ڕێزماندا بێگەرد هەم ناوە و هەم ئاوەڵناوە. وەک ئاوەڵناو بۆ پەسنی پاکژی و بێخەوشی کەسێک بەکار دەبرێت. با روون بێت، من لەم بابەتەدا (بێگەرد)م بە چی مەبەستێک بەکارهێناوە. بێگەرد لەم کۆنتێکستەی مندا ئاماژەیە بۆ ناوێکی مێینە، ژنێکی دیکەی قوربانی کولتووری توندوتیژی کە بەدترین سیما و زەقترین هێمای ڕژێمی پیاوسالارییە لە کۆمەڵگە نەریتپارێزەکان، بە تایبەت لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا کە بووەتە ئاستەنگی گەیشتن بە یاساپەروەری و دادسەروەری.

بێگەرد لەم کۆنتێکستەی مندا ژنێکی دیکەی کۆمەڵگەیە کە بە دەستی پیاوێکی دیکەی کۆمەڵگە کوژرا، هەروەک چۆن (پێلا)، (فادیمە)، (بەنان)، (سارا)، (شەوبۆ)، (هێشوو)، (ئەدیبە)، (دوعا) و چەندین کچی دیکەی حەوا، بە چەقۆ، بە ئاگر، بە ئاسن، بە فیشەک، بە ژەهر، بە قەهر، بە ئامرازی دیکەی سەرکوتکردن و مراندن، بە نیازی لەڕەگەوە داڕزاندن، بە ئارەزووی ڕیشەکێشکردن، بە نیازی تۆقاندنی توخمی مێینەی مرۆڤ، ڕەوانەی ئەودیوی ژیان کران و مێژووی بێگەردی ژنی ڕۆژهەڵاتیان دایە دەم گەرداوی ستەم.

ئەم پۆلە ناوەی کە تەنها مشتێ خەمن لەخەرواری مێژووی ئافرەت، هێمای ستەم و ئازارێکن لە توندوتیژییەکی هزرییەوە سەرچاوەیان گرتووە. هزرێک کە لە نێو فەرهەنگی مرۆڤایەتیدا نە باوی ماوە، نە ناوی خوازراوە.

توندوتیژییەک سەرچاوەکەی لە هزرەوە بێ، تەنها دەشێ بە چاکسازی لە هزردا چارەسەر بکرێ. هزر کە لە عەقڵەوە هەڵدەقوڵێ و وێنای ویژدان دەکات، دەبێ گۆڕانی بنەڕەتی بەسەردا بێ، تا بتوانێ وێنەیەکی دیکەی مرۆڤانە لە ژن لە نێو بیردا دروست بکات و ئەو وێنەیەش لە زمانەوە گوزەر بکات بۆ نێو هەموو کایە و پایەکانی کۆمەڵگە.

کێ ئەم گۆڕانە لە هزردا بکات؟ کێ کولتوور دەگۆڕێ و بە کام میکانیزم شەرەف لە بێبەهاییەکی نامرۆڤانەوە دەکرێ بە بەهایەکی مرۆڤانە؟

ئاماری ئەمنیستی ئینتەرناشناڵ ساڵانە باس لە دۆخی چەند هەزار کوژراوێکی مێینەی قوربانی شەرەف دەکات. چیرۆکی ژیانی هەر یەکێک لەوانەی کە بە مەرگەسات کۆتاییان هات، بریتییە لە چارەنووسی هەموو ئەو ژنانەی کە لە کۆمەڵگەیەکی پڕ لە مەترسیدا دەژین و پاساوی شەرەف هەڕەشەیەکی سەرەکییە و سەرجەم مێینەی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست لەبەرامبەریدان.

لە فەرهەنگی زمانەوانی گەلانی پێشکەوتوو وشەی شەرەف بریتییە لە ڕاستگۆیی، دەستپاکی، ویژدانی ئاسوودە، سنگفراوانی. کەواتە شەرەف لەو کولتوورەدا بەهایەکە پێناسەکەی لە نێو سیفەتە سروشتی و جوانەکانی مرۆڤدا کۆبووەتەوە. بەڵام هەر پێناسەی ئەم وشەیە لە کولتووری دیکەدا مانای بێمانای دیکەی پێ بەخشراوە و ئەرکی نامرۆڤانەی وەئەستۆ خراوە و لە بەشێکی جەستەی ژن ئاخنراوە و لە پێناویدا تاوان ڕوو دەدات.

گەلۆ ئەم واژەیە بۆ هێندە لە فیشەک کاریگەرترە! لە چیرۆکی یەکێک لە مەرگەکان ڕابمێنە و بزانە لە ژێر چەتری شەرەف چ باسە! ئینجا بە شێنەیی شەرەفی کۆمەڵگەی ڕۆژهەڵاتی بناسە!

## چیرۆکی شین:

هێشتا منداڵی سەرەتایی بووم، بەڵام جوانم لەبیرە ڕووداوێک ڕوویدا. ئەوسا هێشتا لە مانای وشەکان تێنەدەگەیشتم و زۆر درەنگتر و کە بووم بە لاوێکی خوێنەر و نووسەر و ئیدی کە بیرەوەریم تێکەڵ بە رامانم دەبوو، سەرەداوەکانم پێکەوە گرێ دەدا تا لە هێماکان و کۆد و دەستەواژەکان تێبگەم. ڕووداوی (شین)، حیکایەتێک بوو هزری منی ئامادەکرد لە شەرەفی نێر و لە جەستەی مێ ماوەیەکی درێژخایەن ڕابمێنم و ئێستاش بەردەوامم لەو گومان و ڕامانانە.

حیکایەتی شین لە گەڕەکێکی ئەودیومان ڕوویدا. لەو گەڕەکە زۆر جار ناوی کوڕێکیان دەبرد و دەیانگووت: فڵانکەس حیزە. ئەوسا نەمدەزانی حیز مانای چییە، بەڵام دەمزانی وشەیەکی دژوارە و پیاوان بۆ جنێودانیش بە یەکتری بەکاری دەبەن.

ماوەیەکی زۆری نەبرد، کە ئێمە لە کۆڵان یاریمان دەکرد تەقەیەک ڕایچڵەکاندین و ڕامانکردە شوێنی ڕووداوی تەقەکە. لەو شوێنە ژنێک کوژرا و ناوی (ش) بوو. شین بە پێوەری کۆمەڵگەیەکی دواکەوتوویش ژنێکی ڕێکوپێک بوو، بەڵام هۆکاری کوشتنەکەی وا تۆمار کرا کە لەسەر شەرەف بێ. زاکیرەی منداڵیم بەهێزە و کامیرای نیگام ئێستاش سیمای شینی لەیادە کە خانمێکی جوان و میهرەبان بوو. ڕەنگە پێتان سەیر بێت کە بکوژی شین هەمان فڵانکەسی بە (حیز) ناوزەدکراوی کۆمەڵگە بوو، کوژراویش خوشکی وی بوو، کە تا ئەودەم کەس نەیبیستبوو ناپاک بێت. شین بە پێوەری مرۆڤایەتی خانمێکی بێگەرد بوو.

لە کتێبی (مەرگی مرۆڤ و نیوێک) یەکێک لە کورتە چیرۆکەکانم ناو ناوە (لە نێوانی شایی و شین)دا. ئەوە حیکایەتی ڕاستەقینەی ئەم شینەیە و من هەتا دێ زیاتر لێی قووڵ دەبمەوە و کۆدی دیکەی شەرەفی تێدا دەدۆزمەوە.

دوای بیستنی تەقەکە، کە منی منداڵ چوومە شوێنی ڕووداوەکە سەیرم پێهات، چونکە دایکی شین وەک جگەرسووتاوێک شینی نەدەگێڕا و بێباکانە پاڵی بە دیوارەکەوە دابوو جگەرەی دەکێشا. لە گۆشەیەکی حەوشەکەشدا جەستەی شەڵاڵی خوێنی (ش)یش لەسەر تاتەشۆرێک بە دەستی دوو ژنی مردووشۆرەوە ئەمدیوئەودیوی پێدەکرا و من لە درزی پەردەکەوە مردووە شینەکەم دەبینی. خوێنێکی ئاڵیش بە جۆگەلەی نێو حەوشەدا بە تیژی تێدەپەڕی و تێکەڵ بە چڵکاوی گەڕەک دەبوو. دایکی شین بێباکانە و بەدەم جگەرەکێشانەوە پاساوی بۆ تاوانەکەی برای شین دەهێنایەوە و دەیگووت: دەستی خۆش بێت لەسەر شەرەف کوشتی!!!

لەوساوە نیشانەی پرسیار و سەرسامی لە نێو هزرمدا تۆمار بووە، کە تەمەنێکە بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارە لێدەکۆڵمەوە و لەو پێناوەدا سەدان چیرۆکی دیکەم تاوتوێ کرد.

بە کوشتنی شین ئیدی نازناوی (حیز) لە براکەی سەندرایەوە، چونکە بنەماڵەکەی و کۆمەڵگە نازناوێکی دیکەی قارەمانانەیان پێی بەخشی و بە شۆڕەڕەوەی شەرەف ناوزەدیان کرد. ئەو بنەماڵەیەی کە حیکایەتی شینی تێدا ڕوویدا بە زمانی کوردی نەدەپەیڤین و سەر بە نەتەوەی دیکە بوون، وەلێ هەمان کولتوور ئەوان و نەتەوەکانی ئەم دەڤەرەی نقومی ستەمکاری کردووە، بە تایبەت بەرامبەر بە مێینە. پرسیارێکی ڕەوا لەوساوە لە کنم تۆمارە و لە دووبارەبوونەوەی هەر حیکایەتێکی کوشتنی ژن بە پاساوی شەرەف سەرهەڵدەداتەوە و لە مێژووی بێگەردی ژندا بە دووی وەڵامدا دەگەڕێ.

ئەو پرسیارەش: بشێ هەموو ئەوانەی ژن بۆ شۆرینەوەی شەرەف دەکوژن، وەک براکەی شین حیز نەبن؟! بشێ ئەو تاوانەی ئەنجامی دەدەن تۆڵە نەبێ لە کۆمەڵگەیەک کە غەرقی داب و نەریتی سەدەکانی پێشووە و مەودایەکی تێدا نییە بۆ ئازادی و ئاشتی و ئارامی؟ سەدان لێکۆڵینەوەی دەروونناسی ئینجا بە بەشێک لە وەڵامی ئاڵۆزترین پرسیاری شینی شەرەفمان دەگەیێنێ.



گۆران محەممەد
goransalih@hotmail.com

# بنمایەدار

وەزیری پەروەردە لە حکومەتی کوردستاندا دەڵێ: "هەموو ئەو ئاسانکارییانەی بۆ کەسێک دەکرێ کە مزگەوت ئاوا دەکات، بۆ ئەوانەش دەکرێ کە قوتابخانە دروست دەکەن". تۆ لەمەیان گەڕێ و جارێ ئا ئەمە بخوێنەوە، کەسێکی ئاگەدار لە وەزارەتی ئەوقاف پێیگوتم: "بە درێژایی تەمەنی خۆی، ئیدارەی سلێمانی یەک دیناری لە دروستکردنی مزگەوتدا سەرف نەکردووە، حکوومەتی یەکگرتووی کوردستانیش ئەم کارە باشەی لە ئیدارەی سلێمانی وەرگرتووەتەوەو ئەمیش تا ئێستا تاکە دینارێکی لە ئاواکردنی مزگەوتدا سەرف نەکردووە"، بەڵام بە دەیان مزگەوتیش لەو دوو ماوەیەدا لەلایەن سەرمایەدارانی کوردەوە قیت کراونەتەوە و ئێستاش هەر دەکرێن.

هەر ئێستا 45 سەرمایەداری کورد داواکارییان داوەتە وەزارەتی ئەوقاف بۆ ئەوەی مزگەوت دروست بکەن و وەزارەتی ناوبراویش خوا تەمەنی وەزیرەکەی بۆ کابینە بچکۆلەکراوەکەش درێژ بکات، تا ئێستا رازینەبووە.

وەزیری پەروەردە دەڵێ بودجەیەکی یەک ملیار دۆلاری و نزیکەی هەزار قوتابخانەمان پێویستە تا فرەدەوامیی و قەرەباڵخی لە قوتابخانەکانی کوردستاندا نەمێنێت. ئا لەم کاتەدا 45 سەرمایەدار داواکاریی مزگەوت دروستکردنیان داوەتە وەزارەتی ئەوقاف. ئەگەر سەرمایە پارە بێت، با بنمایەش خوێندن و فێربوون بێت. وای بۆ دەچم زۆربەی سەرمایەدارانی کورد تەنێ بە پارە دەوڵەمەند بن و لە رووی بنمایەدارییەوە فرە هەژار بن، ئاخر ئەوان کە ئاواکردنی مزگەوت لە دروستکردنی قوتابخانە بەگرینگتر بزانن، بێگومانم لەوەی تەنیا سەرمایەداری بێ بنمایەن.

لە کاتێکدا کە منداڵی گوندنشین رۆژەڕێیەک دەبڕێ بۆ ئەوەی بگاتە کەلاوەیەک کە ناوی قوتابخانەیە، قوتابخانەی وا هەیە پتر لە دوو دەوامی تێدایە، زۆربەی پۆلەکانی کوردستان لە قوتووی ماسی دەچن، لە کاتێکدا قوتابی بە هاوین لە گەرما مێشکی بووەتە ئاو و لە زستاندا لە سەرما هەڵدەلەرزێ. ئا لەم کاتەدا هەموو هەینییەک لە سەرتاسەری کوردستاندا لە 1800 مزگەوتدا خوتبە دەدرێت، خۆش ئەوەیە وەزارەتی ئەوقافی کوردستان تەنیا 622 ئیمام و خەتیبی هەس، یانی نزیکەی هەزار و دوو سەت مزگەوت بە کەیفی خۆیان بە بێ هیچ بنەما و چاودێرییەک خوتبەی تێدا دەدرێت ئیتر خوتبەدەر لە زۆربەی کاتەکاندا بۆی هەیە کەسێکی نەخوێندەوار و کەمزانیاریی بێت و قسە بۆ سەتان کەس دەکات.

بڵێی ئاهی ئەو هەزاران قوتابییە مەینەتکێشەی کوردستان لەو سەرمایەدارانەدا دەرنەیەتەوە کە بە دروستکردنی مزگەوت و بە زەبری پارە دەیانەوێ بەهەشت لە خوا بکڕنەوە؟



# تاجی سەری کوردستان

شاناز بەرزنجی- هۆڵەندا

" ئێمە بێدەنگ نابین، بە ئازادی قسەکردن هەنگاوی سەرەتایە بۆ ئازادی ژیان"

ئەوەی کە ژن بیت و دایک بیت و کورد بیت و چالاکڤانی سیاسیش بیت، هەروەها لە وڵاتێکیشدا بیت کە ئەو شتانە (هەرچەندە هێمنانەش بن!) قبوڵنەکرێن، ئاسان نییە. لێ لەیلا زانای تاقانە، تەنیا کەسێکە لەو دنیایەدا کە توانیویەتی هەموو ئەو شتانە لە خۆیدا کۆبکاتەوە. ئەو نموونەی سەربەرزانەی خەباتکارێک ڕێگای دادپەروەرییە.

لەیلا دەڵێت: "من داکۆکیم لە دیموکراسی و مافی مرۆڤان و برایەتیی نێوان گەلان کردووە، هەتا دەشمرم ئەو کارە هەر دەکەم".

ئەو مروارییە خەباتکارە بۆ یەکەمین جار لە پەرلەمانی تورکیادا کوردبوونی خۆی ڕاگەیاند. لەبەر ئەو "گوناح"ە گەورەیەش کە کردی، لە وڵاتێکدا کە خەریکە دەبێتە ئەندامی یەکێتیی ئەورووپایەک کە خۆی بە ئاڵاهەڵگری پاراستنی مافی مرۆڤان و کەمینەکان دەزانێت!، بە پانزدەساڵ حوکمدرا. بەڵام پاش دەساڵ، لە ژێر گوشاری ڕێکخراوە چارەگرانەکانی ! وەک ئەمنستی ئینتەرناشناڵ و ئەوانیتر ئازاد کرا.

لەیلا دەیگوت: "ئەوڕۆ گەلی کورد سێ سەرکردان دەناسێت، جەلال تاڵەبانی و مەسعود بارزانی و عەبدوڵڵا ئۆجەلان. ئەوانە شانازییەکانی ئێمەن، خەباتی وان بۆ گەلەکەیان وایکردووە کە هەریەکێکیان شوێنێکی تایبەتیی هەبێت لە دڵماندا".

ئەو قسانەی لەیلا لە نەورۆزی 2007 دا، لە کاتێکدا هێشتا تەنیا ساڵێک بە سەر ئازادکردنیدا تێنەپەڕیبوو، لە ئامەدی پایتەختی کوردستاندا کراون. ئەو کە بەو قسانەی دەیویست یەکبوون و یەکدەنگی بە گوێی گەلەکەیدا بدات، زۆرتر لە سەرکردەیەکی کارێزماتیک دەچوو. لێ ئەوە روونە کە دەوڵەتی تورک ئەو قسانەی پێ قبوڵناکرین و بۆیەش سەرلەنوێ حوکمی دوو ساڵ زیندانیی بۆ دەبڕێتەوە.

لەیلا گوتی: "من ژیانم خۆشدەوێت و دەشمەوێت دەستی پێوە بگرم. بەڵام پێویستە خولیای من بۆ وەدەستهێنانی دادپەروەری بۆ گەلە ئازاردراوەکەم، بۆ گێرانەوەی ئازادی و نرخ بۆیان بێت. ئاخر ژیانی کۆیلەییانە، بندەستانە و ڕێزلێنەنراوانە، لە هەموویشی گرنگتر بێ ناسنامانە مانای چییە؟" .

لەیلا زانا نموونەیەکە بۆ سەرکردەکانمان و تەنانەت بۆ گەلەکەیشی. ئەو هیچکات جیاوازیی دانەنا لە نێوان باکوور و باشووردا. بۆ ئەو ئێزدی و عەلەوی وەک یەکن. ئەو سوور و زەرد و سەوز وەک یەک دەبینێ. ئەو بە روونی دەزانێت بۆ چی خەباتدەکات: یەکسانی و ئازادی و دادپەروەری.

بۆ من لەیلا زانا نموونەیەکی بەرزە و، سەرچاوەیەکی گەورەی ئیلهامبەخشە بۆ هەر کوردێک کە مرۆڤایەتی و دادپەروەریی پێ گرنگ بێت. لەیلا شێرە ژنێکی بەرزە، شاژنێکە، سەرچاوەیەکی وزەیە، لەیلا تاجی سەری کوردستانە.



# تەلەڤزیۆنێن کوردی و ڕاگەهاندنا پیشەیی!

سلێمانێ ئالیخان- ئەڵمانیا
silemani__alixani@yahoo.com

ئەم یێ د بیرەوەرییا سەدو دەهـ سالی یا رۆژنامەڤانییا کوردیدا دەربازدبین. کاروان و رێکا درێژ یا ڤێ رۆژنامەڤانیێ، ب دەرێخستنا تاکە رۆژنامەیا کوردستان دەستپێکر و دچەند قوناخاندا تێپەڕبوو تا گەهشتییە ئەڤرۆ کو ژمارەیا رۆژنامە، کۆڤار، تەلەڤزیۆن، رادیۆ و سازیێن جودایێن میدیا کوردستانێ بوویە ب سەدان. ب باوەرییا من قوناخا ژ هەموویان گرنگتر کو تێدا رۆژنامەڤانیا کوردی گەشەکری و بەرفرەهـ بووی. ئەوە کو پشتی سەرهلدانا بوهارا 1991 ژ چاخێ دەربازبوویی دەستپێکری. دوێ دەمێدا شۆرەشا پەیوەندیکرن و گەهاندنێ دەستپێکر و ل سەر ئاستێ هەموو جیهانێ رێیێن نوی یێن گەهاندنێ وەک تەلەڤزیۆنێن ئاسمانی، ئینتەرنێت، مۆبایل، فاکس و... هتد، پەیدابوون. ڤێ یەکێ لەز، وردی و ساناهیکرن خستە دهەموو کاراندا و ب تایبەت کارێ رۆژنامەڤانیێ. ژلایەکێ دیڤە حکومەتەکا کوردی ل بەشەکا وەلاتی هاتە ئاڤاکرن. ڤێ ژی دەرفەتەکا نوی ل بەرامبەر رۆژنامەڤانیا کوردی ڤەکر.

وەک مە ل سەری دیارکری؛ ژمارەیا دەزگەهێن رۆژنامەڤانییا کوردستانێ بەر ب زێدەبوونێیە، لێ وەک کوالیتە ب باوەرییا من هێشتا ل ئاستێ پێویست دا نینە "نە ئامێرێن باش ب دەست خستینە و نە ناڤەرۆکەکا گەلەک باش وەشاندییە". هەرچەندە پارتییێن کوردستانی کو خودانێن پرانیا سازیێن راگەهاندنێنە، پارەیەکێ باش دڤی واری دا دمەزێخن. لێ پرانیا وی دراڤی ژی ل کارێن چاپ، پەخش و بەلاڤکرنێ دهێتە خەرجکرن. ئەز باوەرناکەم نها ژی یەک رۆژنامە یان سازیا رۆژنامەڤانی ل کوردستانێ بشێت خوە فینانسە بکەت. ئەڤە ژی نیشانەکا زیندییە کو ناڤەرۆکا وان یا لاوازە و دەربڕینێ ژ کەتوارێ جڤاکا کوردستانێ ناکەن، لەوما بازارێ وان ژی نینە. ژ بلی کێشەیا کادرێن زێدە کو دپرانیا سازییاندا هەیە و ئەگەر ئەم هەڤبەرکرنێ دناڤبەرا تەلەڤزیۆنەکا وەک (العربیة) و تەلەڤزیۆنا کوردستاندا بکەین دێ بینین کو ژمارەیا پەیامنێرێن وان هەردوویان نێزیکی یەکە. لێ کار و کوالیتەیا ئەڤا یەکەم دەهـ بارە هندی یێ کوردستان تی ڤی یە "دگەل رێزێن من بۆ وان".

هەر بۆ نموونە من دڤێت ل ڤێرە ئاماژە ب پرۆگرامەکا تەلەڤزیۆنا کوردسات بدەم کو ل رۆژا 2008/02/20 دیدارەکا زیندی دگەل پارێزگارێ دهۆکێ سازکربوو و بینەران ب تەلەفۆنێ بەشداری دکر، لێ دەما بینەران تەلەفۆن دکر دەنگێ زەنگەکا بلند دگەل دەنگێ وان دهات "وەکی دەنگێ هۆڕنا لۆرییان بوو". ئانکو دەنگ گەلەک یە خراب بوو و مرۆڤ نەدشیا گوهدارییێ بکەت. سەرەرای هندێ ژی لەتیف نێروەی یێ پێشکێشکار هەر بەردەوام بوو ل سەر وەرگرتنا تەلەفۆنان. ئەز ب خوە نەچار بووم من کەناڵ گوهارت. "دگەل رێزێن من بۆ هەموو هەڤالێن کوردسات"، لێ ئەگەر ئەو تەلەڤزیۆنەکا پیشەیی بایە، خواستا وان پێشکێشکرنا کارێ باش بایە و بینەری ژی گرنگییا خوە ل دەف وان هەبایە، دەبوایە هەر ژ دەستپێکێ تەلەفۆن بڕیبان و ئیزعاجا بینەرێ خوە نەکربا. چونکی تەلەڤزیۆن وەک دوکانێ یە ئەگەر تشتێ باش لێ نەبیت کەس قەست ناکەتێ، واتە بازارێ وێ نابیت و ل داویێ ژی دڤێت بهێتەگرتن دا نەبیتە بارگرانی ل سەر خودانی. هەڵبەت مەبەستا من ئەو نینە کو بێژم تەلەڤزیۆنێن دی دباشترن ژ کوردسات، نەخێر وەسا نینە.

لێ دڤێت مرۆڤ وێ راستیێ بێژیت کو رۆژ تی ڤی د وارێ تەکنیکێ دا باشترە. لێ تەلەڤزیۆنێن دی کێماتییێن وان زۆرن، گەلەک جاران مرۆڤ بێزەرێن تەلەڤزیۆنەکا کوردی یان مێڤانێن وان دبینیت، هندەک جل و بەرگێن کرینە بەر خوە کو قەت ناگونجن دگەل دیکۆرێ ستۆدیوێ. جاران ژی رۆناهییەکا زێدە ل ناڤ چاڤێن وان و مێڤانێن وان دکەڤیت و وێنە ب تەمامی تێکدچیت. ژ خوە هندەک جاران دیکۆر بۆ پرۆگرامان دهێنە دروستکرن مرۆڤ ل ڤێرە شەرم دکەت. بۆ نموونە رۆژا 2008/04/02 تەلەڤزیۆنا کوردستان پرۆگرامەکا تایبەت بۆ سێ هونەرمەندێن کوردێن باکوورێ کوردستانێ سازکربوو، ئەو ژی "دیار، بەسەر و دەلیل" بوون. ب راستی دیکۆرێ ستۆدیوێ گەلەکێ بێسەروبەر بوو، بەلکو هەر رەنگێ ستۆدیوییا تەلەڤزیۆنەکا ئاسمانی نەددا. دۆبلاج و مونتاجا تەلڤیۆنێن کوردی ژی پرۆبلەمێن خوە هەنە و ئەز ئاگەهداری هندەکا ژ وانم، چونکی من کار تێدا کرییە و ب باوەریا من پتریا ڤان کێماتییان ژ ئەگەرێ نەبوونا ئامێرێن نوی یێن تەکنیکییە.

لێ هندەک کێماسییێن دی هەنە چارەسەرکرنا وان ب کارمەند و رۆژنامەڤانانڤە گرێدایە. وەک مەسەلەیا ئامادەکرنا راپۆرت و نووچەیان کو وەسا درێژ دبن مرۆڤ تێر دبیت و نەشێت بەردەوام گوهدارییێ بکەت. راپۆرتێن پەیامنێرێن تەلەڤزیۆنێن کوردی ب دەقیقەیان درێژدبن، لێ دتەلەڤزیۆنێن جیهانیدا ب چرکەیان. ئەڤ چەندە ژی بینەری نارەحەت دکەت و نەچاردکەت کو تا داویێ گوهدارییێ نەکەت. ل کۆتایی ئەز دێ ئاماژە ب گوتنا رێڤەبەرێ رادیۆیا بازارێ دویزبۆرگێ ئەڵمانی کەم؛ کو پێش دەمەکێ ئەز ل وێ رادیۆیێ بووم، من هاریکارییا هەڤالێن بەشا کوردی دکر. رێڤەبەرێ ئەڵمان ژنشکاڤە هاتە دژۆرا مەڤە و ل سەر پەخشا کوردی ژ مەرا پەیڤی و گوت؛ "ئەز ژ کارێ وە رازیمە و هەر چەندە ئەز کوردی نزانم، لێ ئەز هەر جار دووڤچوونا پرۆگراما کوردی دکەم. هندەک جاران ئەز کێماتیان تێدا تێبینی دکەم کو ب راستی جهێ قەبوولێ نینن. پێویستە هەموو جاران تشتێ باش دڤێ رادیۆیێ دا بهێتە پێشکێشکرن و نابیت ئەم گوهدارێن خوە "چ کورد چ ئەڵمان" ماندی بکەین و گەلەک درێژ باخڤین یان هەڤپەیڤینەکێ دگەل ئێکی سازبکەین و گوهدار تنێ گوهـ ل یەک دەنگ هەبیت. دڤێت پرەنسیپێن رۆژنامەڤانیێ پەیرەوبکەین. دەنگ و بابەتێن جۆر ب جۆر و پاقژ بهێن بهیستن".




پەیامی ڕووداو

# چارەنووسی کەرکووک

نزیکەی پێنج حەفتە لە شەش مانگی درێژکراوی ماوەی جێبەجێکردنی ئارتیکلی 140 ماوە، لەو ماوە درێژکراوەدا هیچ هەنگاوێکی شایانی باس بەئاراستەی گەڕانەوەی کەرکووک وناوچە بەعەرەبکراوەکان بۆسەر "هەرێمی کوردستان" نەنرا،لەدوای رووخانی رژێمی بەعسەوە پارتی ویەکێتی خۆشباوەڕانە کەرکووک وناوچە بەعەرەبکراوەکانی تریان خستە بەر بەزەیی حکومەتی ئێراق وهێزە عەرەبییەکانی، کەنەک ئامادەنین دان بە کوردستانیبوونی ئەو ناوچانەدا بنێن بەڵکو ئامادەن لەپێناونەگەڕانەوەی کەرکووکیش هەموو ناکۆکییە خوێناوییەکانیشیان وەلا نێن و دەستی یارمەتی بۆ شەیتانیش درێژبکەن.

ئێستا سەرکردایەتی سیاسی باشووری کوردستان دڵی بە پێشنیازێکی نەتەوەیەکگرتووەکان خۆشە کە بڕیارە ناوەڕاستی مانگی داهاتوو بەفەرمی پێشکەشی بکات کە لە قۆناخی یەکەمدا بریتییە لەگەڕانەوەی ئەو ناوچانەی کە زۆرینەی دانیشتووانی کوردن و کێشەیان کەمتر لەسەرە وەک مەخموور وخانەقین ولەبەرچاوگرتنی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی 2005 وەک بنەمایەک بۆچارەسەرکردنی کێشەکە.

هێشتا دیارنییە ئاخۆ هێزە عەرەبییە سەرەکییەکانی ئێراق بەم پێشنیازە رازیدەبن یان نا، مەترسی ئەوەش لە پێشنیازەکە دەکرێت کە گەڕاندنەوەی هەندێک ناوچە بۆ ئەوە بێت ببێتە ئەلتەرنەیتیڤێک بۆگەڕانەوەی کەرکووک و ببێتە هۆی لەدەستدانی هەندێ ناوچە، ئەمە جگە لەوەی سپاردنی فایلی کێشەکە بە UN لە خۆیدا نیشانەی فەرامۆشکردنی کێشەکەیە، چونکە UN بەدناوە بە بیرۆکراسی وخەمساردی لەچارەسەکردنی کێشەکانی دنیادا.

دەنگۆی ئەوەش لەئارادایە کەلەژێرفشاری ئەمریکادا دەسەڵاتی کوردستان رازی بووە بەوەی لەپێناونزیکبوونەوە لەتورکیا، سازشێک لەسەر کەرکووک بکات وبەچارەنووسێکی نادیاری بسپێرێت، هەرچەندە محەممەد ئیحسانی وەزیری ناوچەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان لە لێدوانێکدا بۆ رۆژنامەی کریستیان ساینس مۆنیتەر کە رۆژانی 24 و25 /4/ 2008 راپۆرتێکی دوورودرێژی لەسەر کەرکووک بڵاوکردەوە،گوتی پشوودرێژی حکومەتی کوردستان سنووری هەیە ورەنگە بەکارهێنانی هێزیش یەکێک لە بژاردە "ئۆپشنەکان"بێت بۆ گەڕاندنەوەی کەرکووک، بەڵام گوتیشی ئێمە هەتا کۆتایی 2008 چاوەڕێ دەکەین.

هەوڵی چەکدارکردنی بەرەی تورکمانی لەلایەن تورکیا و، دامەزراندنی هێزی سەحوەی کەرکووک بەپشتیوانی مالیکی وئەمریکییەکان کە بەپێی لێدوانی شێخ عیسا جبووری بۆ کریستیان ساینس مۆنیتەر مانگانە 250 هەزار دۆلاری لەلایەن ئەمریکییەکانەوە پێدەدرێت، ئەمانە هەمووی نیشانەی ئەوەن کە کەرکووک مەگەر بە پەرجوو"موعجیزە"یەک دەنا زۆر ئەستەمە بگەڕێتەوە سەر کوردستان.

**نوورەدین وەیسی**



# پەردەی کچێنی

هێڤی بەرواری
hberwari@hotmail.com

بۆ قسەکردن لەسەر ژن پێویستە هەموو لایەنەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی، دابونەریتی ئایینی و هەموو شتێک کە ژن رۆژانە ئەنجامی دەدات بەبێشەرم و ترس بێنینە زمان تا برینەکانمان لەوەزیاتر قووڵ نەبنەوە. لەلایەکی دیکەوە پێویستە هەندێک لەچوارچێوەی شەرمکردن دەربچین و ئەو کێشانەی دەبنە هۆکاری لەناوبردنی ژیانی هەندێک کەس یان شەرمەزارکردنیان بهێنینە سەر زمان.

وەک دەزانرێت لە کۆنەوە تا ئێستا پەردەی کچێنی نە تەنیا لەلای کورد، بەڵکو لەلای زۆرینەی گەلانی رۆژهەلاتی ناڤین زۆر گرنگەو بەجۆرێک کە بەمان و نەمانی کچەوە پەیوەستە. دیسان لەهەموو ئایینە ئاسمانییەکانیشدا زۆر گرنگە، وەک هەموو کۆمەڵگەکانی رۆژهەلاتی ناڤین، کۆمەڵگەی کوردیش زۆر گرنگی داوەتە ئەو بابەتەو پەردەی کچێنی بووەتە پێوەرێک بۆ سەربڵندی و سەرفرازبوونی کچ.زۆرجاران بیستوومانە بووکێک چ لەلایەن مێردەکەیەوە یان بنەماڵەی کچەوە، کچ لە بووکێتی خۆیدا دەکوژرێت و نەوترێژ دەکرێت، بێگومان ئەمەش کاریگەری نەرێنی لەسەر خوشکەکانی دەبێت وکەس نایانەوێت، چونکە دەڵێن خوشکەکەیان کچ نەبووەو بەوەش سەری بنەماڵەی خۆی شۆڕ کردووە.

بەتایبەتی ئەو رووداوە لەناو کۆمەڵگای فیۆدالدا تا ئێستاش بەردەوامە. وەک دەبینین لەم ساڵانەی دواییدا کوشتنی کچ و ژنان زۆر بووەو شەرەف و ناموسی بنەماڵە هەمووی بەرەگەزی ژنەوە پەیوەستە.

بەڵام ئێمە دەتوانین بڵێین ئایا ئەو پەردەی کچێنییە بە پێوەرە ئەخلاقییەکانەوە پەیوەستە؟ لەسەر ئەو بابەتە بەتایبەتی پاش ئەوەی ژیان هەندێک پێشڤەچووە و راستییە شاراوەکانی روون بوونەتەوە، لێکۆڵینەوە لەسەر ئەوە ئەنجامدراوە و ئێستا ئاشکرابوونی کچێنی کچێنی زۆر ئاسانە. وەک نوژدارە تایبەتەکان نیشانیانداوە مەرج نییە کە شەوی بووکێنی کچ خوێنی لێ بێت و خوێن ببێتە پێوەری کچێنی.

لەبەر ئەوەی وەک نوژدارەکان ئاشکرایان کردووە ئەو پەردەی کچێنییە لەلای هەندێک کچان زۆر ناسکەو لەوانەیە ئەو پەردە لەکاتی منداڵیدا بدڕێ، هەروەها لەوانەیە ئەو پەردە بەتایبەتی لەکاتی پاسکیل سواری یان ئەسپ سواری یانیش لەکاتی جموجووڵی کچ لە وەرزشدا یان لەکاتی بەرزکردنەوەی شتێکی قورسدا، کاریگەری لەسەر دابنرێت و پەردەکە نەمێنێت و لەئەنجامیشدا هەرچەندە کچەش خۆی بپارێزێت، بەڵام دیسان کاتێک لە بووکێنیدا ئەو خوێنەی نەبوو واتە ئەو کچە شتێکی کردووەو پێویستە بکوژرێت.

جا کچەکە چەند تکا بکات و سوێند بخوات و متمانەی بەخۆی هەبێت، بەڵام دیسان سوودی نییە و کەس بڕوای پێ ناکات.

ئیدی کچەکە لەناو کۆمەڵگەدا وەک شەرمەزار سەیری دەکرێت، لەلایەکی دیکەوە وەک هەندێک لە نوژداران ئاشکرایان کردووە لەشی هەندێک لە کچان لە زکماکییەوە لاستیکییە (مەتاتییە) ئەوکات کچ وەک نیشانەی کچێنی خوێنی لێنایێ، کەچی دیسان ئەوەش دەبێتە مایەی شەرمەزاری، دیارە ئێستا جیهان بەرەوپێش چووە و هیچ شەرمێک لە زانستدا نەماوە، بۆیە پێویستە خەڵکی ئێمە بەتایبەتی پیاوانی کورد هێندە مێشک وشک نەبن و بۆ بڕواهێنان بەوەش دەتوانن سەر لە نوژدارانی تایبەت بدەن و ئەویش رەوشەکەی بۆ شرۆڤە دەکات کە کچە یان نا؟

هیوادارین ئیدی بەس بێ و کچە پاک و بێگەردەکانمان نەبنە قوربانی نەریتی ئایینی کۆمەڵگەی فیۆدال، ئەگەر کێشەیەکی وەهاش پەیدا بوو دەتوانرێ بەشێوەیەکی عاقڵانە چارەسەری بکەن. هیوادارین ئیتر ئێمەی کوردیش کەمێک بەرەوپێش بچین و کێشەکانی خۆمان بەشێوەیەکی زانستی چارەسەر بکەین.



# کوردی پشوو کورت

بەدر ئیسماعیل شێروکی
Bader_sheroki@yahoo.com

کەم نەتەوە لەسەر گۆی زەوی هەڵکەوتوون وەکو کورد پەیگیرو بەردەوام بووبێ لە سەر پەرەدان بە شەڕی ئازادی .پشوو درێژی کورد لە بەردەوامیدان بە شۆڕش و بەرخۆدان لە بارودۆخە سەخت و هەناسە برەکاندا ئەم نەتەوەیە دەباتە ریزی خۆ راگرترین گەلانی سەر رووی جیهان .

بەڵام ئەوەی تێبینی دەکرێ لەسیاسەتدا کورد یاریکەریکی خۆڕاگرو بەرگەگرو پشوو درێژ نییە . دەقاودەق پێچەوانەی شەڕو قەیرانە سەختە کەمەر شکێنەکان کە هەرگیز هیوابڕی نەدەکرد.

گرنگە بیر بکەینەوە ئەو بێتاقەتییەو جیاوازییە لە کوێوە سەرچاوە دەگری. ئایا دەگەڕێتەوە بۆ ناشارەزایی کورد لە کاری سیاسی و ململانێی دیموکراسی، یان بەهۆی نەبوونی پێشینەو ناقیکردنەوەی دیپلۆماسی لەناو کورددا هۆی ئەو نەفەستەنگیەن.

لە مێژووی هاوچەرخی ئێمەدا ئەزموونێک بە ناوی دیپلۆماسی کوردی زۆر بەلاوازی بوونی هەیە. ئەگەر بڵێین لە سەردەمی شۆرشی ئەیلول هەندێک شوێن پێی کاری دیپلۆماسی بەرچاو دەکەون، ئەوە پاش ئەم مێژووە بێجگە لە هەوڵو هاتووچۆو سەفەرەکانی خۆناساندنی پارتەکان بۆ دەرەوە، تەنها گفتوگۆی خۆبەخۆیی و هەوڵی چارەسەرکردنی کێشەو گرفتە ناوخۆیی و نێوان پارتەکان بووە. بزاڤێک کەناوی لێبنرێ دیپلۆماسی کە هەڵگری ماناو چەمکو ئامانج و ئەو بارە سیاسیە بێت و نوینەرایەتی مافو داخوازیو کێشەی نەتەوەیەک بکات بە روونی پاش ساڵی 1991 دەست پێدەکات. ئەو کاتەی پەرلەمان پێکهاتوو رەوایی بەخشییە حکومەتێکی ناوچەیی به ناوی کوردستان. بەوپێیەش هەندێ حکومەت و لایەنی دەرەکی نوێنەرانی ئەو قەوارە دیفاکتۆیەیان قەبولکرد،لەکاتێکدا هەر لەوکاتەدا لە دەیەی نەوەتەکاندا سەرکردایەتی کوردی لە رەشترین رەوشی ناوخۆیی سەری بە دەرزو کەلێنەکانی دیپلۆماسی جیهاندا کرد. بەڵام هەر دوای رەوینەوەی تەمومژی شەڕو گێژاوە ناوخۆییەکان رێگا تەنگەبەرەکانی مەیدانی سیاسی جیهان بۆ دیپلۆماتکارانی کورد بوونە شارێی رووناک هەموار، کە ئەرکو رۆلی خۆیان زیاتر تێدا ببینن .

لەدوای شەڕی ئازادی عێراق لە 2003، هەر زوو ئاشکرا بوو کە لێهاتوویی کاراکتەری سیاسی کورد رۆژە جۆتێک لە مێژووی زەبەلاحی تەجروبەی عەرەبی چالاکترە . لەگەل ئەوەی کە دیپلۆماسی کوردی بەسەر رێگایەکی پڕلە دڕکی سەختدا هەنگاو دەنێ لێ ئەو بڕیارو پتانسێلەی تێدابوو کە کورد لەسەرووی لیستی گرنگی و چالاکی فیدرالی و بەدیمکراتیزە کردنی عێراق رابگرێ . سەرەرای ئەوەی کە دانوستانکارانی کورد نەیانتوانیوە هەموو ئەو ئاریشە مێژووییانە چارەسەر بکەن کە پاشخانێکی نزیک لە یەکسەدە کارەسات و مەرگ و پیلانگێڕی و باوەڕبەیەکنەکردنی جەهنەمی بەعسن و گرێ کوێرەکانی ژەنگی خوێنیان هەلێناوە . بەهەمان چەشن چاوەروانکردن وداواکردنی موعجیزە لە سیاسەتڤان و دیپلۆماتکارانی کورد کارێکی نالۆژیکییەو ئاشنا نەبوونە بەکاری سیاسی ودانوستانوو گفتوگۆ .

زۆر ئاساییە هەڕەمەی جەماوەر بەهۆی ئەو کارەسات و دەربەدەری و بارودۆخە سەختانەی کە تێیدا ژیاوە خاوەنی ئەو کلتورە سیاسی و رۆشنبیریە دەولەمەندە نەبێت کە لەهاوکیشەو ماناو میتۆدەکانی سیاسەتی سەردەم بگات. لێ مخابن رۆشنبیرونووسەروهەندێک لە رۆژنامەڤانەکانیشمان هێماو ئەدگاری وا لە خۆ پێشان دەدەن کە جێگای نیگەرانییە.

هەندێک لەوان هێشتا هەر بە هزرو تیۆری شەری پارتیزانی واتە وەکو بروسکە لێبدەو وەکو با بگەڕێوە، دەربارەی دانووستان و دیپلۆماسی بیر دەکەنەوە. هەموومان کارێکی زۆر باش دەکەین ئەگەر هەوڵبدەین لەو مژارە تێبگەین کە ئەوانەی لە بەغدا دەسەڵاتداران دۆستانی خۆشەویست یان دەست نیشانکراوی ئێمە نین تاکو بە گەیشتنی وەفدی کوردستان ماف و داخوازیەکانی گەلی کوردستان لەسەر تەبەقێکی ئاڵتون بە دوودەست پێشکێشی ئەوان بکەن .لەوێ لەسەر مێزەکانی گفتوگۆ کۆمەڵێک دژبەر هەن کەزۆر لەوان خۆیان بەمیراتگری دوژمنانی رابردووی تەم نەتەوەیە دەزانن . ئەرکە قورسەکان ئەوکاتە دیار دەکەون کە هەم قەدەرو هەم بەرژەوەندی نەتەوەیەک و هەمیش نۆرمە سیاسیەبالادەستەکان حوکمان لێدەکەن کە دەبێ لەگەل ئەو رەوتە نەتەوە پەرەست و ئاینی وخۆبەزلزانە عەرەبانە کەنەتەنیا رەچاوی هەیمەنەو دەسەڵاتی مێژوویی خۆیان دەکەن،بەڵکو تیبێنی بەرژەوەندی و هەرەشەکانی چەندان هێزو دەوڵەتی دەرەوەش دەکەن. دەبێ لەسەرخۆ و بە لێزانینەوە هەڵسوکەو ت و دانوستانی سیاسی و شارستانیانە بکەین . لەسەرەخۆبوون و پشوو درێژی یەکێکە لەپایەو رۆتینی بزاڤی دیپلۆمسی جیهان. بەرەڤاژی ئەوەش نائومێد کردنی جەماوەری کوردستان ئەرکێکی پیرۆزو دلسۆزانە نییە .

# بڵاوکراوەی ئازاد

لە کۆمەڵگا دیموکراسییەکاندا، نابێ چاپەمەنییەکان لە ژێر چاودێری دەسەڵاتدا کار بکەن و چالاکی بڵاوکراوەییان هەبێت، لەو وڵاتانەش دا هیچ دامەزراوەیەک و وەزارەتێکی تایبەت بە بواری چاودێری رۆژنامەنووسان و چالاکییەکانی پەیامنێران بوونی نییە . هیچ مەرجێکیش بۆ بەدواداچوونی کارو پیشەی رۆژنامەنووسان و هیچ گوشارێک بۆ پەیوەستبوونی کاریان لە ژێر چاودێری سەندیکای تایبەتی دەسەڵات کە بۆ رۆژنامەنووسانی دامەزراندووە خۆی نابینێتەوە .چاپەمەنییە ئازادەکان، کۆمەڵگاو خەڵکەکەی بە ئاگا دەهێننەوە، لێپرسراوان دەخەنە ژێر پرسیار و و کەشوهەوایەک بۆ وتووێژی ناوچەیی و سەرتاسەری، دروستدەکەن .

دەوڵەتە دیموکراسییەکان، ئازادی زیاتر بە رۆژنامەنووسان و بڵاوکراوەکان دەدەن بە چەشنێک کە بڵێی ( پەل و باڵیان )پێدەبەخشن. سیستەمی چاودێری یاسایی سەربەخۆ، کۆمەڵگای مەدەنی لە ژێر دەسەڵاتداریێتی یاسا و رادەربڕینی ئازاد دەپارێزرێن. چاپەمەنیە ئازادەکان دەبێت پشتگیری یاساییان بۆ فەراهەم بکرێ.

لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا، حکومەت بەرپرسی کارەکانی خۆیەتی . بەم هۆیەوە هاووڵاتیان چاوەڕێی ئەو پرسانەن کە حکومەت بە نوێنەرایەتی ئەوان دەیگرێت، ئاگاداربن .میدیاکان بە شێوازی چاودێریکردنی حکومەت، ( مافی ئاگاداربوون ) و مافی زانیاری وەرگرتنیان دەبێت، هاووڵاتیان بۆ لێپرسینەوە و بەدواداچوونی کارو سیاسەتی دەوڵەت ئامادە دەکات .دەوڵەتە دیموکراسییەکان هەلی وەدەست خستنی کۆبوونەوەو وەرگرتنی دیکۆمێنت و یاسا نەتەوەییەکان بۆ رۆژنامەنووسەکانیان دابین دەکات . ئەوان بە سنووری پێشتر دانراو و دیاریکراو بۆ دەربڕین و نووسین و بڵاوکردنەوەکانی رۆژنامەنووسان رازی نابن.

پێویستیش بەوە دەکات کە چاپەمەنی و میدیاکان لە ئاست کارکردی خۆیان هەست بە لێپرسراوێتی بکەن . میدیاکان لە رێگەی ئەنجوومەنی سەرپەرشتی کاری پیشەیی، یان سەندیکای سەربەخۆی بڵاوکراوەکان یان (نوێنەری تایبەتیان) یان رەخنەگرانی نێو رێکخراوەیان کە گلەیی وگازندەی هاووڵاتیان وەردەگرن، لێکۆڵینەوەیان هەبێت، لێپرسراوی گەیشتن بە سکاڵای هاووڵاتیان کە بەرانبەریان نێردراوە، بەم چەشنە لێپرسراوی وەلامدانەوەی ئەوانن .

دیموکراسیش پێویستی بە هەڵبژاردن و قبوڵ کردنی هاووڵاتیانە . بۆ راکێشانی متمانەی هاووڵاتیان بەرانبەر بە بڵاوکراوەکان، رۆژنامەنووسان دەبێت راپۆرتی راست لە سەر بنەمای راستی و دروستی سەرچاوەی باوەڕ پێکراو زانیاری بەڵگەدار ئامادە بکات. درزینی ئەدەبی یان راپۆرتی درۆیین، دژی بەرنامەی کاری رۆژنامەنووس و میدیاکانە .

میدیاکان بۆ جیاکردنەوە و کۆکردنەوەی زانیارییەکان و بڵاوکردنەوەیان، لە نووسین و بەرەو پێش بردنەکانیان دەبێت خاوەنی ئەنجوومەنێکی نووسینی دوور لە دەستێوەردانی دەوڵەت و دەسەڵات بن .

رۆژنامەنووسانیش نابێت لە ژێر کاریگەری بیرو بۆچونی خەڵکیدا بن و پێویستە تا دەتوانن لە سۆراخکردنی راستی و دروستی و حەقیقەت دا بن . دیموکراسی رێگە بە بڵاوکراوەکان دەدات تاوەکو بە بێ دڵەڕاوکێ لە دەوڵەت وبەرژەوەندییەکانی، هەواڵەکان کۆبکاتەوە و بڵاوبکاتەوە.

لە وڵاتانی خەڵک سالاری دا رووبەڕووبوونەوەکان لە نێوان دوو مافی گرنگدا کۆتایی نەهاتووە .یەکێک لەم مافانە، ئەرکی دەوڵەتە لە پاراستنی ئاسایشی نەتەوەیی و دواتر مافی ئاگادار بوونی خەڵکە بە پشت بەستن بە لێهاتوویی رۆژنامەنووسان بە دەستکەوتنی زانیاریەکان . پێویستە حکومەتەکان جاربەجار دەستخستنی هەندێک لە زانیارییەکان کە بۆ بڵاوکردنەوەی گشتی زۆر هەستیار دەژمێرێت، دیاری بکات . بەڵام رۆژنامەنووسان لە وڵاتە ددیموکراسییەکاندا بە تەواوی مافی ئەوەیان هەیە کە بەدواداچوون بۆ ئەم کێشانە بکەن .

**لە ئینگلیزییەوە: فەرهەنگ دارا**

*** ئەم وتارە لە لایەن ناوەندی پرۆگرام وزانیارییە نێودەوڵەتیەکانی سەر بە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئامادەکراوە.**

Farhang_dara@yahoo.com

## سێکسۆلۆژی لەکوردستان بێ مۆڵەتە



**رووداو – هەولێر**

سەرنووسەری گۆڤاری سێکسۆلۆژی رایگەیاند تا ئێستا 6 جار داوای مۆڵەتی لەوەزارەتی رۆشنبیری کردووە، بەڵام وەزارەت بەبیانووی نەگونجانی ناوەڕۆکی گۆڤارەکە لەگەڵ دابونەریتی کوردەواری مۆڵەتی ناداتێ.

سێکسۆلۆژی، سەرنووسەرەکەی جەلال ئەحمەد بەرزنجییە وخاوەن ئیمتیازەکەشی سەروین مستەفا گەلاڵییە، کە هاوسەری یەکترن، تا ئێستا 5 ژمارەیان لەگۆڤارەکە دەرکردووە و لەبەر بێ مۆڵەتی گۆڤارەکەیان راگرتووە.

## ئەندازیارەکێ بەنگلادشی دێ ئەڵمانیا بجهێلیت و چیتە کوردستانێ!



**رووداو – ئەڵمانیا**

ئەحمەد تانڤیر ئەندازیارەکێ بەنگلادشییە و ل ئەڵمانیا دژیت، وی ژ هندەک برادەرێن خوە بهیستییە کو گەلەک بەنگلادشی ل کوردستانێ هەنە و کارێ خوە ب دلخوەشی و ئارامی دکەن، لەوما وی ژی بڕیار دایە بچیتە کوردستانێ.

ئەحمەد، ئەندازیارێ کۆمپیوتەری یە، دبێژیت"ژیان ل ڤێرە یا ب زەحمەت کەتی و کار ژی یێ کێمە، لێ ل کوردستانێ کو ژ نووڤە دهێتە ئاڤاکرن دەرفەتێن کاری د زۆرن، لەوما من ل بەرە پشتی چەند هەیڤێن دی بچمە بەنگلادش و کارێ ئاڤاکرنا کۆمپانیایەکێ بکەم ژبۆ شاندنا کارکەران بۆ کوردستانێ و ئەز ب خوە ژی بەری هەموویان دێ چمە کوردستانێ".

## رزگار محەمەد ئەمین: **لەگەڵ رەغد دانەنیشتووم**



**تایبەت بە رووداو**

دادوەر رزگار محەممەدئەمین بەتوندی ئەوەی رەتکردەوە کە لەگەڵ رەغدی کچی سەدام دانیشتبێ و گوتی"ئازادی بیرورا بریتی نییە لە بازرگانیکردن بە سومعەی خەڵکەوە".

دوای بڵاوکردنەوەی وتارێک لە ماڵپەڕی (کوردستان نێت)،لە نووسینی لەتیف گەرمیانی کە تێیدا هاتووە"دادوەر رزگار محەمەدئەمین چاوی بە رەغدی کچە گەورەی سەدام حسێن کەوتوەو کۆمەڵێک پرسی نهێنیان باسکردووە ". دادوەر رزگار محەممەد ئەمین ئەوەی بەتوندی رەتکردەوەو لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) گوتی "ئەوە بوختانەو کاری وا روویینەداوە".

هەروەها گوتی "ئەو نووسینە بەمەبەستی نارەوا نووسراوەو ئەگەر سیخوڕ نییەو لەبن پەردە کار ناکات با رووبەڕووبوونەوەیەکی تەلەڤزیۆنیم لەگەڵدا بکات".


# Rûdaw
Rudaw readers know more

**خاوەنی ئیمتیاز** : کۆمپانیای رووداو

**سەرۆکی ئەنجوومەنی بەڕێوەبردن** : نوورەدین سەعید وەیسی nuradinwaisi@rudaw.net

**سەرنووسەر** : ئاکۆ محەممەد ako@rudaw.net

**جێگری سەرنووسەر** : سەلام سەعدی salam@rudaw.net

**نوێنەری ئەوروپا** : هێمن عەبدوڵڵا hemnabdulla@rudaw.net

**نووسینگەی سلێمانی** : شەقامی کانێسکان پشت پارێزگای سلێمانی 07701536483

www.rudaw.net rudaw@rudaw.net Tel: 00964 066 2558279 ناونیشان: هەولێر- بەرامبەر نیوستی هەفتەنامەیەکی سیاسی گشتییە کۆمپانیای رووداو دەریدەکات


# "لەهەموو کوردستان پیاوێکی عاقل لەشارەوانی دانەنراوە"



**رووداو – رواندز**

چیرۆکنووسی نێودار شێرزاد حەسەن، رەخنە لە تێکدانی خانووە کەلەپوورییەکانی رواندز دەگرێت و دەڵێ"لە هەموو کوردستان پیاوێکی عاقل لە شارەوانی دانەنراوە".

رۆژی 2008/4/22 لە سەمیناری یادکردنەوەی رۆژی رۆژنامەگەری کوردی، کە لەلایەن دەزگای زاری کرمانجی لە هەوارگەی پانکی رواندز رێکخرا، کرمانج عیزەت بەگلەییەوە باسی لەو وتارە رەخنەییەی شێرزاد حەسەن کرد، کە ساڵی رابردوو لە سەر تێکدانی هەندێ دوکان و خانووی کۆنی رواندز و تێکدانی دیمەنە کەڤنارەکەی نووسیبووی و گوتی"ئێمە لەسەر داوای چەند جارەی خەڵکی رواندز بۆ فراوانکردنی شەقامەکانی رواندز دەستمان بەو پرۆژەیە کرد".قایمقامی سۆران لە درێژەی قسەکانیدا گوتی"با کاک شێرزاد حەسەن و چەند نووسەر و رۆژنامەنووسێکی دیکە بهاتبان چەند رۆژێک لەو خانووانە دانیشتبان و بیانگوتبا دەبێ بەسەر سەرماندا بڕوخێنن، ئەگەرنا رێنادەین ئەو خانووە کۆنانە تێکبدەن، ئەوکات من یەکەم کەس دەبووم پشتگیریان بکەم".

شێرزاد حەسەن، کە بەهۆی دەوامی باوکی لەرواندز وەک پۆلیس، بەشێکی منداڵی خۆی لە رواندز بەسەر بردووە، ئەو داوایەی قایمقامی رواندزی بەڕاست زانی، بەڵام لەهەمانکاتیشدا رەخنەی لە بێ پلانی و نەزانیی شارەوانییەکان گرت لە کوردستان و گوتی" لەهەموو کوردستان پیاوێکی عاقل لەشارەوانی دانەنراوە".

تەحسین محەممەد، سەرۆکی شارەوانی سۆران کە لەو سەمینارەدا ئامادەبوو، لە کۆتایی سەمینارەکەدا خۆی بە شێرزاد حەسەن ناساند و ماچی کرد.

## مۆڵەت نادرێتە کەناڵی ئاسمانی یەکگرتوو

**تایبەت بە رووداو**

بەرپرسی مەکتەبی راگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی رایگەیاند "بەهۆی نەناردنی فریکونسەوە تا ئێستا وەزارەتی گەیاندنی عێراق مۆڵەتی کردنەوەی تەلەڤزیۆنمان ناداتێ" و،رەتیشکردەوە تورکیا پارەی دانانی کەناڵەکەی بۆ دابین کردبن.

حەمە رەشید ماوەتی، بەرپرسی مەکتەبی ناوەندیی راگەیاندنی یەکگرتووی ئیسلامی، لەبارەی کەناڵی ئاسمانی (سپێیدە)ی یەکگرتوو کەوا بڕیار بوو نەورۆزی ئەمساڵ بکەوێتە کار رایگەیاند" لە رووی ستۆدیۆو ئامێرەوە گرفتمان نییەو دەتوانین پەخش بکەین، داوای مۆڵەتمان لە وەزارەتی گەیاندنی عێراق کردووە، بەڵام وەزارەتی گەیاندن داوای فریکوێنسی تەلەڤزیۆنەکەمان لێدەکات، بۆیە لیژنەیەکمان دروستکردووەو چەند برادەرێکمان چوون لەکۆمپانیاکە فریکوێنسەکە وەربگرن".

هەروەها ناوبراو ئەو هەواڵەی رەتکردەوە کە دەڵێ پارتی داد و گەشەپێدانی تورکیا 180 هەزار دۆلاری بۆ کەناڵە ئاسمانییەکەی یەکگرتوو رەوانەی ئیمارات کردبێ و گوتی " ئەوە دوورە لەراستییەوەو دەبێت بپرسین تورکیا بۆ پارە بەیەکگرتوو دەدات کەناڵی ئاسمانی دابمەزرێنێ؟ چ بەرژەوەندییەکی ئەوانی تێدایە".

## یەکێتی نووسەرانی کوردیش بەر تەوافوق دەکەوێت

**تایبەت بە رووداو**

یەکێتی نووسەرانی کورد بەنیازی کۆنگرە بەستنە، لەبەرامبەر ئەوەی نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسانی کوردستان دراوەتە پارتی، سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد لە یەکێتی دەبێت.

سەرهەنگ حەسەن، بەرپرسی مەکتەبی رێکخراوە دیموکراتییەکانی یەکێتی لە هەولێر بە (رووداو)ی راگەیاند کە دەستەی باڵای یەکێتی نووسەرانی کورد کە لەکۆنگرەی یەکەم لە1992 هەڵبژێردراوە بەنیازی کۆنگرە بەستنە "بەڵام ئێمە بەتەوافوق دەچینە کۆنگرە".

یەکێک لەبڕیارەکانی کۆنگرەی یەکەمی یەکێتی نووسەرانی کورد ئەوەبوو کە تاوەکو کۆنگرەیەکی دیکە هیچ ئەندامێک وەرنەگیرێت، سەرهەنگ حەسەن دەڵێ "ئەو بڕیارە لەسلێمانی پەیڕەو کراوەو ئەندامی زیاتر وەرنەگیراوە، بەڵام لە هەولێر و دهۆک دووجار کۆنفرانسی لق کراوە و ئەندامی دیکەش وەرگیراون". بەڵام عەبدولرەحمان فەرهادی سکرتێری لقی هەولێری یەکێتی نووسەرانی کورد بەستنی کۆنفرانسی بەشتێکی "یاسایی" دانا و لەهەمانکاتیشدا گوتی "بەڵام تائێستا هیچ ئەندامێکی تازەمان وەرنەگرتووە". هەروەها گوتیشی تائێستا هیچ کۆبوونەوەیەک بۆ ئامادەکاری بۆ بەستنی کۆنگرە نەکراوە، گوتیشی "ئەوەی کە باسیش دەکرێ یەکگرتنەوە نییە، بەڵکو رێکخستنەوەی لقەکانە".

یەکێتی نووسەران خۆی بە تاکە رێکخراو دادەنێ کە شەڕی ناوخۆ لەتی نەکردبێ. یەکێتی نووسەرانی کورد لەهەولێر 175 ئەندام و لەسلێمانی 183 ئەندام و لەکەرکووک 49 ئەندامی هەیە. ژمارەی ئەندامانی لقی دهۆکیش زۆرە، محەممەد عەبدوڵڵا لە لقی دهۆک نارەزایی خۆی لە بەتەوافوق بەڕێوەچوونی کۆنگرەی داهاتوو نیشاندا.

بەپێی رێککەوتنی ستراتیژی نێوان پارتی و یەکێتی، هەردوو حیزب بە یەک لیست بەشداری هەڵبژاردنەکان و کۆنگرەی رێکخراوو سەندیکاکان دەکەن. بەپێی ئەو زانیاریانەی دەست (رووداو) کەوتوون لەبەرامبەر ئەوەی نەقیبی سەندیکای رۆژنامەنووسان دراوەتە پارتی، سەرۆکی یەکێتی نووسەرانی کورد لە یەکێتی دەبێ، دەگوترێ"کاکەمین بۆتانی" بۆ ئەو مەبەستە لەلایەن یەکێتییەوە دەست نیشانکراوە. سەرهەنگ حەسەن لەوبارەوە دەڵێ "جارێ نەگەیشتووینەتە قۆناخی کاندیدکردن بۆ سەرۆکایەتی یەکێتی نووسەران و نە ئێمە و نە لایەنی بەرامبەر هیچ قسەیەکمان لەوبارەوە نەکردووە، بەڵام خۆی رێککەوتنەکە وایە کە سەرۆکی یەکێتی نووسەران بەرامبەری سەرۆکی سەندیکای رۆژنامەنووسانە".

## عێراق و ئیسرائیل گفتوگۆ دەکەن



بەشیر سەبری بۆتانی–ئۆورشەلیمی قودس

ئەو کاتەی کوردانی باشووری کوردستان، لە کۆڕەوی 1991 گەڕانەوە گوند وشارەکانیان، دەرگایەک بۆ جوولەکەکانی کوردستان لە ئیسرائیل کرایەوە کە سەردانی هەرێمی کوردستان بکەن، هەروەها دوای رووخانی رژێمی سەددام لە ساڵی 2003 دەرگایەکی دیکەش بۆ جوولەکەکانی ناوەڕاست و باشووری عێراق کرایەوە کە ئەوانیش سەردانی کۆنە واری خۆیان بکەن.

ئەوسا جوولەکەکانی کوردستان و عێراق گەلێک بە هیوا بوون رۆژێک عێراق و ئیسرائیل رێکبکەون و بە ئازادی بێن و بچن. ئەمڕۆ هیوایان ئەوەیە ئەوانیش وەک گەشتیارانی دیکە وڵاتی باوک و باپیرانی خۆیان ببینن، هەروەها زۆر کەس لەوانە ئەمڕۆ ئامادەن لە دەستپێکدا لە هەرێمی کوردستان کاری بازرگانی بکەن. ئەوان دڵنیان کە دەگەنە ئامانجی خۆیان.

لەم کاتەدا دانوستاندنێکی نهێنی لە نێوان عێراق و ئیسرائیلدا هەیە. بەرپرسێکی ئیسرائیلی کە نەیویست ناو و کاری ئاشکرا بکرێ، گوتی"پێش هەموو شتێک چەند دانوستاندنێکمان لە ئەمێریکا و ئەوروپا هەبوو و ئێمە تەنیا چاوەڕوانی ئارامیی عێراقین و ئەو رۆژی گرفتەکان تەواو ببن ئێمە لە بەغدا و دواتریش لە هەولێر دەست بە کارەکانی خۆمان دەکەین". دەربارەی پەیوەندییەکانیش وتی "پەیوەندییەکانمان لە گەڵ عێراق لە ئایندەدا لە پەیوەندییەکانمان لەگەڵ میسر، ئوردن، کوێت، مەغریب و توونس زۆر بە هێزتر دەبن". بەڵام ئەو زانیاریانە لەلایەن هیچ سەرچاوەیەکی عێراقی پشت راستنەکراوەتەوە.

لێرەدا دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە رەوشی عێراق و هەرێمی کوردستان باشتر دەبێت ئەگەر ئاشتییەکی ڕاست لە نێوان عێراق و ئیسرائیلدا دروستببێ، بەوشێوەیە خەلکی عێراق و هەرێمی کوردستان زۆر سوود لە پەیوەندی بازرگانی و دیپلۆماسی لەگەڵ ئیسرائیل دەبینن.

## شەڕە قسەی کورد گەیشتە برۆکسل

**رووداو – بەلجیکا**

رۆژانی 18 و 19 ی ئەم مانگە لە برۆکسلی پایتەختی بەلجیکا دوو ئێوارە کۆڕ بۆ گفتوگۆکردن سەبارەت بە ئەدەبی کوردی لە لایەن ئەنیستیتۆی کوردی لە برۆکسل و یەکێتیی ئەدەبیی (هێت سخرایفن)ی بەلجیکییەوە سازکران و ژمارەیەک نووسەری کورد بەشداربوون. لەوانەش: حەلیم یوسف، شاهینێ بەکرێ سۆرەکلی، حەسەن سلێڤانی، خەیری بۆزانی، ئیبراهیم سەلمان و هێڤی بەرواری و عەبدال نوری باسیان پێکێشکردن و ژمارەیەک میوانی هۆڵەندی و بەلجیکی و کوردیش ئامادە بوون.

لە ئێوارە کۆڕی دووەمدا چەند میوانێکی ئامادەبوو رەخنەیان لە نووسەران گرت کە کارێکی وایان بۆ زمانی کوردی نەکردووە و یەکێکیشیان وتی "کوردەکانی باکووری کوردستان تەنانەت لە ماڵەکانیشیان بە کوردی نائاخڤن، کەواتە چۆن لێرە دێن باسی زمانی کوردی دەکەن؟"، لەبەرامبەریشدا سەرۆکی ئەنیستیتۆی کوردیی برۆکسل بە هەڵچوونەوە وەڵامی ئەو رەخنانەی دایەوە و گوتی" ئێوە هیچ شتێک سەبارەت بە رەوشی باکوور نازانن، ئەوەی ئێستاش هەمانە زۆرە. ئێمە هەشتا ساڵ بە توندی ئینکار کراین و بۆمان نەبوو بە زمانی خۆمان قسە بکەین، ئێوە لە باشوور ئازادییەکی زیاترتان هەبوو، هەر هیچ نەبێت سەددام دەیهێشت بە کوردی قسە بکەن، بە مەرجێک دژی بەعس نەبوونایە". دواتر گەنجێکی تازە پێگەیشتووی خەڵکی باکووری کوردستان هەڵستایە سەرپێ و گوتی" ئەوەی بە شێوەزاری ئێمە بڵێت لادێیی، شێوەزارەکەی خۆی دواکەوتووانەیە".

وەرگێڕی ئەو گفتوگۆیە، بە (رووداو)ی راگەیاند کە لەو کاتەدا نەیدەزانی چۆن ئەو شەڕە قسەیە وەربگێڕێتە زمانی هۆڵەندی و فەرەنسی، چونکە ژمارەیەکی زۆری خەڵکی بیانی بە تامەزرۆییەوە هاتبوون بۆ گوێگرتن لەو گفتوگۆیە کە سەبارەت بە ئەدەبی کوردی سازکرابوو.

## چارەنووسی وەستا رەفیقی کەبابچی نادیارە

**رووداو– سلێمانی**

دوو هەفتەیە چارەنووسی رەفیق، ناسراو بە وەستا رەفیقی کەبابچی نادیارەو تائێستا هێزەکانی ئاسایش و پۆلیسی سلێمانی هیچ زانیارییەکیان لەبارەیەوە رانەگەیاندووە.

یەکێک لە ئەندامانی خێزانەکەی وەستا رەفیق بە (رووداو)ی راگەیاند "وەستا رەفیق تائێستا چارەنووسی نەزانراوەو، هیچ شتێک لەبارەیەوەنازانین" .هەروەهاگوتیشی"هێزەکانی پۆلیس و ئاسایشمان ئاگادار کردووەتەوە، بەڵام تائێستا هیچ هەواڵێکی نییە".

بە وتەی کەسوکاری وەستا رەفیق، پێشتر هیچ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی و سیاسی نەبووە.

لیوا رزگار عەلی، بەڕێوەبەری پۆلیسی سلێمانی رایگەیاندکە تائێستا هیچ زانیارییەکی ڕاست لەبارەی چارەنووسی وەستا رەفیقەوە نییە .گوتیشی"لێکۆڵینەوەکان بەردەوامن".

لەناوەڕاستی ئەم مانگەداو بەشێوەیەکی نادیار وەستا رەفیق کەبابچی لەناو دوکانەکەی خۆی،لەکاتژمێر 6ی سەر لەئێوارە رفێندراوەو تائێستا چارەنووسی نادیارە.



## سۆسیالیست: میت ڤیزەی پێنەداوین

**رووداو –سلێمانی**

سکرتێری مەکتەبی سیاسی حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان رەتیکردەوە، کە دەزگای هەواڵگری تورکیا مانگانە 10 ڤیزای بۆ حیزبی سۆسیالیست دابینکردبێ و گوتی "تا ئێستا یەک ڤیزەمان لەتورکیا وەرنەگرتووە".

عەبدوڵڵای حاجی مەحمود، سکرتێری مەکتەبی سیاسی حیزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، لە لێدوانێکدا بۆ (رووداو) ئەو زانیاریانەی رەتکردەوە کە دەڵێن میتی تورکی مانگانە 10 ڤیزە دەداتە سوسیالیست وگوتی "پەیوەندییەکی توندوتۆڵی وامان لەگەڵ تورکیادا نییە کە ڤیزەمان بداتێ و ئێمەش بیدەینە خەڵک و سەفەری تورکیا بکات، تا ئێستاش یەک ڤیزەمان لەتورکیا وەرنەگرتووە".

سەبارەت بەو بەرگانەی سەفەریش کە لە ئێرانی وەردەگرن، ناوبراو گوتی "وەک هەموو حیزبەکانی دیکەی کوردستان بۆ ئێران بەرگەیان هەیە، پێش کردنەوەی کونسوڵگەری، قەرارگەی رەمەزان هەبوو ڤیزەیان بۆ خەڵک دەکرد و ئێمەش ئەم ڤیزانەمان دەدا بەخەڵکی نەخۆش و ناوبەناویش ئەو ئەندامانەی حیزب کە پێویستیان بەسەفەر هەیە بۆیان دەکەین".

گوتیشی"ئێستاش کونسوڵگەری بەشێوەی یاسایی کار بۆ هەموو حیزبەکانی دەکات، بەڵام رێژەی یەکێتی و پارتی زیاترە لەئێمەو، ئێمە هەفتانە 10 تا 12 بەرگەمان بۆ دەکرێت کە هاوشێوەی ڤیزەیە".



## هۆڵەندا هەڵەبجە و ئەنفال بە جینۆساید ناناسێت

**رووداو–ئەمستەردام**

وەزیری دەرەوەی هۆڵەندا داواکاری دوو پەرلەمانتاری هۆڵەندی رەتکردەوە کە داوایان کردبوو هۆڵەندا بە رەسمی کارەساتی هەڵەبجە و ئەنفال بە جینۆساید بناسێت و، گوتی"ئێمە ئەو کارەساتانە ئیدانە دەکەین، بەڵام بە جینۆسایدیان ناناسین".

ماکسیم فێرهاخن کە رۆژی 2008/4/23 وەڵامی نامەی دوو پەرلەمانتارەکەی داوەتەوە، ئەوەش رەتدەکاتەوە کە هۆڵەندا مۆنۆمێنتیکی نیشتیمانی بۆ ئەنفال سازبکات و دەڵێت"ئەوە کاری رەڤەند (جالیە)ی کوردیی دانیشتووی هۆڵەندایە نەک ئێمە".

جێی وەبیرهێنانەوەیە ماوەیەک بەر لە ئێستا هەردوو پەرلەمانتار هاری فان بۆمێل و فرێد تێفێین لە وتارێکدا کە (رووداو) دەقە وەرگێڕدراوەکەی لە ژمارە یەکی خۆیدا بڵاوکردەوە، بە پشتبەستن بە فەرمانێکی دادگای باڵای هۆڵەندی، کە تێیدا فرانس فان ئانراتی بە تۆمەتی دەستهەبوون لە "جینۆساید"ی گەلی کوردا حوکمدابوو، داوایان لە حکومەتی هۆڵەندا کرد کە بە رەسمی ئەو کارەساتە بە جینۆساید بناسێت و مۆنۆمێنتێکیش بۆ یادەوەریی قوربانیانی کارەساتەکە لە دەنهاخ سازبکات. بەڵام وەک لە وەڵامی وەزیری دەرەوەدا دەردەکەوێت، حکومەتی هۆڵەندی ئەو کارە ناکات.